# ناسینی

# هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم





نووسینی

نهاد جلال

بەرگی هەشتەم

# ناسینی هاوەڵانی

# پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )


نووسینی

نهاد جلال حبیب اللّه

بسم الله الرحمن الرحيم


**ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)**

**نووسەر: نهاد جلال حبیب اللّٰه**

**بابەت: مێژوویی ئایینی**

**ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧**

**چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا، سلێمانی**

**بەرگ: هەشتەم**

**نرخ:**



**مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر**



٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

## عەلی سەلەمی (رضي الله عنه)

ناوی عەلی سەلەمیە، عەلی دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووین تا چوینە شوێنێك كە ئاوی تێدا نەبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوویە خوارووی دۆڵەكەو دەستی هێنا بە زەویەكەدا و ئاو هەڵقوڵی و خۆی و هاوەڵەكانی ئاویان خواردەوە، ئینجا فەرمووی (ئەوە خواردنەوەیەكە خوا نۆشی كردن)، ئیتر ئەو شوێنە ناوی نرا سوقیا.[1]

## عەلی كوڕی شەیبان (رضي الله عنه)

ناوی عەلی كوڕی شەیبانی كوڕی موحریزی یەمامیە، كونیەكەی ئەبوویەحیایە، یەكێك بوو لە ئەندامانی وەفدی بەنوحەنیفە كە هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[2]

عەلی كوڕی شەیبان دەڵێت كە وەفدەكە چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، لە دوای پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نوێژمان كرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە لاچاوێ روانیە كەسێ كە لە كڕنووش و سوجدەدا چاك پشتی نەدەچەماندەوە، كە تەواو بوو فەرمووی (إنه لا صلاة لمن لم يقم صلبه)،[3] (ئەوەی پشتی ڕێك نەچەمێنێتەوە هیچ نوێژێكی بۆ نیە).

---

1 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 8556، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4426.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 564.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 1913، صححه شعيب الأرناؤوط.

## عەلی کوڕی عوبەیدولا (رضي الله عنه)

ناوی عەلی کوڕی عوبەیدوڵای عامیریە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

## عەلی کوڕی ئەبووطالیب (رضي الله عنه)

ناوی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی کوڕی عەبدولموطەلیبی قوڕەیشی هاشمیە، کونیەکەی ئەبولحەسەنە.[2]

باوکی ناوی ئەبوو طالیب بوو کە پشت و هاوکارێکی گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، تا دوا ساتی ژیانی پشتگیری پێغەمبەری خوای (ﷺ) کرد، بەڵام بە بێباوەڕی کۆچی دوایی کرد.[3]

دایکی ناوی فاطیمەی کچی ئەسەد بوو کە ژنی ئەبوو طالیب بوو،[4] ئەم ئافرەتە لە کۆچەران بوو و کاتێکیش وەفاتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) کراسەکەی خۆی کرد بە کفن و لە ناو گۆڕەکەشیدا راکشا تا خۆڵەکە رێك بوو و فەرمووی بۆیە وامکرد

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 571.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 19.

3 - صحيح البخاري، الرقم 6205، صحيح مسلم، الرقم 336.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 12.

تا جلی بەهەشت بکاتە بەری و لە گۆڕەکەشیدا راکشام تا گۆڕەوشاری لەسەر سووک بێت، دوای ئەبووطالیب ئەم ئافرەتە لە هەموو کەس چاکتر بووە لەگەڵم.[1]

خەزووری کە ئامۆزایشی بوو، پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

خەسووی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکەم کەس بوو کە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ)، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو کە سامانەکەی بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەکارهێنا، دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە لەدایك بوو،[2] چاکترینی ئافرەتانی بەهەشتە،[3] سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە وەفاتی کرد.[4]

براکانی:

برایەکی ناوی طالیبی کوڕی ئەبوو طالیب بوو کە ئەمیان بە بێباوەڕی مرد، هەرچەندە لەگەڵ بێباوەڕان هات بۆ غەزای بەدر، بەڵام پێش جەنگەکە گەڕایەوە بۆ

---

1 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 7057، قال الهيثمي: في سنده سعدان بن الوليد و لم أعرفه و بقية رجاله ثقات.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 88-92.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2571، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2659، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18826، صحيح ابن حبان، الرقم 7120، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8080، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3771، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 1508.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 95.

مەككەو بەشداری نەكرد،[1] ئەو بە نابەدڵی هاتبوو بۆیە گەڕایەوە، بەڵام دواتر نە لەناو كوژراواندا بینرا و نە گەیشتەوە مەككە.[2]

برایەكی تری ناوی عەقیل بوو، برای عەلی بوو، واتە تەمەنی لە عەلی زیاتر بوو.[3]

ئیبن سەعد دەڵێت عەقیل لە ساڵی هەشتی كۆچیدا كۆچی كرد بۆ مەدینەو موسڵمان بوو وبەشداری غەزای موئتەی كرد، دواتر نەخۆش كەوت و لە فەتحی مەككەو غەزای طائیف و خەیبەر و حونەیندا هیچ باسیكی نیە.[4]

رایەك دەڵێت عەقیل پێش رێككەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی كۆچیدا وەفاتی كرد.[5]

رایەكیش دەڵێت عەقیل بە بێباوەڕی مایەوە تا لە فەتحی مەككەدا موسڵمان بوو، دواتر لە غەزای حونەیندا بەشداری كرد و یەكێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە.[6]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 266.

2 - تاريخ الطبرى، ج2، ص 29.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 42.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 43.

5 - أسد الغابة، ج4، ص 70.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 532.

برایەکی تری ناوی جەعفەر بوو کە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەرپرسی کۆچەرانی حەبەشە بوو، لە غەزای موئتەدا شەهید بوو و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) موژدەی دا کە جەعفەر لە بەهەشتە.[1]

عەلی زۆر جەعفەری خۆشدەویست، بۆیە عەبدولای کوری جەعفەر کە برازای عەلیە دەڵێت هەرکات داوای شتێکم لە عەلی بکردایەو نەیکردایە بموتایە لەبەر خاتری جەعفەر ئەوەم بدەرێ یەکسەر پێی دەدام.[2]

خوشکەکانی:

ئوممو هانیئی کچی ئەبوو طالیب کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، کاتێك موسڵمان بوو پەنای هوبەیرەی مێردی دا و پێغەمبەریش (ﷺ) پەناکەی قبووڵ کرد.[3]

جومانەی کچی ئەبوو طالیب کە ئەم زووتر موسڵمان بووبوو، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کۆڵ خورمای پێدا.[4]

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 206-211.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 486.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 442.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 56.

رەیطەی کچی ئەبووطالیب کە کونیەکەی ئەمموطالیبە،[1] پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر چل کۆڵ خورمای بۆ بڕیەوە.[2]

هاوسەرەکانی:

فاطیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدولا، کچی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)،[3] گەورەی ژنانی بەهەشت[4] و دایکی دوو رەیحانە و خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)،[5] یەکەم کەسی ناو بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە دوای پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد.[6]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب کاتێك کە فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی بوو چووە داوای جوەیریەی کچی ئەبووجەهل، ئەوەبوو بەنوموغیرە هاتن داوای مۆڵەتیان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی نەدان و فەرمووی (فاطیمە بەشێکە لە من و ئەو شتەی ئەو ئازار دەدات منیش ئازار دەدات).[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 659.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 245.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 19.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3446.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3564، صحيح ابن حبان، الرقم 7079، سنن الترمذي، الرقم 3788، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8258، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5753، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5606، مسند الطيالسي، الرقم 2025، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2815.

6 - صحيح البخاري، الرقم 4179، صحيح مسلم، الرقم 4590.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 262.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سوێند بەخوا کچی پێغەمبەری خوا و کچی دوژمنی خوا لای یەك پیاو کۆ نابنەوە)، عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە ئەمەی بیست کشایەوە و نەیهێنا.[1]

خەولەی کچی ئیاس هاوسەری عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و دایکی موحەممەدی کوڕی عەلیە، واتە باوەژنی حەسەن و حوسەینی کچەزاکانی پێغەمبەرە(ﷺ).

دوای ئەوەی فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ئومامەی کچی زەینەبی بەهاوسەرگرت کە خوشکەزای فاطیمە بوو،[2] ئەمەش لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر صدیق و پاش جەنگی یەمامە بوو.[3]

ژنێکی تری ناوی لەیلای کچی مەسعوود بوو کە دایکی عوبەیدولاّ و ئەبووبەکری کوڕانی عەلی بوو.[4]

ژنێکی تری ناوی ئوممولبەنینی کچی حیزامە کە دایکی عەبباس و عوثمان و عەبدولاّ و جەعفەر بوو.[5]

1 - صحيح البخاري، الرقم 3544، صحيح مسلم، الرقم 4589، سنن ابن ماجة، الرقم 1995، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13837، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18527، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16844.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 246، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 502.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 353.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 19.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 20.

مندالەکانی:

**ئەوانەی لە فاطیمە بوون:**

**حەسەن کە لە ساڵی سێیەمی کۆچی لەدایك بوو و گەورەی گەنجانی بەهەشت و رەیحانەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[1] پێشتر لە پیتی (ح) داباسمان کردووە.**

**حوسەین کە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و برا بچووکی حەسەن و گەورەی گەنجانی بەهەشتە،[2] لە ساڵی شەست و یەکی کۆچی لە کەربەلا بە دەستی سەربازانی دەوڵەتەکەی یەزید شەهید کرا،[3] پێشتر لە پیتی (ح) داباسمان کردووە.**

**کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی موحسین کە برا بچووکی حوسەین بوو، کاتێك لەدایك بوو پێغەمبەر (ﷺ) بە عەلی فەرموو کوڕەکەمم نیشان بدەن بزانم ناوتان ناوە چی؟ وتی ناومان ناوە حەرب، فەرمووی (بەڵکو موحسینە).[4]**

**کچێکی هەبوو بە ناوی ئومموکلثوم کە لە ساڵی شەشی کۆچی لەدایك بوو.[5]**

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 16.

2 - سنن الترمذي، الرقم 3786، صحيح ابن حبان، الرقم 7069، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8254، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 11365، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2549، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 79، صححه الذهبي في التلخيص.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 28.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 7068، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4722، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11141، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 746، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3706، لكن حسنه شعيب الأرناؤوط، و صححه الذهبي في التلخيص.

5 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 500.

کچێکی تری هەبوو بە ناوی زەینەب کە ئەمیش کچەزای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بوو، زەینەب لەگەڵ حوسەینی برایدا چوو بۆ کەربەلا، کاتێك حوسەینی برای شەهید کرا، زەینەب–هاودەم بەو ژن و منداڵانەی کە مابوون– برا بۆ دیمەشق.[1]

کوڕێکی تری هەبوو کە ناوی موحەممەد بوو و لە مێژوودا بە ئیبنولحەنەفیە ناسراوە، دایکی ناوی خەولەیە.[2]

عوبەیدوڵای کوڕی کە دواتر بە دەستی موختاری کوڕی ئەبی عوبەید کوژرا، ئەبووبەکری کوڕی کە لەگەڵ حوسەینی براگەورەیدا شەهید بوو، دایکی ئەم دوانە لەیلای کچی مەسعوود بوو.[3]

عەبباس و عوثمان و جەعفەر و عەبدوڵا کە هەموویان لەگەڵ حوسەینی برا گەورەیاندا شەهید بوون، دایکیان ناوی ئوممولبەنینی کچی حیزامە.[4]

موحەممەدی بچووك کە دایکی ئومموەلەد بوو، یەحیا و عەونیش دو کوڕی تری بوون کە دایکیان ناوی ئەسمائی کچی عومەیس بوو، عومەر و روقییە کە دایکیان ناوی ئوممحەبیبی کچی رەبیعە بوو و کەنیزەکی عەلی بوو، موحەممەدی دووەم کە دایکی ناوی ئومامەی کچی ئەبیلعاص بوو، ئوممولحەسەن و رەملە کە دایکیان ناوی ئوممسەعیدی کچی عوروە بوو، ئوممهانیء و مەیمونەو زەینەبی

1 - أسد الغابة، ج7، ص 146.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 617.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 19.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 20.

بچوك و رەملەی بچووك و ئوممولکلپوومی بچووکو فاطیمەو ئومامەو خەدیجەو ئوممولکیرامو ئوممومسەلەمەو ئوممومجەعفەر و جومانەو نەفیسە کە لە خێزانەکانی تری هەیبوون.[1]

موسڵمانبوونی

ئەبووطالیب لەبەرئەوەی تووشی تەنگژەیەکی دارایی بووبوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) پێشنیازی کرد بۆ عەبباسی مامی تا پێکەوە باری سەرشانی ئەبووطالیب سووك بکەن، ئەوەبوو چوون و هەرکامیان یەکێك لە منداڵەکانی ئەبووطالیبیان بردە لای خۆیان تا سەرپەرشتییان بکەن، عەلی کەوتە بەر پێغەمبەر (ﷺ) و لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە.[2]

عەلی پێش موسڵمانبوونی هیچ کات بتی نەپەرستبوو، چونکە تەمەنی کەم بوو و نەگەیشتبووە ئەو بارەی بت بپەرستێت، ئەو لە تەمەنی نۆساڵیدا موسڵمان بوو.[3]

کاتێك خەدیجە باوەڕی هێنابوو، عەلی هات بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) و بینی نوێژ دەکەن، وتی ئەی موحەممەد ئەمە چیە؟ ئەویش فەرمووی (ئەمە ئایینی خوایە کە خوا هەڵیبژاردووەو پێغەمبەری خۆی پێدا ناردووە، جا بانگت دەکەم بۆ لای خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ و پەرستشی ئەو خوایە و بێباوەڕبوونت بە لات و عوززا، عەلی وتی من تا ئێستا شتی وام نەبیستوە، هیچ ناڵێم تا باسی نەکەم بۆ ئەبووطالیب، پێغەمبەر (ﷺ) حەزی نەکرد باسی بکات بۆ ئەبوطالیب و پێی فەرموو

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 20.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 25.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 21.

(ئەی عەلی ئەگەر موسڵمان نابیت ئەوە مەسەلەکە بە شارەوەیی بهێڵەرەوە)، ئەوەبوو ئەو شەوە عەلی مەسەلەکەی بە نهێنی شاردەوەو دواتر خوا ئیمانی خستە دڵیەوەو بۆ بەیانی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی موحەممەد پێشنیازی موسڵمان بوونت بۆم چیە؟ ئەویش فەرمووی (شایەتی بدەیت هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تەنهای بێ هاوەڵ و بێباوەڕ بیت بە لات و عوززا و تەبەرا بکەیت لە هاوەڵدانراوان بۆ خوا)، عەلیش ئەوەی کرد و موسڵمان بوو، بەلام موسڵمان بوونی خۆی دەشاردەوە لە باوکی و بە نهێنی دەهات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ماوەی مانگێك بارەکە بەو جۆرە بوو.[1]

ئیبن کەثیر سەبارەت بە ریزبەندی دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان دەڵێت: دەکرێت لە کۆی هەموو گێڕانەوەکانەوە بڵێین یەکەم ئافرەت موسڵمان بوو خەدیجە بوو، یەکەم منداڵ موسڵمان بوو عەلی بوو، یەکەم خزمەتکار موسڵمان بوو زەیدی کوڕی حارثە بوو، یەکەم پیاو موسڵمان بوو ئەبووبەکری صدیق بوو.[2]

رۆڵی لە مەککەدا:

عەلی هۆکار بوو بۆ موسڵمانبوونی کەسانێکی دیار، لەوانە ئەبووذەری غیفاری، گێڕانەوەیەك لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە وردەکاری موسڵمانبوونەکەی ئەبووذەر دەخاتەڕوو، تیایدا هاتووە ئەبووذەر بارگەی پێچایەوەو ئاوی هەڵگرت و چوو تا گەیشتە مەککەو چوو بۆ لای کەعبە و بەدوای پێغەمبەردا (ﷺ) دەگەڕا و ئەویشی نەدەناسی، حەزیشی نەدەکرد لای خەڵك هەواڵی بپرسێت، بۆیە بەو حاڵەوە

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 25.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 26.

مایەوە تا نزیکەی شەو، ئینجا راکشا، عەلی کە ئەوی بینی زانی کەسێکی بێگانەیە، کاتێك بینی شوێنی کەوت و هیچکام پرسیاریان لەهیچکام نەکرد تا بەیانی، دواتر ئەبووذەر لەماڵی عەلیەوە توێشووەکەی هەڵگرتەوەو چوویەوە بۆ لای کەعبە و سێ رۆژ ئەم شتە دووبارە بوویەوە، لە رۆژی سێیەمدا عەلی کە بردیەوە لەگەڵ خۆی پرسیاری لێکرد ئەرێ پێم ناڵێیت بۆچی هاتویت بۆ ئێرە؟ ئەویش وتی ئەگەر بەڵێنم پێ بدەیت رێنموونیم بکەیت پێت دەڵێم، ئەویش بەڵێنی دا، ئەبووذەریش پێی وت بۆچی هاتووە، عەلیش وتی ئەو پێغەمبەرە راست دەکات، کە رۆژ بوویەوە شوێنم بکەوە، ئەگەر من شتێکی مەترسیدارم بینی واهەڵدەستم وەك ئەوەی ئاو بڕژم، ئەگەریش بەردەوام چووم شوێنم بکەوە تا دەتبەم بۆ لای، ئەوەبوو بەیانی ئەبووذەر شوێنی کەوت تا چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و گوێی لێگرت و هەر لەوێ موسڵمان بوو.[1]

هاوکات عەلی هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق دەچوو تا پێغەمبەر (ﷺ) پەیامەکەی بخاتەڕوو بۆ هۆزەکان، جا جارێك چووین و ئەبووبەکر پێشکەوت، هەواڵی پرسین، وتیان ئێمە لە رەبیعەین، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی خۆی گەیاند پێیان.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، عەلی کوڕی ئەبووطالیبی بانگ کرد و فەرمانی پێکرد لە شوێنەکەیدا بخەوێت و لە مەککە بمێنێتەوە تا

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3670، صحيح مسلم، الرقم 4625، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 2683.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 142-144.

سپاردەکانی لای پێغەمبەر (ﷺ) بداتەوە دەست خاوەنەکانیان،[1] عەلیش فەرمانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بێ هیچ ترسێك بەجێگەیاند و ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لە مەککە مایەوە تا هەموو سپاردەکانی دایەوە بە خاوەنەکانی، دواتر کۆچی کرد و خۆی گەیاندە مەدینە، لە مەدینە لای کلثومی کوڕی هەدم دابەزی.[2]

کۆچکردنی

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و سەهلی کوڕی حونەیفەوە.[3]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە چوو بۆ غەزای (ذي العشيرة) عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد.[4]

بەشداری لە غەزای بەدردا

پێغەمبەر (ﷺ) کە ویستی بچێت بۆ بەدر عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی هاودەم بە چەند هاوەڵێك نارد تا بچنە لای ئاوی بەدر و هەواڵ و زانیاری بۆ وەربگرن.[5]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەڵێت لە غەزای بەدردا عەریشێکمان –چادر یان کەپرێ– بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دروست کرد، وتمان کێ لەلا پێغەمبەر (ﷺ)دەبێت بۆ

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 176-178.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 197.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 224.

4 - م3، ص 247.

5 - تاريخ الطبري، ج2، ص 27.

ئەوەی کەس نزیکی نەکەوێت، کەس نەچوو، تەنها ئەبووبەکر نەبێت کە شمشێری هەڵکرد و لەلای پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەستاو پاسەوانی دەکرد.[1]

سەرەتای جەنگەکە جەنگی زۆرانبازی بوو، واتە کەسێك بەرامبەر بە کەسێك، ئەوەبوو شەیبەو عوتبەی کوڕانی ڕەبیعەو وەلیدی کوڕی عوتبە لە بێباوەڕان هاتنە پێشەوەو داوای جەنگی بەرامبەرییان کرد، ئەوەبوو سێ لە هاوەڵانی پشتیوانان هاتنە پێشەوە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) حەزی نەدەکرد لە جەنگی یەکەمدا پشتیوانان لە پێشەوە بن، بۆیە داوای کرد بگەڕێنەوەو نزای خێری کرد بۆیان، قورەیشیەکان وتیان ئەی موحەممەد کەسانی شیاو لە خزمانمان بنێرە بۆمان، ئەوەبوو پێغەمبەریش (ﷺ) داوای کرد لە کۆچەران تا بچنە پێشەوە، حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیب و عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و عوبەیدەی کوڕی حارث چوونە پێشەوە، عوتبە وتی قسە بکەن تا بتانناسینەوە، حەمزە وتی من حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبم، شێری خوا و پێغەمبەرەکەی، عوتبەش وتی هاوبەرامبەرێکی چاك و ڕێزدار، منیش شێری هاوپەیمانانم، ئەی ئەو دوانە کێن لەگەڵت؟ ئەویش وتی عەلی و عوبەیدە، هەمان وەسفی ئەوانیشی کرد، ئینجا بە وەلیدی کوڕی وت هەستە، بەرامبەر بە عەلی وەستا، جەنگان و هێندەی نەبرد عەل وەلیدی کوشت، ئینجا حەمزە عوتبەی کوشت، ئینجا شەیبە بەرامبەر بە عوبەیدە وەستا، عوبەیدەش بە تەمەنترینی هاوەڵانی ئەو جەنگە بوو، شەیبە دای لە پێی عوبەیدەو قاچی بڕی، خێرا حەمزە و عەلی چوون بۆ شەیبەو کوشتیان.[2]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثر، ج3، ص 331.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 17.

عەلی باسی گەرمەی جەنگەکە دەکات و دەڵێت برێ جەنگم کرد و هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) دەبینم لە سوجدەدایەو دەفەرموێت (یا حی یا قیوم یا حی یا قیوم) منیش گەڕامەوە بۆ جەنگەکە، هەمدی هاتمەوەو بینیم لە هەمان باردایە، بۆ جارێ سێەمیش جەنگەکەم جێهێشت و هاتمەوە خزمەتی لە هەمان باردا بوو.[1]

لە کاتی گەڕانەوەدا پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبولوبابەو عەلی کوڕی ئەبوطالیب پێکەوە بوون و یەك سواریان پێ بوو، ئەوان دەیانوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بری ئێمە سەرکەوە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ما أنتما بأقوى على المشي مني، ولا أنا أغنى عن الأجر منكما)،[2] (ئێوە لە من لە ڕێ بڕیندا بەهێزتر نین‌و منیش لە ئێوە بێباکتر نیم بە پاداشت).

هاوسەرگیری عەلی و فاطیمە

عەلی کوڕی ئەبوطالیب دەڵێت خزمەتکارێکم وتی دەزانیت فاطیمە داواکراوە؟ وتم نا، وتی با، ئەی بۆ تۆ ناچیتە داوای؟ منیش وتم خۆ هیچم نیە تا بچمە داوای، ئەویش وتی ئەگەر بچیت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) فاطیمەت پێ دەدات، هێندەی پێ وتم تا منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە چوومە ئەوێ و لەبەردەمیدا دانیشتم نەمتوانی هیچ بڵێم، فەرمووی بۆچی هاتویت؟ ئیشێکت هەیە؟ منیش بێدەنگ بووم، هەمدی لێی دووبارە کردمەوە و بێدەنگ بووم، ئەویش فەرمووی

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10049، المستدرك على الصحيحين، الرقم 755، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 507، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 895.

2 - مسند ابن أبي شيبة، الرقم 400، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص21، صحيح ابن حبان، الرقم 4806، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8534، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 9724، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3764، مسند الطيالسي، الرقم 348، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5231، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 2257.

(لەوانەیە هاتبیت بۆ داوای فاطیمە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی ئەی هیچت هەیە بۆمارەییەکەی؟ وتم نا بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی ئەی چیت کرد بە قەڵغانەکەت کە پێم دایت، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەو قەڵغانە زۆر قورس و پتەو بوو، منیش وتم لای خۆمە، فەرمووی (دەی لێم مارە کردیت، ئەو قەڵغانەی بۆ بنێرە تا بەوە حەڵاڵ بێت بۆت).[1]

کاتێك عەلی ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ فاطیمە بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچت هەیە؟ عەلی وتی هیچم نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی قەڵغانە قورسەکەت کوا؟ وتم لای خۆمە، ئەوەبوو ئەو قەڵغانەی دا بە فاتیمە.[2]

کاتێك عەلی کوڕی ئەبوطالیب فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە هاوسەر گرت، بۆ ماڵێك دەگەڕا تا تیایدا نیشتەجێ بێت، بەڵام خانوویەکی دوور لە ماڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەست کەوت و لەوێ گواستیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ماڵیان و پێی فەرموون دەیەوێت نزیکیان بکاتەوە لە ماڵی خۆی، فاطیمەش وتی داوا لە حارثە بکە تا شوێنەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵمان تا نزیك بینەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (حارثە هێندە شوێنی خۆی بۆ چۆڵکردوین ئیتر رووم نایەت پێی بڵێم)، حارثە ئەوەی بیستەوەو و هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستوومە دەتەوێت فاطیمە لێتەوە نزیك بێت و ئەوەش خانووەکانی منن، من خۆمو ئەوەشی هەمە بۆ خوا و پێغەمبەری خوایە، سوێند

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1020.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5408، السن الكبرى للبيهقي، الرقم 13421، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 583، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 3375 حسن صحيح.

بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی تۆ لێم وەردەگریت لام زۆر خۆشترە لەوەی وازی لێ دێنیت بۆم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (راست دەکەیت، خوا بەرەکەت برژێت بەسەرتدا)، ئەوەبوو فاطیمە هاتە ناو خانوویەکی حارثە کە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، حارثە لە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) چەند خانوویەکی هەبوو، هەر جارەو یەکێك لەو خانووانەی چۆڵ دەکرد بۆ خۆشەویستێکی پێغەمبەر (ﷺ) تا هەموو خانووەکانی ئەو شوێنەی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوسەرەکانی.[1]

لە غەزای ئوحوددا

لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی دابوویە دەست عەلی کوڕی ئەبووطالیب، بەڵام دواتر ئاڵاکەی لەو وەرگرت و دای بە موصعەبی کوڕی عومەیر و عەلیش بەشداری جەنگەکەی کرد.[2]

لە غەزای ئوحوددا حاطیب دەنگێکی بیست هاواری دەکرد موحەممەد کوژرا، حاطیب تەواو شڵەژا و گەڕا بەدوای پێغەمبەردا (ﷺ) تا بینی لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبی طالیبدایەو بریندار بووەو دەموچاوی دەشوات.[3]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتبوویە چاڵەکەوە، عەلی دەستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرت و طەلحەش بەرزی دەکردەوە.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 166.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 20.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 44، قال الذهبي إسناده مظلم.

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 24.

دواتر کە جەنگەکە تەواو بوو پێغەمبەر (ﷺ) عەلی نارد تا بزانێت قورەیشیەکان نیازیان هەیە رووەو مەدینە بچن یان بگەڕێنەوە بەرەو مەککە، ئەویش چوو و هەواڵی هێنایەوە کە بەرەو مەککە دەگەڕێنەوە.[1]

لە غەزای بەدری داهاتوودا کە وادەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لەگەڵ قورەیش لە ساڵی داهاتوو لە هەمان بەرواری ئوحوددا لە بەدر بەیەك بگەن، عەلی کوڕی ئەبوطالیب بەشدار بوو و ئاڵای موسڵمانانی بەدەستەوە بوو.[2]

لەدایکبوونی حەسەن

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی بیست کە فاتیمەی کچی منداڵی بووە خێرا چوو بۆ ماڵیان، فەرمووی (أروني ابني ما سميتموه)،(ئادەی کوڕەکەمم نیشان بدەن، ناوی چیتان لێ ناوە؟) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبیش وتی ناوم ناوە حەرب، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بل هو حسن)،[3] (بەڵکو با ناوی حەسەن بێت)، بەوە ناوی نرا حەسەن.

پێشتر لە ژیانی حەسەنی کوڕی عەلیدا وردەکاریمان هێناوە لەسەر لەدایکبوونو ژیانی لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ).

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 38.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 59.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7068، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4722، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11141، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 746، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3706، لكن حسنه شعيب الأرناؤوط، و صححه الذهبي في التلخيص.

لەدایکبوونی حوسەین:

پێشتریش لە ژیانی حوسەینی کوڕی عەلیدا باسی لەدایکبوونی حوسەین‌و وردەکاری ژیانیمان هێناوە.

لە غەزای خەندەقدا

هەروەها عەلی لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد و ڕۆڵی کارای بینی، جا کاتێك بێباوەڕان کەلەبەرێکیان بەدیکرد و چەند کەسێکیان پەڕینەوە، یەکێك لەوانە عەمری کوڕی عەبدود بوو، عەمر وتی کێ بەرامبەرم دەوەستێت و دەجەنگێت؟ عەلی چوویە بەرامبەری، عەمر وتی برازا من حەز ناکەم بتکوژم، عەلی وتی جا من تۆ بانگ دەکەم بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی و ئیسلام، عەمر وتی هیچ پێویستیم بەوانە نیە، عەلی وتی دەی بانگهێشتی جەنگت دەکەم، ئەوەبوو جەنگان تا جەنگێکی قورسیان کرد و تیایدا عەلی عەمری کوشت.[1]

لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی ئامادە کرد بۆ ناوچەی فەدەك، ئەمەش لە مانگی شەعباندا بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیبی کرد بە ئەمیری سریەکە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەد کەسی لەگەڵدا نارد و هێرشیان برد و دەستکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا و گەڕانەوە.[2]

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 105.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 89.

رووداوی ئیفك

له رووداوی ئیفکدا که تیایدا دووڕوان بوختانیان دروستکرد بۆ دایکی باوەڕداران عائیشەو دواتر خوا بە دەقی ئایەت پاکی عائیشەی سەلماندو دووروویی دوروەکان دەرکەوت، لەو ماوەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئوسامەی کوڕی زەیدو عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگکرد تا راوێژیان پێ بکات سەبارەت بە جیاییو دوورکەوتنەوەی لە عائیشە، ئوسامە شایەتی پاکی بۆ داو وتی تەنها خێرو چاکەمان لێ دیوە، عەلیش پێی وت خوا بارت سەخت ناکاتو ئافرەتی تر جگە لەو زۆرن، دەشتوانیت خزمەتکارەکە بانگ بکەیت تا راستیەکەت بۆ دڵنیا بکاتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) بورەیرەی بانگ کردو لێی پرسی ئەی بورەیرە هیچت دیوە کە گومانت لا دروست بکات، وتی نا سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە...هتد.[1]

جا ناحەزانێك کە تەنیا رووی لێدانی مێژووی ئیسلامی و هاوەڵانیان لەبەرچاوە، وا قسەکە لێکدەدەنەوە ە ئەوە ریشەیەکی دژایەتی نێوان عەلی و عائیشە بێت، لەکاتێکدا ئەوە ئیجتیهادێکی عەلی بوو لە مەسەلەکەدا و هیچی تر، ئەگەرنا دەیان وەسفی عائیشە لەلایەن عەلی و بە پێچەوانەوە لە فەرموودەکاندا بەدی دەکەین کە وەڵامی ئەو گومانە دەدەنەوەو لێرەدا لەبەر درێژنەکردنەوەی نووسینەکە نایانخەینەڕوو.

هەروەها عەلی لە غەزای بەنوقورەیضەدا بەشداری کردو ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو.[2]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص162، سير أعلام النبلاء للذهبي، الرقم 2، ص156.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 118.

له رێککەوتنی حودەیبییەدا

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) به مەبەستی عومرە چوو بەرەو مەککەو قورەیشیەکان رێیان پێگرت، دواجار بڕیاری رێککەوتنیان دا و پاش چەند دانووستانێك، دواجار لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمر رێککەوتن، عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەقی رێککەوتنەکەی دەنووسیەوە.[1]

کاتێك عەلی نووسی موحەممەدی پێغەمبەری خوا، بێباوەڕەکان وتیان مەنووسە موحەممەدی پێغەمبەری خوا، ئەگەر تۆ پێغەمبەر بوویتایە لەگەڵت نەدەجەنگاین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بیسڕەوە، عەلی وتی من نایسڕمەوە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی سڕیەوە.[2]

له غەزای خەیبەردا

ڕۆڵی کارای عەلی کوڕی ئەبووطالیب له غەزای خەیبەردا بەرچاو دەکەوێت، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵای سوپاکەی دایه دەست عەلی و خوای گەورە فەتحی بەخشی به موسڵمانان.

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 168.
2 - صحيح البخاري، الرقم 2572.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ فەتحی خەیبەر، عەلی لەبەر ئازارێ کە لە چاویدا هەبوو نەچوو، دوایی خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی چۆن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دواکەوم؟ بۆیە بەو ئازاری چاوەوە خۆی گەیاند بە پێغەمبەر (ﷺ).[1]

کاتێك فەتحی خەیبەر سەختی تێکەوت، بۆ شەوەکەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لأعطين الراية غدا رجلا يفتح على يديه، يحب الله ورسوله، ويحبه الله ورسوله)، (سبەینێ ئاڵاکە دەدەمە دەست کەسێك کە خوا لەسەر دەستی ئەو فەتحی خەیبەر دەبەخشێت، ئەو کەسە خواو پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت و خوا و پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئەویان خۆش دەوێت)، هەموو هاوەڵان هیوایان وابوو ئەوان بن، بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عەلی لە کوێیە؟ وتیان ئازاری چاوی هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) تفی دا لە چاوانی عەلی و نزای خێری بۆ کرد و عەلی چاك بوویەوە، ئینجا ئاڵاکەی دایە دەستی، ئینجا پێی فەرموو (انفذ على رسلك حتى تنزل بساحتهم، ثم ادعهم إلى الإسلام، وأخبرهم بما يجب عليهم، فوالله لأن يهدي الله بك رجلا خير لك من أن يكون لك حمر النعم)،[2] (لەسەرخۆ هەنگاو بنێ تا دەچیتە لایان، دواتر بانگیان بکە بۆ ئیسلام و پێیان بڵێ چییان لەسەر پێویستە، جا بەخوا ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە کەسێك ڕێنموونی بکات زۆر بۆت باشترە لە کۆمەڵە وشتری سوور).

گێڕانەوەیەکی شیعەکان هاتووە کە پێشتر پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری ناردبوو کەچی لەسەر دەستی ئەو فەتح نەکرا، دواتر عومەری نارد و لەسەر دەستی

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3986.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2868، صحيح مسلم، الرقم 4527، صحيح ابن حبان، الرقم 7042، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7879، مسند احمد بن حنبل، الرقم 22215.

ئەویش فەتح نەکرا، دواتر ئاڵاکەی دایە دەست عەلی، ئەوەبوو خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو فەتحی خەیبەری بەخشی، بەڵام ئەو کەسەی گێڕاویەتەوە بەوە ناسراوە کە کەسێکی شیعەیە،[1] جا شیعەکان بۆ پێشخستنی عەلی لە هەر هەنگاوێ کەمتەرخەمی ناکەن، چ جای پێدانی زیادە بە دەقە مێژووییەکان.

لە فەتحی مەککەدا:

کاتێك قورەیشیەکان پەیمانیان شکاند و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا هێرش بباتە سەر مەککە و فەتحی بکات، ئەبووسوفیان هات تا رێککەوتنەکە درێژ بکاتەوە، کە چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، بۆیە چوو تکای لە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی کرد تا لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای بۆ بکەن، ئەوەبوو کە چوو بۆ لای عەلی حەسەنی کوڕی عەلی منداڵێك بوو لەبەردەمیدا یاری ئەکرد، عەلیش وەك ئەوانی تر ئەبووسوفیانی بێهیوا کرد و وتی پێغەمبەر (ﷺ) بڕیارێکی داوە کە کەسمان بۆی نیە قسەی تێدا بکات.[2]

کاتێك حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بە نهێنی نامەیەکی نووسی بۆ مەککە تا هەواڵی هێرشی پێغەمبەریان (ﷺ) پێ بدات، خوای گەورە ئەوەی ئاشکرا کرد، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیر و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بە شوێن ئەو ژنەی نامەکەی بردووەو ئەوانیش ژنەکەیان گرت و

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 187.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 154.

نامەکەیان لێ سەندەوەو گەڕانەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[1] وردەکاری بەسەرهاتەکە لە ژیانی حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەدا لە پیتی (ح) دا باس کراوە.

پاش ئەوەی خالید بە هەڵە کوشتارێکی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگ کرد و رایسپارد تا خوێن بایی تەواوی ئەو هۆزە بدات و هەموو بارێکی سەردەمی نەفامی بخاتە ژێر پێی، عەلی چوو بۆ ئەوێ و هەرچی خوێن باییەك هەبوو پێی دانەوە، دواتر چی زیانی دارایی هەبوو هەمووی بۆ قەرەبوو کردنەوە، تەنانەت ئەگەر قاپی بەردەم سەگەکانیش شکابوایە ئەوەشی بۆ قەرەبوو دەکردنەوە، دواتر کە تەواو بوو بڕێك سامان مایەوە، عەلی وتی ئەو زیادەش بۆ ئێوە با ئەگەر شتێك ئێمە نەیزانین و ئێوە بیزانن بەوە قەرەبوو بێتەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە چی کردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (چاکت کردو پێکات).[2]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە غەزای حونەینیشدا بەشداری کرد و یەکێك لە ئاڵاکانی کۆچەرانی بەدەستەوە بوو،[3] هاوکات لە غەزاکەدا کاتێك موسڵمانان شکان و لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کرد، عەلی یەکێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەرگری لێکرد.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2866.

2 - السيرة النبوية لابن هشام، ج5، ص 96.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 150.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 151.

لە مانگی رەبیعولئاخیری ساڵی نۆیەمی کۆچیدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سریەیەکی بە سەرکردایەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب نارد بۆ لەناوبردنی بتی طەیء و سەد کەس لە پشتیوانانی لەگەڵ نارد و ئاڵایەکی رەش و ئاڵایەکی سپیشی دایە دەستی، ئەوانیش چوون و ئەرکەکەیان بەجێگەیاند و بە برێك دەستکەوتەوە گەڕانەوە.[1]

هەر لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا کە ئەبووبەکری صدیق حەجی بۆ خەڵکەکە کرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عەلی بە سواری وشترەکەی خۆی نارد، کە عەلی گەیشت بە ئەبووبەکر، وتی عەلی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تۆی کردووە بە بەرپرسی حەجەکە؟ عەلی وتی نا، بەڵکو منی ناردووە تا پەیامی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ خەڵکەکە بخوێنمەوە، ئەوەبوو ئەبووبەکر بە پێشەنگی حەجەکە مایەوەو عەلیش تیایدا بەشدار بوو و پەیامەکەی پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) خوێندەوە.[2]

لە غەزای تەبووکدا

عەلی لە غەزای تەبووکدا بەشداری نەکرد، ئەمە ش بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بوو، ئیبن کەثیر سەبارەت بەو کەسانەی کە نەچون بۆ غەزای تەبووك دەڵێت: ئەوانەی نەچوون بۆ غەزای تەبووك چوار بەش بوون، بەشێك فەرمانیان پێکرابوو لەلایەن پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) تا نەچن و پاداشتیان بۆ هەیە وەك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن ئوم کلثوم، دەستەیەکی تر بیانوویان هەبوو لەبەرئەوەی لە لاوازان و نەخۆشان بوون، دەستەیەکیش ئەوانە بوون کە لە خەفەتی نەچوونەکەیان دەگریان، تاوانبارەکان بوون کە ئەبوولوبابەو

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 164.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 168.

هاوەڵەکانی بوون، دەستەی چوارەمیش سەرکۆنەکراوان بوون کە بریتی بوون لە دوورووەکان.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ یەمەن تا بانگەوازیان بکات بۆ ئیسلام، بەڵام ئەوان نەهاتن بە دەم بانگەوازەکەوە، شەش مانگ بەو جۆرە لە هەولدا بوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی نارد و فەرمانی کرد خالید بگەڕێتەوەو هەرچیەك لە سوپاکەی خالیدیش ویستی بمێنێتەوە ئەوە با بمێنێتەوە،[2] ئەم چوونەی عەلیش لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا بوو.[3]

دیارە پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەلی نارد بۆ لای خالید تا پێنج یەکی دەستکەوتەکان وەربگرێت، وەك لە فەرموودەی صەحیحی بوخاریدا هاتووەو وا لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

بورەیدە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات.[4]

بورەیدە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات، کە بەیانی بوویەوە عەلی ئاو لەسەری دەچۆڕا، خالید بە بورەیدەی وت دەبینیت (عەلی) چی دەکات یان دەبینیت چی کردووە؟ بورەیدە دەڵێت منیش رقم بوو لە عەلی، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص27.
2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 197.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 169.
4 - صحيح البخاري، الرقم 4102.

پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵم پێدا عەلی چی کردووە، ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا تۆ رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی رقت لێی نەبێت.[1]

لە گێڕانەوەکەی ئیمامی بوخاریدا وا هاتووە کە بورەیدە بە خالیدی وت نابینیت چی کردووە؟ جا کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەم بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی رقت نەبێت لێی چونکە لە پێنج یەکدا بەشی لەوە زیاتریشی بۆ هەیە).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بورەیدە دەڵێت هێندە رقم لە عەلی بوو کەسی تر نەبوو هێندە رقم لێی بێت، تەنانەت پیاوێك هەبوو لە مەککە بەس لەبەرئەوە خۆشم دەویست کە رقی بوو لە عەلی، جا لە سوپایەکدا هاودەمی ئەو پیاوەم کرد بەس تەنها لەبەرئەوەی کە رقی بوو لە عەلی، ئەوەبوو بڕێ دەستکەوتمان دەستکەوت، ئەو کەسە هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کەسێك بنێرە تا پێنج یەکەکەی دابەش بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) عەلی نارد، لە دیلە ئافرەتیەکاندا ئافرەتێك هەبوو کە لە هەموویان جوانتر بوو، عەلی ئەوەی لە پێنج یەکەکە داناو دابەشی کرد، دواتر هاتەدەر و سەری ئاوی لێدەچۆڕا، وتمان ئەی ئەبولحەسەن ئەوە چیە؟ وتی وەصیفە (ئافرەتەکە) نابینن کە لە کەنیزەکەکان بوو، من دابەشم کرد و بەر پێنج یەکەکە کەوت، دواتر بوو بە بەشی ئالوبەیتی پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر بوو بە بەشی بنەماڵەی عەلی و منیش چوومە لای، پیاوە سەرکردەکە نامەی نووسی بۆ

1 - فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1135، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1175، أسد الغابة، ج1، ص 264.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4102.

پێغەمبەر (ﷺ) و منیش وتم من وەك نێردراو و پشت ڕاست بنێرە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە نامەکەم دەخوێندەوەو دەموت ڕاستی نووسیوە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی گرتم و نامەکەشی گرتە دەستی و فەرمووی ئایا ڕقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (دەی ڕقت لێی نەبێت، ئەگەریش خۆشت دەوێت زیاتر خۆشت بوێت، دە سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە پشکی بنەماڵەی عەلی لە پێنج یەکدا باشتر و زیاترە لە وەصیفە)، بورەیدە دەڵێت سوێند بەخوا دوای ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کەس نەبوو هێندەی عەلی لام خۆشەویست بێت.[1]

سەبارەت بە ڕقبوونی خالید لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە لەم فەرموودەدا هاتووە مەبەست پێی دژایەتی نەبووە، چونکە دەبینین خالید دەستبەجێ دابەش کردنەکە دەداتە دەست عەلی و هیچ دەستوەردانێکیشی نابێت، بەڵام دەشێت ڕق و بێزاریەك لە دەروونیدا بووبێت بەرامبەر بە عەلی و هۆکارێك بووبێت، ئایا هۆکارەکە هەرچی بووبێت ڕەوا نەبووە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە بورەیدە(دەی ڕقت نەبێت لە عەلی) پێشدەچێت خالیدیش ئەوەی لە بورەیدە بیستبێتەوەو ئەو دڵ خەوش گرتنەی بەرامبەری نەمابێت، چونکە ئیتر نابینین هیچ هەڵوێستێکی بێزاری خالید بەرامبەر بە عەلی دوای ئەوە بوونی بووبێت.

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22354، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12113، مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 2590.

## پلەوپایەی عەلی

**پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[1](بە رەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرزەکان زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).**

**عەلی کوڕی ئەبووطالیب یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[2] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە**

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص17، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم 154، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12707، صحيح، بەڵام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحیح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، 897.

2 - سنن الترمذي، الرم 3766، صحيح ابن حبان، الرقم 7112، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1612، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 802، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 50.

بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

جارێك موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیلێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید–واتە خۆی–.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7103 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4052، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 7454.

ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[1]

زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفا دەڵێت چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دەیفەرموو فلانە کەس لە کوێیە؟ بەردەوام هەواڵی یەکەیەکەیانی دەپرسی و دەینارد بە شوێنیاندا تا هەموویان هاتن و کۆبوونەوە، ئینجا فەرمووی: (إني أحدثكم بحديث فاحفظوه وعوه وحدثوا به من بعدكم، إن الله عز وجل اصطفى من خلقه خلقا، ثم تلا هذه الآية الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس خلقا يدخلهم الجنة، وإني مصطف منكم من أحب أن أصطفيه ومواخي بينكما كما آخى الله عز وجل بين الملائكة عليهم السلام)، (من قسەیەکتان بۆ دەکەم جوان وەریبگرن و لەبیرتان بمێنێت و لێی تێبگەن و بیگەیەنن بەوانەی دوای خۆتان، خوای گەورە لە دروستکراوەکانی دەستەیەکی هەڵبژاردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (الله يصطفي من الملائكة رسلا و من الناس)، منیش لەنێوتاندا ئەوانە هەڵدەبژێرم کە حەز دەکەم هەڵیبژێرم، برایەتی دەخەمە نێوانتانەوە وەك چۆن خوای گەورە برایەتی خستە نێوان فریشتەکانەوە)، پاشان هەریەك لە ئەبووبەکر و عومەری بەدوای یەکدا بانگ کرد و تایبەتمەندی هەرکامیانی فەرموو و ئەوانی کرد بە برای یەکدی، عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و پێی ڕاگەیاند کە تووشی چ نارەحەتیەك دەبێت، پاشان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و باسی بەخشندەییەکەی عەبدوڕەحمانی کرد، پاشان طەلحەو زوبەیری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەمماری کوڕی یاسری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد

1 - صحيح مسلم، الرقم 4543.

بە برای یەکدی، پاشان عوەیمیر و سەلمانی فارسی بانگ کرد و ئەوانیشی کرد بە برای یەکدی، دواتر موژدەی حەوزی کەوسەری دا بە هاوەڵانی... عەلی کوڕی ئەبووطالیب هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گیانم دەرچوو و پشتم شکا کاتێك دەبینم لەگەڵ هاوەڵانت وات فەرموو من نەبێت کە هیچت پێ نەفەرمووم، ئەگەر لە تووڕەییەوەیە ئەوە سزا و ڕێزداریش هەر بۆ جەنابتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوەی منی بە حەق ناردووە تۆم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، تۆ بۆ من وەك پێگەی هاروون بۆ مووسا وایت، تەنها هێندە هەیە دوای من هیچ پێغەمبەرێکی تر نیە، بۆیە تۆ برا و میراتگری منیت)، عەلی وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) چی لە تۆ بە میرات دەگرم؟ فەرمووی: (ئەوەی پێش تۆ پێغەمبەران بە میراتیان گرتووە، کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەیان، تۆ براو هاودەمی منیت).[1]

جارێك جەعفەر و عەلی و زەید پێکەوە بوون، جەعفەر وتی من لەهەمووتان لای پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستترم، عەلی وتی بەڵکو منم، زەید وتی بەڵکو منم، وتیان دەی با هەموومان بچین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پرسیاری لێبکەین، ئەوەبوو چوون، ئوسامەی کوڕی زەید لەبەردەرگا بوو و داوای چوونەژوورەوەیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئوسامەی فەرموو برۆ دەرەوە بزانە ئەوانە کێن؟ ئوسامەش وتی جەعفەر و عەلی و زەیدن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مۆڵەتیان بدە، کە چوونە ژوورەوە وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشەویسترین کەست کێیە؟ فەرمووی: (فاطیمە)، وتیان سەبارەت بە پیاو پرسیارت لێدەکەین، پێغەمبەر (ﷺ)

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2380، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4998، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1094.

فەرمووی (أما أنت يا جعفر فأشبه خلقك خلقي، وأشبه خلقي خلقك، وأنت مني وشجرتي، وأما أنت يا علي فختني وأبو ولدي، وأنا منك وأنت مني، وأما أنت يا زيد فمولاي ومني وإلي، وأحب القوم إلي)،[1] (تۆ ئەی جەعفەر لە هەموو کەس زیاتر شێوەت لە من دەچیت، ئاکاریشم زۆر لە ئاکارت دەچێت، تۆ لەمن و لە شەجەرەی منیت، تۆ ئەی عەلی زاواو باوکی منداڵەکانمیت و من لە تۆم و تۆیش لە منیت، تۆیش ئەی زەید مەولای منیت و لە منیت و بۆ منیت و خۆشەویستترینی خەڵکیت بۆم).

پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی هەوەزاندا کەنیزەکێکی بەخشی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە ناوی ڕەیطەی کچی هیلال بوو، کەنیزەیەکیشی بەخشی بە عوثمانی کوڕی عەففان کە ناوی زەینەبی کچی حەییان بوو.[2]

سەهل دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆماڵی فاطیمەی کچی و تەماشای کرد عەلی لەوێ نیە، فەرمووی کوا ئامۆزاکەت؟ فاتیمە وتی دەمەبۆڵەیەکمان بوو و تووڕەی کردم، دواتر چوویە دەرەوەو هیچی پێ نەوتم، پێغەمبەر (ﷺ) بە یەکێکی فەرموو بڕۆ بزانە لە کوێیە؟ کابرا چوو تەماشای کرد لە مزگەوتەو ڕاکشاوە و عەباکەی ژێری لاچووەو خۆڵاوی بووە، پێغەمبەر (ﷺ) بە دەستەکانی خۆڵەکەی لێ دەتەکاند و فەرمووی (هەستە ئەی ئەبووتوراب، هەستە ئەی ئەبووتوراب).[3]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21212، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4910، صححه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - البداية والنهاية، ج4، ص 354.

3 - صحيح البخاري، الرقم 432.

## لە حەجی ماڵئاواییدا

بەرائی کوڕی عازب بەسەرهاتێکی بەشداربوونی لە حەجی ماڵئاوایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت لەو حەجەدا بووین کە تیایدا پێغەمبەر (ﷺ) حەجی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوەندی رێدا دابەزی و فەرمانی کرد بە نوێژ، دەستی عەلی گرت و فەرمووی ئایا من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی ئایا بۆ هەر باوەڕدارێك من لە نەفسی خۆی لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی (فهذا ولي من أنا مولاه ، اللهم وال من والاه ، اللهم عاد من عاداه)،[1] دەی ئەمە وەلی هەر کەسە کە من مەولای بم، خوایە لەگەڵ ئەوەبە کە لەگەڵیەتی و دژی ئەوە بە کە دژیەتی).

## لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا (ﷺ)

عائیشە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازاری زیادی کرد، مۆڵەتی لە هاوسەرەکانی تری وەرگرت تا لە ماڵی من بمێنێتەوە، ئەوانیش رازی بوون، ئەوەبوو دوو کەس ئەملاولا، پێغەمبەری خوایان (ﷺ) گرت و ئەویش قاچەکانی بە زەویدا دەخشان، –ئەوانیش بریتی بوون لە عەبباس و عەلی کوڕی ئەبووطالیب–.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت ئەرێ پێغەمبەر (ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی سوپاس بۆ خوا باشەو چاك دەبێتەوە،

---

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 115، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18115، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 116.

2 - صحيح البخاري، الرقم 194.

عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نابینیت؟ بەخوا من تەواو وای دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین تا بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی بەخوا ئەگەر پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین لەوبارەوە—داوای بکەین—و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئەوە ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر (ﷺ) ناکەم.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەوسی کوڕی خەولی چوو بۆ لای عەلی کوڕی ئەبووطالیب و پێی وت سوێندت دەدەم بە خوا لە شۆردنو کفنکردنی پێغەمبەری خوادا رێ بدە پشکی بەشداریمان هەبێت، بۆیە عەلی کوڕی ئەبووطالیب رێی دا بەشدار بێت لە شۆردنی تەرمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ).[2]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب تەرمەکەی دەشۆرد و فەضلیش جلەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرتبوو تا لەبەری لانەچێتو ئەوسیش ئاوی دەکرد بەسەر تەرمەکەیدا.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 5919، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2285.

2 - أسد الغابة، 1، ص217، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن إبن ماجة ، الرقم 1628.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص280.

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

چەند شەوێکی کەم بەسەر وەفاتی پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەڕ بووبوو، ئەبووبەکری صدیق نوێژی عەسری کرد بۆ موسڵمانان، کە لێبوونەوە هاتەدەرەوەو عەلیش لەگەڵیدا بوو دەڕۆیشتن بە ڕێدا، ئەبووبەکر حەسەنی بینی کە لەگەڵ چەند منداڵێك یاری دەکرد، ئەبووبەکر حەسەنی گرتە قەلادۆشکان و دەیوت لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچێت نەك لە عەلی، عەلیش پێدەکەنی.[1]

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبوطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[2]

ئەم مەسەلەیە پەیوەست کراوە بە ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە لەسەر مەسەلەی خیلافەت و ئیمامەت، شیعە پێیان وایە ئیمامەت لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) بە میراتی بۆ عەلی و نەوەکانی ماوەتەوە تا ڕۆژی دوایی و ئەبووبەکر و هاوەڵانی تر ئەو مافەیان لێ زەوت کردووە، سوننەش پێیان وایە هیچ بنەڕەتێك نیە بۆ مەسەلەی

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 43 و اللفظ له، صحيح البخاري، الرقم 3370، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 33، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2464، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 239،

2 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.

ئیمامەتی عەلی و خیلافەتی ئەبووبەکریش دروست بووە و هەموو موسڵمانانیش لەسەری کۆدەنگ بون.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیمامەت بەشێکی چەسپاوی بیروباوەڕەو مافی عەلی کوڕی ئەبووطالیبو نەوەکانیەتی:

یەکەم: ئەو بنەرەتە کە بڕیارە بەهەشت ودۆزەخ یەکلا بکاتەوەو ریشەی قەڵەمڕەوی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامیە تا رۆژی دوایی، بۆچی بە ئایەتێك راشکاوانە باسنەکراوە، ئایا ئەمە ناراستی ئەو بانگەشەیە نیە؟ یان ئەوەیە ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان لە کۆکردنەوەی قورئاندا راستیگەلێکی ناو قورئانیان لابردووە؟ جا ئەگەر بڵێین یەکەمیان راستە، ئیتر بنەرەتی بانگەشەی ئیمامەت بە دەلیلی قورئانی لەکاردەکەوێت، ئەگەریش بڵێین دووەمیان راستە، ئەوە هیچ بنەرەتێکی دروست بۆ ئیسلام نامێنێتەوە کە لەسەری بڕۆین، چونکە ئەگەر ئەوان و هاوەڵانی تر قورئانیان ناتەواو تۆمار کردبێت، کەوابوو هەم قورئان تەواوی پەیامی خوا نیە، هەم چی فەرموودەیە لەکاردەکەوێت، هەم خوێندکارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبنە خوێندکارانێکی باش پەروەردە نەکرا و و ناپاك و هەلپەرست (دوور لەوان).

دووەم: چۆن دەکرێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە موژدەپێدراوی بەهەشت و زاوای پێغەمبەر (ﷺ)و میراتگری دین و دنیایی پێغەمبەر (ﷺ)بێت، کەچی ئامادە نەبێت لەسەر ئەو مافە خوداییە شەڕ بکاتو دەرفەت بدات کەسانێکی تر رێرەوی بڕیاری خوا و ئایینی خوا بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چەندین جار لە غەزاکاندا چووەتە گەرمەی جەنگەوەو باکی نەبووە لە مان و نەمانی لە دنیادا.

ئەوەی لێرەدا بە کورتی قسەی لەسەر دەکەین بریتیە لە ئاماژەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەریەك لە ئەبووبەکر و عەلی، کۆبوونەوەی بەنی ساعیدەو بەیعەتدان بە ئەبووبەکر، ئەوانەی لە بەیعەتدان دواکەوتن، بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر.

چەند ئاماژەیەکی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەبووبەکر

جارێك جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئافرەتەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی ئەی ئەگەر هاتمەوەو تۆم نەبینی؟ وەك ئەوەی بڵێت ئەگەر مردبوویت، ئەویش فەرمووی (إن لم تجديني فأتي أبابكر)،[1] (ئەگەر منت بەدی نەکرد وەرە بۆ لای ئەبووبەکر).

ئبن عەبباس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێك سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی (إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[2] (کەس نیە بەهۆی گیان و سامانیەوە منەتباری بم جگە لە ئەبووبەکری کوڕی قوحافە، ئەگەر

1 - صحيح البخاري، الرقم 3480، صحيح مسلم، الرقم 4501، سنن الترمذي، الرقم 3696، صحيح ابن حبان، الرقم 6766، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15428، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16434، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7234، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1538.

2 - صحيح البخاري، الرقم 457، صحيح ابن حبان، الرقم 6970، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7834، مسند احمد بن حنبل، الرقم 2337، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2528، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 11723.

من دۆستی زۆر نزیکم لەنێو خەڵکدا بگرتایە، بە دڵنیایەوە ئەبووبەکر دەبوو، بەڵام هاودەمی ئیسلام باشترە، لەم مزگەوتەدا چی خێمە هەیە بەرووەمدا دایخەن جگە لە خێمەکەی ئەبووبەکر).

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت کاتێك نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەك لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەسێك بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، کە الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان،[1] دواتر عومەر پێی وتم ماڵوێران ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[2]

سالیمی کوڕی عوبەید باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی

1 - سنن أبي داود، الرقم 4062، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858.

لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1527، سنن ابن ماجة، الرقم 1230، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 1234.

چەند ئاماژەیەکی تایبەت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب:

بەرائی کوڕی عازب بەسەرهاتێکی بەشداربوونی لە حەجی ماڵئاوایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت لەو حەجەدا بووین کە تیایدا پێغەمبەر (ﷺ) حەجی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوەندی ڕێدا دابەزی و فەرمانی کرد بە نوێژ، دەستی عەلی گرت و فەرمووی ئایا من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی ئایا بۆ هەر باوەڕدارێك من لە نەفسی خۆی لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی (فهذا ولي من أنا مولاه ، اللهم وال من والاه ، اللهم عاد من عاداه)،[1] دەی ئەمە وەلی هەر کەسە کە من مەولای بم، خوایە لەگەڵ ئەوەبە کە لەگەڵیەتی و دژی ئەوە بە کە دژیەتی).

ئیبن عەبباس دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازارەکەی زیادی کرد، فەرمووی (پەڕەیەکم بۆ بهێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم تا دوای ئەوە گومڕا نەبن)، عومەری کوڕی خەططاب وتی پێغەمبەر (ﷺ) ئازار زۆری بۆ هێناوە، هاوکات کتێبی خوا لەنێوماندایە بەسمانە، ئیتر قسەو مشتومڕ لەنێو هاوەڵاندا زۆر بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (قوموا عني ولا ينبغي عندي التنازع)،[2] (لەلام هەستن و بڕۆن و شیاو نیە لە لای مندا ناکۆکی هەبێت)، ئیبن عەبباس کە ئەم فەرموودەی دەگێڕایەوە دەیوت ڕۆژی پێنج شەممە بوو، ئینجا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا.[3]

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 115، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18115، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 116.

2 - صحيح البخاري، الرقم 113.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3174.

جا شیعەو هەوادارانیان پێیان وابووە پێغەمبەر (ﷺ) ویستوویەتی ئەو نووسراوە بنووسێت بۆ عەلی کوڕی ئەبووطالیب، بەڵام عومەری کوڕی خەططاب ئەوەی زانیوە، بۆیە ڕێی لێگرتووە.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت ئەرێ پێغەمبەر (ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی سوپاس بۆ خوا باشەو چاك دەبێتەوە، عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نابینیت؟ بەخوا من تەواو وای دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین تا بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی بەخوا ئەگەر پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین لەوبارەوە—داوای بکەین—و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئەوە ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر (ﷺ) ناکەم.[1]

بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر:

لەم بارەیەوە دوو گێڕانەوەی سەرەکی هاتون کە بریتین لە:

گێڕانەوەی یەکەم:

کاتێك خەلیفەی باوەڕداران لە ڕۆژی دووەمدا بەیعەتی لە موسڵمانان وەردەگرت، هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام لەوێ نەبوون، بۆیە ئەبووبەکر داوای عەلی کرد، بڕێك لە پشتیوانان چوون عەلییان هێنا،

1 - صحيح البخاري، الرقم 5919، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2285.

ئەبووبەکر وتی ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر (ﷺ) دەتەوێت ریزی موسڵمانان دووکەرت بکەیت؟ عەلی وتی کێشەم نیە ئەی خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو بەیعەتی پێدا، ئینجا تەماشای کرد زوبەیر دیار نیە، بۆیە ناردی بە شوێنیدا و زوبەیر هات، زوبەیر وتی پورزا و حەواری پێغەمبەر (ﷺ) دەتەوێت ریزی موسڵمانان دووکەرت بکەیت؟ ئەویش هەمان شتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب وتەوەو بەیعەتی پێدا.[1]

گێڕانەوەی دووەم:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، فاطیمە داوای لە ئەبووبەکر کرد تا لە بەجێماوی پێغەمبەر (ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێیوت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد ئەبووبەکری نەدواند، کە فاطیمە وەفاتی کرد عەلی بە شەو ئەسپەردەی کرد و ئەبووبەکری بانگ نەکرد، دوای مردنی فاطیمە دەموچاوی خەڵکی شیرین نەدەبینی، بۆیە بڕیاری دا لەگەڵ ئەبووبەکر رێکبکەوێت و بەیعەتی پێبدات، ئەو ماوەیەش–شەش مانگە– هێشتا بەیعەتی نەدابوو، بۆیە هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەکر و وتی وەرە بۆ لامان و با کەس نەیەت لەگەڵتدا، چونکە حەزی نەدەکرد عومەر ئامادەی کۆڕەکە بێت، عومەر کە ئەوەی زانی وتی نا بەخوا بە تەنها ناچیت بۆ لایان، ئەبووبەکر وتی بۆ پێت وایە چیم پێ دەکەن؟ بەخوا دەچم بۆ لایان، ئەبووبەکر چوو بۆ لایان، عەلی قسەی کرد و وتی ئێمە فەزڵی تۆ دەزانین و ئاگادارین خوا چی پێ بەخشیویت، حەسودیش نابەین بەو خێرەی خوا پێیداویت، بەڵام تۆ تاکڕەوانە بێ ئێمە بڕیارت دا، ئێمە پێمان وابوو بە نزیکیمان لە پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4405، سكت عنه الذهبي في التلخيص.

پشکێکمان دەبێت، کە ئەبووبەکر ئەم قسانەی بیست چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، ئینجا ئەبووبەکر قسەی کرد و وتی سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە، خزمایەتی و نزیکی پێغەمبەرم (ﷺ) لا ئازیزترە لە پەیوەندی خزمایەتی خۆم، بەڵام ئەوەی لە نێوان من و ئێوەدا سەبارەت بەو سامانە هەبووە، لەبەر چاکە بووەو بینیبێتم پێغەمبەر (ﷺ) چی کردبێت منیش وامکردووە، عەلی بە ئەبووبەکری وت سبەی ئێوارە وادەی بەیعەت دەبێت، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر نوێژی نیوەڕۆی کرد، چوویە سەر مینبەر و شایەتومانی وتەوەو باسی عەلی و شکۆی کرد و باسی ئەوەشی کرد کە بەیعەتی نەداوە و بیانووی عەلی بۆ ئەوە چی بووە، دواتر داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد، ئینجا عەلی شایەتومانی وتەوەو باسی گەورەیی مافی ئەبووبەکری کرد و وتی ئەوەی کردوویەتی لەبەر حەسوودی بردن بە ئەبووبەکر و لەبەرچاو نەگرتنی فەزڵی نەبووە، بەڵکو پێی وابووە پشکی هەبووە لەو بوارەدا و ئەبووبەکر تاکڕەوانە بۆ خۆی بردووە، بەوە دڵمان نارەحەت بوو، موسڵمانان بەمە دڵخۆش بوون و وتیان راستت پێکا.[1]

ئیبن حەجەر دەڵێت: سەبارەت بە داواکاری ئامادەنەبوونی عومەر لەبەرئەوە بوو کە دەیانناسی عومەر لە گوفتار و کرداریشدا رەق و توندە، بەڵام ئەبووبەکر کەسێکی نەرم بوو، سەبارەت بەوەش کە دەڵێت ئەو ماوەیە بەیعەتی پێ نەداوە، لەوانەیە مەبەستی ئامادە نەبوونی بووبێت لە کۆڕ و کۆبوونەوەیدا.[2]

نەوەوی لە شەرحی فەرموودەکەدا دەڵێت: مەبەست بەوەی دەڵێت (فاتیمە تا مرد نەیدواند) ئەوەیە کە یان لەو بارەوە حسابی میرات– نەیدواندووە، یان ئەوەیە

1 - صحيح البخاري، الرقم 4011، صحيح مسلم، الرقم 3391، صحيح ابن حبان، الرقم 4900.

2 - فتح الباري، ج7، ص 495.

خۆی لێ دوورگرتووه، نەك ئەوەی بە یەك بگەن و سەلام لە ئەبووبەکر نەکات و قسەی لەگەڵ نەکات، سەبارەت بە بەیعەت نەدانەکەی عەلیش ئەوە زانایان کۆکن لەسەرئەوەی مەرج نیە بۆ دروستی بەیعەت هەموو خەڵك و هەموو ئەهلی حەل و عەقدیش بەیعەت بدەن، بەڵکو مەرجەکە ئەوەیە چەندە لە کۆی زانا و سەرکردەو پیاوماقوڵانی ناو خەڵك بگونجێت بەیعەت بدەن، هەروەها مەرج نیە هەر کەس دەست بخاتە دەستی و بەیعەت بدات، کەسێك ملکەچ بێت و دژایەتی نیشان نەدات بەسە، عەلیش لەو ماوەیەدا ئاوا بووە، بەڵکو نەیاری نەنواندووەو ریزی کەرت نەکردووە، بەڵکو گلەییەك لە دڵیدا ماوەتەوەو وەستاوە تا ئەوە نەماوە، جا ئەم فەرموودەیە روونکردنەوەی دروستی خیلافەتی ئەبووبەکرە.[1]

سەبارەت بە راستی ئەم دوو فەرموودەیە بەیهەقی دەڵێت: ئەو گێڕانەوەی کە دەڵێت عەلی تا دوای مردنی فاطیمە بەیعەتی نەداوە—گێڕانەوەی دووەم— مونقەطیعە، فەرموودەکەی ئەبووسەعیدی خودری کە دەڵێت پاش ثەقیفە لە بەیعەتی گشتیدا عەلی بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکر راستترە.[2]

ئیبن کەثیر سەبارەت بەوەی کام لەم دوو گێڕانەوەیە راستە دەڵێت: بەیعەتی پاش مەرگی فاطیمە بەیعەتی دووپات کردنەوە بوو و دووەم بەیعەت بوو، بەڵکو لەو ماوەدا عەلی لە دوای ئەبووبەکرەوە نوێژی دەکرد و بۆ راوێژ لای ئەبووبەکر بوو و لەگەڵیشیدا چوو بۆ ذیلقیصصە.[3]

1 - شرح النوي على صحيح مسلم، ج12، ص 74،77،78.
2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1910.
3 - البداية والنهاية لابن كثر، ج5، ص 286.

ئایا عه‌لی حه‌زی به‌ خیلافه‌ت هه‌بووه‌؟

سه‌باره‌ت به‌وه‌ی ئایا عه‌لی حه‌زی به‌ خیلافه‌ت هه‌بووه‌ یان نا، ئه‌وا ده‌توانین به‌ چه‌ند به‌ڵگه‌یه‌ك بیسه‌لمێنین که‌ به‌ڵێ، به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌وه‌ی ئایا خیلافه‌تی بۆ واجب بووه‌ یان نا، ئه‌وه‌ هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی صه‌حیح نیه‌ بۆ واجب بوونی خیلافه‌ت یان ئه‌وه‌ی شیعه‌ پێی ده‌ڵێت ئیمامه‌ت بۆ عه‌لی:

کاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نه‌خۆش که‌وت، خه‌ڵکی به‌ عه‌لی کوڕی ئه‌بووطالیبیان وت ئه‌ریّ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) حاڵی چۆنه‌؟ وتی سوپاس بۆ خوا باشه‌و چاك ده‌بێته‌وه‌، عه‌بباس ده‌ستی عه‌لی گرت و وتی مه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) نابینیت؟ به‌خوا من ته‌واو وای ده‌بینم پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌م نه‌خۆشیه‌یدا کۆچی دوایی ده‌کات، با بچین بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و پرسیاری لێ بکه‌ین تا بزانین کارو به‌رپرسیاریه‌تی دواتر بۆ کێ ده‌بێت، ئه‌گه‌ر بۆ ئێمه‌یه‌ با بیزانین، ئه‌گه‌ریش بۆ ئێمه‌ نیه‌ پێی ده‌ڵێین و وه‌سیه‌تمان بۆ ده‌کات، عه‌لی وتی به‌خوا ئه‌گه‌ر پرسیار له‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بکه‌ین له‌وباره‌وه‌–داوای بکه‌ین–و رازی نه‌بێت پێمان ببه‌خشێت، ئه‌وه‌ ئیتر هه‌رگیز خه‌ڵکی پێمان نابه‌خشێت، منیش هه‌رگیز ئه‌و پرسیاره‌ له‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ناکه‌م.[1]

له‌ گێڕانه‌وه‌که‌ی بوخاریدا سه‌باره‌ت به‌ به‌یعه‌تدانی عه‌لی به‌ ئه‌بووبه‌کر، کاتێك عه‌لی قسه‌ی کرد وتی ئێمه‌ فه‌زڵی تۆ ده‌زانین و ئاگادرین خوا چی پێ به‌خشیویت، حه‌سودیش نابه‌ین به‌و خێره‌ی خوا پێیداویت، به‌ڵام تۆ تاکڕه‌وانه‌ بێ ئێمه‌ بڕیارت

1 - صحيح البخاري، الرقم 5919، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2285.

دا، ئێمە پێمان وابوو بە نزیکیمان لە پێغەمبەر (ﷺ) پشکێکمان دەبێت،[1] ئەمەش ئاماژەیە بەوەی نیازی هەبووە پشکی هەبێت.

حەسەنی کوڕی عەلی پێش مردنی حوسەینی برای بانگ کرد و ئەم وەسیەتەی بۆ کرد:

(براکەم باوکمان-عەلی- بەر رەحمەتی خوا بکەوێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد خۆی بۆ ئەم بارە-دەسەڵات- دانابوو و هیوای وابوو بۆ ئەو بێت، ئەوەبوو خوا دووری گرت لێی و دایە دەست ئەبووبەکر، کە ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات هەمدی حەزی پێکرد، ئەوەبوو هەمدی دوورخرایەوە لێی و بەر عومەر کەوت، کە عومەر سەرەمەرگی هات کردی بە شوورا لە نێوان شەش کەسدا کە باوکمان یەکێك بوو لەوان، ئەوەبوو بەر عوثمان کەوت، کە عوثمانیش کوژرا بەیعەتی پێدرا، دوایی ململانێی لەگەڵ کرا تا شمشێری بۆ هەڵکرد و لەسەری جەنگا، بارەکە بۆی لەبار نەبوو و هیچی لێ دەست نەکەوت، سوێند بەخوا وانابینم خوای گەورە پێغەمبەرایەتی و خیلافەتیش لە ناو ئێمەی ئالوبەیتدا کۆبکاتەوە.[2]

هەرچۆنێ بێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەیعەتی دا بە ئەبووبەکری صدیق، زۆریش لێی رازی بوو، عەلی دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری پێشخست بۆ بەرنوێژی لەکاتێکدا من ئامادەو لەشساغیش بووم، ئەگەر بیویستایە منی پێشدەخست، بۆیە ئەو کەسەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ دینەکەمان پێی رازی بوو،

1 - صحيح البخاري، الرقم 4011، صحيح مسلم، الرقم 3391، صحيح ابن حبان، الرقم 4900.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 391-392.

ئێمەش بۆ دنیاکەمان پێی رازی بووین،[1] هەروەها دەیوت چاکترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبووبەکرو عومەرن.[2]

کاتێك ئەبووبەکری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەکان جەنگی راگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و برێك کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود.[3]

پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاتیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش (ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[4]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، فاطیمە داوای کرد لە ئەبووبەکر تا لە بەجێماوی پێغەمبەر (ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد هەروا بوو.[5]

---

1 - فضائل الخلفاء الراشدين لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 190، الشريعة للآجري، الرقم 1775.

2 - نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 29.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 311.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 315.

5 - صحيح البخاري، الرقم 2943.

دوای ئەوەی فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ئومامەی کچی زەینەبی بەهاوسەرگرت کە خوشکەزای فاطیمە بوو،[1] ئەمەش لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر صدیق و پاش جەنگی یەمامە بوو.[2]

حەسەنی کوڕی عەلی ئامادەی کاتی وەفاتی ئەبووبەکری صدیق بوو، حەسەن دەڵێت کاتێك ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات بە عائیشەی وت ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێك کاروباری موسڵمانانمان بەدسەت بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، باری ئەوەی دوای خۆتت قورس کرد.[3]

کاتێ ئەبووبەکر وەفاتی کرد بە بەرگێ دایانپۆشیو گریان مەدینەی گرتەوەو خەڵکی شڵەژان چەشنی ئەو رۆژەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، عەلی کوڕی ئەبووطالیب خێرا بە گریانەوە گەڕایەوەو دەیفەرموو (ئەمرۆ خیلافەتی پێغەمبەر (ﷺ) دابڕا)، ئینجا هات تا گەیشتە بەردەرگای ئەوماڵەی ئەبووبەکری تێدا بوو، وەستاو وتی: (بەر رەحمەتی خوا کەویت ئەی ئەبووبەکر، تۆ یەکەم کەس بوویت موسڵمان بوویت، لەهەمووان پوختترو دڵسۆزانەتر باوەڕت هێنا، دڵنیاییو بێگومانیت لە هەموان زیاتر بوو، لە هەموان لەخواترس ترو دەوڵەمەندتر بوویتو لە هەموان

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 246، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 502.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 353.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 36.

زیاتر لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوویت... پلەوپایەت لە هەموویان بەرزتر بوو، پێشرەوی هەموویان بوویت، پلەت لەهەموویان بەرزتر بوو، لە هەموویان زیاتر لە پێغەمبەری خواوە نزیك بوویت، لەرووی رەوشتو هەڵوێستەوە لە هەموان زیاتر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوویت، لای پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموویان جیٚ متمانەترو پایەبەرزتر بوویتو بەرێزتریان بوویت لە خزمەتیدا، دەی خوای گەورە لەسەر ئیسلامو پێغەمبەرەکەیو موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە، کاتیٚ خەڵکی پێغەمبەری خوایان بە درۆزن دەزانی تۆ بەراستت دەزانی، بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا بە صدیق ناوی هێنایت (و الذي جاء بالصدق)، کاتیٚ خەڵکی بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) پیسکە بوون، تۆ شوێنکەوتەو دڵنەواکەری بوویت، کاتیٚ خەڵکی دانیشتنو لەگەڵی نەچوون تۆ لەگەڵیدا راوەستایت، لەکاتی سەختیدا بە جوانترین شێوە هاوەڵی ئەوت کرد، سوکناییت بۆ دەهێناو هاوڕێی کۆچو باروحاڵی نارەحەتی پێغەمبەر (ﷺ) بوویت، دوای پێغەمبەر (ﷺ) بەجوانترین شێوە خیلافەتت کرد بۆ ئوممەتەکەی، کاتیٚ خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەرانەوە بەجۆرێك ئایینی خوات بەجێگەیاند کە خەلیفەی هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر وا بەجێی نەگەیاندووە، کاتی لاوازی هاوەڵانت بەهێز بوویت، کاتی ترسی ئەوان سەرپیٚ راوەستایت، وێڕای پیٚ ناخۆشبوونی دووروانو بێزاریو توورەیی بێباوەران دەستت گرتبوو بە رێبازو بەرنامەی پێغەمبەری خواوە، کاتیٚ دەوروبەرت شکستیان خوارد بە رووناکی خوا خیلافەتت گرتەدەست، لەسەروو هەموویانەوە بویتو لەهەموشیان کەمتر قسەت دەکردو لە هەموان زیاتر راستیت دەپێکاو لە هەموان زیاتر بێدەنگ دەبوویت، رەوانبێژی و بڕیاردروستیو دلێریو دڵنیاییو کرداری چاكو شارەزاییت بە کارەکان لە هەموان زیاتر بوو، بۆ ئیسلام سەرگەورەیەك بوویتو بۆ باوەڕدارانیش

باوکێکی میهرەبان، کاتێ بە خاوخێزانەوە دەهاتنە لات باری قورسی لاوازی ئەوانت دەگرتە ئەستۆ، چییان لەدەست دەدا تۆ دەتپاراست، چییان پشتگوێ بخستایە تۆ ئاگاداری دەبوویت، کاتی کەمصەبری ئەوان خۆڕاگر بوویت، ئەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا تۆ پێی گەیشتیت، بەهۆی تۆوە گەیشتن بەوەی کە چاوەڕێ نەبوون دەستیان بکەوێ، بۆ بێباوەڕان سزایەك بوویت و دەرژایت بەسەریاندا، بۆ باوەڕدارانیش بارانی رەحمەتو بەرەکەت بوویت، بارانی دەوڵەمەندیو سوکنایی‌و پارێزگاری بوویت... وەك شاخێ وابوویت کە رەشەبا نایجووڵێنێتو شکێنەرەکان لەناوی نابەن... کەسی لاوازو زەلیل لای تۆ بەهێز بوو تا مافت بۆ وەردەگرتەوە، کەسی بەهێز و بە دەسە{تیش لای تۆ زەلیلو لاواز بوو تا کاتێ مافت لێ وەردەگرتەوە، لەوەشدا دوور و نزیك لای تۆ وەك یەك بوون... بەخوا پێشڕەیو زۆرت کردو ئەوەی دوای تۆ دێت چاك ماندووی دەکەیت ... رازین بە قەزای خودا و ملکەچی کارو فەرمانی دەبین، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانان بە هیچ شتێ هێندەی مەرگی تۆ موصیبەتبار نابن... خوای گەورە بتگەیەنێتەوە بە پێغەمبەرەکەتو ئێمەش لە پاداشتت بێ بەش نەکاتو دوای تۆ گومڕامان نەکات) خەڵکی بێدەنگ بووبوون تا وتەکانی تەواو بوون، دواتر هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) گریانو وتیان راستت فەرموو ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

1 - البحر الزخار مسند البزار، الرقم 831، الشريعة للآجري، الرقم 1781، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم 346، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 841.

له سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب ویستی بەخششی خەڵك دیاری بکات، راوێژی کرد بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و عەلی کوڕی ئەبووطالیب، ئەوانیش وتیان لە خۆتەوە دەست پێ بکە، چونکە تۆ شیاوتریت بەوە، عومەریش وتی نا سوێند بەخوا لە نزیکترین کەسەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەست پێ دەکەم،[1] ئینجا لەوانەی بەشداری بەدر بوون، بەوجۆرە دەچم تا دەگاتە خۆم، یەکەمجار پێنج هەزاری بڕیەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، دواتر بۆ هاشمیە بەشداربووەکانی بەدر.[2]

فەرموودەیەك بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێك لەسەر روانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لەماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم ئەی مال–ناوەکەی کورت کردوەتەوە– خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، بڕۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم بریا کەسێکی ترت لەبری من راسپاردایە، ئەویش وتی مالیك لێنەوە، ئینجا یەرفەء –پەردەدارەکەی عومەر– هات و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 350.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32250.

پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە-مەبەستی عەلی بوو-، ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو رەحم بەرامبەریان بنوێنە، -مالیك دەڵێت وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر-، عومەر وتی لەسەرخۆ بن، دواتر روویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر (ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ۝٦ )، لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) خەرجی ساڵێك یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە رێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر روویکردە ئەو چوارەی تر و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای

عەلی و عەبباسدا و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام (ﷺ)، تۆ- عەبباسی دەدواند- و ئەمە-واتە عەلی- چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد-واتە پێغەمبەر (ﷺ)- ئەمیش میراتی ژنەکەی-واتە فاطیمە- لە باوکیەوە -واتە پێغەمبەر (ﷺ)- داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم من دۆست و وەلی پێغەمبەر (ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاك و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات-، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوو لەسەری برۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەرۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە-

کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەچوو– دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر (ﷺ) میراتیٚ جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاك تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێك کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

زەمەخشەری گێڕانەوەیەکی هێناوە کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا کاتێك فتووحاتی فارس کرا، سیٚ کچی یەزگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا بە کەنیزەك گیرابوون و هێنران بۆ خەلیفەی باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب، ئەویش ویستی بیانفرۆشێت، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوو طالیب وتی کچانی

1 - صحيح البخاري، الرقم 2944، صحيح مسلم، الرقم 3389 و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 6712، سنن أبي داود، الرقم 2589، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6127،

پاشاکان نافرۆشرێن، بۆیە پارەی هەموویانی دا و دابەشی کردن لە نێوان حوسەینی کوڕی و موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەردا.[1]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[2]

عومەری کوڕی خەططاب ئەگەری دانا بۆ دروستبوونی راجیایی لەسەر دیاریکردنی کەسێك و چارەسەری بۆ داناو وتی ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[3]

ئەوەبوو دواجار سیانیان وازیان هێنا لە مافەکەیان بۆ ئەوانی تر، مانەوە سەر عەبدوڕەحمان و عەلی و عوثمان، عەبدوڕەحمان وتی منیش لەپێناو خوادا واز لە مافەکەم دێنم و ئێوەش یەکێکتان وازبهێنن تا بەیعەت بدەین بەوی تر، دواجار ئەهلی شوورا بڕیاری کۆتاییان دایە دەست عەبدوڕەحمان، ئەویش کەوتە وەرگرتنی رای خەڵکی و تەنانەت رای ژن و منداڵیشی وەرگرت، رای سوارەو پیادەکانیشی وەرگرت، سێ شەو و رۆژ بەردەوام بوو لەو راوەرگرتنەی، رای زۆرینەی هەرەزۆر

---

1 - ربيع الأبرار للزمخشري، ج1، ص 281.

2 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4074.

3 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج3، ص 461.

لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان بوو، دواجار لەبەری بەیاندا مێزەرەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردە سەر و ناردی بە شوێن ناودارانی ناو کۆچەران و پشتیوانان و خەڵکی ترداو مزگەوت پڕ بوو لە خەڵك، چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و ماوەیەکی زۆر وەستا و بە دەنگی نزم نزایەکی زۆری کرد، دواتر خەڵکەکەی دواند، ئینجا عەلی بانگ کرد و دەستی گرت و وتی لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی و کرداری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەیت؟ وتی ناوەڵا، بەڵکو هێندەی توانام هەبێت، عەبدوڕەحمان دەستی بەردا و عوثمانی بانگ کرد و دەستی گرت و هەمان شتی بەویش وت، عوثمان وتی بەڵێ بەخوا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت و عوثمانیش لە پلیکانەی خوارترەوەو خەڵکەکە هاتن بەیعەتیان دا بە عوثمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش بەیعەتی پێدا.[1]

جا بڕێك دەق هاتون کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەو بڕیارە ناڕازی بووبیت و ئەوەی بە فێڵ دانابێت، ئیبن کەثیر دەڵێت: (ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسانی وەك ئیبن جەریر و کەسانێکی تر لە بڕێك کەسی نەناسراوەوە تۆماریان کردووە گوایە عەلی بە عەبدوڕەحمانی وتووە تۆ منت خەڵەتاند و تۆ لەبەر خزمایەتی و لەپێناو ئەوە عوثمانت دانا تا لە هەموو شتێکدا رات وەربگرێت و...هەموو ئەمانە پێچەوانەی تۆماری صەحیح و دروستن و دەدرێنەوە بە رووی خاوەنەکانیاندا).[2]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب وەفاتی کرد، خەڵکێ نزایان دەکرد بۆ عومەر، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش وتی رەحمەتی خوات لێ بێت، هیوام وایە خوای گەورە لەگەڵ دوو هاوڕێکەت کۆت بکاتەوە–پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر– چونکە من زۆر جار لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەبیست دەیفەرموو من و ئەبووبەکر و عومەر بووین، من و ئەبووبەکر و عومەر وامانکرد، من و ئەبووبەکر و عومەر چووین.[1]

## لە ماوەی خیلافەتی عوثماندا

پاش ئەوەی بەیعەت درا بە عوثمان، عەلی کەسی نزیکی عوثمان بوو و لە زۆر کاتدا هاودەمی بوو و عوثمانیش رای ئەوی زۆر لا پەسەند بوو و لە مەسەلەکاندا رای وەردەگرت، بۆ نموونە کاتێك حەببانی کوڕی مونقیذ ژنەکەی تەڵاق دا، ئەوکات ژنەکەی شیری دەدا، ماوەی حەڤدە مانگ تێپەڕ بوو و ئەو ژنە لەبەر شیردانەکە نەدەکەوتە حەیزەوە، دوای چەند مانگێك لەو تەڵاقدانە حەببان نەخۆش کەوت، پێی وترا ئەگەر بمریت ژنەکەت میراتی بەردەکەوێت، ئەویش وتی بمبەن بۆ لای عوثمان، برا بۆ لای عوثمان و هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و زەیدی کوڕی ثابت لای عوثمان بوون، کاتێك مەسەلەکەی باسکرد، عوثمان بەو دوو هاوەڵەی لای خۆی وت راتان چیە؟ ئەوانیش وتیان رامان وایە ئەگەر بمرێت ژنەکەی میراتی بەردەکەوێت، ئەگەریش ژنەکە بمرێت ئەوا حەببان میراتی بەردەکەوێت، چونکە لەو ئافرەتانە نیە کە ئیتر قەت تووشی حەیز نەبن، لەو ئافرەتانەش نیە کە هەرگیز تووشی حەیز نابن،

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3495، صحيح مسلم، الرقم 4506، سنن ابن ماجة، الرقم 97، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7847، مسند احمد بن حنبل، الرقم 872.

ئەوەبوو حەببان گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو کچە شیرەخۆرەکەی لای ژنەکەی بردەوە، ئیتر ژنەکە کە شیردانی نەما کەوتە حەیزەوە، بەڵام دوو جار کەوتە حەیزەوە تا ئەوەی حەببان مرد هێشتا ژنەکەی حەیزی نەبوو، بۆیە ژنە تەڵاقدراوەکەی حەببان میراتی بەرکەوت،[1] حەببان دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان قورەیشی بوو و ئەوی تریان پشتیوانی بوو، ئەوەی کە حەببان تەڵاقی دابوو ژنە پشتیوانیەکە بوو.[2]

لە ساڵی سی و چواری کۆچیەوە سەرەتاکانی فیتنە دەرکەوتن کاتێك دەستەیەك کەوتنە رەخنەگرتن لە عوثمانی کوڕی عەففان، سەرەتای رەخنەکەیان ئەوەبوو وتیان ئەو هاوەڵانێکی زۆری لە پۆستەکاندا لابردووەو کەسانی ئومەوی لە شوێنیاندا داناوە، ئەویش ئەو قسەی زۆر لا سەخت بوو و ناردی بە شوێن والی ناوچەکاندا و هەموو هاتن بۆ لای، لەوانە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص و عەبدوڵای کوڕی سەعد و سەعیدی کوڕی عاص و عەبدوڵای کوڕی عامیر، لەو بارەوە رای ئەوانی وەرگرت، هەریەکەو رایەکی دەربڕی، عوثمانیش والیەکانی هێشتەوەو هەوڵیدا کەسە ناڕەزاکانیش بە جیهادەوە سەرقاڵ بکات، هۆکاری سەرەکی ئەم بەزمانەش کابرایەکی جوولەکە بوو بە ناوی عەبدوڵای کوڕی سەبەء کە وای نیشان دابوو موسڵمان بووە، ئینجا چوویە میصر و لەوێ فیتنەیەکی نایەوەو گومانی بۆ خەڵکەکە دروست دەکرد، کورتەی وتەکەی ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) وەسیەتی کردووە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، بۆیە عەلی لە عوثمان شیاوترە بە دەسەڵات،[3] وەك ئەوەی ئەو هەموو هاوەڵەی دەوری پێغەمبەر (ﷺ) ئاگایان لە

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14363، مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم 10754، مسند الشافعي، الرقم 1325.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 15430.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 167-168.

شتی وانەبووبێت و ئێستا کابرایەکی جوولەکەی تازە موسڵمان بوو کە ساتێکیش لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نەبووە ئەم مەسەلە گرنگەی زانیبێت، ئیتر تەنها ئەم لەسەر حەق و هەموو هاوەڵان یان نەزان یان فێڵباز بووبن.

ئیبن سەبەئی جوولەکە کەوتە تانەدان لە عوثمان و خۆی بە دڵسۆزی ئیسلام نیشان دا، خەڵکێکی زۆر بە قسەکانی هەڵخەڵەتان و کەوتنە شوێن راکانی و ئەو هەوڵەی خۆیان بە فەرمان بە چاکەو رێگری لەخراپە دەزانی، رۆژ بە رۆژ ئەو بیرەی سەبەئی بڵاو دەبوویەوە، تا دوای ساڵێك خەڵکەکە داوایان کرد لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بروات لەگەڵ عوثمان قسە بکات، عەلیش چوو و پێی وت: خەڵکێك لە دەرەوە سەبارەت بە تۆ منیان دواندووەو نازانم چی بڵێم، چی هەیە تۆ نەیزانیت و ئەوەی ئێمە دەیزانین تۆیش دەیزانیت، پێش تۆ نەکەوتوین تا شتێکت پێ بڵێین تۆ نەیزانیت، بە تەنیا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نەبوین تا شتیکی تایبەت بزانین و پێت بڵێین، شتێکی تایبەتمان بۆ نەبووە کە لە تۆشاراوە بێت، تۆ هاوەڵ و زاوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوویت و فەرموودەت لێوە بیستووەو بینیوتە، کوڕی ئەبووقوحافە و کوڕی خەططابیش لە تۆ لەپێشتر نەبون بە شتێك،تۆ لە خزمایەتیدا نزیکترینیت بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوەی تۆ هەتبوو لە زاوایەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دوانە نەیانبوو، لە هیچدا پێش تۆ نەکەوتن، دەی بۆ خاتری خوا وریای خۆت بە، نابینات پێ بینا ناکرێت و نەفامت پێ زانا ناکرێت، رێگەکە روونەو پایەکانی دین وەستاون، تۆ دەزانیت ئەی عوثمان چاکترین بەندەی خوا لای خوا پێشەوایەکی دادپەروەرە رێنموونی کرابێت و سوننەتێکی روون پەیڕەو بکات و دوور لە بیدعەی دیار بگرێت، بەخوا هەردووکیان رونن و سوننەتەکان وەستاو و بەرچاون و

بیدعەکانیش هەروا، خراپترین کەس لای خوا پێشەوایەکی ستەمکاری گومڕایە کە خەڵکی بەهۆیەوە گومڕا ببن، ئیتر سوننەتی روون لەناوبەرێت و بیدعەی کەنارخراو زیندوو بکاتەوە، ...عوثمانیش وەڵامی دایەوەو وتی بەخوا دەمزانی ئەوە دەڵێیت، بەخوا ئەگەر تۆ لە شوێنی من بوویتایە، نە لێت تووڕە دەبووم و نە تانەم لێدەدایت و نە خراپەیەکم دەکرد، من خزمایەتیم گەیاندووەو درزەکانم گرتووەو پەنای فەوتاوم داوەو لەسەر هەمان شێوەی عومەر کەسەکانم داناوە، ئەی عەلی سوێندت دەدەم بە خوا ئایا دەزانیت موغیرەی کوری شوعبە لێرە نەبوو؟ وتی بەڵێ، وتی دەشزانیت عومەر داینا؟ وتی بەڵێ، عوثمان وتی دەی ئیدی بۆ سەرکۆنەی من دەکەن ئەگەر ئیبن عامیرم لەبەر خزمایەتی دانابێت؟ عەلی پێی وت عومەر کە کەسێکی دادەنا دواتر لاریەکی لێ بەدی بکردایە ئەوپەڕی سزای دەدا، بەڵام تۆ ئەوە ناکەیت، نەرمی و لاوازیت نواندووە بەرامبەر بە خزمانت، عوثمان وتی ئەوانە خزمانی تۆیشن، پاش بڕێك قسەکردن پێکەوە عەلی لای عوثمان چوویە دەرەوەو عوثمانیش بە دوایدا چوویە دەرەوەو چوویە سەر مینبەر و وتارێکی پێشکەش کرد.[1]

لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا میصر شڵەژانێکی بەخۆوە دی، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیق و موحەممەدی کوڕی ئەبووحوذەیفەو ژمارەیەکی تر لە نەیارانی عوثمان نزیکەی شەش سەد سواریان لە میصرەوە ئامادە کرد و بەڕێکەوتن بەرەو مەدینە و بوون بە چوار بەشەوە بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائی خوزاعی و عەبدوڕەحمانی بەلوی و کینانەی کوڕی بیشر و سوودانی کوڕی حمران، موحەمەدی کوڕی ئەبووبەکریش لەگەڵیاندا هات، بەڵام موحەممەدی

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 168-169.

کوڕی ئەبووحوذەیفە لە میصر مایەوە تا خەڵکی تر هان بدات و بەرگری لەوانە بکات کە ڕۆیشتوون، والی میصریش نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفەو ئاگاداری کردەوە لەو ڕووداوە و وتی وەك عومرەکار دێن و وا خۆیان نیشان دەدەن، کە لە مەدینە نزیك بوونەوە، خەلیفە فەرمانی کرد بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب تا پێشهاتنیان بۆ مەدینە بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، عەلیش داوای لە عەمماری کوڕی یاسر کرد هاودەمی بکات، بەڵام عەممار ڕازی نەبوو، چونکە ئەویش تووڕە بوو لە عوثمان لەبەرئەوەی پێشتر عوثمانی کوڕی عەففان سزای دابوو، عەلی خۆی چوو بۆ لایان و لە ناوچەی جوحفە بوون، ئەوانە بە چاوی گەورەییەوە تەماشای عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان دەکرد، عەلی لێیان تووڕە بوو و تەنانەت کەوتە قسە پێ وتنیان، ئەوانیش کەوتنە سەرکۆنەی خۆیان و وتیان لەسەر ئەمە جەنگی خەلیفە دەکەن؟ عەلی وتی بۆچی نەیاری عوثمانن؟ ئەوانیش چەند ڕەخنەیەکیان ژمارد، عەلیش یەك یەك وەڵامی ڕەخنەکانی ئەوانی دایەوە، دەستەیەکیشیان چوون گوێیان لە وتەکانی عوثمان گرت، کە هیچ ڕەخنەیەکیان نەما، دەستەیەك لە خەڵکی مەدینە داوایان لە عوثمان کرد سزای ئەوانە بدات، عوثمان لێبوردەیی نیشان دا، ئەوانیش گەڕانەوە و عەلیش گەڕایەوە بۆ لای عوثمان و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و داوایشی لێکرد وتارێك پێشکەش بکات و پۆزش بهێنێتەوە بۆ ئەوەی خزمانی خۆی پێشخستووەو تەوبە نیشان بدات، عوثمانیش ڕاکەی وەرگرت و لە وتاری هەینیدا ئەوەی کرد و نزایەکی تەوبەی کرد و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك و هەموو موسڵمانان گریان، ئینجا مەڕوانی کوڕی حەکەم وتەیەکی زبری پێشکەش کرد و دڵی عەلی ڕەنجاند، دواتر عوثمان بە ڕاوێژی ژنەکەی ناردی بە شوێن عەلیدا تا بێت بۆ لای و ویستی دڵی بداتەوە، بەڵام عەلی ڕازی نەبوو، کە خەڵکی میصر بەم ڕووداوەیان زانی لەگەڵ

خەڵکی کووفەو بەصرە کەوتنە نامە گۆڕینەوەو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی جەنگی عوثمان بکەن، لەو نێوەندەدا بڕێك نامە بەدەم هاوەڵانەوە ساختە کران، ئەوەبوو هەمدی شەش سەد سوار لە میصرەوە بە چوار بەش هاتن وئیبن سەبەئیشیان لەگەڵ بوو، لەو لاشەوە خەڵکی کووفە بە چوار بەش هاتن، خەڵکی بەصرەش بە چوار بەش هاتن، هەریەکەو نیازێکیان هەبوو، میصریەکان دەیانوت دەبێت عەلی ببێت بە خەلیفە، کووفیەکان دەیانوت با زوبەیر ببێت بە خەلیفە، بەصریەکان دەیانوت با طەلحە ببێت بە خەلیفە، هەموو لە مانگی شەووالدا لە دەوری مەدینە خڕ بوونەوە، میصریەکان چوون بۆ لای عەلی، ئەویش حەسەنی کوڕی ناردبوو بۆ لای عوثمان و خۆیشی کەناری گرتبوو، کە هاتن بۆ لای عەلی تووڕە بوو لێیان و دەری کردن، زوبەیر و طەلحەش بە هەمان شێوەی عەلی بانگەشەکەرانی خۆیانیان دەرکرد ونەفرەتیان لێکردن، ئینجا هەموویان نیازی خۆیان راگەیاند و وتیان داوای ئێمە ئەوەیە عوثمان واز لە خیلافەت بهێنێت، جا میصریەکان دەیانوت جاری پێشوو کە چووینەتەوە نێردراوی عوثمانمان بەدیل گرتووە کە نامەی پێ بووەو نامەکە مۆری عوثمانی لەسەر بووەو تیایدا فەرمانی کردووە هەموومان بکوژن و دەست و پێمان ببڕن، ئەو نامەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کە عوثمان ئەوەی بیست سوێندی خوارد شتی وای نەوتووەو نەنووسیوە، ئەمەش نامەیەکی ساختە بوو ئامادە کرابوو، هەروەك نامە بە دەم عەلی و زوبەیر و طەلحەوە نووسرابوو کە بێن بۆ لەناوبردنی عوثمان، وەزعەکە بەو جۆرە بوو تا ڕۆژی هەینی هات و عوثمان وەك جاران وتاری خۆی پێشکەش کرد، هێندێ دوای ئەوە گەمارۆ درا.[1]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 175.

لە مانگی ذیلقەعدەی ساڵی سی و پێنجدا هاتنە ناو مەدینە، عوثمان چاوی کەوت پێیان، ئەوانیش وتیان قورئانێك داوا بکە، ئەویش داوای کرد قورئانێك بهێنن، –کە قورئانەکەی بۆ هێنرا–پێیان وت –سورەتی– نۆیەم بکەرەوە، واتە سورەتی (یونس)، ئینجا وتیان بیخوێنەرەوە تا گەیشتە ئەم ئایەتە(ءآالله أذن لکم أم على الله تفترون)، ئینجا پێیان وت بوەستە، أرأیت ما حمیت من الحمی، ئایا خوا مۆڵەتی ئەوەی پێداویت یان بەدەم خواوە هەڵت بەستووە؟ عوثمان وتی تێیپەڕێنە، ئەو ئایەتە لەسەر فلانە مەسەلە دابەزیوە، عومەریش ئەوەی منی کرد و لە وشترەکانی زیادکرد و منیش وام کردووە.

بەردەوام رەخنەیان لێدەگرت و ئەویش وەڵامی دەدانەوە تا دواتر عوثمان بەوانی وت چیتان دەوێت؟ ئەوانیش بەڵێننامەکەیان هێنا و شەش یان پێنج مەرجیان بۆ نووسی کە هەرکەس دوورخراوەتەوە بگەڕێنرێتەوەو ئەوەی –مووچەی لیٚ براوە– بۆی بگێردرێتەوە و فەیئیش هەبێت و لە دابەشکردندا دادپەروەر بێت و کەسانی بەهێز و جێمتمانە بکاتە بەرپرس، ئەوەیان لە نامەیەکدا نووسی، ئەویش بەڵێنی لەوان وەرگرت یەکرپزی تێکنەدەن، ئینجا بە رەزامەندی گەڕانەوە.

دەوترێت بەڵکو عەلی ناردووە بۆ لایان و لەسەر ئەو پێنج شتە باسکراوە رێککەوتن و بە رەزامەندی گەڕانەوە، لەو وەزعەدا بوون کە سوارێك هات و رێی گرت پێیانو چەند جارێك بڵاوەی بە کۆبوونەوەیان دەکرد و دەهاتەوە بەنێویاندا، وتیان ئەوە تۆ چیتە؟–بۆ وادەکەیت؟– ئەویش وتی من نێردراوی ئەمیری باوەڕدارانم بۆ لای کاربەدەستی خۆی لە میصر، ئەوانیش پشکنیان، سەیریان کرد نامەیەکی پێیە کە لەسەر زمانی عوثمان نووسراوەو مۆری ئەوی لێدراوەو ناردوویەتی بۆ

کاربەدەستی میصر و فەرمانی پێکردووە—ئەو کۆمەڵە کە گەڕانەوە— لە خاچیان بدات و دەست و پێیان ببڕێت.

ئەوانیش گەڕانەوە بەرەو مەدینەو چوون بۆ لای عەلی و پێیان وت سەیرکە دوژمنی خوا چی کردووە؟!! چی لە بارەمانەوە نووسیوە خوا خوێنی ئەوی حەڵاڵ کردووە، ئینجا بە عەلییان وت لەگەڵ ئێمە وەرە بچین بۆ لای —عوثمان، ئەویش وتی بەخوا نایەم لەگەڵتان، وتیان ئەی بۆچی —پێشتر— بەڵێننامەت بۆ نووسین؟ ئەویش وتی بەخوا من بۆم نەنووسیون، ئەوانیش لەنێو خۆیاندا سەیری یەکتریان دەکرد، ئینجا عەلی لە مەدینە چوویەدەرەوە.

ئەوانیش چوون بۆ لای عوثمان و پێیان وت: تۆ شتی وات لە بارەی ئێمەوە نووسیوە، ئەویش وتی یان دەبێت دوو موسڵمان بهێنن—کە شایەتیم لەدژ بدەن— یان من سوێند دەخۆم—شتی وام نەنووسیوە—، بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون و بەڵێنەکەیان هەڵوەشاندەوەو گەمارۆیان دا،

چەند قسەو راگۆڕینەوەیەك لەنێوان عوثمان و یاخیبواندا روویدا، دەوترێت ئەشتەر هێنراوە بۆ لای عوثمان، ئەشتەریش بە عوثمانی وت ئەو خەڵکە دەیانەوێت یان واز لە دەسەڵات بهێنیت، یان قیصاصیان بدەیتەوە، یان بتکوژن، ئەویش وتی: سەبارەت بە وازهێنانم ئەوا من ئوممەتی موحەممەد بە پەرتی و ناکۆکی جێناهێڵم، سەبارەت بە قیصاصیش ئەوا دوو هاوەڵەکەی پێش من قیصاصیان لەخۆیان وەرنەگرتووەو جەستەی منیش بەرگەی ئەوە ناگرێت.[1]

1 - العواصم من القواصم.

عوثمان پاش كۆتا وتاری له هەینیدا، تووشی ژانەسەرێك بوو و له هۆش خۆی چوو، خێرا بردیانەوه بۆ ماڵەوه، خێرا نەیارەكانی كه لەو شوێنه جیاوازنەوه هاتبوون، هاتن و گەمارۆی ماڵەكەیان دا، بەرامبەر بەوه خێرا دەستەیەك له منداڵانی هاوەڵان به فەرمانی باوكیان چوون بۆ ماڵی عوثمان تا بەرگری له خەلیفه بكەن، لەوانه حەسەن و حوسەینی كوڕانی عەلی كوڕی ئەبوو طالیب، عەبدوڵای كوڕی زوبەیر و عەبدوڵای كوڕی عەمر.[1]

كاتێك هەواڵی شەهیدبوونی عوثمان گەیشت به عەلی كوڕی ئەبووطالیب، عەلی تەواو شڵەژا و هاودەم به طەلحەو زوبەیر و سەعد چوون بۆ لای عوثمان و بینییان كوژراوە، عەلی تووڕە بوو له حەسەن و حوسەین و وتی ئێوە لەبەر دەرگا بوون و هێشتتان ئەمیری باوەڕداران بكوژرێت؟! ئەوانیش وتیان ئێمە ئاگادار نەبوین به كوژرانی، عەلی دەستی بەرزكردەوەو بۆگزێكی دا له حەسەن و دای بەسەر سنگی حوسەینیشدا، قسەشی وت به موحەممەدی كوڕی طەلحەو عەبدوڵای كوڕی زوبەیر.[2]

عەلی كوڕی ئەبووطالیب بەشداری ئەسپەردەكردنی تەرمی عوثمانی كوڕی عەففان بوو، ئەسپەردەكردنەكەش لەنێوان نوێژی ئێوارەو عیشادا بوو هاودەم به ژمارەیەكی كەمی هاوەڵان كه حەكیمی كوڕی حیزام و زەیدی كوڕی ثابت و عەلی كوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری كوڕی عەوام و كەعبی كوڕی مالیك و طەلحەی كوڕی عوبەیدوڵا و ژنەكانی عوثمانی تێدا بوو، شۆردرا و كفن كرا و نوێژی لەسەر كرا، هەندێ له خەواریجەكان رێیان پێ دەگرتن ودەیانویست تەرمەكەی بەردباران بكەن و

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 176.

2 0 الثقات لابن حبان، ج2، ص 265.

دواتر لە گۆڕستانی جوولەکەکان ئەسپەردە بکرێت، عەلی کەسێکی نارد بۆ لایان و ڕێگری کرد لێیان، چەند جار هەوڵ درا ڕێ نەدەن لە گۆڕستانی بەقیعیش ئەسپەردە بکرێت، بۆیە لە دەرەوەی بەقیع ئەسپەردە کرا تا کاتێك موعاویە بوو بە خەلیفە ئەو دیوارەی نێوانی لابرد، دواتر تەرمی دوو خزمەتکارەکەی عوثمانیشیان هێنا کە کوژرابوون و لەپاڵ عوثماندا ئەسپەردە کران.[1]

### خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب

لەبەرئەوەی نووسینەوەی وەردەکاریەکانی ژیانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب پێویستی بە سەدان لاپەڕە هەیە، چ جای وردەکاری ماوەی دەسەڵاتەکەی، بۆیە وەك چۆن بۆ هاوەڵانێکی تر وامانکرد، بۆ ژیانی ئەم هاوەڵە ئازیزەیش وردەکاریەکان جێدێڵین بۆ خوێنەر تا لە سەرچاوەکانی ترەوە بیخوێنێتەوە کە بە زمانی کوردی سوپاس بۆ خوا بەردەست دەکەون، لێرەدا تەنها بە کورتی چەند لایەنێکی ماوەی دەسەڵاتەکەی دەخەینەڕوو تا کاتی شەهیدبوونی.

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە خەلیفە، ئیبن عەبباسی کرد بە والی شام و وتی بڕۆ بۆئەوێ، بەڵام ئیبن عەبباس ڕازی نەبوو و وتی ئەگەر موعاویە نەمکوژێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەندم دەکات، پاشان بە عەلی وت موعاویە بکە بە کاربەدەستی خۆت و دواتر لایبەرە، بەڵام عەلی بەو ڕایەی ئیبن عەبباس ڕازی نەبوو.[2]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 190-191.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 353.

کاتێك عەلی ویستی کەسێك بنێرێت بۆ لای موعاویە تا بەیعەتی لێ وەربگرێت، جەریری کوڕی عەبدوڵا وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران من دەڕۆم، چونکە خۆشەویستیەك لە نێوان من و ئەودا هەیە، دەڕۆم و بەیعەتی لێ وەردەگرم بۆت، ئەشتەر لەوێ بوو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران جەریر مەنێرە ئەترسم هەواداری موعاویە بێت و لای بمێنێتەوە، عەلی وتی وازی لێ بهێنە، ئەوەبوو نامەیەکی نووسی بۆ موعاویەو تیایدا هەواڵی پێدا کە کۆچەران و پشتیوانانیش بەیعەتیان پێداوە، باسی رووداوی جەمەلیشی بۆ نووسیبوو، داوایشی لێکرد وەك ئەو خەڵکەی تر بەیعەتی پێبدات،[1] ئینجا جەریر خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا داوای لە موعاویە کرد گوێڕایەڵی بنیوێنێت و ناکۆکی نەنێتەوەو نەبێتە هۆی جەنگی نێوان موسڵمانان، موعاویەش داوای کرد پەلەی لێ نەکات تا رای خەڵکی شام وەربگرێت،[2] کە جەریر نامەکەی دا بە موعاویە، موعاویە عەمری کوڕی عاص و گەورەکانی خەڵکی شامی کۆکردەوەو راوێژی کرد بە هەموویان، ئەوانیش وتیان تا بکوژانی عوثمان نەکوژرێنەوە بەیعەت نادەین یان دەبێت بکوژەکانی عوثمانیان بدرێنە دەست، ئەگەرنا جەنگی لەگەڵ دەکەن و بەیعەتی پێ نادەن، ئەوەبوو جەریر گەڕایەوەو هەواڵەکەی دا بە عەلی، ئەشتەر وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مەگەر من نەموت جەریر مەنێرە ئەگەر منت بناردایە موعاویە هەر دەرگایەکی بکردایەتەوە دامدەخست، جەریر بە ئەشتەری وت ئەگەر تۆ بوویتایە لە بری خوێنی عوثمان دەیانکوشتیت، ئەوەبوو ئەشتەریش بە توند وەڵامی دایەوە، ئەمە جەریری تووڕە کرد، بۆیە جەریر چوو بەرەو قرقیسیا و نامەی نارد بۆ موعاویەش کە چی وتووەو

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 127.

چی پێ وتراوە، موعاویەش نامەی بۆ نووسی و داوای لێکرد بچێت بۆ لای،[1] بەلاّم ئەو کەناری گرت و لە قرقیسیا مایەوە تا لەوێ مرد.[2]

لێدانی هەڵگەڕاوەکان:

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا خەڵکێك لە یەمەن لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئەوەبوو عەلی سوپایەکی ئامادە کردو جاریەی کوڕی قودامەی کرد بە سەرکردەی سوپاکەو ناردی بۆ ئەوێ، لەوێ هەموو ئەوانەی کۆکردەوە کە لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوەو دای لە گەردنی هەموویان و بە ئاگریش جەستەی ئەوانی سووتاند، چونکە عەلی کوڕی ئەبووطالیب فەرمانی بەو کارە کردبوو.[3]

هەروەها عەلی کوڕی ئەبووطالیب بیستی بوسری کوڕی ئەرطەئە لە حیجاز چ خوێنرێژیەکی کردووە، بۆیە جاریەی کوڕی قودامەی نارد بۆ حیجاز، ئەویش چوو بۆ ئەوێ و هەرکەسی ببینیایە بەیعەتدان بە عەلی هەڵوەشاندبێتەوە دەیکوشت.[4]

فیتنەی سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیب

کاتێك عوثمان شەهید کرا دوای ئەوە بەیعەتی خیلافەت درا بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، بەلاّم کێشەکە لەوەدا بوو بەیعەتەکە هەموو موسڵمانانی لەخۆنەگرت، بەڵکو بەهۆی راجیایی سەبارەت بە خوێنی عوثمان فیتنەیەك لەنێوان هاوەلاّندا روویدا، ئەویش بوویە هۆی رووداني هەردوو جەنگی جەمەل و صفین، دواجاریش

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.
3 - تهذيب الآثار للطبري، الرقم 1382.
4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 26.

کێشەکە هەر بەو بارەیەوە مایەوە تا لەسەر دەستی حەسەنی کوڕی عەلی فیتنەکە کوژایەوە.

بەو بەیعەتدانە موعاویە لە شام و خەڵکی شام مانەوەو بەیعەتیان نەدا بە عەلی، جگە لەوەی طەلحەو زوبەیرو دایکی باوەڕداران عائیشەش ئیجتیهادیان وابوو دەبێت بکوژانی عوثمان یەکسەر بکوژرێنەوە، بەڵام عەلی کوڕی ئەبووطالیب رای وابوو پەلە نەکرێت لە کوشتنەوەیان چونکە ئەوان لەناو مەدینەدان و سەربازانی دەوڵەتی ئیسلامیش لە دەرەوەن و ئەگەر خێرا بکرێت لە لێدانیان لەوانەیە بتوانن مەدینە بگرن.

بەهەرحاڵ ئەمە بوویە هۆی کەوتنەوەی فیتنەیەکی گەورە کە ئەنجامێکی دڵتەزێنی هەبوو بۆ موسڵمانان و تا ئەمڕۆش ئاهی داخی ئەو فیتنەیە لای موسڵمانان گەرمەو هێشتا خەفەتیان بەو فیتنەیە دانەمرکاوەتەوەو بووە بە چەکێك بەدەست دوژمنانی ئیسلام و مێژووی ئیسلامی و هاوەڵانەوە تا داخی دڵی خۆیان بڕژن.

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، دایکانی باوەڕداران (هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)) چووبوون بۆ حەج بۆ مەککە تا لەدەست ئەو فیتنەی مەدینەی گرتووەتەوە رزگار بن، کاتێك ویستیان بگەڕێنەوە مەککە، هەواڵیان پێگەیشت کە عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو بێ پێشنیازی خۆی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەك لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەك لە زوبەیر و

طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێك کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[1]

وەستانێك:

سەبارت بە بەیعەتدانی طەلحەو زوبەیر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب مشتومڕێك هەیە کە ئایا بە ویستی خۆیان بەیعەتیان داوە یان بە ناچاری.

کاتێك بەیعەت درا بە عەلی، عەلی داوای هەریەك لە طەلحەو زوبەیری کرد، ئەوانیش هاتن، طەلحە دەیویست بەیعەت نەدات، بەڵام مالیکی ئەشتەر شمشێری هەڵکرد و وتی بەیعەت نەدەیت دەدەم لە گەردنت، ئەویش بە ناچاری بەیعەتی داو زوبەیریش بە دوایدا بەیعەتی دا.

لە گێڕانەویەکی تردا هاتووە عەلی بەوانی وت یان ئێوە بەیعەتم پێ بدەن یان من بەیعەتتان پێ دەدەم، ئەوانیش وتیان ئێمە بەیعەتت پێ دەدەین.[2]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 230 – 231.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 697.

طەلحە وتی من کاتێك بەیعەتم داوە کە شمشێر لە گەردنم بووە، هەریەك لە سەعد[1] و ئوسامەی کوڕی زەید شایەتییان داوە کە بەیعەتەکەی طەلحە زوبەیر ناچاری بووە.[2]

لێرەدا پێم خۆشە پوختەیەکی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی بەش بەش بە هەمان دەقی خۆی دابنێم:

کاتێك قەدەری خوا هات و ئەوەی لە قەدەردا هەبوو روویدا و حەق هەروا خەڵك وێڵ ناکات و خەڵکی دوای عوثمان سەبارەت بەخەلیفەیەك کە بەسەریاندا دابنرێ راجیادەبوون، هیچ کەسیش نەبوو دوای ئەو سێ خەلیفەیە هێندەی چوارم خەلیفە–واتە عەلی– بەڕێزتر و زاناتر و لەخواترستر و ئاییندارتر بێت، بۆیە بەیعەتی پێدرا، ئەگەریش بەو خێراییە بەیعەت نەدرایە بە عەلی ئەوا وێڵ و لاسارەکان بارەکەیان زۆر خراپتر دەکرد، بەڵام کۆچەران و پشتیوانان بڕیاری خیلافەتیان دا بۆ عەلی، ئەویش ئەوەی لەسەر خۆی بە فەرز زانی، بۆیە ملکەچی بوو.

طەلحە بەیعەتی دا بە عەلی، خەڵکیش وتیان دەستێکی ناتەبا بەیعەتی داوە بە عەلی، سوێند بەخوا ئەم مەسەلەیە ناگاتە جێی مەبەست، جا ئەگەر بوترێت ئەو دوانە–طەلحەو زوبەیر– بە نارەزایی بەیعەتیان داوە –بە عەلی– لە وەڵامدا دەڵێین هەرگیز شتی وا نەبووە بە ناحەزی بەیعەتیان دابێ و زۆریان لێ کرابێت، ئەگەریش تەنانەت بە نارەزایی بەیعەتیان دابێت ئەوە کاناکاتە سەر

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 699.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

بەیعەتەکەی عەلی، چونکە بە یەك کەس یان دوان بەیعەت دەبەسترێت و سەردەگرێت، ئیتر هەرکەس دوای ئەوە بەیعەت بدات پەیوەستی ئەو بەیعەتە دەبێت، بەپێی شەرعیش پێویستە لەسەری ئەو بەیعەتە بدات، ئەگەریش ئەو دوانە بەیعەتیان نەدایە ئەوا ئەو کارە کاریگەری نەدەبوو بۆیان و کاریگەریشی نەدەبوو بۆ بەیعەتی پێشەوا–ی موسڵمانان–.

ئەوەش دەڵێت: دەستێکی ناتەباو کارێکی بە ئەنجام نەگەیشتووە، ئەوە گومانی کەسێکە کە دەڵێت طەلحە یەکەم کەس بووە بەیعەتی داوە، مەسەلەکەش وا نەبووە–طەلحە یەکەم کەس نەبووە بەیعەتی دابێت بە عەلی–.

ئەگەریش بوترێت موسڵمانان لەسەر ئەوە بەیعەتیان داوە بە عەلی کە بکوژانی عوثمان بکوژێتەوە ئەوا دەڵێین ئەو مەرجە بۆ بەیعەت ڕاست نیە، بەڵکو لەسەر ئەوە بەیعەتی پێدەدەن کە حوکم بە حەق بکات، ئەویش ئەوەیە کەسی داواکاری خوێنی عوثمان ئامادە بێت و کەسی داواکراویش ئامادە بێت و سکاڵا بکرێت و وەڵام بدرێتەوەو بەڵگە بەردەست بێت و حوکم بدرێت، بەڵام ئەوەی هەر بە قسەیەکی ڕەها یان کارێکی بەدواداچوون بۆ نەکراو یان بیستنی قسەیەك هێرش ببات ئەوە لە ئایینی ئیسلامدا شتی وا نیە.

عوثمانیەکان دەڵێن: دەستەیەك لە هاوەڵان لە بەیعەتدانی دواکەوتن، لەوانە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و مەحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن عومەر و ئوسامەی کوڕی زەید و چەند هاوشێوەیەکی تری ئەوان.

ئێمەش دەڵێین سەبارەت بە بەیعەتپێدانی دوانەکەوتون، بەلام سەبارەت بە سەرخستنی دەستەیەك لەوانەی کە باسکران دواکەوتن، چونکە ئەو

مەسەلەیە مەسەلەیەکی ئیجتیهادی بوو، هەر کام و ئیجتیهادێکیان هەبوو و بەپێی روانینی خۆی هەنگاوی دەنا و قەدەری خۆی دەهاتەڕێ.

دەستەیەك دەگێڕنەوە کاتێك بەیعەت درا بە عەلی، طەلحەو زوبەیر داوای مۆڵەتیان لە عەلی کرد تا بچن بۆ مەککە، عەلی بەوانی وت لەوانەیە بتانەوێت بچن بۆ بەصرەو شام، ئەوانیش سوێندیان خوارد وا ناکەن.[1]

## رێککەوتن لە مەککە

لە مەککە سێ رای جیاواز دروست بوو، دەستەیەك وتیان با بچین بۆ لای موعاویە بۆ شام و لەوێوە بێین تۆڵە بکەینەوە، دەستەی دووەم وتیان بەڵکو با بچین بۆ مەدینە بۆ لای عەلی و داوای تۆڵەی عوثمان بکەینەوە، دەستەی سێیەم وتیان بەڵکو دەچین بۆ بەصرەو لەوێ خۆمان بەهێز دەکەین و هەر لەوێوە دەکەوینە لەناوبردنی بکوژانی عوثمان، ئەوەبوو لەسەر ئەم رایە رێککەوتن.[2]

(سەبارەت بە چوونی –هاوەڵانی عائیشەو طەلحەو زوبەیر– بەرەو بەصرە راستەو هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، بەڵام بۆچی دەرچوون؟ لەمەدا گێڕانەوەیەکی لەسەر نیەو متمانە بە هیچ گێرانەوەیەکیان ناکرێت چونکە کەسی جێمتمانە نەیگێڕوانەتەوە، قسەی کەسی هەوادار وەرناگیرێت، حەزی تانەدان لە ئیسلام و بەکەمدانانی هاوەڵان چووەتە ناخی کەسی هەوادار و دەمارگیر.

---

1 - العواصم من القواصم لابن العربي.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 231.

لەوانەیە بۆ ئەوە دەرچووبن تا لەبەر شتێك كە بۆیان دەركەوتووە ویستبێتیان عەلی —لە خیلافەت— لاببەن، بۆیەش بەیعەتیان دابێت تا شۆڕشگێڕەكان هێور ببنەوە، دواتر كەوتبنە داوای حەق.

لەوانەشە بۆیە چووبنە دەرەوە تا بكوژانی عوثمان لەناوبەرن.

لەوانەشە بە چەند دەستەیەكی موسڵمانانەوە دەرچووبن تا بیانگێڕنەوە بۆ یەك قانوون تا بەریەكنەكەون و دژ بەیەك نەجەنگن، ئەمەش دروستە نەك شتی تر، هەواڵی راستیش بەم جۆرە هاتووە.

سەبارەت بە گێڕانەوەكانی بەشەكانی یەكەم هەموویان پووچ و لاوازن.

سەبارەت بەوەی ئەوان بە زۆر و ناچاری بەیعەتیان دابێت ئەوە بێبنەما و پووچەو پێشتریش روونمان كردوەتەوە.

سەبارەت بەوەی ویستبێتیان عەلی لە خیلافەت لاببەن ئەمەش بێ بنەما و پووچە، چونكە لابردن بە راو روانینی هەموان دەبێت، دەكرێت یەك یان دوو كەس لە دەسەڵاتدا بن، بەڵام لابردن تەنها دوای سەلماندن و روونكردنەوە دەبێت.

سەبارەت بەوەش كە لەوانەیە بۆ كوشتنی بكوژانی عوثمان دەرچووبن، پێش ئەمە كارەكە بنەرەتەكەی بۆ یەكدەنگی بووە، دەشكرێت هەردوو مەسەلەكە پێكەوە بن.

دەگێردرێتەوە لە كاتی ئامادەنەبوونی— طەلحە و زوبەیر و عائیشە لە مەدینەدا— ئاژاوەی نێوان خەڵك نەما، طەلحە و زوبەیر و عائیشەش دایكی

باوەڕدارانیش بەو هیوایە چوونەدەرەوە تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای دایکیانو ڕەچاوی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان بکەن).[1]

کە گەیشتنە بەصرە بەرپرسی ئەویٚ نوێنەری نارد تا بزانێت بۆچی هاتون، چوونە لای عائیشە وتیان بۆچی هاتویت؟ وتی بۆ داوای خوێنی عوثمان هاتوین، چوونە لای طەلحە ، ئەویش هەمان شتی وت، چوونە لای زوبەیریش ئەویش هەمان شتی وت.[2]

بەڵام سوپاکەی عوثمانی کوڕی حنیف بەوە رازی نەبوون و هەوڵیاندەدا لەگەڵ سوپای عائیشە بجەنگن، عائیشەش فەرمانی کرد کەس جەنگ نەکات، ڕۆژێك خۆیان پاراست، بەڵام لە ڕۆژی دووەمدا جەنگ ڕوویدا و ژمارەیەك لە هاوەڵان و کەسانی تر کوژران.[3]

دواتر بڕیاریان دا هەواڵ وەربگرن ئەگەر طەلحەو زوبەیر بە ناچاری بەیعەتیان دابوو ئەوە عوثمان بەصرەیان بۆ چۆڵ بکات، ئەگەریش بە ویستی خۆیان بووبێت ئەوە ئەو دوانە دەبێت بەصرە چۆڵ بکەن، نوێنەریان ناردە مەدینەو نوێنەر هەواڵی پرسی، کەس وەڵامی نەدەدایەوە جگە لە ئوسامەی کوڕی زەید کە وتی بەخوا بە ناچاری بەیعەتیان دا، کەچی خەڵکانێك هەڵمەتیان بۆ برد، چەند هاوەڵێك ڕزگاریان کرد، بارەکە نەگەیشتە ئەنجام.[4]

---

1 - العوصم من القواصم لابن العربي.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 232.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

لە بەصرە جەنگ روویداو ژمارەیەکی تر کوژران و عوثمان بەدیل گیرا و برا بۆ لای عائیشە، ئەویش داوای کرد ئازاد بکرێت، بەڵام شار کەوتە دەست سوپای عائیشە.[1]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە ئەمەی بیست بڕیاریدا بچێت بەرەو بەصرە، خەڵکێکی کەمی مەدینەی لەگەڵ بوو، ژمارەیەك لە هاوەڵانی بەشداربووی غەزای بەدری لەگەڵدا بوو، ژمارەی سوپاکەی عەلی تەنها نۆسەد کەس بوو، حەسەنی کوڕی داوای لێکرد نەچێت، عەبدوڵای کوڕی سەلامیش هەمان داوای لێکرد، بەڵام عەلی رازی نەبوو، ئینجا هەواڵی نارد بۆ کووفە تا بدەنە پاڵی، بەرەبەرە سوپاکەی عەلی روی لە زیاد بوون بوو.[2]

عەلی کە عوثمانی کوڕی حنیفی بینی و هەواڵی کارەکانی طەلحەو زوبەیری بیست، نزای کرد خوایە طەلحەو زوبەیر بەرامبەر بەو هەڵەی کردوویانە بێدار بکەیتەوە.[3]

کاتێك زوبەیر لە بەصرە بوو کەسێك هات بۆ لای و وتی ئەرێ بچم عەلی بکوژم؟ ئەویش وتی چۆن دەیکوژیت لەکاتێکدا سەربازی زۆری لەگەڵدایە؟ ئەویش وتی دەچمە ناو سوپاکەی و خۆمی لێ نزیك دەکەمەوەو دواتر دەرفەتی لێ دێنم،

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 234 – 235.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 235.

زوبەیر وتی پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(الإيمان قيد الفتك، لا يفتك مؤمن)،[1] (ئیمان نامەردکوژی کۆت کردووە، باوەڕدار نامەردکوژی ناکات).

دواجار قەعقاع کەوتە نێوانەوە، چوویە بەصرەو طەلحەو زوبەیری بانگهێشت کرد بۆ یەکڕیزی و دوورگرتن لە دووبەرەکی، سەرەتا لەگەڵ عائیشە قسەی کرد و وتی دایە گیان بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟ ئەویش وتی کوڕی شیرینم بۆ رێککردنی باری نێوان خەڵك، ئینجا قەعقاع داوای کرد طەلحەو زوبەیریش بانگ بکات، ئەوانیش هاتن قەعقاع وتی دایکی باوەڕداران دەڵێت بۆ صولح هاتوم، ئەوانیش وتیان ئێمەش بەس بۆ ئەوە هاتوین، ئەویش وتی دەی پێم بڵێن ئەو صولحەتان لە چ روانگەیەکەوەیە؟ ئەگەر بە رەوامان زانی شوێنتان دەکەوین، ئەگەریش بە رەوامان نەزانی ئیتر هیچ، ئەوانیش وتیان بکوژانی عوثمانمان دەوێن لەناوببرێن، قەعقاع وتی خۆ ئێوە بکوژانی ئەوتان لە بەصرە کوشت، شەش سەد کەستان کوشت شەش هەزار کەس چوونە ریزی ئەوانەوەو دژتان وەستان، داوای تەنها کەسێکتان کرد کە حرقووص بوو شەش هەزار کەس بوونە پارێزەری، ئەمەی ئێوە داوای دەکەن بۆ چاکەیە، بەڵام خراپەیەکی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، عائیشە وتی ئەی تۆ چ چارەسەرێکت پێیە؟ قەعقاع وتی من پێم وایە دەرمانی ئەم دەردە ئارامگرتنە تا بارەکە هێور دەبێتەوە، ئەمە بکەن خێر و رەحمەت دێت، ئەگەریش رازی نەبن باری خراپە زیاتر دەبێت بۆ هەردوو لامان، ئەوانیش وتینا دەی بۆچوونەکەت زۆ دروستە، برۆ ئەگەر عەلیش هەمان رای هەبوو رازی دەبین، ئەویش چوویەوە بینی عەلی هەمان رای هەیە، ئیتر هەردوولا رێککەوتن، عائیشەش نوێنەری نارد بۆ لای عەلی تا پێی

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36752، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1375، صححه شعيب الأرناؤوط.

بڵێت ئەو تەنها بۆ صولح هاتووە، هەردوولا دڵخۆش بوون و عەلیش وتارێکی پێشکەش کرد بۆ خەڵکەکە کە تیایدا باسی خراپەی دووبەرەکی کرد و نیازی ڕێککەوتنەکەی خستەڕوو.[1]

کاتێك لە وتارەکەی عەلیەوە دەستەی ئاژاوەگێڕان زانییان خەریکە ڕێکدەکەون، کەوتنە خۆ، لەوانە ئەشتەری نەخەعی و عەبدوڵای کوڕی سەبەء و شریح و سالم و چەندێکی تر کە هیچ هاوەڵێکیان تێدا نەبوو نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کەسێك دەبوون کەوتنەخۆ و وتیان ئەم ڕێککەوتنە دژ بە ئێمەیەو ژمارەشمان کەمە و ڕێککەوتنی ئەوان تەنها لەسەر خوێنی ئێمەیە، بۆیە دەبێت عەلیش وەك عوثمان لێبکەین، خەڵکەکەش ڕازی بوون، بەڵام عەبدوڵای کوڕی سەبەء وتی ڕاکەتان زۆر خراپە، چونکە ئەوکات هەردوولا دەبنە دوژمن و لێتان دەدەن، بەڵکو دەبێت جەنگ لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەڵگیرسێنین، کاتێك زوبەیر و طەلحە چوون بۆ لای عەلی تا ڕێکبکەون، دەستەی سەبەئیەکان خۆیان بەشکرد بەسەر هەردوولادا و جەنگیان هەڵگیرساند، هەردوولا وایانزانی بەرامبەر ناپاکی نواندووە، بۆیە کەوتنە هێرش، سوپای عەلی نزیکەی بیست هەزار کەس و سوپای عائیشەش نیکەی سی هەزار کەس دەبوون، جەنگێکی قورس ڕوویدا، عەلی هاواری دەکرد دەست هەڵگرن، بەڵام کەس نەیدەبیست، لەولاشەوە عائیشە بە سواری وشترێکەوە بۆ هەمان نیاز هات، عەلی هێندە بێزار بوو بە حەسەنی کوڕی دەوت کوڕم خۆزگە باوکت بیست ساڵ لەمەوبەر دەمرد، عەلی چو تا زوبەیر و طەلحە بدوێنێت، وتی ئەم سوپایەتان ئامادە

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 237.

کردووه، بیانووشتان بۆ قیامەتتان ئامادە کردووه؟ دەی لەخوا بترسن، من خوێنی ئێوەم حەڵاڵ نەکردووە، ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان پێیە بۆ رەوایی خوێنی من؟[1]

## کوژرانی طەلحەی کوڕی عوبەیدولا

دواتر کە جەنگی جەمەل روویدا، عەلی کوڕی ئەبووطالیب طەلحەی دواند و هەندێ لەو قسانەی پێ وت کە بە زوبەیری وتبوو، طەلحە ش کەناری گرت لە جەنگەکەو دواتر تیرێکی بەرکەوت و کوژرا،[2] مەڕوانی کوڕی حەکەم طەلحەی کردە چاو، چونکە ئەوی بە بکوژی عوثمانی کوڕی عەففان دەزانی و دەیوت ئەمە پشتیوانی نەیارانی عوثمان بوو، بۆیە تیرێکی تێگرت و دای لە ئەژنۆی، بەردەوام خوێنی لێدەچوو تا کوشتی،[3] ئەمەش لە رۆژی پێنج شەممە و دەی جومادیلئوولای ساڵی سی و شەشی کۆچیدا بوو، ئەو کات تەمەنی نزیکەی شەست و چوار ساڵ دەبوو.[4]

کاتێك عەلی تەرمەکەی طەلحەی بینی، خۆڵی سەر دەموچاوی دەتەکاند و رەحمەتی بۆ دەنارد و دەیوت خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر بمردمایە، خۆی و هاوەڵانی لەسەر تەرمی طەلحە دەگریان.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 238 – 241.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 85.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 532، قال ابن حجر إسناده صحيح.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 532.

5 - أسد الغابة، ج3،ص 86.

## کوژرانی زوبەیری کوڕی عەووام

عەلی بە زوبەیری وت سوێندت دەدەم بە خوا تۆ گوێت لە پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو کە پێی دەفەرموویت تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگێیت و تۆیش ستەمی لێدەکەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فەرموودەیەم بیردەکەوێتەوە، بۆیە کەناری گرت.[1]

ئینجا بە سوارەکەیەوە بە ناو ریزەکاندا دەگەڕایەوە، عەبدوڵای کوڕی وتی باوکە چیتە؟ زوبەیر وتی عەلی فەرموودەیەکی بۆ باسکردم کە من خۆم لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستبوو پێی فەرمووم (تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگیت و ستەمیشی لێ دەکەیت)، بۆیە لەگەڵی ناجەنگم، عەبدوڵا وتی بۆچی بۆ جەنگ هاتبوویت؟ تۆ هاتبوویت تا نێوانی خەڵکەکە ڕێکبخەیت و خوا بە هۆی تۆوە ئەم بارە ڕێکبخات، زوبەیر وتی سوێندم خواردووە جەنگ نەکەم، عەبدوڵا وتی دەی جیرجیسی کۆیلەت ئازاد بکەو بوەستە تا نێوانی خەڵك ڕێکبخەت، ئەویش کۆیلەکەی ئازاد کرد و راوەستا، بەڵام خەڵکەکە جیاوازی زیاتری تێکەوت، بۆیە بە ئەسپەکەیەوە چوو.[2]

زوبەیر کە چوو دای بە لای سەربازگەکەی ئەحنەفدا، ئەویش وتی کێ دەچێت هەواڵێکی ئەمەم بۆ وەربگرێت، ئیبن جرمووز وتی من، ئەوەبوو کەوتە شوێن زوبەیر، کە گەیشت بە زوبەیر، زوبەیر زۆر توورە بوو، وتی چیتە؟ ئیشت چیە؟ وتی هاتوم تا پرسیارێکت لێ بکەم، عەطیە کە خزمەتکارێکی زوبەیر بوو و لەگەڵ زوبەیر بوو وتی ئەو چەکی پێیە، بەڵام زوبەیر گوێی پێ نەدا، ئیبن جرمووز وتی کاتی نوێژە،

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5553.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5552، حسنه الألباني بل صححه للوجه الثاني للسند في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 2659.

ئەوەبوو دابەزین تا نوێژ بکەن، کەچی ئیبن جرمووز خۆی خستە پشتی زوبەیر و لە پشتەوە کەلەبەری زرێپۆشەکەی کردە ئامانج و دای لە زوبەیر و کوشتی و ئەسپ و چەکەکەشی برد، دواتریش وازی لە خزمەتکارەکەی هێنا، خزمەتکارەکەشی تەرمی زوبەیری ئەسپەردە کرد و دواتر چوو هەواڵەکەی بردەوە بۆ خەڵکەکە.[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت لە جەنگی جەمەلدا بە زوبەیرم وت ئەرێ هاتویت لەگەڵ کوڕی عەبدولموتەلیبدا بجەنگیت؟ ئیتر زوبەیر گەڕایەوە، کەچی ئەوەبوو ئیبن جرمووز خۆی گەیاند پێی و کوشتی، دواترئیبن عەبباس هات و پرسیاری کرد لە عەلی ئەرێ بکوژەکەی زوبەیر سەرەنجامی بەرەو کوێیە؟ عەلی وتی دۆزەخ.

جەنگی صفین

لە ساڵی سی و حەوتی کۆچیدا پاش ئەوەی موعاویە ئامادە نەبوو بەیعەت بدات بە عەلی و نەگەیشتە ئەنجام، هەردوو لا لە سوپای عەلی و موعاویە لە ناوچەیەك کە پێی دەوترا صفین بەرامبەر یەك وەستانەوە، ماوەی چەند رۆژێك رۆژانە دەجەنگان، جار هەبوو کەمێك و جاریش هەبوو دوو جار لە رۆژێکدا سووکە جەنگێك دەکرا، هەرچەندە هەوڵ درا بگەنە ئەنجامێك، بەڵام دواجار جەنگێکی سەخت لەنێوان هەردوولادا روویدا و تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هەردو ولا کوژران، کاتێك خەریك بوو دەستەی عەلی سەرکەون، خەڵکی شام قورئانیان بەرز کردەوەو داوایان کرد هەردوو لا بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری قورئان، ئەوانیش رازی بوون و بەوە جەنگەکە کۆتایی هات.[2]

1 - تاريخ الطبري، ج3، ص 55.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 258-284.

هەڵوێستی هاوەڵان بەرامبەر بە ئیجتیهادەکەی عەلی

**هەڵوێستی هاوەڵان سەبارەت بە ئیجتیهادی عەلی بۆ چارەسەری پرسی شەهیدکردنی عوثمان خۆی لە سێ دەستەدا دەبینیەوە:**

**دەستەی یەکەم: بڕوایان وابوو دەبێت خێرا تۆڵەی خوێنی عوثمان بکرێتەوە تا نەبێتە مۆدێل و هەرکات دەستەیەك ویستیان هەستن خەلیفە بکوژن، بەتایبەت کوشتنی کەسێکی وەك عوثمانی کوڕی عەففان، بۆ ئەمەش پێشتر نموونەی طەلحەو زوبەیر و عائیشەو موعاویەو عەمر و چەندێکی ترمان خستەڕوو کە تەنانە تا ڕوودانی جەنگی نێوان دوو دەستەی موسڵمانانیش لەسەر مەسەلەکە ڕۆیشتن و ئەو فیتنە گەورەی لێکەوتەوە کە ڕوویدا.**

**دەستەی دووەم: ئەوانەی هاورای عەلی بوون و دەیانوت با جارێك بارەکە هێور بێتەوە ئینجا تۆڵە لە بکوژانی عوثمان بکرێتەوەو ئەوانەش بەشێکی دیاری ناو هاوەلان بوون کە لە زنجیرەی ژیانی هاوەڵاندا لە باسی هەرکامیاندا ئاماژەمان بەوانە داوە کە هاورای عەلی بوون و لەناو سوپاکەیدا بەشداری جەمەل و صفین بوون.**

**دەستەی سێیەم: ئەوانە بوون کە بەریەککەوتنی ئەو دوو ئیجتیهادەیان بینی زانییان چ فیتنەیەکی لێدەکەوێتەوە، بۆیە کەناریان گرت لە هەردوو ئیجتیهادەکەو هیچ بەشداریەکیان نەبوو، بۆ نموونە:**

ئیبن عومەر لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هیچ جەنگێکی نەکرد و و کەناری گرت، بەڵام دواتر لە دواییەکانی تەمەنیدا پەشیمانی دەردەبڕی کە چۆن پشتیوانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نەکرد لەو جەنگانەدا.[1]

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب ویستی جەنگی شام بکات، چوو بۆ لای ئیبن عومەر و هانی دا تا لەگەڵیدا بەشداری بکات، ئیبن عومەر وتی منیش وەك ئەو خەڵکەی ترم، بەڵام بۆ جەنگ ئەمساڵ ئامادە نیم بەشداری بکەم، دواتر ئیبن عومەر خۆی ئامادە کرد و چوو بەرەو مەککە.[2]

جا پێش ئەوەی بچێت بۆ مەککە، عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە کەفیلی ئیبن عومەر کە دژی ناوەستێت، دواتر ئیبن عومەر چوو بۆ لای ئومموکلثومی کچی عەلی کە ژنی عومەری کوڕی خەططاب بوو و پێی وت کە دەچێت بۆ عومرە، هەروەها وتی من تەواو گوێڕایەڵی عەلیم جگە لە فەرمان کردنی بە جەنگ و راپەڕین، دواتر وا هەواڵ برا بۆ عەلی وتیان ئەمشەو بارێکی سەختتر لەوەی عائیشەو طەلحەو زوبەیرو موعاویە روویداوە، وتی چی بووە؟ وتیان ئیبن عومەر چووە بۆشام، ئیتر بار شڵەژا، کە ئومموکلثوم ئەوەی بیست، هات بۆ لای عەلی و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، عەلیش دەروونی ئارام بوویەوەو وتی بڕۆن بەخوا نە من بەدرۆ کەوتمەوەو نە ئەو درۆی کرد، بەخوا من متمانەم زۆرە پێی.[3]

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 349.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 231.

3 - الكامل في التأريخ لابن أثير، ج3، ص 100.

حەکەمی کوڕی عەمری غیفاری بڕیاری دا کەنار بگرێت لەو فیتنەی پەیدا بووە، ئەوەبوو کاتێك عەلی کوڕی ئەبوو طالیب نێردراوێکی نارد بۆ لای، نێردراوەکە وتی ئەمیری باوەڕداران پێت دەڵێت تۆ لە هەموان شیاوتری تا لەسەر ئەم مەسەلە هاوکارمان بیت، حەکەمیش لە وەڵامی خەلیفەدا وتی دەی ئەی ئەمیری باوەڕداران من لە خۆشەویستم بیستووە کە ئامۆزای تۆیە دەیفەرموو (ئەگەر باری وا هات شمشێرێکی تەختە دروست بکە).[1]

خوزەیمەی کوڕی ثابت لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، ئەوەبوو لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[2] بەڵام کاتێك لە جەنگی صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، ئەو دەیوت جەنگ ناکەم تا بزانم کێ عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی باغی و سەرکەش عەممار دەکوژن، ئیتر کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی وا گومڕایی و نەپێکانم بۆ روون بوویەوە، شمشێری لە کالان دەرکردو جەنگا تا کوژرا،[3] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پێ رەوا و دروست بوو و لەناو ریزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[4]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3087، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5865، سكت عنه الذهبي في التلخيص.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 259.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5641.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.

رایەکی تری جیاوازو تایبەت رای حەسەنی کوڕی بوو، کە لەلایەکەوە هەوڵی راگرتنی جەنگەکانی باوکی دەدا و لەلایەکی تریشەوە لە مەیدانەکەدا تەنها جێی نەدەهێشت.

حەسەنی کوڕی عەلی بەیعەتی دا بە عەلی باوکی و لەگەڵیدا مایەوە، کاتێك سەربازگەکەی عەلی لە رەبذە بوو تا بچن بۆ جەنگی دژ بە طەلحەو زوبەیر، پاش ئەوەی نوێژیان کرد، حەسەن چوو بۆ لای عەلی باوکی و لەلای دانیشت و وتوێژێکی لەگەڵ باوکیدا کرد، حەسەن وتی باوکە من شتێکم پێ وتیت و تۆیش لە قسەم دەرچوویت، سبەی بێ کەس دەکوژرێیت و کەس پشتت ناگرێ، عەلیش پێی وت تۆ هێشتا لووشکەلووشکی کچانت هەیە، چیت پێ وتم و من بەگوێم نەکردیت؟ حەسەن وتی ئەو رۆژەی گەمارۆی ماڵی عوثمان درا داوام لێکردیت لە مەدینە بچیتە دەرەوە تا کاتێك عوثمان کوژرا تۆ لەناو مەدینەدا نەبیت، پاشان ئەو رۆژەی عوثمان کوژرا پێم وتیت بەیعەت لەکەس وەرنەگریت تا وەفدی خەڵکی ناوچەکان و عەرەب و بەیعەتی هەموو میصرت بۆ بێت، پاشان کاتێك ئەو دوانە بەزمی خۆیان کرد پێم وتیت لە ماڵی خۆتدا بمێنیتەوە تا رێکدەکەون، ئەگەر خراپەی لێکەوتەوە ئەوە تۆی بەرنەدەکەوت، کەچی لە هەموو ئەمانەدا تۆ پێچەوانەی من جووڵایتەوە، عەلیش وتی: کوڕی ئازیزم، سەبارەت بە دەرچوونم لە مەدینە کاتێك عوثمان گەمارۆ درابوو، دەی سوێند بەخوا وەك چۆن ئەو گەمارۆ درابوو منیش گەمارۆ درابووم، سەبارەت بەوەی بەیعەت وەرنەگرم تا هەموو ناوچەکان بێن و بەیعەت بدەن، دەسەڵاتەکە هی مەدینە بوو و پێمان باش نەبوو ئەو دەسەڵاتە بفەوتێت، سەبارەت بە دەرچوونی طەلحەو زوبەیریش ئەوە کەموکورتی و ترسنۆکی بوو بۆ موسڵمانان،

سوێند بەخوا لەو کاتەوەی دەسەڵاتم وەرگرتووە پشتم بەردراوە و ئەوەی پێویست بووە نەهاتووەتە رێم، سەبارەت بەوەی لە ماڵەوە دابنیشتایەم، ئەی چیم بکردایە بەوەی دەهات بۆ لام، تۆ ئەتویست من چۆن بم؟ دەتویست وەك ئەو جرجە بوومایە کە گەمارۆ دەدرێت دباب دبابیەتی–بانگکردنی نێوان جرجەکان–.[1]

بەڵام حەسەن کە ئەمانەی دەوت بە باوکی، هاوکات ئامادەیی هەبو وهەموو پشتگیریەکی باوکی بکات وەك خەلیفەیەك کە بەیعەتی پێدابوو، بۆیە کاتێك عەلی داوای کرد خەڵکی کووفە بێنە ناو ریزی سوپاکەی و ئەبوومووسای ئەشعەریش خەڵکەکەی سارد دەکردەوە تا نەچن چونکە ئەوەی بە فیتنەیەك دەزانی، عەلی چەند کەسێکی نارد تا خەڵکەکە رازی بکەن بێنە ناو سوپاکەی، بەڵام هیچکام ئەوەیان پێ نەکرا، دواجار عەلی حەسەنی کوڕی نارد لەگەڵ عەمماردا، ئەوەبوو حەسەن وعەلی چوونە مزگەوتی کوفەو لەوێ ئەبوو مووسا کە حەسەنی بینی باوەشی پێداکرد، حەسەن وتی ئەی ئەبوو مووسا بۆچی خەڵکمان لێدەتەکێنیتەوە، سوێند بەخوا ئێمە تەنها خێرمان دەوێت و کەسی وەك ئەمیری باوەڕدارانیش لەهیچ ناترسێت، ئەبوومووسا وتی بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم راست دەکەیت، بەڵام راوێژپێکراو دەبێت سپاردەکار بێت، من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (فیتنەیەك روودەدات کە ئەوەی تیایدا دانیشتووە زۆر باشترە لەوەی تیایدا راوەستاوە، ئەوەی تیایدا راوەستاوە زۆر باشترە لەوەی تیایدا رێ دەکات، ئەوەی تیایدا رێ دەکات زۆر باشترە لەوەی تیایدا سوارە) خوا ئێمەی کردوەتە برای یەك و

---

1 - تاريخ الطبري، ج3، ص 11.

ماڵ و خوێنی لەیەك حەرام كردوین، ئینجا چەند ئایەتێكی خوێندەوە، عەممار كە لەگەڵ حەسەن بوو تووڕە بوو و هەستا و كەوتە قسەكردن لەناو خەڵكەكەدا، هەندێكیش وەڵامیان دایەوە... حەسەن دواتر قسەی بۆ خەڵكەكە كرد و وتی ئەی خەڵكینە بێن بەدەم بانگەوازی ئەمیرەكەتانەوەو بچن بۆ لای براكانتان، چونكە هەموو كەسێ دەبێت بچێت بەدەم ئەم بانگەوازەوە، سوێند بەخوا ئەگەر كەسانی ژیر ئەم بارە بگرنە دەست زۆر لەپێشتر و باشترە بۆ داهاتووش، دەی وەرن بەدەم بانگەوازەكەمانەوەو لەو بارەدا كە ئێمەو ئێوەش پێی تاقی دەكرێینەوە هاریكارمان بن، بەوە خەڵكەكە رازی بوون.[1]

مەسەلەی دادوەری

كاتێك عەلی كوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی كوڕی ئەبووسوفیان رێككەوتن لەسەر دانانی دوو دادوەر بۆ چارەسەری كێشەی نێوانیان و پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان تا بڕیاری كۆتایی بدەن، موعاویەی كوڕی ئەبووسوفیان عەمری كوڕی عاصی راسپارد، عەلی كوڕی ئەبووطالیبیش ئەبوو مووسای ئەشعەری راسپارد، هەرچەندە داوای لێكرا كە ئیبن عەبباس بكات بە دادوەر، بەڵام لەلایەكەوە لەبەر فشاری یەمانیەكان و لە لایەكی تریشەوە لەبەر زانینی پلەوپایەی ئەبوو مووسا خەلیفە عەلی كوڕی ئەبووطالیب ئەبوو مووسای بۆ ئەو ئەركە راسپارد، خەلیفە بە ئەبوو مووسا و عەمری كوڕی عاصیشی وت لەسەر بنەمای قورئان حوكم بدەن، قورئانیش پشتیوانی منە، ئەگەر بەپێی قورئان حوكم نەدەن بڕیارتان بۆ نیە.[2]

1 - تاريخ الطبري، ج3، ص 26-27.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 377.

لێرەدا گێڕانەوەیەکی باو و بڵاو سەبارەت بە دادوەریەکە هەیە کە زۆرێك لە سەرچاوەکان هێناویانەو کردوویانە بە بەڵگەیەك بۆ تانەدان لە هەریەك لە ئەبوو مووسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص، دەستەیەکیش وەڵامی ئەو گێڕانەوەیان داوەتەوە، بە کورتی هەردوو راکە دەخەینەڕوو:

ئەبوو موخنەف دەڵێت ئەبووجونابی کەلبی بۆی گێڕامەوە کاتێك عەمر و ئەبوو مووسا لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە، عەمر پێش ئەبوو مووسا قسەی کرد و وتی تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوایت و لە من بەتەمەنتریت، تۆ قسە بکەو منیش دواتر قسە دەکەم، لە هەموو شتێکدا عەمر ئەبوو مووسای پێشدەخست و بەوە خەڵەتاندی تا پێشتر ئەو عەلی کەنار بخات، عەمر دواتر ویستی موعاویە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەبوو مووسا رازی نەبوو، ئینجا ویستی کوڕەکەی خۆی دابنێت، بەڵام رازی نەبوو، ئەبوو مووسایش ویستی عەبدوڵای کوڕی عومەر دابنێن، بەڵام عەمر رازی نەبوو، عەمر وتی رای خۆتم پێ بڵێ، ئەبوو مووسا وتی رام وایە ئەم دوو پیاوە(عەلی و موعاویە) لا ببەین و مەسەلەکە بکەین بە شوورای نێوان موسڵمانان و موسڵمانان خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێك هەڵبژێرن، عەمر وتی منیش هاوڕای تۆم، ئەوەبوو چوون بۆ لای خەڵکەکەو ئەبوو مووسا پێشتر قسەی کرد و وتی رای من و عەمر لەسەر یەك شتە کە هیوامان وایە خوای گەورە بەو هۆیەوە باری ئەم ئوممەتە رێك بخات، عەمر وتی ئەبوو مووسا راست دەڵێت، ئەبووموسای پێشخست، ئیبن عەبباس بە ئەبووموسای وتمالۆیران وادەزانم لەخشتەت دەبات، ئەگەر ئێوە لەسەر شتێك رێککەوتون دەی تۆ ئەو پێش بخە با ئەو قسەکەی بکات ئینجا تۆ قسە بکە، چونکە عەمر کەسێکی ناپاکە...ئەبووموسا سادە بوو و پێی وت ئێمە رێککەوتیننبۆیە

پێشکەوت و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی ئەی خەڵکینە ئێمە تەماشای باری ئەم ئوممەتەمان کرد و باشترین شت بۆ ئەوە کە رای من و عەمری لەسەرە ئەوەیە عەلی و موعاویە لابەرین و ئەم ئوممەتە رووبکەنە مەسەلەکەو خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێك بکەنە ئەمیر، وا من عەلی و موعاویەشم لابرد و ئێوە خۆتان کەسێك بکەن بە ئەمیر کە بە باشی دەزانن، دواتر ئەبوو مووسا کەناری گرت و عەمری کوڕی عاص هەستا و هاتە شوێنەکەی و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی قسەکانی ئەوتان بیست کە هاوەڵەکەی خۆی لابرد، منیش وەك ئەو هاوەڵەکەی خۆی لادەبەم و موعاویەی هاوەڵم دەهێڵمەوە، چونکە ئەو وەلی عوسمانی کوڕی عەففانەو داواکاری خوێنی ئەوە و شیاوترین کەسە بە شوێنەکەی، ئەبوو مووسا وتی چیتە خوا مۆفەقت نەکات ناپاکیت نواند و لاتدا، نموونەی تۆ وەك سەگ وایە، عەمریش وتی نموونەی تۆیش وەك کەر وایە، جا شورەیحی کوڕی هانیء هەڵیکوتایە سەر عەمر و بە قامچی لێیدا، کوڕێکی عەمریش هەڵیکوتایە سەر شورەیح و بە قامچی لێیدا، خەڵکی هەستان و جیایان کردنەوە، جا شورەیح دواتر دەیوت پەشیمانم لەوەی لە بری قامچیەکەم بە شمشێر نەمدا لە عەمر...ئیبن عەبباسیش دەیوت خوا ئەبوو مووسا بێزراو بکات خۆ من هۆشیارم کردەوە کەچی وەرینەگرت... جا عەمر و شامیەکان گەڕانەوە بۆ لای موعاویەو خیلافەتیان پێ سپارد و ئیبن عەبباس و شورەیحیش گەڕانەوە بۆ لای عەلی، جا کە نوێژی بەیانی دەکرد لە قنووتدا نزای دەکرد خوایە نەفرینت بنێرە بۆ موعاویەو عەمر و ئەبولئەعوەری سولەمی و حەبیب و عەبدوڕەحمانی کوڕی خالید و ضەحاکی کوڕی

قەیس و وەلید، موعاویەش کە ئەوەی بیست لە هەموو قنووتێکدا دەستی دەکرد بە نەفرین کردنی عەلی و ئیبن عەبباس و ئەشتەر و حەسەن و حوسەین.[1]

ئەم گێڕانەوەیە هی ئەبوو موخنەفە کە یەکێکە لەو شیعانەی زۆرترین گێڕانەوەی دژ بە هاوەڵان و ئەهلی سوننە تۆمار کردووە، ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەشی زۆر جێی گومانە و ئەم تۆمەتانەی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: بە گەمژەو نەفام دانانی ئەبوو مووسای ئەشعەری لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی نارد بۆ یەمەن و بەرپرسیارێتی پێ سپارد، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) یەکێك بوو لەو چوار کەسەی کە فتوای دەدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب و عوثمانی کوڕی عەففانیشدا والی و بەرپرس بوو.

دووەم: بە ناپاك دانانی عەمری کوڕی عاص کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێدانی سیفەتی ناپاکی پێی.

سێیەم: زمانی ئەبوو مووسا هی قسەوتنی وا ناشیرین نەبوو، زمانی عەمریش هەروا، هاوکات زمانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب زمانی ئەو هەموو نەفرینە نیە لەو هەموو کەسە، ئەویش لەکاتی نوێژی بەیانیدا، هەروەك زمانی موعاویەش ئەو زمانە نەبوو.

چوارەم: ئەگەریش وابێت، خۆ مەرجی رازیبوون ئەوەیە هەردوولا لەسەر یەك وتە رێککەوتبن، خۆ ئەبوو مووسا وتی وا رێککەوتوین هەردووکیان لابەرین و وا من عەلی و موعاویەشم لابرد، بۆیە ئەگەریش عەمر وایکردبێت، ئەوە کارەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

---

1 - تأريخ الطبري، ج3، ص 113.

بۆیە ئەم گێڕانەوەیە زیاتر دەمارگیری توندی مەزهەبی شیعەی پێوە دیارەو زۆر دووبارەبوونەوەشی لە سەرچاوەکاندا تەنها لەم بنەڕەتەوەیە کە گێڕەرەوەکەی ئەبوو موخنەفی شیعەیە، خواش زاناترە بە راستیەکان.

سەبارەت بە گێڕانەوەی دووەم دەقی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی لە کتێبی (الصواصم من القواصم) دادەنێین سەبارەت بە مەسەلەی تەحکیم (دادوەری):

خەڵکی سەبارەت بە تەحکیم حوکمیان داوەو شتانێکیان وتووە کە خوا پێی رازی نیە، ئەگەر جیا لە ئایینداریش بە چاوی پیاوەتی تەماشای بکەیت، تێدەگەیت لە نووسینەکاندا بێمانایيەك هەیە کە زیاتر بێدینیەو کەمترین شت بیڵێین دەڵێین نەفامیەکی روونە، ئەوەی لەو بارەوە راستە ئەوەیە کە پێشەوایانی وەك خەلیفە ئیبن خەيياط و دارەقوطنی گێڕاویانەتەوە کە کاتێك دەستەی عێراقی بە سەد هەزار و دەستەی شامی بە حەفتا یان نەوەد هەزارەوە دەرچوون و لە صفین لای فورات دابەزین و لە رۆژی سێ شەممەو لە بەرەبەيانەوە جەنگان و خەڵکی عێراق سەرکەوتن بەسەریاندا، دواتر رۆژی چوارشەممە لە حەوتی صەفەری ساڵی سی و حەوت هەمدی جەنگان تا ئەو کاتەی دوو کەس لە هەردوو لابڕیاری دادوەرییان پێدرا، لە بەرەی عەلیەوە پێنج شەممەو رۆژی هەینی و شەوی شەممە بوو، خەڵکی شام قورئانەکانیان بەرز کردنەوەو داوای رێککەوتنیان کرد و هەموان بڵاوەیان لێکرد و لەسەر ئەوە رێککەوتن هەر دەستەیەك باری خۆی بداتە دەست کەسێك، ئەبوو مووسا لە بەرەی عەلی و عەمری کوڕی عاص لە بەرەی موعاویەوە، ئەبوو مووسا کەسێکی زۆر خواناس و زانا و فیقهناس بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە موعاذ ناردبووی بۆ یەمەن و عومەر پایەی پێدابوو و وەسفی تێگەیشتوویی کردووە، ئەو

دەستە زبرە مێژووییە وتەی ناراستە کە ئەبوو مووسا بە گەمژەو ڕا لاواز و هەڵخەڵەتاو لە قسەدا وەسف دەکات و ئیبنولعاصیش بە زیرەك و لێزانی وا وەسف دەکات کە بە نموونە باسکراوە و جەخت دەکەنەوە لەو ویستی خراپەی هەیبووەو هەندێ نەفامیش شوێن ئەو رایە کەوتوون و چیرۆك و شتانێکی وایان سەبارەت بە ئەو و هاوەڵانی تریش نووسیوە.. دەڵێن کاتێك ئەوان لە ئەذرەح لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە و دانووستانیان کرد و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەردوو لا بەرپرسانیان لاببەن، عەمر بە ئەبوومووسای وتووە تۆ پێشتر قسە بکە، ئەویش پێشکەوت و وتی من لە مەسەلەکە ورد بوومەوەو عەلیم لە پۆستەکەی لابرد و با موسڵمانان لەنێو خۆیاندا بڕیار بدەن وەك چۆن شمشێرەکەشم لە گەردنم لابرد، ئەوەبوو لایبرد و لەسەر زەوی داینا، عەمریش هەستا و شمشێرەکەی خستە سەر زەوی و وتی من لە مەسەلەکە رامام و موعاویەم لە مەسەلەکەدا هێشتەوە و ئەم شمشێرەشم لە گەرنمدا دەهێڵمەوە، ئەبوو مووسا بەوە نارازی بوو و سەرکۆنەی کرد و عەمریش وتی وا رێککەوتین، خەڵکەکە بەو باری ناکۆکیە بلاوەیان لێکرد، ئەمە درۆیەکی راشکاوەو یەك پیتیشی لە راستیدا روونەداوەو داهێنەران و مێژوونووسانی پاشایان ئەمەیان داناوەو خەڵکێ کە بە ئاشکرا لە فەرمانی خوا دەردەچن و بیدعە دەنوێنن بە میراتی ئەو وتانەیان وەرگرتووە، ئەوەی چەسپاوەو زانایانی راستبێژ گێڕاویانەتەوە ئەوەیە کاتێك ئەو دوانە کۆبوونەوە تا لە مەسەلەکە رامێنن و دەستەیەکی رێزداری خەڵکیش ئامادە بوون لەوانە ئیبن عومەر و هاوچەشنانی، عەمریش موعاویەی کەنار خستووە، دارەقوطنی بە سەنەدی خۆی لە حوصەینی کوری مونذیرەوە هێناویەتی کاتێك عەمر موعاویەی کەنارخست، حوصەین چوو لە نزیك چادرەکەی موعاویەوە چادری هەڵدا، موعاویە کە هەواڵی بیست ناردی بە

شوێنیدا و وتی بیستوومە عەمر ئاواو ئاوای وتووەو کردووە، جا بڕۆ بزانە ئەوە چیە من لە بارەیەوە بیستوومە، حوصەین دەڵێت منیش چووم بۆ لای و وتم باسی ئەو کارەم بۆ بکە کە تۆ و ئەبو مووسا بۆی راسپێردراون چیتان کرد، ئەویش وتی خەڵکی قسەی خۆیان لەو بارەوە کرد، بەخوا بارەکە وەك ئەوەی ئەوان نەبوو، بەڵکو من بە ئەبوو مووسام وت رات لەم بارەیەوە چیە، ئەویش وتی من پێم وایە دەسەڵات بۆ یەکێك لەو کەسانە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و لێیان رازی بوو، منیش وتم ئەی من و موعاویە چی لێدەکەیت؟ وتی پشتتان پێ ببەستێت چونکە ئێوە پشتیوانیتان لەدەست دێت، حوصەین چوویەوە بۆ لای موعاویەو بەسەرهاتەکەی وەك خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ناردی بۆ لای ئەبیلئەعوەری ذەکوانی و بە سوارەکانیەوە ناردی، ئەویش چوو سواری ئەسپەکەی بووو غاری دەدا و دەیوت کوا دوژمنی خوا؟ کوا ئەو فاسقە؟ عەمر چوو بۆ لای ئەسپێکی لەژێر چادرەکەیدا و بێ زین هێنایە دەرەوەو بەرەو لای چادرەکەی موعاویە غاری دەدا و دەیوت (إن الضجور قد تحتلب العلبة يا معاوية إن الضجور قد تحتلب العلبة) جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات ئەی موعاویە جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات.[1]

1 - العواصم من القواصم لابن العربي، 178-181.

## جەنگی خەواریجەکان

لەو سەروبەندە پڕ کێشەو ئاڵۆزیەدا، خەواریجەکانیش دەرکەوتن و گەیشتنە ئەوەی راشکاوانە حوکمی کوفری عەلی کوڕی ئەبوطالیبیان دەدا، دروشمەکەیان ئەوەبوو دەیانوت حوکم تەنها بۆ خوایە، هەرچەندە عەلی دەیویست تێیان بگەیەنێت کە بیری ئەوان دەرچوونە لە ئیسلام، چونکە پەیامی حوکمی خوایان دروست بوو، بەڵام جۆری گەیشتن بەوە لە دەرچوون لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە عەلی ئامادە نەبوو بەرنامەکەی ئەوان پەیڕەو بکات، کەوتنە دژایەتی کردن و قسەپێ وتنی، بەڵام عەلی هەر نەرمی دەنواند بەرامبەریان و دەیوت مزگەوتتان لێ قەدەغە ناکەین و پشکی خۆتان پێ دەدین و لەگەڵتان ناجەنگین مەگەر ئێوە دەست بکەن بە جەنگ، لەولاوە سەرکردەکانی خەواریج لە کووفە بڕیاریان دا لە کووفە بچنە دەرەوەو لە ناوچەی نەهرەوان کۆببنەوەو لەوێوە پەل بهاوێژن، لەوێ کۆبوونەوەو بەهێز بوون، کاتێکیش بڕیاری دادوەریەکەیان پێ گەیشت، ئەوەشیان بەرپەرچ دایەوە، هەروەها کەوتنە کوشتار و ئاژاوە نانەوە، بەتایبەت کوشتنی عەبدوڵای کوڕی خەبباب و هەڵدڕینی سکی ژنەکەی، کە عەلی ئەمەی بیست، ئیتر بڕیاری دا هێرش بباتە سەر خەواریج و لەگەڵیان بجەنگێت، سوپای کۆکردەوەو لە رووبار پەڕیەوەو خۆی گەیاندە لای خەواریجەکان، سەرەتا داوای کرد ئەوانەی بەشدار بوون لە کوشتاری خەڵکدا تەسلیم بکرێن تا تۆڵەیان لێ بکرێتەوە، کەچی ئەوان رازی نەبوون، ئەوانیش وتیان هەموومان بکوژین و خوێنی ئێوەشمان لا حەڵاڵە، هەریەك لە ئەبووئەیووبی ئەنصاری و سەعدی کوڕی عوبادە هەستان و ئامۆژگارییان کردن، بەڵام سوودی نەبوو، دواتر عەلی خۆی قسەی بۆ کردن، کەچی هەر وازیان نەهێنا،

دواجار جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا روویدا و تیایدا خەواریجەکان شکان و کوشتارێکی زۆریان لێ کرا.[1]

## شەهیدکردنی عەلی

ئەمیری باوەڕداران عەلی بارێکی سەختی تووش بووبوو، لەلایەکەوە شپرزی سوپاکەی و لەلایەکی ترەوە سەرکەشی عێراقیەکان و لەولاوە کێشەی موعاویەو لەلایەکی تریشەوە بوونی خەواریجەکان، ئیتر عەلی وای لێهات بێزار بوو لە ژیان تا ئەوەی ئاواتی بە مەرگ دەخواست، هاوکات دڵنیا بوو لەوەی بە شەهیدی دەمرێت نەك بە مردنی ناو جێ، تەنانەت کە خەواریجەکان پێیان وت لەخوا بترسە تۆیش دەمریت، وتی نابەخوا نامرم بەڵکو ئەم ریشەم سوور دەبێت بە خوێن.[2]

سێ کەس لە خەواریجەکان کە بریتی بوون لە ئیبنولمولجەم و بەرکی کوڕی عەبدوڵا و عەمری کوڕی بەکر کۆبوونەوەو باسی کوشتاری هاوڕێکانیان لە نەهرەوان کرد، بۆیە بڕیاری تۆڵەیان دا و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەرکامیان و یەکێك لە سەرکردەکان بکوژێت، ئیبنولمولجەم وتی من عەلی دەکوژم، بەرك وتی منیش موعاویە دەکوژم، عەمریش وتی منیش عەمری کوڕی عاص دەکوژم، ئەوەبوو هەرسێیان بەڵێنیان بە یەکدی دا و شمشێرەکانیان ژەهراوی کرد و وادەی حەڤدەی رەمەزانیان دانا، ئیبنولمولجەم چوو بۆ کووفەو خۆی شاردەوە لە خەواریجەکانی ئەوێ، جارێك یەکێك لە کچی خەواریجەکان کە ناوی قوطام بوو و باوك و برای لە نەهرەواندا کوژرابوون و ئافرەتێکی زۆر جوان بوو و چووبوویە مزگەوت و خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 285 - 290.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 324.

پەرستش، ئیبنولمولجەم ئەم ئافرەتەی بینی و داوای کرد، بەڵام ئەو رازی نەبوو، تا دواجار سێ مەرجی بۆ دانا، هەزار درهەم و خزمەتکارێك و رێی کوشتنی عەلی، ئەویش وتی دەی بەخوا بەس بۆ ئەوە هاتوومەتە ئەم شارە، ئەوەبوو مارەی کرد و گواستیەوە، قوطامیش بەردەوام هانی دەدا و کەس و پشتیوانیشی بۆ پەیدا کرد، ئەوەبوو لە کاتی دیاریکراودا ئیبنولمولجەم هاودەم بە دوو پشتیوانی کە (وەردان) و (شەبیب) بوون چوونە سەر رێی عەلی، کە عەلییان بینی خەڵکی بێدار دەکردەوە بۆ نوێژ، شەبیب هەڵمەتی بۆ برد و شمشێرێکی لێدا، ئیبنلمولجەمیش شمشێرێکی لێدا و خوێن ریشی سوور کرد، ئینجا ئیبنولمولجەم دەیوت حوکم تەنها بۆ خوایە ئەی عەلی، نە بۆ تۆ و نە بۆ هاوەڵەکانت، عەلیش هاواری کرد بیگرن، وەردان رایکرد و کابرایەکی حەضرەمەوتی خۆی پێگەیاند و کوشتی، شەبیبیش رایکرد و رزگاری بوو، ئیبنولمولجەمیش گیرا، جەعدەی کوڕی هوبەیرە نوێژەکەی بەیانی بۆ خەڵکەکە کرد و عەلی برایەوە ماڵەوە، ئیبنولمولجەمیش برا بۆ لای، عەلی وتی ئەی دوژمنی خوا مەگەر من چاکەم لەگەڵ نەکردیت؟ وتی با، وتی ئەی بۆ واتکرد؟ وتی چل رۆژە ئەو شمشێرە ئامادە دەکەم و داوام لە خوا کرد خراپترین کەسی پێ بکوژێت، عەلی وتی خۆتیت بەوە دەکوژرێیت، تۆیش خراپترین کەسەکەیت، ئینجا وتی ئەگەر مردم ئەوە بیکوژن و ئەگەریش خۆم ژیام دەزانم چی پێ دەکەم، جوندوبی کوڕی عەبدوڵا وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران بەیعەت بدەین بە حەسەن؟ فەرمووی نە فەرمانتان پێ دەکەم و نە رێگریتان لێ دەکەم، خۆتان باشتر دەزانن، ئیتر بەردەوام دەیوت لا اله الا الله و هیچی تری نەدەوت.[1] ئەمەش ئاماژەیە بەوەی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب راوێژی پێ رەوا بووە نەك دەسەڵاتی بنەماڵەیی و پشتاوپشتی.

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 324-328.

پاشان عەلی هەریەك لە حەسەن و حوسەینی بانگ کرد و ئامۆژگاری کردن و وەسیەتی بۆ کردن تا لەخواترس بن و دنیا لەخشتەیان نەبات و قسەی حەق بڵێن و کار بکەن بۆ رۆژی دوایی و نەیاری ستەمکار و سەرخەری ستەملێکراو بن و کار بە قورئان بکەن و لەبەر خوا ترسیان لە لۆمەی لۆمەکاران نەبێت، ئینجا بە موحەممەدی کوڕیشی وت هەمان ئامۆژگاریشم بۆ تۆ هەیەو داواشم لێتە رێز لە براکانت بگریت چونکە مافیان بەسەرتەوە زۆرە، داوای کرد لە حەسەن و حوسەینیش چاك بن لەگەڵ موحەممەد چونکە برایانە و خۆشەویستی باوکیانە.، ئینجا روویکردە حەسەن و وتی کوڕی خۆم وەسیەتت بۆ دەکەم لەخواترس بیت و نوێژەکان لە کاتی خۆیدا بکەیت و زەکات لە کاتی خۆیدا بدەیت و جوان دەستنوێژ بگریت چونکە نوێژ بە پاکی قبووڵە، نوێژی زەکات نەدەر دروست نیە، لێبوردنت هەبێت بۆ تاوانکار و قین و تووڕەییت بخۆرەوەو پەیوەندی خزمایەتیت بەتین بکە و لەگەڵ نەزاناندا لەسەرخۆ بە و شارەزای ئایین بەو خۆراگربە لەسەر دینداری و پەیوەستی قورئان بەو دراوسێیەتیت چاك بێت و فەرمان بکە بە چاکەو رێگری بکە لە خراپە و دوور بە لە خراپەو داوێن پیسی.[1]

دوای وەسیەتەکەی یەك قسەی نەدەکرد جگە لە لا اله الا الله تا وەفاتی کرد.[2]

بشکێ دەستی گڵاوی ئیبنولمولجەم کە مەولای باوەڕداران و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و خەلیفەی موسڵمانانی بەو

1 - تاريخ الطبري، ج3، ص 158.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 329.

دەردە برد و بە هەموو عەقڵێکی بەتاڵی خۆیشی چاوەڕێی پاداشتی خوایی بوو، بوەستێ هەر دڵێ کە خۆشحاڵ دەبێت بەو کارەی ئیبنولمولجەم.

ئینجا کە عەلی وەفاتی کرد حەسەن هەستاو وتارێکی پێشکەش کرد بە خەڵکەکەو تیایدا وتی: دوێنێ کەسێك جێی هێشتن کە پێش خۆی و پاش خۆیشی هێندەی ئەو زانستیان نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئالای دەدایە دەست پشتی هەڵنەدەکرد تا ئەو شوێنەی فەتح دەکرد، جبریل لە لای راستیەوە بوو و میکائیل لە لای چەپیەوە بوو، تەنها شتێك پاش خۆی جێی هێشتبێت حەوت سەد درهەم بووە کە لە مووچەکەی پاشەکەوتی کردووە، دەیویست بەو پارەیە خزمەتکارێك بکڕێت،[1] شەوێك کوژرا کە تیایدا قورئان دابەزیوە، تیایدا عیسا بەرزکرایەوە، تیایدا مووسا گیانی سپارد)، حەسەن و حوسەین و عەبدوڵای کوڕی جەعفەر تەرمەکەی عەلییان شۆرد،[2] ئینجا حەسەن نوێژی لەسەر باوکی کرد.[3]

شەهیدکردنی عەلی لە شەوی حەڤدەی مانگی رەمەزانی ساڵی چلی کۆچیدا بوو، ماوەی خیلافەتەکەی چوار ساڵ و هەشت مانگ و نیو بوو.[4]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7046، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8137، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1656، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4750، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31465، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2651، حسنه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 2496، كما حسنه شعيب الأرناؤوط،

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 329.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4636، سكت عنه الذهبي.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 569.

عەلی کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه)

ناوی عەلی کوڕی ئەبیلعاصە، کچەزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دایکی ناوی زەینەبی کچی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

زەینەب لە ئەبولعاص کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەلی کە هەر بە هەرزەکاری وەفاتی کرد،[1] لە فەتحی مەککەدا پێغەمبەر (ﷺ) عەلی لە دوای خۆیەوە سوار کردبوو.[2]

عەمرەی پووری سەعد(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی مەسعوودەو پووری سەعدی کوڕی عوبادەیە، مێردەکەی ناوی ئەوسی کوڕی زەید بوو کە کوڕێکی لێی بوو ناوی نا مەسعوود، دوای ئەوس شووی کرد بە سەهلی کوڕی ثەعلەبەو کوڕێك و کچێکی لێی بوو، عەمرە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، ئەم ئافرەتە چوار خوشکی تری هەبوو کە ئەوانیش هەموویان ناویان عەمرە بوو و هەموویشیان هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون.[3]

عەمرەی کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی حارثەو خوشکی دایکی باوەڕداران جوەیریەیە، عومرە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إن الدنيا حلوة خضرة ، فمن أخذ بحقها

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 246.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 570.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 33.

يبارك الله له فيها ، ورب متخوض في مال الله ورسوله له النار يوم القيامة يوم يلقاه)،[1] (دنیا خۆش و سەوزە–رازاوەیە– هەرکەس شتێك لەو خۆشیەی دنیای بەرکەوێت، ئەوەیە کە پەروەردگار بەرەکەتی پێبەخشیوە، لەوانەیە کەس هەبێت رۆچووبێت لە سامانی خوا و سامانی پێغەمبەرەکەیدا و لە رۆژی دواییدا کە دەگاتەوە خزمەت پەروەردگار دۆزەخی بۆ هەبێت).

عەمرەی کچی حارثە(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی حارثەی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، عەمرە هاوسەری قەیسی کوڕی عەمر بوو.[2]

عەمرەی کچی حەرام (رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی حەرامە، عەمرە باس دەکات کە جارێك میوانداری پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووەو مەڕێکی بۆ سەربڕیوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) لێی خواردو ئینجا دەستنوێژی گرت و نوێژی نیوەڕۆی کرد، هەمدی لە گۆشتەکەی بۆ برد و پێغەمبەر (ﷺ) لێی خوارد و نوێژی عەسری کرد بێ ئەوەی دەستنوێژ بگرێتەوە.[3]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20680، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 9897، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7117.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 30.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7116.

عەمرەی کچی رەواحە(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی رەواحەیەو خوشکی عەبدوڵای کوڕی رەواحەیە کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عەمرە هاوسەری بەشیری کوڕی سەعد بوو.[1]

جارێك عەمرەی کچی رەواحە کە ژنی بەشیر بوو داوای کرد لە بەشیر بەشێك ببڕێتەوە بۆ کوڕەکەی، بەڵام ئەو رازی نەبوو، دواتر دوای دوو جار[2] پاش یەك ساڵ بەشیر رازی بوو، بەڵام عەمرە وتی نابەخوا رازی نابم تا دەستی نەگریت و نەیبەیت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەیت بە شایەت، بەشیریش منداڵەکەی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بەشێکی سامانم بڕیوەتەوە بۆ ئەم کوڕەم و دایکی ئەم کوڕەشم دەیەوێت تۆ شایەت بیت لەسەر ئەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، فەرمووی ئایا ئەوەی بۆ ئەمت بڕیوەتەوە بۆ هەموو ئەوانیشت بڕیوەتەوە؟ وتی نا،[3] پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فإني لا أشهد على هذا، هذا جور أشهد على هذا غيري، اعدلوا بين أولادكم في النحل كما تحبون أن يعدلوا بينكم في البر واللطف)،[4] (دەی من نابمە شایەت بۆ شتی وا، ئەوە ستەمە بڕۆ کەسی تر جگە لە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 31.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 5181 و اللفظ له، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11212.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3141، سنن أبي داوود، الرقم 3092.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 5181 و اللفظ له، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11212، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5836، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته، الرقم 1046.

من بکە بە شایەت بۆی، لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن لە بەشدا وەك چۆن حەز دەکەن ئەوان لە چاکەو میهردا لەنێوانتاندا دادپەروەر بن).

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بیگێڕەوە (پاشگەز ببەرەوە)،[1] هەروەها هاتووە پێی فەرموو (فاتقوا الله واعدلو بين أولادكم)،[2] (دەی لەخوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن).

هەر لە گێڕانەوەیەکی تری بوخاریدا هاتووە فەرمووی (لا تشهدني على جور)،[3] (مەمکە بە شایەت لەسەر ستەمێك).

عەمرەی کچی مەرثەد(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی مەرثەدەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

عەمرەی کچی مەسعوود(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کوڕی مەسعوودە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2467، صحيح مسلم، الرقم 3138، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6303.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2468، صحيح مسلم، الرقم 3140.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2528.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 32.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 32.

عەمرەی کچی مەسعوودی کوڕی قەیس(رضي الله عنها)

**ناوی عەمرەی کچی مەسعوودی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ دەومەتەلەندەل، عەمرە وەفاتی کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە چوو بۆ سەر گۆڕەکەی و نوێژی لەسەر کرد.**[1]

عەمرەی کچی مەسعوودی ئەنصاری (رضي الله عنها)

**ناوی عەمرەی کوڕی مەسعوودی کوڕی زورارەیە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.**[2]

عەمرەی کچی هوزال(رضي الله عنها)

**ناوی عەمرەی کچی هوزالی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.**[3]

عەمرەی کچی یەزید(رضي الله عنها)

**ناوی عەمرەی کچی یەزیدەی کوری جونە، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوسەری گرت، بەڵام کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بیگوازێتەوە، عەمرە وتی پەنا دەگرم بە خوا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی پەنات بە پەنادەرێك گرت، بۆیە تەڵاقی دا و دواتر فەرمانی کرد ئوسامەی کوڕی زەید سێ جلی پێ بەخشی.**[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 33.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 32.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 34.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 35.

عەمرەی کچی یەزیدی ئەشهەلی (رضي الله عنها)

**ناوی عەمرەی کچی یەزیدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

عەمری باوکی زورعە (رضي الله عنه)

**ناوی عەمرەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی زورعە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، عەمر دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە بە هاوەڵانی فەرموو (وەرن با بچین بۆ لای ئەهلی قوباء تا سەلامیان لێ بکەین)، کە چوویە ئەوێ و سەلامی کرد، ئەوانیش پێشوازییان کرد، ئینجا فەرمووی ئەی ئەهلی قوباء بەردێکی ئەو حەررەیەم–شوێنەم– بۆ بهێنن، ئەوەبوو بەردی بۆ هێنرا، پێغەمبەر (ﷺ) قیبلەی بۆ دیاری کردن و بەردێکی دانا و دواتر فەرمووی (ئەی ئەبووبەکر بەردێ هەڵگرەو بیبە بۆ لای بەردەکەم)، ئەویش وایکرد، ئینجا هەمان فەرمانی کرد بە عومەر تا بەردێك لای ئەوەی ئەبووبەکر دابنێت، دواتر هەمان فەرمانی کرد بە عوثمان.[2]**

**عەمر تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیش ژیا و کاتێك عوثمان شەهید کرا، بەشداری ئەسپەردەکردنی تەرمی عوثمان بوو.[3]**

عەمری کوڕی فەغوا ع(رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی فەغوائی خوزاعیە، عەمر دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بە مندا بڕێك سامان بنێرێت بۆ ئەبووسوفیان تا دابەشی بکات بەسەر**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 35.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4574.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4574.

قورەیشیەکانی ناو مەککەدا، ئەمەش دوای فەتحی مەککە بوو، ئینجا فەرمووی (هاوەرێیەك پەیدا بکە)، ئەوەبوو عەمری کوری ئومەییەی ضەمری هات بۆ لام و وتی بیستوومە دەتەوێت دەربچیت و بۆ هاورێیەك دەگەرێیت، منیش وتم بەڵێ، وتی دەی من دێم لەگەڵت، منیش چوومەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم هاورێیەکم پەیدا کردووە، فەرمووی کێیە؟ وتم عەمری کوری ئومەییەیە، فەرمووی (ئەگەر دابەزیتە ناوچەی قەومەکەی وریاری بە، چونکە پەندێك هەیە دەڵێت برا بەکریەکەت لێی دڵنیا مەبە)، ئێمەش دەرچوویت تا گەیشتینە ئەبواء، عەمری کوری ئومەییە وتی من دەچم تا وەددان بۆ لای هۆزەکەم، لێرە چاوەرێم بکە، منیش وتم باشە، کە چوو قسەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیرکەوتەوەو بە پەلە دەرچووم تا لە نیوەرێدا بینیم عەمر هات رێی پێ گرتم، منیش خێرا دەچووم و پێشی کەوتم، کە زانی لە دەست دەرچووم، هاورێکانی گەرانەوەو خۆی هاتەوە بۆ لام و وتی برێك ئیشم هەبوو بە هۆزەکەم، منیش وتم بەڵێ وایە، چووین تا گەیشتینە مەککەو سامانەکەم دا بە ئەبووسوفیان.[1]

عەمری کوری بولەیل(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوری بولەیلی کوری بیلالە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوو لەیلایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

1 - سنن أبي داود، الرقم 4240، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21894، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفع الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4861.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 607.

عەمری کوڕی تەغلیب(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی تەغلیبە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[1]

عەمر دەڵێت جارێك بڕێك سامان هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وئەویش دابەشی کرد و بەشی هەندێکی دا و بەشی هەندێکی دی نەدا، جا ئەوانەی بەریان نەکەوت گلەییان کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) پاش سوپاس و ستایشی خوا فەرمووی (أما بعد فوالله إني لأعطي الرجل، وأدع الرجل، والذي أدع أحب إلي من الذي أعطي، ولكن أعطي أقواما لما أرى في قلوبهم من الجزع والهلع، وأكل أقواما إلى ما جعل الله في قلوبهم من الغنى والخير، فيهم عمرو بن تغلب)، (پاشان بەخوا من بە کەسێك دەبەخشم و بە کەسێك نابەخشم، ئەوەی پێی نابەخشم لام خۆشەویستترە لەوەی پێی دەبەخشم، بەڵام دەیبەخشم بەوانە چونکە وادەبینم ترس و نارەحەتیەك لە دڵیاندایە، کەسانێکیش بەشیان نادەم چونکە دەبینم خوا دەوڵەمەندی و خێری خستووەتە ناو دڵەکانیانەوە، لەوانە عەمری کوڕی تەغلیبە)، جا بەخوا رانە وشتری سوور هێندەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) لام خۆشەویست نیە.[2]

عەمر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن من أشراط الساعة أن يفيض المال، ويكثر الجهل، وتظهر الفتن، وتفشو التجارة)،[3] (لە نیشانەکانی رۆژی دوایی ئەوەیە کە سامان هەڵدەڕێژرێت و نەزانیش زیاد دەکات و فیتنە دەردەکەوێت و بازرگانی بڵاو دەبێتەوە).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 607.

2 - صحيح البخاري، الرقم 895.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2088، صححه الذهبي في التلخيص.

عەمر لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسفیانیدا کۆچی دوایی کرد.[1]

عەمری کوڕی ثابت (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ثابتی کوڕی وۆقەیشە، کونیەکەی ئوصەیرمەو لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[2]

عەمری کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ثەعلەبەی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

عەمری کوڕی جەبەلە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی جەبەلەیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

عەمری کوڕی جەمووح(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی جەمووحی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی پشتیوانان.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 607.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 608.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 610.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 613.
5 - أسد الغابة، ج4، ص 219.

عەمر یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو.[1]

عەمر لە ماڵەوە بتێکی هەبوو بە ناوی مەناف، زۆر خۆشی دەویست و پاکی رادەگرت و بۆنی خۆشی لێدەدا، جا کە برێك لە گەنجانی پشتیوانان موسڵمان بوون، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و موعاذی کوڕی عەمر–کوڕەکەی خۆی– و بەشداربووی بەیعەتی عەقەبە بوون، شەو دەچوون بتەکەی عەمریان فڕێ دەدایە ناو زبڵدانەوە، بۆ بەیانی عەمر هەڵسا و هاواری لێهەستا و وتی کێ ئەمشەو هێرشی بردوەتەسەر خواکانمان، پاکی کردەوەو بۆنی خۆشی لێدا، ئەوانیش هەمدی وایان لێکردەوە، ئەمجار عەمر کە پاکی کردەوە شمشێرێکی پێدا هەڵواسی و وتی بەخوا من نازانم کێیە وات لێدەکات، جا ئەگەر خۆت خێرێکت تیایە بەم شمشێرە بەرگری لە خۆت بکە، بۆ شەو ئەوانیش هەمدی بتەکەیان برد و شمشێرەکەیان لابرد و لە شوێنیدا سەگێکیان بەستەوە بە ملی بتەکەوەو خستیانە ناو زبڵدانێکی بەنی سەلەمەوە، عەمر بەیانی هەستا بتەکەی نەدی، چوو تا بەو شێوەیە دۆزیەوە، ئیتر راچڵەکی و وازی لە بتپەرستی هێنا و موسڵمان بوو.[2]

عەمر کە ویستی لە غەزای بەدردا بەشداری بکات، منداڵەکانی نەیانهێشت چونکە زۆر دەشەلی، بۆ غەزا ئوحود وتی ئەمجار نابێت رێم لێ بگرن، ئەوانیش وتیان باوکە تۆ خوا رێی پێداویت بەشدار نەبیت، عەمریش چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منداڵەکانم دەیانەوێت رێی بەشداربوونم لێ بگرن،

1 - أسد الغابة، ج4، ص 219.

2 - أسد الغابة، ج4،ص 220.

بەخوا هیوام وایە بەم شەلیەم بکەومە ناو بەهەشتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تۆ خوا رێی بەشداری نەکردنی داویت و جیهادت لەسەر واجب نیە)، بە منداڵەکانیشی فەرموو (لەسەرتان نیە رێی لێبگرن، بەڵکو خوا شەهیدی پێ ببەخشێت)، ئەوەبوو عەمر بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو،[1] دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لای تەرمەکەیدا فەرمانی کرد لەگەڵ برازاکەیدا بخرێنە یەك گۆڕەوەو فەرمووی (دەتبینم بە قاچە ساغەکەت لە بەهەشتدا دەچیت بەڕێدا).[2]

هاودەم بە عەمر هەر سێ کوڕەکەی کە بریتی بوون لە موعاذ و میعوەذ و خەللاد بەشداری غەزای ئوحود بوون.[3]

عەمری کوڕی جەهم (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی جەهمی کوڕی قەیسی عەبدیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی مەککەو دواتر یەکێك بوو لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشە.[4]

عەمری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی حارثی کوڕی هەیشەیە و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[5]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4448.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 616.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 566.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 617.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 618.

### عەمری کوڕی حارثی فەهری (رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی حارثی کوڕی زوهەیری فەهریە، کونیەکەی ئەبوونافیعە، یەکێك بوو لە موسڵمانبوانی پێش کۆچی حەبەشەو دواتریش کۆچی کرد بۆ حەبەشە،[1] دواتر گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ مایەوەو بەشدار بوو لە غەزای بەدردا.[2]**

### عەمری کوڕی حارثی ئەنصاری (رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی حارثی کوڕی کیندەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[3]**

### عەمری کوڕی حەزم (رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی حەزی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، کونیەکەی ئەبووضحاکەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد و پێغەمبەریش (ﷺ) کردی بە بەرپرسی نەجران.[4]**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەیەکی نووسی بۆ خەڵکی یەمەن کە باسی فەرزو سوننەتەکانی تێدا بوو، نامەکەی بە عەمری کوڕی حەزمدا نارد بۆ یەمەن، ئەویش نامەکەی برد و خوێنرایەوە بۆ خەڵکی یەمەن.[5]**

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 213.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 618.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 618.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 621.

5 - صحيح ابن حبان، الرقم 6653.

لە جەنگی صفیندا کاتێك عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی چی بووە؟ عەمر وتی عەممار کوژرا، موعاویە وتی جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (دەستەی یاخیبوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت و وتی مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[1]

عەمری کوڕی حەمیق(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی حەمیقی کوڕی کاهیلی خوزاعیە، لە دوای رێککەوتنی حودەیبیە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[2]

عەمری کوڕی حەمیق دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إذا أراد الله بعبد خيرا عسله قبل موته)، (ئەگەر خوا خێری بۆ بەندەیەکی بوێت پێش مردنی شیرینی دەکات)، وترا چۆن شیرینی دەکات؟ فەرمووی (يفتح له عمل صالح بين يدي موته حتى يرضى عنه)،[3] (پێش مردنی کارێکی چاکەی بەروودا دەکرێتەوە تا دەبێتە جێی رەزامەندی خوا).

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2595، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17444، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15615، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 623.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 343، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1190، صححه شعيب الأرناؤوط.

عەمری کوڕی حەمیق دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أَيُّمَا رَجُلٍ أَمِنَ رَجُلًا عَلَى دَمِهِ ثُمَّ قَتَلَهُ، فَأَنَا مِنَ القاتل برئ وان كان المقتول كافرا)،[1] (هەرکەسێك پەنای کەسێك بدات لەسەر خوێنی و دواتر بیکوژێت، ئەوە من لە بکوژەکە بەریم با کوژراوەکە بێباوەڕیش بێت).

عەمر یەکێك بوو لەوانەی نەیاری ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە عوثمانی کوڕی عەففان ئەنجامی دەدان، دواتریش لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەگەڵ خەلیفەدا بەشداری هەموو جەنگەکانی کرد، دواتر سەربازانی ئومەوی سەریان پەڕاند و ناردیان بۆ زیاد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە رووداوی الحرة دا کوژرا.[2]

عەمری کوڕی حەننە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی حەننەیە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سەبارەت بە روقییەکردن پرسیاری لێکردووە.[3]

عەمری کوڕی حورەیث(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی حورەیثی کوڕی عەمری مەخزوومیە، کونیەکەی ئەبووسەعیدە، دەوترێت لەساڵی غەزای بەدردا لەدایك بووە، هەروەها دەوترێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی دوانزە ساڵان بوو، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری جەنگی قادسیەی کرد و رۆڵی کارای تێدا بینی.[4]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 2684، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 624.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 626.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 226.

عەمر دواتر چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو و لەوێ خانوویەکی دروست کرد، دواتر بازرگانی کرد و دەستکەوتێکی زۆری بەدەستهێنا، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نزای بەرەکەتی بۆ کردبوو، لە سەردەمی ئومەویەکاندا ماوەیەك والی کووفە بوو، دواجار لە ساڵی هەشتاو پێنجی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

عەمری کوڕی خاریجە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی خاریجەی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عەمری کوڕی خاریجەی ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی خاریجەی ئەسەدیە، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[3]

عەمری کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی رەبیعەیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[4]

عەمری کوڕی سالیم (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سالیمی خوزاعیە، شاعیرێکی ناسراو بووەو شیعری خۆی بەکارهێناوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ).[5]

---

1 -أسد الغابة، ج4، ص 226-227.

2 - أسد الغابة، ج4،ص 233.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 627.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 629.

5 -أسد الغابة، ج4، ص 239.

## عەمری کوڕی سەعدی (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سەعدی قورەظیە، لە کاتی جەنگی بەنوقورەیضەدا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، بۆ بەیانیەکەی دیار نەما، پێغەمبەریش (ﷺ) لە بارەیەوە فەرمووی (ئەوە پیاوێك بوو بەهۆی راستگۆییەکەیەوە خوا رزگاری کرد).[1]

## عەمری کوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی قوڕەیشی ئومەویە، کونیەکەی ئەبووعوقبەیە، ژنێکی هەبوو کە کچی صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو، عەمر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە ژنەکەی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

ئیبن سەعد هێناویەتی کاتێك عەمر لە حەبەشەوە هاتەوە مەدینە، خاتەمێکی پێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی عەمر ئەم خاتەمە چیە لە دەستدا؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەڵقەیەکە، فەرمووی چی لەسەر نەخشێنراوە؟ وتی (محمد رسول الله)، پێغەمبەر (ﷺ) خاتەمەکەی لێوەرگرت و دەیکردە دەستی تا وەفاتی کرد پێی بوو، دواتر ئەبووبەکر بەکاری هێنا تا وەفاتی کرد، دواتر عومەر بەکاری هێنا تا شەهید بوو، دواتر عوثمان بەکاری هێنا تا جارێك کەوتە بیری ئەریسەوە.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 636.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 637.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 474.

## عەمری کوڕی سەلامە (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سەلامەی کوڕی وۆقشە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[1]

## عەمری کوڕی سەلەمە (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سەلەمەی کوڕی سەکەنی کیلابیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) ناوچەیەکی بۆ بڕیەوە.[2]

## عەمری کوڕی سوبەیع (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سوبەیعەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەم هاوەڵە شاعیر بوو، کاتێك چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەست، عەمر لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای موعاویەدا بەشداری جەنگی صفینی کرد.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 642.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 642.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 632.

## عەمری کوڕی سوراقە(رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی سوراقەی کوڕی موعتەمەری قوڕەیشی عەدەویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و خەندەق و لە هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.** [1]

## عەمری کوڕی شەئس(رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی شەئسی ئەسلەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، عەمر دەڵێت جارێك لەگەڵ عەلی چووم بۆ یەمەن، ئەویش لەو سەفەرەدا بەرامبەرم توند بوو تا ئەوەی رقێکم لێ هەڵگرت، کە هاتمەوە مەدینە لە مزگەوتدا سکاڵای خۆمم راگەیاند تا گەیشتەوە دەم پێغەمبەر (ﷺ)، بەیانیەك چووم بۆ مزگەوت و بینیم پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵانێکی بوو، کە منی بینی تێری چاوی تەماشای کردم تا منیش دانیشتم، فەرمووی ئەی عەمر سوێند بەخوا ئازارت دام، وتم پەنا دەگرم بە خوا کە ئازارت بدەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی (با، هەرکەس ئازاری عەلی بدات منی ئازار داوە).** [2]

## عەمری کوڕی طەلق(رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی طەلقی کوڕی زەیدە، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.** [3]

---

1 - أسد الغابة، ج4، ص 241-242.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4473، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15654، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 583.

## عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عاصی کوڕی وائیلی کوڕی هاشمی قوڕەیشی سەهمیە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڵا یان ئەبوومحەممەدە، [1] یەکێکە لە هاوەڵە دیارەکان و سەرکردەیەکی بەرچاوی ناو مێژووی ئیسلامی.

کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە سەرەتا ناوی عاص بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]

عەمر لە ناو قوڕەیشدا پێگەو ناوبانگی هەبوو، بەڵام ئەو توانایەی هەیبوو بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان بەکاری دەهێنا تا ئەو کاتەی موسڵمان بوو.

ئیبن مەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قوڕەیشیش عەمری کوڕی عاص و عمارەی کوڕی وەلیدیان بە بڕێك دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان دەستەیەك لە کەس‌وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی ئەوان لە کوێن؟[3] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 650.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 193.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[1] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان بۆچی؟ وتی چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[2] نەجاشی وتی ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی ئەی پاشا ئێمە گەلێك بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان ڕەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و ڕاستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاك و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و ڕۆژوو بگرین،[3] عەمر وتی ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی ڕایان پێچەوانەی ڕای ئێوەیە، نەجاشی وتی سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی ڕۆحو کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێك دەستی پێی نەگەیشتووە،[4] نەجاشی وتی هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی بەڵێ، ئەوەبوو بڕێك لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[1] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشەو راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت برۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێڕدرایەوە.[2]

عەمر لە جەنگی ئوحوددا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد و هاودەم بە خۆیشی ژنەکەشی برد.[3]

لە جەنگی خەندەقیشدا دووبارە عەمری کوڕی عاص لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد، هەرجارەو بەشێك لە سوپای بێباوەڕان هەنگاویان دەنا بۆ هێرش بردن، رۆژێك ئەبووسوفیان هێرشی دەبرد و رۆژێك خالیدی کوڕی وەلید و رۆژێك عەمری کوڕی عاص، زیاتریش پشتیان دەبەست بە تیرهاوێژەکانیان تا تیر بهاوێژن بۆ ئەوبەر خەندەقەکە.[4]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215-216.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 11.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 67.

## موسڵمانبوونی عەمر

لە دوای جەنگی خەندەق، عەمری کوڕی عاص لەگەڵ کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان کۆبوویەوەو وتی من دەبینم ڕۆژ دوای ڕۆژ دەسەڵاتی موحەممەد زیاد دەکات، جا من رایەکم هەیە، وتیان راکەت چیە؟ وتی رام وایە بچین بۆ لای نەجاشی و لەوێ لای ئەو بمێنینەوە، جا ئەگەر موحەممەد سەرکەوت بەسەر هۆزەکەماندا ئەوە ئێمە لای نەجاشی دەبین، چونکە لەژێر دەستی نەجاشیدا بین باشترە تا لەژێر دەستی موحەممەددا بین، ئەگەریش هۆزەکەمان سەرکەوتن ئەوە ئێمە ئەوان دەناسین و تەنها چاکەی ئەوانمان بەردەکەوێت، ئەوانیش وتیان راکەت پەسەندە، بۆیە کەوتنە کۆکردنەوەی دیاری بۆ نەجاشی و کەوتنەڕێ تا گەیشتنە حەبەشە، لەو کاتەدا نێردراوی پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای نەجاشی کە عەمری کوڕی ئومەییەی ضەمری بوو، سەبارەت بە جەعفەرو هاوەڵانی پەیامی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بۆ نەجاشی هێنابوو، عەمر دەڵێت منیش وتم دەچم و داوای لێدەکەم عەمری کوڕی ئومەییەم پێبدات تا بدەم لە گەردنی و بەوەش قورەیش دەزانن کە من بە کوشتنی نێردراوی موحەممەد چیم بۆ کردون، چوومە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی و وەك خۆیان سوجدەم بۆ برد، ئەویش وتی مەرحەبا لە هاوڕێکەم، لە وڵاتەکەتەوە هیچ دیاریەکت بۆ هێناوین؟ وتم بەڵێ ئەی پاشا، ئینجا دیاریەکەم بۆ برد، ئەویش زۆر پێی سەرسام بوو، دواتر وتم ئەی پاشا من ئێستا بینیم کەسێك لەلات چوو و نێردراوی دوژمنێکی ئێمە بوو، ئەو کەسەم پێ بدە تا بیکوژم، چونکە ئەو پیاوماقووڵی زۆری ئێمەی کوشتووە، نەجاشی تووڕە بوو، وا شەرمەزار بووم کە ئەگەر زەوی شەقی ببردایە دەچووم بە زەویدا، دواتر وتم ئەی پاشا وامزانی تۆ رقتە

لێی بۆیە داوام کرد، ئەویش وتی داوام لێدەکەیت نێردراوی کەسێکت پێ بدەم کە پەیامی خوای بۆ هاتووە(لە هەمان سەرچاوەکەی مووساوە) بۆ ئەوەی بیکوژیت، وتم ئەی پاشا جا وایە پەیامەکەیان یەك سەرچاوەیە؟ وتی ماڵت وێران بێت ئەی عەمر گوێم لێ بگرەو شوێنی بکەوە، بەخوا ئەو لەسەر حەقەو بەسەر نەیارانیشدا سەردەکەوێت وەك چۆن مووسای کوڕی عیمران سەرکەوت بەسەر فیرعەون و سەربازەکانیدا، منیش وتم ئیسلامم پێ دەدەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، ئەوەبوو دەستی کردەوەو بەیعەتی ئیسلامم پێدا، دواتر چووم بۆ لای هاوەڵانم و رام وەك پێشتر نەمابوو و موسڵمانبوونی خۆمم شاردەوەو دواتر گەڕامەوەو بڕیارم دا بچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لە رێدا گەیشتم بە خالیدی کوڕی وەلید، وتم بۆ کوێ دەچیت؟ وتی دەچم تا موسڵمان بم، منیش وتم دەی بەخوا منیش بۆ ئەوە هاتوم، پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خالید پێشکەوت و موسڵمان بوو، دواتر من چومە پێشەوەو وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەوە بەیعەتت پێدەدەم کە تاوانی رابردووم بسڕیتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی عەمر بەیعەت بدە، چونکە ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوەو هیجرەتیش پێش خۆی دەسڕێتەوە)، منیش بەیعەتم پێدا و گەڕامەوە دواوە.[1]

ئیبن کەثیر دەڵێت موسڵمانبوونیان لە دوای رێککەوتنی حودەیبیە بووە.[2]

موسڵمانبوونی عەمری کوڕی عاص هاودەم بوو بە موسڵمانبوونی خالیدی کوڕی وەلید، خالید کە باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات، دەڵێت چوومەوە ماڵەوەو

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 142.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 142.

فەرمانم کرد سوارەکەم ئامادە کرا و دەرچووم تا گەیشتم بە عوثمانی کوڕی طەلحە، وتم ئەمەیان هاوڕێمە، مەسەلەکەم بۆ باس کرد و ئەویش ئامادەبوو بێت، وتم ئەم ئێوارە دەمەوێت دەربچم، ئەوەبوو بۆ بەرەبەیان چووین، ... لە رێدا عەمری کوڕی عاصمان بینی، ئەویش هاتبوو تا موسڵمان بێت، ئەوەبوو لە مانگی صەفەری ساڵی هەشتی کۆچیدا گەیشتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

کاتێك ئەو سێ کەسە موسڵمان بوون پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو بە موسڵمانبوونیان.[2]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ ذاتوسەلاسیل، کە عەمر چوویە ئەوێ لە زۆری ژمارەی دوژمن ترسا، بۆیە داوای هاوکاری ناردنی سوپای دیکەی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)،[3] پێغەمبەریش (ﷺ) سوپایەکی لە کۆچەران پێکهێناو ئەبووعوبەیدەی کرد بە بەرپرسیان، کە سوپاکە گەیشتە لای عەمر، عەمر وتی من ئەمیرتانم، کۆچەرانیش وتیان بەڵکو تۆ ئەمیری سوپاکەی خۆتیت و ئەمیری ئێمە ئەبووعوبەیدەیە، عەمر وتی ئێوە سوپای پشتیوانن بۆ یارمەتی من نێردراون، ئەبووعوبەیدە کە ئەوەی بینی، خێرا ئەمیرایەتی دایە دەست عەمر،[4] دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بیست، فەرمووی رەحمەتی خوا لە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح بێت.[5]

---

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 474-476، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 238-239.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 55.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 273.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 9.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 275.

عەمر دەڵێت لە غەزای ذاتوسەلاسیلدا شەوێك تووشی لەشگرانی بووم، شەوێکی زۆر سارد بوو ترسام خۆم بشۆم لەناوچم، بۆیە تەیەممومم کرد و نوێژم کرد بۆ هاوەڵانم، دواتر ئەوان ئەوەیان باسکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (ئەی عومەر بە لەشگرانیەوە بەرنوێژیت بۆ هاوەڵانت کرد؟) منیش بۆم باسکرد بۆچی خۆم نەشۆرد، وتم من ئەم ئایەتەم بیستووە(ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما)، پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی و هیچی نەفەرموو.[1]

هەروەها لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ لای جیفەر و عەمری کوڕانی جەلەندی.[2]

هەروەها لە هەمان ساڵدا پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ لەناوبردنی بتی سواع، ئەویش چوو ئەو بتەی لەناوبرد.[3]

عەمری کوڕی عاص دەڵێت جارێك لە مەدینە ترسێك بڵاوبوویەوە، سالیم شمشێرەکەی گرتەدەستی و دانیشتبوو، منیش کە بینیم سالیم چی کردووە چووم شمشێرەکەم هەڵگرت و وەك ئەو دانیشتم، پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوەو فەرمووی (ئەی خەڵکینە بۆچی ترستان بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی نەبێت، ئەوە چیتانە؟ بۆچی وەك ئەو دوو پیاوە باوەڕدارە ناکەن؟).[4]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 286، المستدرك على الصحيحين، الرقم 581، سنن الدارقطني، الرقم 589، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17478، صححه شعيب الارناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 334.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 374.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 375.

4 - الآحاد و الثماني لابن أبي عاصم، الرقم 732، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17476، صححه شعيب الأرناؤوط.

عەلقەمەی کوڕی ریمثەی بەلوی دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ بەحرەین و دواتر پێغەمبەر (ﷺ) خۆی دەرچوو و ئێمەش لەگەڵی دەرچووین، پێغەمبەر (ﷺ) وەنەوزێك گرتی و دواتر هەستا و فەرمووی رەحمەتی خوا لە عەمر، ئێمەش هەر کەس ناوی عەمر بوایە دەهات بە بیرماندا، هەمدی وەنەوزێکی کرد و هەستاو هەمان شتی فەرموو، بۆ جاری سێیەم وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستت کام عەمرە؟ فەرمووی عەمری کوڕی عاص، لای خوا بۆ عەمری کوڕی عاص خێرێکی زۆر هەیە.[1]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا چوو بۆ فتووحاتی شام و رۆڵی کارای بینی.

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابیشدا عەمری کوڕی عاص سەرکردایەتی سوپای موسڵمانانی دەکرد لە جەنگی ئەجنادەیندا و توانی سوپای رۆمەکان تێکبشکێنێت.[2]

دوای ئەوە عەمر داوای ناردنی سوپای پشتیوانی لە عومەری کوڕی خەططاب کرد تا درێژە بە فتووحات بدات،[3] کاتێك عەمری کوڕی عاص داوای یارمەتی سوپایی کرد لە عومەری کوڕی خەططاب و داوای سێ هەزار سوارەی کردبوو، خەلیفە

1 - أسد الغابة، ج4، ص 92.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 54.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 55.

خاریجەی کوڕی حوذافە و زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بۆ پشتیوانی عەمر،[1] لەگەڵ هەریەك لەوانەدا دەستەیەك لە سوپای نارد.[2]

جارێك شورەحبیلی کوڕی حەسەنە بیستی عەمری کوڕی عاص وتی طاعوون پیسیەو دوور بگرن لێی، شورەحبیل کە ئەوەی بیست وتی من کاتێك هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە عەمر لە گوێدرێژەکەی ماڵەوەی گومڕاتر بوو، ئەم نەخۆشیە رەحمەتی پەروەردگارتان و نزای پێغەمبەرەکەتان و مەرگی پیاوچاکانی پێشینتانە، بۆی خڕبنەوەو بڵاوەی لێ مەکەن، کە عەمر ئەوەی بیستەوە، وتی راست دەکات.[3]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب خۆی چوو بۆ شام و لەوێ عەمری کوڕی عاص و شورەحبیلی کوڕی حەسەنەی بینی، باوەشیان کرد بە یەکدا و تاسەی دیداری پاش دوورییان شکا.[4]

پاش ئەوەی فەتحی شام تەواو بوو، عومەری کوڕی خەططاب عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ میصر تا فتووحاتی میصر بکات، عەمریش بە سەرکەوتوویی ئەرکەکەی بەجێگەیاند و لەوێ بە والیەتی میصر مایەوەو کاروباری میصری بەدەستەوە بوو تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیش،[5] هەر لە ماوەی

1 - أسد الغابة، ج2، ص 103.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 618.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 3003، حسنه شعيب الأرناؤوط.

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 57.

5 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 97-101.

والیەتیدا فتووحاتی زۆر ناوچەی تری کرد لەوانەش ئەو ناوچانەی دەکەونە لیبیای ئەمڕۆوە.[1]

لێرەدا باسی وردەکاری فتووحاتەکە ناکەین، چونکە بە زمانی کوردی نووسینی باش لەو بارەوە هەیەو خوێنەر دەتوانێت بیخوێنێتەوە، ئەگەر لە ژیانی هەر هاوەڵێکدا وردەکاری فتووحات و هەندێ بواری دیکەی ژیان بخەینەڕوو، ئەوە نووسینەکە ماندووکەر دەبێت.

عەمری کوڕی عاص لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا دڵسۆزی خەلیفە بوو، خەلیفەش لە مەسەلەکاندا راوێژی پێدەکرد و رای وەردەگرت، لەوانە مەسەلەی کوشتنی کچەکەی ئەبوولوئلوئە بوو لەلایەن عوبەیدوڵای کوڕی عومەرەوە، عەمر رای وابوو عوبەیدوڵا نەکوژرێتەوەو خوێن باییەکەی بدرێت، عوثمانیش خوێن بایی ئەوانی لە سامانی تایبەتی خۆی بەخشی.[2]

کاتێك ئاشووبگێڕان ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە عوثمان، خەلیفە سەرکردەکانی ناوچەکانی کۆکردەوە تا رایان وەرگبرێت، ئەوەبوو موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص کە هێشتا ئەمیری میصر بوو و چەند سەرکردەیەکی تریش هاتن و هەرکامەو رای خۆیان دەربڕی، سەرەتا عەمر لەگەڵ عوثماندا بە رەقی قسەی کرد، دواتر پۆزشی هێنایەوە، دواجار عوثمان بڕیاری دا والیەکانی لە پۆستەکانیاندا بهێڵێتەوە.[3]

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 130.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 149.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 167.

له‌ ساڵی بیست و پێنجی كۆچیدا خه‌لیفه‌ عوثمانی كوڕی عه‌ففان عه‌مری كوڕی عاصی له‌ والیه‌تی میصر لابرد و عه‌بدوڵای كوڕی سه‌عدی له‌ شوێنه‌كه‌ی دانا،[1] رایه‌كی تریش ده‌ڵێت به‌ڵكو له‌ ساڵی بیست و حه‌وتی كۆچیدا بوو.[2]

لابردنی عه‌مر ناره‌زایی خه‌ڵكێكی میصری لێكه‌وته‌وه‌، جا باس له‌وه‌ش كراوه‌ كه‌ عه‌مر به‌هۆی لابردنیه‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ عوثمانی كوڕی عه‌ففان هه‌ڵوێستی نه‌یاری نواندووه‌.[3]

پاش شه‌هیدكردنی عوثمانی كوڕی عه‌ففان، عه‌مر هاوده‌م به‌ موعاویه‌ هه‌ڵوێستی تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌ی هه‌ڵبژارد و شوێن راكه‌ی عه‌لی كوڕی ئه‌بووطالیب نه‌كه‌وت و به‌یعه‌تی نه‌دا به‌ خه‌لیفه‌ عه‌لی كوڕی ئه‌بووطالیب.[4]

كاتێك عه‌لی ویستی كه‌سێك بنێرێت بۆ لای موعاویه‌ تا به‌یعه‌تی لێ وه‌ربگرێت، جه‌ریری كوڕی عه‌بدوڵا به‌ نامه‌یه‌كی عه‌لی كوڕی ئه‌بووطالیبه‌وه‌ چوو بۆ لای موعاویه‌ كه‌ داوای كردبوو به‌یعه‌ت بدات،[5] ئینجا جه‌ریر خه‌ڵكی كۆكرده‌وه‌و وتارێكی پێشكه‌ش كرد و تیایدا داوای له‌ موعاویه‌ كرد گوێڕایه‌ڵی بنوێنێت و ناكۆكی نه‌نێته‌وه‌و نه‌بێته‌ هۆی جه‌نگی نێوان موسڵمانان، موعاویه‌ش داوای كرد په‌له‌ی لێ نه‌كات تا رای خه‌ڵكی شام وه‌ربگرێت،[6] كه‌ جه‌ریر نامه‌كه‌ی دا به‌ موعاویه‌، موعاویه‌

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج5، ص 351.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 151.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 170.
4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 251.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.
6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 127.

عەمری کوڕی عاص و گەورەکانی خەڵکی شامی کۆکردەوەو راوێژی کرد بە هەموویان، ئەوانیش وتیان تا بکوژانی عوثمان نەکوژرێنەوە بەیعەت نادەین یان دەبێت بکوژەکانی عوثمانیان بدرێنە دەست، ئەگەرنا جەنگی لەگەڵ دەکەن و بەیعەتی پێ نادەن، ئەوەبوو جەریر گەڕایەوەو هەواڵەکەی دا بە عەلی.[1]

لە جەنگی نیوان سوپای عەلی و موعاویەدا لە رۆژی هەینیدا سوپای عێراق بە سەرکردایەتی عەمماری کوڕی یاسیر و سوپای شام بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص بەریەککەوتن و جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا روویدا، دواتر گەڕانەوە، ئینجا لە رۆژی شەممەشدا دووبارە جەنگ روویدا، بەو جۆرە چەند رۆژێك جەنگ روویدا.[2]

لە جەنگی صفیندا کاتێك عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی چی بووە؟ عەمر وتی عەممار کوژرا، موعاویە وتی جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (دەستەی یاخیبوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت و وتی مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[3]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 262-268.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2595، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17444، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15615، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط،

ئینجا عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص لای موعاویە سەرکۆنەی زۆری کردن کە بکوژی عەممار بوون و ئەوان دەستەی یاخی بوون، موعاویە وتی جا کە وایە بۆچی لەگەڵ ئێمەیت؟ ئەویش وتی چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم گوێڕایەڵی باوکم بم، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە لەگەڵت نەدەهاتم.[1]

مەسەلەی دادوەری

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان رێککەوتن لەسەر دانانی دوو دادوەر بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان و پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان تا بڕیاری کۆتایی بدەن، موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان عەمری کوڕی عاصی راسپارد، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش ئەبوو مووسای ئەشعەری راسپارد، هەرچەندە داوای لێکرا کە ئیبن عەبباس بکات بە دادوەر، بەڵام لەلایەکەوە لەبەر فشاری یەمانیەکان و لە لایەکی تریشەوە لەبەر زانینی پلەوپایەی ئەبوو مووسا خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیب ئەبوو مووسای بۆ ئەو ئەرکە راسپارد، خەلیفە بە ئەبوو مووسا و عەمری کوڕی عاصیشی وت لەسەر بنەمای قورئان حوکم بدەن، قورئانیش پشتیوانی منە، ئەگەر بەپێی قورئان حوکم نەدەن بڕیارتان بۆ نیە.[2]

لێرەدا گێڕانەوەیەکی باو و بڵاو سەبارەت بە دادوەریەکە هەیە کە زۆرێك لە سەرچاوەکان هێناویانەو کردوویانە بە بەڵگەیەك بۆ تانەدان لە هەریەك لە ئەبوو مووسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص، دەستەیەکیش وەڵامی ئەو گێڕانەوەیان داوەتەوە، بە کورتی هەردوو راکە دەخەینەڕوو:

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 269.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 377.

ئەبوو موخنەف دەڵێت ئەبووجونابی کەلبی بۆی گێڕامەوە کاتێك عەمر و ئەبوو مووسا لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە، عەمر پێش ئەبوو مووسا قسەی کرد و وتی تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوایت و لە من بەتەمەنتریت، تۆ قسە بکەو منیش دواتر قسە دەکەم، لە هەموو شتێکدا عەمر ئەبوو مووسای پێشدەخست و بەوە خەڵەتاندی تا پێشتر ئەو عەلی کەنار بخات، عەمر دواتر ویستی موعاویە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەبوو مووسا رازی نەبوو، ئینجا ویستی کوڕەکەی خۆی دابنێت، بەڵام رازی نەبوو، ئەبوو مووسایش ویستی عەبدوڵای کوڕی عومەر دابنێن، بەڵام عەمر رازی نەبوو، عەمر وتی رای خۆتم پێ بڵێ، ئەبوو مووسا وتی رام وایە ئەم دوو پیاوە(عەلی و موعاویە) لا ببەین و مەسەلەکە بکەین بە شووڕای نێوان موسڵمانان و موسڵمانان خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێك هەڵبژێرن، عەمر وتی منیش هاوڕای تۆم، ئەوەبوو چوون بۆ لای خەڵکەکەو ئەبوو مووسا پێشتر قسەی کرد و وتی رای من و عەمر لەسەر یەك شتە کە هیوامان وایە خوای گەورە بەو هۆیەوە باری ئەم ئوممەتە رێك بخات، عەمر وتی ئەبوو مووسا راست دەڵێت، ئەبووموسای پێشخست، ئیبن عەبباس بە ئەبوومووسای وتمالۆیران وادەزانم لەخشتەت دەبات، ئەگەر ئێوە لەسەر شتێك رێککەوتون دەی تۆ ئەو پێش بخە با ئەو قسەکەی بکات ئینجا تۆ قسە بکە، چونکە عەمر کەسێکی ناپاکە...ئەبوومووسا سادە بوو و پێی وت ئێمە رێککەوتویننبۆیە پێشکەوت و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی ئەی خەڵکینە ئێمە تەماشای باری ئەم ئوممەتەمان کرد و باشترین شت بۆ ئەوە کە رای من و عەمری لەسەرە ئەوەیە عەلی و موعاویە لابەرین و ئەم ئوممەتە رووبکەنە مەسەلەکەو خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێك بکەنە ئەمیر، وا من عەلی و موعاویەشم لابرد و ئێوە خۆتان کەسێك بکەن بە ئەمیر کە بە باشی دەزانن، دواتر ئەبوو مووسا کەناری گرت و

عەمری کوڕی عاص هەستا و هاتە شوێنەکەی و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی قسەکانی ئەوتان بیست کە هاوەڵەکەی خۆی لابرد، منیش وەك ئەو هاوەڵەکەی خۆی لادەبەم و موعاویەی هاوەڵم دەهێڵمەوە، چونکە ئەو وەلی عوثمانی کوڕی عەففانەو داواکاری خوێنی ئەوە و شیاوترین کەسە بە شوێنەکەی، ئەبوو مووسا وتی چیتە خوا مۆفەقت نەکات ناپاکیت نواند و لاتدا، نموونەی تۆ وەك سەگ وایە، عەمریش وتی نموونەی تۆیش وەك کەر وایە، جا شورەیحی کوڕی هانیء هەڵیکوتایە سەر عەمر و بە قامچی لێیدا، کوڕێکی عەمریش هەڵیکوتایە سەر شورەیح و بە قامچی لێیدا، خەڵکی هەستان و جیایان کردنەوە، جا شورەیح دواتر دەیوت پەشیمانم لەوەی لە بری قامچیەکەم بە شمشێر نەمدا لە عەمر...ئیبن عەبباسیش دەیوت خوا ئەبوو مووسا بێزراو بکات خۆ من هۆشیارم کردەوە کەچی وەرینەگرت... جا عەمر و شامیەکان گەڕانەوە بۆ لای موعاویەو خیلافەتیان پێ سپارد و ئیبن عەبباس و شورەیحیش گەڕانەوە بۆ لای عەلی، جا کە نوێژی بەیانی دەکرد لە قنووتدا نزای دەکرد خوایە نەفرینت بنێرە بۆ موعاویەو عەمر و ئەبولئەعوەری سولەمی و حەبیب و عەبدوڕەحمانی کوڕی خالید و ضەحاکی کوڕی قەیس و وەلید، موعاویەش کە ئەوەی بیست لە هەموو قنووتێکدا دەستی دەکرد بە نەفرین کردنی عەلی و ئیبن عەبباس و ئەشتەر و حەسەن و حوسەین.[1]

ئەم گێڕانەوەیە هی ئەبوو موخنەفە کە یەکێکە لەو شیعانەی زۆرترین گێڕانەوەی دژ بە هاوەڵان و ئەهلی سوننە تۆمار کردووە، ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەشی زۆر جێی گومانە و ئەم تۆمەتانەی لێدەکەوێتەوە:

---

1 - تأريخ الطبري، ج3، ص 113.

یەکەم: بە گەمژەو نەفام دانانی ئەبوو مووسای ئەشعەری لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوی نارد بۆ یەمەن و بەرپرسیارێتی پیێ سپارد، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) یەکێك بوو لەو چوار کەسەی کە فتوای دەدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب و عوثمانی کوڕی عەففانیشدا والی و بەرپرس بوو.

دووەم: بە ناپاك دانانی عەمری کوڕی عاص کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێدانی سیفەتی ناپاکی پێی.

سێیەم: زمانی ئەبوو مووسا هی قسەوتنی وا ناشیرین نەبوو، زمانی عەمریش هەروا، هاوکات زمانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب زمانی ئەو هەموو نەفرینە نیە لەو هەموو کەسە، ئەویش لەکاتی نوێژی بەیانیدا، هەروەك زمانی موعاویەش ئەو زمانە نەبوو.

چوارەم: ئەگەریش وابێت، خۆ مەرجی رازیبوون ئەوەیە هەردوولا لەسەر یەك وتە رێککەوتبن، خۆ ئەبوو مووسا وتی وا رێککەوتوین هەردووکیان لابەرین و وا من عەلی و موعاویەشم لابرد، بۆیە ئەگەریش عەمر وایکردبێت، ئەوە کارەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

بۆیە ئەم گێڕانەوەیە زیاتر دەمارگیری توندی مەزهەبی شیعەی پێوە دیارەو زۆر دووبارەبوونەوەشی لە سەرچاوەکاندا تەنها لەم بنەڕەتەوەیە کە گێڕەرەوەکەی ئەبوو موخنەفی شیعەیە، خواش زاناترە بە راستیەکان.

سەبارەت بە گێڕانەوەی دووەم دەقی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی لە کتێبی (الصواصم من القواصم) دادەنێین سەبارەت بە مەسەلەی تەحکیم (دادوەری):

خەڵکی سەبارەت بە تەحکیم حوکمیان داوەو شتانێکیان وتووە کە خوا پێی رازی نیە، ئەگەر جیا لە ئاییندارێش بە چاوی پیاوەتی تەماشای بکەیت، تێدەگەیت لە نووسینەکاندا بێماناییەك هەیە کە زیاتر بێدینیەو کەمترین شت بیلێین دەلێین نەفامیەکی روونە، ئەوەی لەو بارەوە راستە ئەوەیە کە پێشەوایانی وەك خەلیفە ئیبن خەییاط و دارەقوطنی گێڕاویانەتەوە کە کاتێك دەستەی عێراقی بە سەد هەزار و دەستەی شامی بە حەفتا یان نەوەد هەزارەوە دەرچوون و لە صفین لای فورات دابەزین و لە رۆژی سێ شەممەو لە بەرەبەیانەوە جەنگان و خەڵکی عێراق سەرکەوتن بەسەریاندا، دواتر رۆژی چوارشەممە لە حەوتی صەفەری ساڵی سی و حەوت هەمدی جەنگان تا ئەو کاتەی دوو کەس لە هەردوو لابڕیاری دادوەرییان پێدرا، لە بەرەی عەلیەوە پێنج شەممەو رۆژی هەینی و شەوی شەممە بوو، خەڵکی شام قورئانەکانیان بەرز کردنەوەو داوای رێککەوتنیان کرد و هەموان بڵاوەیان لێکرد و لەسەر ئەوە رێککەوتن هەر دەستەیەك باری خۆی بداتە دەست کەسێك، ئەبوو مووسا لە بەرەی عەلی و عەمری کوڕی عاص لە بەرەی موعاویەوە، ئەبوو مووسا کەسێکی زۆر خواناس و زانا و فیقهناس بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە موعاذ ناردبووی بۆ یەمەن و عومەر پایەی پێدابوو و وەسفی تێگەیشتوویی کردووە، ئەو دەستە زبرە مێژووییە وتەی ناراستە کە ئەبوو مووسا بە گەمژەو ڕا لاواز و هەڵخەڵەتاو لە قسەدا وەسف دەکات و ئیبنولعاصیش بە زیرەك و لێزانی وا وەسف دەکات کە بە نموونە باسکراوە و جەخت دەکەنەوە لەو ویستی خراپەی هەیبووەو

هەندێ نەفامیش شوێن ئەو رایە کەوتوون و چیرۆك و شتانێکی وایان سەبارەت بە ئەو و هاوەڵانی تریش نووسیوە.. دەڵێن کاتێك ئەوان لە ئەذرەح لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە و دانووستانیان کرد و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەردوو لا بەرپرسانیان لاببەن، عەمر بە ئەبووموسای وتووە تۆ پێشتر قسە بکە، ئەویش پێشکەوت و وتی من لە مەسەلەکە ورد بوومەوەو عەلیم لە پۆستەکەی لابرد و با موسڵمانان لەنێو خۆیاندا بڕیار بدەن وەك چۆن شمشێرەکەشم لە گەردنم لابرد، ئەوەبوو لایبرد و لەسەر زەوی داینا، عەمریش هەستا و شمشێرەکەی خستە سەر زەوی و وتی من لە مەسەلەکە رامام و موعاویەم لە مەسەلەکەدا هێشتەوە و ئەم شمشێرەشم لە گەرنمدا دەهێڵمەوە، ئەبوو مووسا بەوە نارازی بوو و سەرکۆنەی کرد و عەمریش وتی وا رێککەوتین، خەڵکەکە بەو باری ناکۆکیە بلاوەیان لێکرد، ئەمە درۆیەکی راشکاوەو یەك پیتیشی لە راستیدا رووینەداوەو داهێنەران و مێژوونووسانی پاشایان ئەمەیان داناوەو خەڵکێ کە بە ئاشکرا لە فەرمانی خوا دەردەچن و بیدعە دەنوێنن بە میراتی ئەو وتانەیان وەرگرتووە، ئەوەی چەسپاوەو زانایانی راستبێژ گێڕاویانەتەوە ئەوەیە کاتێك ئەو دوانە کۆبوونەوە تا لە مەسەلەکە رامێنن و دەستەیەکی رێزداری خەڵکیش ئامادە بوون لەوانە ئیبن عومەر و هاوچەشنانی، عەمریش موعاویەی کەنار خستووە، دارەقوطنی بە سەنەدی خۆی لە حوصەینی کوری مونذیرەوە هێناویەتی کاتێك عەمر موعاویەی کەنارخست، حوصەین چوو لە نزیك چادرەکەی موعاویەوە چادری هەڵدا، موعاویە کە هەواڵی بیست ناردی بە شوێنیدا و وتی بیستوومە عەمر ئاواو ئاوای وتووەو کردووە، جا برۆ بزانە ئەوە چیە من لە بارەیەوە بیستوومە، حوصەین دەڵێت منیش چووم بۆ لای و وتم باسی ئەو کارەم بۆ بکە کە تۆ و ئەبو وموسا بۆی راسپێردراون چیتان کرد، ئەویش وتی

خەڵکی قسەی خۆیان لەو بارەوە کرد، بەخوا بارەکە وەك ئەوەی ئەوان نەبوو، بەڵکو من بە ئەبوو مووسام وت رات لەم بارەیەوە چیە، ئەویش وتی من پێم وایە دەسەڵات بۆ یەکێك لەو کەسانە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و لێیان رازی بوو، منیش وتم ئەی من و موعاویە چی لێدەکەیت؟ وتی پشتتان پێ ببەستێت چونکە ئێوە پشتیوانیتان لەدەست دێت، حوصەین چوویەوە بۆ لای موعاویەو بەسەرهاتەکەی وەك خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ناردی بۆ لای ئەبیلئەعوەری ذەکوانی و بە سوارەکانیەوە ناردی، ئەویش چوو سواری ئەسپەکەی بووو غاری دەدا و دەیوت کوا دوژمنی خوا؟ کوا ئەو فاسقە؟ عەمر چوو بۆ لای ئەسپێکی لەژێر چادرەکەیدا و بێ زین هێنایە دەرەوەو بەرەو لای چادرەکەی موعاویە غاری دەدا و دەیوت (إن الضجور قد تحتلب العلبة يا معاوية إن الضجور قد تحتلب العلبة) جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات ئەی موعاویە جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات.[1]

بەڵام مەسەلەیەکی دی هەیە کە ئەویش ئەوەیە موعاویە بەهێزی و لێزانی عەمری لا روون بووو دەیزانی خەڵکی میصر چەندە هەواداری ئەون، بۆیە لە ساڵی سی و هەشتی کۆچیدا عەمری نارد بۆ میصر تا لەدەست موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیقی وەربگرێتەوەو خۆی ببێت بە والی ئەوێ، عەمریش چوو و هەمان کاری کرد و موحەممەدی کوشت–چونکە نەیاری عوثمانی کوڕی عەففان بوو– و خۆی بوو بە والی میصر تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد.[2]

1 - العواصم من القواصم لابن العربي، 178-181.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 313-323.

سێ کەس لە خەواریجەکان کە بریتی بوون لە ئیبنولمولجەم و بەرکی کوڕی عەبدوڵا و عەمری کوڕی بەکر کۆبوونەوەو باسی کوشتاری هاوڕێکانیان لە نەهرەوان کرد، بۆیە بڕیاری تۆڵەیان دا و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەرکامیان و یەکێك لە سەرکردەکان بکوژێت، ئیبنولمولجەم وتی من عەلی دەکوژم، بەرك وتی منیش موعاویە دەکوژم، عەمریش وتی منیش عەمری کوڕی عاص دەکوژم، ئەوەبوو هەرسێیان بەڵێنیان بە یەکدی دا و شمشێرەکانیان ژەهراوی کرد و وادەی حەڤدەی رەمەزانیان دانا.[1]

کاتێك سێ خەواریجەکە بڕیاریاندا هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص بکوژن، ئەوەی هات عەمر بکوژێت بە هەڵە خاریجەی کوڕی حوذافەی کوشت کە دادوەری میصر بوو، چونکە وایزانی عەمرە، کەچی کە دواتر گیرا و برا بۆ لای عەمر، وتی بۆ من کێم کوشتووە؟ وتیان خاریجەت کوشتووە، ئەویش وتی من نیازم بوو عەمر بکوژم، بەڵام خوا ویستی خاریجە بێت.[2]

دواجار عەمری کوڕی عاص لە ساڵی چل و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد،[3] رای تریش هاتووە لە ساڵی چل و حەوت یان چل و هەشت یان پەنجاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە، لە سەرەمەرگیدا دەستی کرد بە گریان، عەبدوڵای کوڕی وتی بۆچی دەگریت؟ لە ترسی مەرگ؟ عەمر وتی نابەخوا، بەڵکو لە باری دوای مەرگ دەترسم،

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 324-328.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 103.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 25.

عەبدوڵاش دڵنەوایی دەدایەوەو باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بووەو لە فتووحاتی شامدا بەشدار بووە، عەمریش وتی لە هەموو ئەوانە چاکترم جێهێشتووە کە ئەویش شایەتومانی (لا اله الا الله)ە، من کاتی خۆی سەرسەختترین نەیاری پێغەمبەر (ﷺ) بووم، جا ئەگەر ئەوکات بمردمایە لە دۆزەخ دەبووم، دواتر بەیعەتم دا بە پێغەمبەر (ﷺ) و لە هەموو کەس زیاتر شەرمم لێدەکرد تا ئەوەی نەمتوانی تێری چاوم تەماشای بکەم، ئەگەر ئەو کات بمردمایە خەڵکی دەیانوت خۆشی بۆ عەمر کە لەسەر خێر و چاکە مردو هیوامان وایە لە بەهەشت بێت، دوای ئەوە دەستم گەیشتە دەسەڵات و ئیتر نازانم چاکە بۆم یان خراپ، ئەگەر بمرم کەسێ بۆم ناگری... کە مردم دارو بەرد لەسەر گۆڕم دامەنێن، کە داتانپۆشیم هێندەی سەربڕینی وشترێك لام بمێننەوە.[1]

عەمر دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران، وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر)،[2] (ئەگەر دادوەر حوکمێکی دا و ئیجتیهادی کرد و پێکای ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەر حوکمی دا و ئیجتیهادی کرد و نەیپێکا ئەوە یەك پاداشتی بۆ هەیە).

1 - صحيح مسلم، الرقم 198، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17446.

2 - صحيح البخاري، الرقم 6939، صحيح مسلم، الرقم 3326، صحيح ابن حبان، الرقم 5138، سنن أبي داود، الرقم 3120، سنن ابن ماجة، الرم 2311، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5745، السنن الكبرى لبيهقي، الرقم 18933، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17440.

عەمر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فصل ما بين صيامنا وصيام أهل الكتاب، أكله السحر)،[1] (جیاکەرەوەی نێوان ڕۆژووی ئێمەو ڕۆژووی ئەهلی کیتاب، خواردنی پارشێوە).

عەمری کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد.[2]

عەمری کوڕی عەبەسە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەبەسەی کوڕی عامیرە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان، کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ مایەوە، لە خیلافەتی ڕاشیدیندا چوو لە شام نیشتەجێ بوو.[3]

عەمر دەڵێت وا کەوتە دڵمەوە کە پەرستنی بتەکان بێمانایە، جارێك باسی ئەوەم دەکرد، کابرایەك وتی ئەی عەمر جا خۆ لە مەککە کابرایەك هەیە ئەو قسانەی تۆ دەکات، منیش هاتم بۆ مەککەو هەواڵم زانی وتیان تەنها بە شەو دەتوانیت ببینیت، منیش لای کەعبە مامەوەو لەوێ خەوتم تا دەنگێکم بیست کە تەهلیلەی دەکرد، چووم بۆ لای، وتم تۆ کێیت؟ وتی پێغەمبەری خوام (ﷺ)، وتم پەیامت چیە؟ فەرمووی (أرسلني بصلة الأرحام، وكسر الأوثان، وأن يوحد الله لا يشرك به

1 - صحيح مسلم، الرقم 1901، صحيح ابن حبان، الرقم 3536، سنن الترمذي، الرقم 675، سنن أبي داود، الرقم 2009، سنن الدارمي، الرقم 1697، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2445، مسند أحمد بن حنبل، الرم 17429.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 654.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 266-267.

شيء)، (خوا منی ناردووه تا پەیامی پەیوەندی خزمایەتی و شکاندنی بتەکان و پەرستشی خوای تاك و تەنها و هاوەڵ بۆ دانەنانی بگەیەنم)، وتم کێ شوێنکەوتەتە؟ فەرمووی کۆیلەو ئازادیش شوێنم کەوتون، وتم دەی من شوێنت دەکەوم، فەرمووی تۆ ئێستا ناتوانیت، باری خۆم و خەڵك نابينیت؟ بەڵکو بڕۆرەوە بۆ ناو قەومەکەت، کە بیستت من سەرکەوتوم وەرە بۆ لام، منیش گەڕامەوەو گوێ قوڵاغ بووم تا هەواڵێکی نوێ ببیستم، هەرکەس دەهات هەواڵم لێ دەپرسی، تا بیستم پێغەمبەر (ﷺ) چووە بۆ مەدینە، کاروانێك لەوێوە هاتبوو هەواڵی پێغەمبەری خوام (ﷺ) لێ پرسین، ئەوانیش وتیان خەڵکی زۆر بەرەو لای دەچن، قەومەکەی ویستیان بیکوژن بەڵام نەیانتوانی، منیش کە ئەوەم بیست چوومە مەدینەو چوومە خزمەتی، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمناسیتەوە؟ فەرمووی بەڵێ، تۆ ئەوە بوویت کە لە مەککە پێم گەیشتیت، منیش وتم بەڵێ،[1] ئینجا کەوتمە پرسیارکردن لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش وەڵامی دەدامەوە.[2]

عەمر لە غەزای طائیفدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری کرد و فەرموودەیەکیشی گێڕاوەتەوە کە لەوێ لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووەو بیستوویەتی، عەمر دەڵێت کاتێك گەمارۆی طائیفمان دابوو، بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أيما رجل مسلم أعتق رجلا مسلما، فإن الله جل وعلا جاعل وقاء كل عظم من عظام محرره عظما من عظامه من النار، وأيما امرأة مسلمة أعتقت امرأة مسلمة، فإن الله جل وعلا جاعل وقاء كل عظم من عظام محررها عظما من عظامها من النار)،[3] (هەر

1 - صحيح مسلم، الرقم 1416.

2 - صحيح مسلم، الرقم 1417 و 1418.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 4373، صححه شعيب الأرناؤوط.

پیاوێکی موسڵمان پیاوێکی موسڵمان ئازاد بکات، ئەوە خوای گەورە بە هەر ئێسکێکی ئەو ئازادکراوە ئێسکێکی ئەو کەسە لە دۆزەخ دەپارێزێت، وە هەر ژنێکی موسڵمان ژنێکی موسڵمان ئازاد بکات، ئەوە خوای گەورە بە هەر ئێسکێکی ئەو ئازادکراوە ئێسکێکی ئەو کەسە لە دۆزەخ دەپارێزێت).

عەمری کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەبدقەیسە، پێش کۆچی موسڵمانان بۆ مەدینە موسڵمان بوو.[1]

عەمری کوڕی عەقیل(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەقیلەو فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بووین کە کابرایەك هات و خەڵکەکەی تێدەپەڕاند تا هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیسلام چیە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە، یەك یەك پرسیاری کرد و پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی دایەوە، دواتر کە چوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە جیبریل بوو لە شێوەی ئادەمیزادێکدا هات بۆ ناو خەڵك و ئایینەکەی فێر کردن و دواتر گەڕایەوە).[2]

بەسەرهاتی ئەم فەرموودەیە بە صەحیحی لە عومەری کوڕی خەططابیشەوە گێردراوەتەوە.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 657.

2 - مسند الشاميين للطبراني، الرقم 2382.

3 - صحيح مسلم، الرقم 34.

## عەمری کوڕی عەنەمە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەنەمەی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدریشدا بەشداری کرد، عەمر یەکێکە لەوانەی لە غەزای تەبووکدا توانای بەشدارییان نەبوو لەبەر نەبوونی شمەکی پێویست بۆ بەشداری جەنگەکەو لەبەر نەبوونی توانای بەشداری کردنەکەشیان دەستیان کرد بە گریان و خوای گەوەش ئایەتی لە بارەیانەوە دابەزاند.[1]

## عەمری کوڕی عەوف(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەوفی کوڕی زەیدی موزەنیە، کونیەکەی ئەبووعەبدولّایە، عەمر لە غەزای خەندەقدا بەشداری کرد، یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی لە غەزای تەبووکدا توانای بەشدارییان نەبوو لەبەر نەبوونی شمەکی پێویست بۆ بەشداری جەنگەکەو لەبەر نەبوونی توانای بەشداری کردنەکەشیان دەستیان کرد بە گریان و خوای گەوەش ئایەتی لە بارەیانەوە دابەزاند.[2]

عەمر لە سەردەمی موعاویەدا کۆچی دوایی کرد.[3]

1 - أسد الغابة، ج4، ص 274.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 666.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 666.

عەمری کوڕی عەوفی کوڕی یەربووع(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەوفی کوڕی یەربووعە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیەو لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو.[1]

عەمری کوڕی عەوفی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەوفە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[2]

عەمر دەڵێت لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو (فوالله ما الفقر أخشى عليكم، ولكن أخشى عليكم أن تبسط عليكم الدنيا، كما بسطت على من كان قبلكم، فتنافسوها كما تنافسوها، وتلهيكم كما ألهتهم)،[3] (سوێند بە خوای گەورە لە هەژاریتان ناترسم، بەڵکو دەترسم دنیا بە ڕووتاندا بکرێتەوە وەك چۆن بە ڕووی گەلانی پێش ئێوەدا کرایەوەو ئێوەش وەك ئەوان مونافەسەی لەسەر بکەن و چۆن ئەوانی سەرقاڵ کرد ئاوا ئێوەش سەرقاڵ بکات).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 668.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 667.

3 - صحيح البخاري، الرقم 6069، صحيح مسلم، الرقم 5372، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8493، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16894.

عەمری کوڕی عوثمان (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عوثمانی کوڕی کەعبی تەیمیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی مەککەو زۆر زوو لەوێ موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، عەمر دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

عەمری کوڕی فحیل(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی فحیلەو یەکێکە لە کۆچەریەکان، لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکردا ڕۆڵی هەبوو لە بەرپەرچدانەوەی هەڵگەڕاوەکاندا.[2]

عەمری کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی حەزەنە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و کونیەکەی ئەبووخاریجەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

عەمری کوڕی قەیسی خەزرەجی (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی خاریجەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی سلیط کە هاودەم بە باوکی پێکەوە بەشداری غەزای بەدر بوون.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 662.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 670.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 671.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 671.

### عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیکی کوڕی کەبە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[1]

### عەمری کوڕی قەیسی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.

### عەمری کوڕی مەحجووب(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی مەحجووبی عامیریە، کاربەدەستی بەردەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە، دواتریش لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشدار بوو لە جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکاندا.[2]

### عەمری کوڕی موحەممەد(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی موحەممەدی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانەو یەکێك بوو لە بەشداربوانی فەتحی مەککەو غەزاکانی دواتریش.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 671.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 678.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 679.

## عەمری کوڕی موڕڕە (رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی موڕڕەی کوڕی عەبەسە، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) تەمەنێکی زۆری هەبوو، هاوکات بەو تەمەنە زۆرەی لە زۆربەی غەزاکاندا بەشداری کرد.[1]**

**جارێك عەمری کوڕی موڕڕە بە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانی وت، من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ما من إمام يغلق بابه دون ذوي الحاجة، والخلة، والمسكنة إلا أغلق الله أبواب السماء دون خلته وحاجته ومسكنته)،[2] (هەر پێشەوایەك دەرگا بە ڕووی کەسانی دەستکورت و خاوەن پێداویستیدا دابخات، خوای گەورە دەرگاکان بە ڕووی پێویستی و هەژاری و داواکاریدا دادەخات)، موعاویە لەبەر ئەو فەرموودەیە کەسێکی ڕاسپارد تا گوێ لە پێویستیەکانی خەڵك بگرێت و کاریان بۆ بکات.[3]**

## عەمری کوڕی موسەبیح (رضي الله عنه)

**ناوی عەمری کوڕی موسەبیحی کوڕی کەعبە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بووە، لەو کاتەشدا تەمەنی زۆر بووە، دەوترێت لە کاتی**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 680-681.

2 -سنن الترمذي، الرقم 1290، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7091، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17692، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 132.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17692.

وەفاتیدا تەمەنی نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ بووە، کاتی وەفاتەکەشی لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا بووە.[1]

## عەمری کوڕی موطەریف (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی موطەریفی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[2]

## عەمری کوڕی موعاذ (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی موعاذی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برای سەعدی کوڕی موعاذی گەورەی ئەوسیەکانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

## عەمری کوڕی موعاذی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی موعاذی کوڕی جەمووحە، لە پشتیوانانە، لە یەکێك لە غەزاکاندا قاچی عەمر بڕابوو، پێغەمبەر (ﷺ) تفی لێدا، قاچی چاك بوویەوە.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 682.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 288.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 685.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 6602، معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم 4564، حسنه شعيب الأرناؤوط.

## عەمری کوڕی میحصەن (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی میحصەنە، برای عوککاشەی کوڕی میحصەنە، یەکێکە لە کۆچەریەکان، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[1]

## عەمری کوڕی ئەبی حەمزە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەبی حەمزەی کوڕی سینانی ئەسلەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە ودواتر هاتەوە بۆ مەدینە، دواتر داوای مۆڵەتی لێکرد بچێت سەرێك لە خێزانەکەی بدات، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا، لە رێدا گەیشت بە کەنیزەیەکی جوان و زینای لەگەڵ کرد، ئینجا پەشیمان بوویەوەو چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کرد بە کەسێك حەددی لەسەر جێبەجێ بکات و ئەویش جەلدی لێدا.[2]

## عەمری کوڕی ئەبی سەرح(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەبی سەرحی فەهریە، کونیەکەی ئەبووسەعدە، ئەم هاوەڵە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوانی مەککە بوو، دواتریش کۆچی کرد بۆ حەبەشە، پاشان گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[3]

---

1 - أسد الغابة، ج4، ص 285.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 623.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 634.

### عەمری کوڕی یەثریبی (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی یەثریبیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، عەمر دەڵێت ئامادەی وتارێکی پێغەمبەر (ﷺ) بووم –لە حەجیماڵئاواییدا– کە تیایدا دەیفەرموو (کەستان هیچی لە سامانی براکەی بۆ ڕەوا نیە مەگەر لە ڕەزامەندی خۆیەوە بێت).[1]

### عەمری کوڕی ئەحوەص(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەحوەصەو لە گێڕانەوەیەکی سولەیمانی کوڕیەوە هاتووە کە یەکێك بووە لە بەشداربوانی حەجی ماڵئاوایی، دواتریش لە جەنگی یەرمووکدا بەشدار بوو.[2]

### عەمری کوڕی ئەخطەب(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەخطەبی کوڕی ریفاعەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووزەیدە.[3]

عەمر دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ کردین و دواتر چوویە سەر مینبەر و وتاری بۆ فەرمووین تا کاتی نیوەڕۆ هات و دابەزی و نوێژی کرد، دواتر سەر کەوتە سەر مینبەر و وتاری بۆ فەرمووین تا کاتی نوێژی عەسر هات، دابەزی و

1 - الآحاد و المثاني لابن ابي عاصم، الرقم 893، سنن الدارقطني، الرقم 2521، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 10766، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15191، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 598.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 599.

نوێژی عەسری بۆ کردین، دواتر چوویەوە سەر مینبەر و تا خۆرئاوابوون وتاری بۆ فەرمووین و ئەوەی بووەو دەبێت هەمووی فێر کردین.[1]

عەمر لە نزیکەی سیانزە غەزادا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کردووە.[2]

عەمر دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئاوی کرد، منیش جامێ ئاوم بۆ برد، بینیم موویەکی تێدا بوو، مووەکەم دەرهێنا، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کرد و دواتر فەرمووی (خوایە جوانی بکەیت)، نزاکەی پێغەمبەر (ﷺ) گیرا بوو و تەمەنی گەیشتبوویە نەوەدو سێ ساڵ، کەچی تاڵە موویەکیشی سپی نەبووبوو،[3] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بە دەموچاومدا و نزای بۆ کردم.[4]

## عەمری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، باوکیشی و حارثی برایشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، عەمر یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزای خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد،

1 - صحيح مسلم، الرم 5257، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22279، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6692.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 599.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7279، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7278، صححه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

4 - سنن الترمذي، الرقم 3649 و قال حسن غريب، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3629.

پاش وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

### عەمری کوڕی ئەیفەع(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەیفەعەو هاتووەتە خزمە پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[2]

### عەمری کوڕی ئوەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئوەیسی عامیریەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

### عەمری کوڕی ئوم مەکتووم (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئوم مەکتوومی قورەیشیە، یان دەوترێت ناوی عەبدوڵایە، بەڵام زیاتر بە عەمر ناوی هاتووە، یەکێك بوو لە موسڵمانبوانی مەککە و لە دەستەی یەکەمی کۆچەریەکان بوو.[4]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا ئیبن ئوم مەکتووم لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو، جا رایەك دەڵێت لە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 605.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 211.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 605.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 600-601.

جەنگەکەدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ وەفاتی کرد.[1]

زۆرجار کە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو بۆ غەزایەك یان لە مەدینە دەردەچوو ئیبن ئوم مەکتوومی لەسەر مەدینە دادەنا، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی سیانزە جار ئەم هاوەڵەی وەك بەرپرسی مەدینە دانا تا خۆی دەگەڕایەوە بۆ ئەوێ.[2]

عەمری کوڕی ئومەییە (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئومەییەی کوڕی خوەیلیدە، کونیەکەی ئەبوو ئومەییەیە، ژنێکی هەبوو بە ناوی سوخەیلەی کچی عوبەیدە کە چەند منداڵێکی لێی بوو.[3]

عەمر لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا هاودەم بە بێباوەڕان بەشداری کرد، پاش غەزای ئوحود موسڵمان بوو.[4]

یەکەم غەزا کە تیایدا بەشدار بوو لە بیئر مەعوونەدا بوو، تیایدا عامیری کوڕی طوفەیل بەدیلی گرت، دواتر ئازادی کرد.[5]

پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەی نارد بۆ لای نەجاشی تا داوای ئوممو حەبیبەی بۆ بکات،[6] نەجاشیش ئافرەتێکی نارد بە ناوی ئەبرەهە تا هەواڵ بدات بە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 601.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 601.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 248.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 248.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 602.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص602.

ئوممومحەبیبە، ئەبرەهە وتی پاشا دەڵێت کەسێك بکەرە وەکیلی خۆت تا هاوسەرگیریەکەت بۆ بکات، هەواڵی نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوی کرد بە وەکیل.

پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەی نارد تا تەرمەکەی خوبەیب ببات، ئەویش چوو و تەرمەکەی خوبەیبی خستەخوارەوە، زەوی تەرمەکەی خوبەیبی قووت دا، دواتر کەمێك گەڕام بۆ تەرمەکە لە هیچ شوێنێك تەرمەکە دیار نەبوو.[1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوای ڕووداوی بەنی نەضیر سەلەمەی هاودەم بە عەمری کوڕی ئومەییە نارد تا ئەبووسوفیان بکوژن،[2] چونکە پێشتر ئەبووسوفیان بە دەستەیەکی قورەیشیەکانی وتبوو کەسێك نیە بتوانێت موحەممەد تیرۆر بکات؟ چونکە وا ئەو بە بازاڕدا پیاسە دەکات، ئەوەبوو کابرایەکی زۆر دڵڕەقی دەشتەکی ئامادە بوو تیرۆری بکات، کە هاتە مەدینە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەو کابرایە دەیەوێت ناپاکی بنوێنێت، ویستی هێرش ببات بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ڕێی پێ گرت و ویستی بیکوژێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەرفەتی نەدا، کابرا دانی نا بە تاوانەکەیدا و وتی کە چۆن هاتووە، ئینجا موسڵمانیش بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەو سەلەمەی کوڕی ئەسلەمی نارد تا ئەگەر دەرفەتیان بۆ بوو ئەبووسوفیان بکوژن، ئەوەبوو چوونە مەککەوەو عەمر شەو تەواف کەعبەی دەکرد کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ئەوی بینی و هەواڵی دا بە

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 67.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 142.

قورەیش، ئەوانیش وتیان عەمر نیازی چاك نیە، خێرا عەمر و سەلەمە گەڕانەوە بەرەو مەدینە.[1]

عەمر تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیاو هەر لە مەدینە مایەوە تا کۆچی دوایی کرد.[2]

### عەمری کوڕی ئومەییەی ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئومەییەی کوڕی حارثی کوڕی ئەسەدە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو هەر لەوێیش وەفاتی کرد.[3]

### عەمری کوڕی ئیاس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئیاسی کوڕی زەیدە، بە رەچەڵەك خەڵکی یەمەنەو لە مەدینە نیشتەجێ بوو، لەگەڵ پشتیوانەکاندا موسڵمان بوو و لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[4]

### عەمری کوڕی ئیاسی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئیاسەو لە پشتیوانانە لە بەنی سالیم، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 94.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 602.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 603.
4 - أسد الغابة، ج4، ص 210.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 606.

## عەمماری کوڕی زیاد (رضي الله عنه)

ناوی عەمماری کوڕی زیادە، رایەك دەڵێت لە غەزای بەدردا شەهید بووە، رایەکیش هاتووە کە لە غەزای ئوحوددا شەهید بووە،[1] بەڵام ئیبن کەثیر بە عومارەی کوڕی زیاد ناوی هێناوە.[2]

لە غەزای ئوحوددا عەممار دوژمنانی لە پێغەمبەر (ﷺ) دوور دەخستەوە تا زۆر بریندار بوو، دەستەیەك لەو موسڵمانە کۆچەریانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مابوونەوە، عەمماریان هێنایە ئەملا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نزیکی بکەنەوە لێم، پێغەمبەر (ﷺ) قاچی خۆی کرد بە پشتی و سەری عەمری خستە سەر قاچی خۆی، ئیتر سەری لەسەر قاچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو تا وەفاتی کرد.[3]

## عەمماری کوڕی غەیلان (رضي الله عنه)

ناوی عەمماری کوڕی غەیلانی کوڕی سەلەمەیە، برایەکی هەبوو بە ناوی عامیر، ئەم دوو برایە پێکەوە پێش باوکیان موسڵمان بوون،[4] عەممار کە موسڵمان بوو کۆچی کرد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 574.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 150.
3 - أسد الغابة، ج4، ص 150.
4 - أسد الغابة، ج4، ص 139.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 574.

## عەممارى كوڕى ياسر (رضي الله عنه)

ناوى عەممارى كوڕى ياسرى كوڕى عاميرى كوڕى ماليكى عەنەسيە، كونيەكەى ئەبوليەقظانە.[1]

ياسرى باوكى هاودەم بە ماليك و حارثى براى لە يەمەنەوە هات بۆ مەككەو لەوێ بە دواى برايەكياندا دەگەڕان، جا دوو براكەى گەڕانەوە، بەڵام ياسر لەوێ مايەوەو لاى ئەبووحوذەيفە مايەوە، ئەويش كەنيزەكێكى هەبوو بە ناوى سومەييەو ئەو كەنيزەكەى لێ مارە كرد، منداڵێكيان بوو بە ناوى عەممار، ئيتر ئەبووحوذەيفە ئازادى كرد، دواتر ئەبووحوذەيفە وەفاتى كرد، دواى ئەوەى پێغەمبەر (ﷺ) پەيامى خواى بۆ هات، عەممار هاودەم بە دايك و باوكى و عەبدوڵاى برايشى موسڵمان بوو.[2]

دايكى ناوى سومەييەى كچى خباطە، حەوتەم كەس بوو كە موسڵمان بوو و يەكەم شەهيدى ناوى ئيسلام بوو،[3] سومەييە خزمەتكارى ئەبووحوذەيفە بوو، ئەبووحوذەيفە سومەييەى لە ياسر مارە كرد، چونكە هاوپەيمانى لە نێوانياندا هەبوو.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 575.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 407.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 136.

هەریەك لە سومەییە و یاسری هاوسەری و عەمماری كوڕی لە یەكەمین موسڵمان بووەكان بوون.[1]

كاتێك سومەییە موسڵمان بوو، ئەبووجەهل لەسەر موسڵمانبوونەكەی زۆر ئازاری دەدا، جلی ئاسنینی دەكردە بەری و لەبەر گەرمای مەككەدا سزای دەدا.

سومەییە ئافرەتێكی پیری بە تەمەنی لاواز بوو.[2]

جارێك ئەبووجەهل كە سزای سومەییەی دەدا، هات و بە خەنجەرێك دای لە سكی و شەهیدی كرد.[3]

لە جەنگی بەدردا كە ئەبووجەهل كوژرا، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەمماری فەرموو (خوا بكوژەكەی دایكتی كوشت).[4]

پێش موسڵمانبوونی:

عەمماری كوڕی یاسر دەڵێت: جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچووین بەڕێدا و خوشكەكەی خەدیجەمان بینی دامان بە لایدا لەسەر پێستەیەك بوو دەیفرۆشت، كە منی بینی بانگی كردمە كەنارەوە، پێی وتم ئەرێ هاوڕێكەت رای چۆنە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجە؟ منیش چووم و ئەوەم بە پێغەمبەر (ﷺ) وت، ئەویش فەرمووی: بەڵێ بەخوا پێم خۆشە، هەواڵەكەم دایەوە بە خوشكەكەی خەدیجەو ئەویش وتی دەی بۆ بەیانی وەرن، ئێمەش چووین و سەیرمان كرد مانگایەكیان

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7،ص 712.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 264.

سەربڕیوەو جلی جوانیان کردوەتە بەر باوکی خەدیجە، منیش بە خوشکەکەیم وت ئەویش بە باوکی وت، باوکیشی ئەوکات سەرخۆش بوو، خوشکەکەی خەدیجە وتی موحەممەد هاتوەتە داوای خەدیجەو ئەویش رازی بوو و خەدیجەی لێ مارە کرد، لە گۆشتەکە خواردنێکیان ئامادە کرد و هەموان نانیان خوارد و باوکی خەدیجە خەوت، دواتر کە لە خەو هەستا هاواری کرد ئەم جلانە چین؟ ئەم خواردن و بەزمە چیە؟ کچەکەی پێی وت ئەو جلە هی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایەو ئەو مانگایەی بە دیاری بۆ هێناویت و تۆیش کە خەدیجەت لێ مارە کرد ئەو ماگایەمان سەربڕی، بەڵام خوەیلید نارازی بوو و کەوتە بۆڵەو هاوارکردن.[1]

موسڵمانبوونی:

عەمماری کوڕی یاسر یەکێك بوو لەو حەوت کەسە یەکەمەی کە لە مەککە ئیمانی خۆیان ئاشکراکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و بیلال و صوهەیب و خەبباب و عەممار و سومەییە.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی بۆ هات و بوو بە پێغەمبەر، عەممار موسڵمان بوو، موسڵمانبوونی صوهەیب و عەممار لە یەك رۆژدا بوو، لە پێش ئەوانەوە نزیکەی سی و ئەوەندە کەس موسڵمان بووبوون، ئەوکات بانگەواز چووبوویە ماڵی ئەرقەمەوە،[3] بەڵام ئەم سەنەدە مونقەطیعە.[4]

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12840، البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 295-296، البحر الزخار، الرقم 1262.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 40.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 39.
4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 409.

رای دروست ئەوەیە کە عەممار یەکێك بووە لە دە یەکەم موسڵمان بووەکان و یەکێکیش بووە لە حەوت کەسی یەکەم کە موسڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کرد.

نارەحەتیەکانی مەککە:

عوثمانی کوڕی عەففان دەڵێت با سەبارەت بە عەممار فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستی گرتبووم و دەچووین بە ڕێدا، گەیشتینە لای عەممار و دایك و باوکی کە سزا دەدران، باوکی عەممار وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژگار ئاوایە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (خۆڕاگر بە)، پاشان فەرمووی (خوایە لە بنەماڵەی یاسیر خۆش بە).[1]

کاتێك یاسر و سومەییە و عەممار لەسەر ئیسلامەتییان سزا دەدران، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (صبرا یا آل یاسر، موعدکم الجنة)،[2] (خۆڕاگر بن ئەی خێزانی یاسر، وادەتان بەهەشتە).

عەممار یەکێك بوو لەو دەستە یەکەمینەی کە موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، وەك لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە یەکەم ئەو کەسانەی موسڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کرد و ڕاگەیاند بریتی بوون لە حەوت کەس: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبووبەکر و عەممار و سومەییەی دایکی عەممار و بیلال و صوهەیب و میقداد، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر بە هۆی هۆزەکانیانەوە خوا لە زیانی بێباوەڕان

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 427، ضعفه أحمد شاكر، كما ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5626، قال الألباني في فقه السيرة (111/1) حديث حسن صحيح.

پاراستنی، بەڵام ئەو پێنجەکەی تر لەلایەن بێباوەڕانەوە سزا دەدران، بەرگی ئاسنینیان دەکرایە بەر و دەبرانە بەر گەرمای خۆر، دواجار هەریەك لەوانە داوای دوژمنیان هێنایەدی–واتە بە ناچاریو بە رووکەش داواکەی بێباوەرانیان قبوولّ کرد– جگە لە بیلال کە ئامادەیی نەبوو داواکەیان قبوولّ بکات، ئیتر ئەوانیش دەیاندایە دەست مێردمندالآن تا رایکێشن بە دۆڵەکانی مەککەدا، ئەویش بەردەوام دەیوت أحد أحد.[1]

بێباوەڕان هێندە سزای عەممار یان دا تا ناچاریان کرد قسە بلّێت بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا وازیان لێهێنا، دواتر کە عەممار چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی خەبەر چیە؟ وتی خراپە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وازم لێنەهێنرا تا قسەم بە تۆ وت و بە چاکە باسی خواوەندەکانی ئەوانم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دلّت چۆن بوو؟) وتی تەواو دلّنیایە بەئیمان، فەرمووی (فإن عادوا فعد)،[2] (ئەگەر هەمدی ناچاریان کردی وا بکەرەوە)

قەتادە دەلّێت ئەم ئایەتەی خوا ( مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ ) سەبارەت بە عەممار دابەزی.[3]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7192، سنن ابن ماجة، الرقم 149، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15717، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3698، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5203، قال الحكام صحيح الإسناد و لم يخرجاه و وافقه الذهبي، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 150 حسن صحيح.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15716، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3295، صححه الذهبي في التلخيص.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 411.

لە مەککەدا جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ برێك لە هاوەڵانی دانیشتبوو کە خەبابیشیان تێدا بوو، ئەو هاوەڵانەش لە کەسە لاواز و بێکەسەکان بوون، ئەقرەعی کوڕی حابیس لە گەڵ عویەینە تێپەڕ دەبوون، سەیریان کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عەممار و صوهەیب و بیلال و خەبابەو چەند موسڵمانێکی تری لاوازدا دانیشتووە، ئەوانیش گاڵتەیان پێکرد و دەیانوت کە وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، ئەگەر هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش (ﷺ) رازی بوو، ئەوانیش وتیان دەی بەڵێنێکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو تالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئەم ئایەتەی خوای بۆ هێنا (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شئ وما من حسابك علبهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرەقەکەی فڕێ داو ئەو هاوەڵانەی بانگ کردەوەو پێی فەرموون (سلام عليكم)، ئەوانیش لێی نزیك بوونەوە.[1]

عەممار دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە هەریەك لە غەزاکانی بەدر و ئوحود و خەندەق و بەیعەتی ریضوانیشدا بەشداری کرد.[2]

کاتێك عەممار کۆچی کرد بۆ مەدینە لای موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیر دابەزی.[3]

1 - البداية والنهاية، ج6، ص57، حلية الأولياء، 1، ص147.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 141.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 250.

عەممار یەکەم کەس بوو لە ئیسلامدا مزگەوتی دروست کرد، اتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕێی کۆچدا بوو، عەممار وتی دەبێت شوێنێك هەبێت بۆ سێبەر و نوێژکردنی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە بە بەرد مزگەوتی قوبائی دروست کرد.[1]

کاتێك بڕیار درا مزگەوتی مەدینە دروست بکرێت، هاوەڵان هەموو ئیشیان تێدا دەکرد، هەموان یەك یەك خشتیان دەبرد، بەڵام عەممار دوو دوو خشتی هەڵدەگرت، جا پێغەمبەر (ﷺ) کە عەمماری بینی خۆڵەکەی سەر شان و دەموچاوی دەتەکاند و دەیفەرموو (ويح عمار، تقتله الفئة الباغية، يدعوهم إلى الجنة، ويدعونه إلى النار)، (هاوار بۆ عەممار، دەستەی یاخی بوو دەیکوژن، عەممار بانگیان دەکات بۆ بەهەشت و ئەوانیش بانگی دەکەن بۆ دۆزەخ)، عەممماریش دەیوت پەنا دەگرم بە خوا لە فیتنە.[2]

عەممار لە غەزای (العشيرە) دا بەشداری کرد و لە نزیکی عەلی کوڕی ئەبووطالیبەوە بوو.[3]

ئیبن مەسعوود دەڵێت لە بەدردا من و سەعد و عەممار لە دەستکەوتدا هاوبەش بووین، ئەوەبوو سەعد خۆی تەنها دوو دیلی پێ بوو، بەڵام ئێمە هیچ دیلێکمان پێ نەبوو.[4]

1 - أسد الغابة، ج4، ص 143.
2 - صحيح البخاري، الرقم 438، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1075.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 247.
4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 108.

هەروەها عەممار لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد و لە کاتی هەڵکەندنی خەندەقەکەدا پێغەمبەر (ﷺ) سەری عەمماری دەتەکاند و دەیفەرموو (تقتلك فئة باغية)، [1] (دەستەیەکی یاخیبوو دەتکوژن)

دەبینین لە دوو هەڵوێستی جیاوازدا پێغەمبەر خوا (ﷺ) کە سەرکردەی دەوڵەتیش بووە خۆی سەر و دەموچاوی هاوڵاتیەکی ناو دەوڵەتەکەی پاك کردوەتەوە، ئەمەش گەورەیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیشان دەدات.

خالید دەڵێت جارێك لەگەڵ عەمماری کوڕی یاسردا دەمەبۆڵەیەکمان بوو، عەمماریش چوو تا لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵا لەسەر بکات، منیش هەر لێی تووڕە دەبووم، پێغەمبەریش (ﷺ) بێدەنگ بوو، ئیتر عەممار دەستی کرد بە گریان و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێت لێیە چیم پێ دەڵێت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) سەری بەرەو رووی من بەرزکردەوەو فەرمووی (هەرکەس دژایەتی عەممار بکات خوا دژایەتی دەکات و هەرکەسیش رقی لێی بێت خوا رقی لێی دەبێت)، منیش خێرا دەرچووم و ئیتر لەو ساتەوە هیچ شتێك هێندەی ئەوە لام خۆشەویست نەبوو کە عەممار رازی بکەم، خێرا خۆم گەیاند بە عەممار و رازیم کرد. [2]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 5300،

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7190، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5657، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7994، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16492، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته.

خالید دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (من يعاد عمارا يعاده الله، ومن يسب عمارا يسبه الله)،[1] (هەرکەس دژایەتی عەممار بکات خوا دژایەتی دەکات، هەرکەس قسە بە عەممار بڵێت خوا قسەی پێ دەڵێت).

عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین کە عەممار هات و داوای مۆڵەتی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (مۆڵەتی بدەن، مەرحەبا لە پاکی پاکی پێبەخشراو).[2]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (عمار ملىء إيمانا إلى مشاشه)،[3] (عەممار تا سەر ئێسقانی پڕە لە ئیمان).

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (عمار ما عرض عليه أمران إلا اختار الأرشد منهما)،[4] (عەممار هەر کات دوو پرسی بۆ بخرێتە روو، ئەوە دروستترینیان هەڵدەبژێرێت).

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16499، السنن الكبرى لنسائي، الرقم 7995، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5652، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 145، صحيح ابن حبان، الرقم 7184، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5647، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 756، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 386، سنن الترمذي، الرقم 3815 و قال حسن صحيح، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه أحمد شاكر، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن بن ماجة، الرقم 146.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7185، سنن ابن ماجة، الرقم 146، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5663، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 29738، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 387، صححه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الارناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 147.

4 - سنن ابن ماجة، الرقم 147واللفظ له، سنن الترمذي، الرقم 3816، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8001، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 24266، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 148.

بە دڵنیاییشەوە لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا عەممار ڕێی ڕاستی هەڵبژارد و کەوتە شوێن ئیجتیهادەکەی عەلی و تا شەهیدبوونی دەستبەردا نەبوو لێی و پشتیوانی بوو.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە تەبووکەوە بەرەو مەدینە دەگەڕایەوە، دەستەیەك لە دووڕووان ویستیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناوبەرن و لە سەروو عەقەبەوە فڕێی دەنە خوارەوە، پێغەمبەری خواش (ﷺ) هەواڵی ئەوەی زانیبوو، ئەوەبوو فەرمانی کرد خەڵکی بچن و خۆی لەگەڵ دەستەیەك لە عەقەبەوە سەرکەوت، ئەو دەستە دووڕووەش دەموچاویان داپۆشیبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد هەریەك لە عەمماری کوڕی یاسر و حوذەیفەی کوڕی یەمان لەگەڵی بڕۆن، ئەو دوانەش بە پیادە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچوون، کاتێك ئەو دەستەیە ناپاکییان نواند پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو و حوذەیفەش تووڕەییەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی، بۆیە گەڕایەوە بۆیان و بە کەوانەکەی دەستی کەوتە دەموچاوی سوارەکانیان، ئەوانیش زانییان دەستەکەیان ئاشکرا بووە، خێرا خۆیان تێکەڵ کردەوە بە خەڵکەکە، ئینجا حوذەیفە گەڕایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کرد خێرا بکەن تا عەقەبەیان بڕی و چاوەڕێی خەڵکەکەیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە حوذەیفەی فەرموو ئەو خەڵکەت ناسیەوە؟ ئەویش وتی تەنها سوارەکانیان دەناسمەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی باس کرد بۆ حوذەیفە و ناوی ئەو دووڕوانەی فەرموو بە حوذەیفە کە کێ و کێ بون.[1]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 19.

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

مشتومڕێکی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا عەمماری کوڕی یاسر بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە.

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[1]

پێشتر لە ژیانی جوندوبی کوڕی جونادەو چەند شوێنی تردا ئەم مەسەلەمان باسکردووە.

عەممار لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشداری جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکانی کرد و لە جەنگی یەمامەدا هاواری دەکرد ئەی گرۆی موسڵمانان لە بەهەشت رادەکەن، من عەمماری کوڕی یاسیرم، دەی وەرن.[2]

1 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 144.

له سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

**عومەری کوڕی خەططاب کاتێك مووچەی بڕیەوە بۆ خەڵکی، پشکی عەمماری بە شەش هەزار دانا.[1]**

**عومەری کوڕی خەططاب عەمماری کوڕی یاسیری هاودەم بە ئیبن مەسعوود نارد بۆ عێراق و ئەرکی کارگێڕی و مامۆستایی پێ بەخشین و نامەیەکی هاودەم بەوان نارد بۆ خەڵکەکەو تیایدا نووسیبووی: من دوانم لە کەسە ناوازەکانی ناو هاوەڵان بۆ ناردون کە بەشداربووی بەدر بوون، گوێڕایەڵیان بن و پێشەنگییان پێوە بکەن، من لەبەر ئێوە خۆم لە نزیکی ئەو دوانە بێبەش کردووە.[2]**

**کاتێك خەڵکی بەصرە هێرشیان برد بۆ نەهاوەند و بۆیان فەتح نەکرا، عەممار بە خەڵکی کووفەوە چوو بۆ یارمەتییان و خوا فەتحی بەخشی، دواتر کە ویستیان دەستکەوتەکان دابەش بکەن، خەڵکی بەصرە ویستیان بەشی خەڵکی کووفە نەدەن، جا یەکێك لە بەصریەکان بە عەمماری وت ئەی گوێ قرتاو دەتەوێت تۆیش لە دەستکەوتەکانماندا بەشدار بیت؟ عەممار وتی قسەت بە گوێ چاکەکەم وت، ئەم گوێیەم لە غەزادا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) وای لێهات، دواتر نامەی نووسی بۆ خەلیفە عومەر و مەسەلەکەی بۆ خستەڕوو، خەلیفەش وەڵامی نوسی هەرکەس بەشداری جەنگەکە بووبێت دەستەکەوتی بۆ هەیە.[3]**

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 422.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 422.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 422.

جارێك خەبباب چوو بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب، ئەویش وتی نزیك بەرەوە ئەی خەبباب کەس لەم کۆڕەدا لە تۆ شیاوتر نیە بەم دانیشتنە عەممار نەبێت.[1]

دواتر خەلیفە عومەر عەمماری لە پۆستەکەی لابرد، چەند هۆکارێك باسکراوە، لەوانە خەڵکێك لای خەلیفە قسەی زۆریان لەسەر کردووەو ئەویش بێ عاجزبوون لایبردووە، یان دەوترێت عومەر کە پرسیاری کرد لە جەریر عەممار چۆنە؟ وتی شارەزایی سیاسەتی نیە، بۆیە بڕیاری دا لایبەرێت، عومەر بە عەمماری وت پێت ناخۆش نەبوو لامانبردیت؟ عەممار وتی کە ئەو ئەرکەت پێ سپاردم پێم ناخۆش بوو، کە لاشت بردم پێم ناخۆش بوو.[2]

عەممار لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا میصر شڵەژانێکی بەخۆوە دی، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیق و موحەممەدی کوڕی ئەبووحوذەیفەو ژمارەیەکی تر لە نەیارانی عوثمان نزیکەی شەش سەد سواریان لە میصرەوە ئامادە کرد و بەڕێکەوتن بەرەو مەدینە و بوون بە چوار بەشەوە بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائی خوزاعی و عەبدوڕەحمانی بەلوی و کینانەی کوڕی بیشر و سوودانی کوڕی حمران، موحەمەدی کوڕی ئەبووبەکریش لەگەڵیاندا هات، بەڵام موحەممەدی کوڕی ئەبووحوذەیفە لە میصر مایەوە تا خەڵکی تر هان بدات و بەرگری لەوانە بکات کە ڕۆیشتوون، والی میصریش نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفەو ئاگاداری کردەوە لەو

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 421.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 423.

رووداوە و وتی وەك عومرەكار دێن و وا خۆیان نیشان دەدەن، كە لە مەدینە نزیك بوونەوە، خەلیفە فەرمانی كرد بە عەلی كوڕی ئەبووطالیب تا پێشهاتنیان بۆ مەدینە بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، عەلیش داوای لە عەمماری كوڕی یاسر كرد هاودەمی بكات، بەڵام عەممار رازی نەبوو، چونكە ئەویش تووڕە بوو لە عوثمان لەبەرئەوەی پێشتر عوثمانی كوڕی عەففان سزا دابوو، ئەوەبوو عەلی خۆی چوو بۆ لایان.[1]

ئیبن كەثیر دەقێكی هێناوە دەڵێت بەهۆی قسەوتنی بە عەبباسی كوڕی عوتبەی كوڕی ئەبوولەهەب لەلایەن خەلیفەوە هەم عەممار و هەم عەبباس تەمبێ كران، عەممار ئەوەی لەدڵ گرت و كەوتە هاندانی خەڵك لە دژی عوثمان، هەرچەندە سەعدی كوڕی ئەبی وەققاص رێگری لێكرد لەو كارەی، بەڵام ئەو وازی نەهێنا.[2]

ذەهەبیش دەقێكی هێناوە كە تووڕەیی عەمماری نیشانداوە بەرامبەر بە عوثمان،[3] بەڵام ئەو دەقانە هیچیان صەحیح نین و هاوكاتیش لەگەڵ واقیعی ئەو كاتە ناگونجێن، چونكە سیفەتی عوثمان نەبووە توندی و زبری بەرامبەر نەیارەكانیشی بەكاربهێنێت نەك بەرامبەر بە عەمماری كوڕی یاسر و سزای بدات، عوثمانێ كە ناسرابوو بەوپەڕی نەرمی و شەرم، چۆن لەسەر قسەوتنێكی نێوان دوو كەس سزای لێدان بەكاردەهێنێت بۆ هەردووكیان، هەروەها سەنەدی ئەو گێڕانەوانەش لەو بارەوە هاتون هیچیان صەحیح نین.

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 175.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 171.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 434.

لە دەقێکی تردا ذەهەبی دەڵێت: عەممار لە هەندێ مەسەلەدا رەخنەی لە عوثمان دەگرت کە ئەگەر وازی لەو کارەی بهێنایە باشتر بوو، رەزای خوا لە هەردووکیان.[1]

ئیبنولعەرەبی دەڵێت سەبارەت بە لێدانی ئیبن مەسعوود و مووچەپێنەدانی ئەوە ساختەیە، سەبارەت بە لێدانی عەمماریش هەروەك ئەوی پێشوو درۆ و ساختەیە، ئەگەر ناوسکی بتەقیایە هەرگیز نەدەژیا، زانایان لەو بارەیەوە برێ پۆزشیان هێناوەتەوە کە هی ئەوە نیە باسیان بکەین چونکە خودی باسەکە لەسەر پووچی و نادروستی دامەزراوە، ئیتر هیچ حەقێك لەسەر پووچی بنیادنانرێت، بە شوێن پێی نەفاماندا رێ نابڕین، چونکە ئەو رێی ئەوان کۆتایی نیە.[2]

جا عوثمانێ کاتێك خەواریج و ئاشووبگێڕان هاتبوون بیکوژن، ئامادە نەبوو هاوەڵان بەرگری لێ بکەن و رشتنی خوێنی خۆی پێرەواتر بوو لە ئازاری هاوەڵان، هیچ ناکات بنەوێتە ئازاردانی کەسێك کە چەندین فەرموودەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەسەرە، خودی عوثمان لە بارەی فەزڵی عەممارەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، عوثمانی کوڕی عەففان دەڵێت با سەبارەت بە عەممار فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستی گرتبووم و دەچووین بە رێدا، گەیشتینە لای عەممار و دایك و باوکی کە سزا دەدران، باوکی عەممار وتی ئەی

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 416.

2 - العواصم من القواصم.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژگار ئاوایە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (خۆڕاگر بە)، پاشان فەرمووی (خوایە لە بنەماڵەی یاسیر خۆش بە).[1]

لەسەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

عەممار لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کەسی نزیك و هاودەم و پشتگیری خەلیفە بوو، تەنانەت بۆ بێدەنگکردنی نەیارەکانی هەوڵی زۆری دا، لە هەریەك لە جەنگی جەمەل و صفیشنیش بەشداری کرد و دواجار لە جەنگی صفیندا شەهید بوو.[2]

پێش ئەوەی جەنگی صفین ڕووبدات، عەممار داوای بڕێك شیری کردو وتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (کۆتا خواردنەوە لە دنیادا دەیخۆیتەوە شیرە)، ئەوەبوو شیری بۆ هێنرا و شیرەکەی خواردەوە، دواتر کە چووە ناو جەنگەکەوە کوژرا.[3]

لە ڕۆژی هەینیدا سوپای عێراق بە سەرکردایەتی عەمماری کوڕی یاسیر و سوپای شام بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص بەریەککەوتن و جەنگێکی سەخت لە نێوانیاندا ڕوویدا، دواتر گەڕانەوە، ئینجا لە ڕۆژی شەممەشدا دووبارە جەنگ ڕوویدا، بەو جۆرە چەند ڕۆژێك جەنگ ڕوویدا تا دواجار عەممار شەهید کرا.[4]

سەبارەت بە بکوژەکەی عەممار ڕاجیایی هەیە، ڕایەك دەڵێت ئەبولغادیەی موزەنی بووە، شمشێرێکی دا لە عەممار و دواتر کەسێکی تر خۆی دا بەسەریدا و

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 427، ضعفه أحمد شاكر، كما ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 144.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18495، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 2720، صححه شعيب الأرناؤوط.

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 262-268.

سەری عەمماری لێکردەوەو دواتر هەرکامیان دەیوت من کوشتوومە، عەمری کوڕی عاصیش وتی بەخوا ئەمانە لەسەر دۆزەخ جەنگیانە، خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر دەمردم، رایەکیش دەڵێت بەڵکو عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی و عەمری کوڕی حارث و شریکی کوڕی سەلەمە پێکەوە کوشتیان.[1]

شەهیدکردنەکەشی لە ساڵی سی و حەوتی کۆچیدا بوو، لە جلەکانی خۆیدا کفن کرا، کاتێك عەممار شەهید کرا تەمەنی نزیکەی نەوەدو یەك یان نەوەد و سێ یان نەوەدو چوار ساڵ دەبوو.[2]

قەیسی کوڕی عەبباد دەڵێت بە عەممارم وت ئەرێ ئەم بەرگریەتان لە عەلی رایەکی خۆتانە یان بەڵێنێکە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) پێتان درا؟ ئەویش وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها ئەو بەڵێنەی بەو داوە کە بە هەموو خەڵکی داوە، واتە هیچی تایبەت نەکرد بە عەلی.[3]

کاردانەوەکانی شەهیدبوونی عەممار

خوزەیمە تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ژیا، لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[4] بەڵام کاتێك لە جەنگی صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، پێشتر دەیوت جەنگ ناکەم تا بزانم کێ

1 - أسد الغابة، ج4، ص 145.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 145.

3 - صحيح مسلم، الرقم 5089.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 259.

عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی باغی عەممار دەکوژن، کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی وا گومڕایی و نەپێکانم بۆ روون بوویەوە، شمشێری لە کالان دەرکرد و جەنگا تا کوژرا،[1] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پێ رەوا و دروست بوو و لەناو ریزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[2]

کاتێك عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی چی بووە؟ عەمر وتی عەممار کوژرا، موعاویە وتی جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (دەستەی یاخی بوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت و وتی مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[3]

عەبدوڵای کوڕی عەمر لای موعاویە سەرکۆنەی زۆری کردن کە بکوژی عەممار بوون و ئەوان دەستەی یاخی بوون، ئیتر موعاویە وتی جا کە وایە بۆچی لەگەڵ ئێمەیت؟ ئەویش وتی چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم گوێڕایەڵی باوکم بم، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە لەگەڵت نەدەهاتم.[4]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5641.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2595، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17444، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15615، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط،

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 269.

هاوەڵان زۆر ڕێزی عەمماریان لابوو، جارێك كەسێك پرسیاری كرد لە ئەبووهورەیرە، ئەویش وتی پرسیار لە من دەكەیت لە كاتێكدا زانایانی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەناوتاندان و كەسێ كە پەنادراوە لە شەیتان لەناوتاندایە كە عەمماری كوڕی یاسیرە ![1]

عەممار كەسێك بوو زۆر كەم قسەی دەكرد، كە قسەشی دەكرد زۆر بە كورتی قسەی دەكرد.[2]

ئیبن كەثیر دەڵێت: بە كوژرانی عەممار ئەوە ڕوون بوویەوە كە عەلی حەقەو موعاویە یاخیبووە.[3]

جارێك عەمماری كوڕی یاسر چوویە مزگەوت و دوو ركات نوێژی كرد، خەڵكەكە وتیان ئەرێ بۆ نوێژەكەت كورت كرد؟ ئەویش وتی ئێوە وادەبینن نوێژەكەم كورت بوو؟ وتیان بەڵێ، وتی نزایەكم تێدا كرد كە پێغەمبەر (ﷺ) فێری كردم، ئینجا عەممار چوو، كەسێك كەوتە شوێنی و سەبارەت بە نزاكە پرسیاری لێكرد، ئەویش وتی نزاكە ئەمە بوو (اللَّهُمَّ بِعِلْمِكَ الْغَيْبَ وَقُدْرَتِكَ عَلَى الْخَلْقِ أَحْيِنِي مَا عَلِمْتَ الْحَيَاةُ خَيْرًا لِي وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْرًا لِي اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَشْيَتَكَ فِي الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَكَلِمَةَ الْعَدْلِ وَالْحَقِّ فِي الْغَضَبِ والرضا وأسألك القصد في الفقر والغنا وَأَسْأَلُكَ نَعِيمًا لَا يَبِيدُ وَقُرَّةَ عَيْنٍ لَا تَنْقَطِعُ وَأَسْأَلُكَ الرِّضَا بَعْدَ الْقَضَاءِ وَأَسْأَلُكَ بَرْدَ

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 418.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 424.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 267.

**الْعَيْشِ بَعْدَ الْمَوْتِ وَأَسْأَلُكَ لَذَّةَ النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ وَأَسْأَلُكَ الشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ فِي غَيْرِ ضَرَّاءَ مُضِرَّةٍ وَلَا فِتْنَةٍ مُضِلَّةٍ اللَّهُمَّ زَيِّنَّا بزينة الإيمان واجعلنا هداة مهتدين).[1]**

عەمیرەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی سەعدی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

عەمیرەی کچی ثابت (رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی ثابتی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

عەمیرەی کچی خوماشە(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی خوماشەیە، لە پشتیوانانەو چوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 1995، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1205، قال شعيب الأرناؤوط إسناده قوي، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 1305.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 37.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص36.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 37.

عەمیرەی کچی سوهەیل(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی سوهەیلە، لە پشتیوانانە و چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

عەمیرەی کچی ظەهەیر (رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی ظەهیری کوڕی رافیعە، هاوسەرەکەی ناوی میربەعەو چەند کوڕێکی لێی بوو بە ناوەکانی زەید و عەبدولا و عەبدوڕەحمان، عەمیرە چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[2]**

عەمیرەی کچی عەبدسەعد(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی عەبدسەعدی کوڕی عامیرە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

عەمیرەی کچی عوقبە(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی عوقبەی کوڕی ئوحەیحەیە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 38.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 327.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 38.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 39.

عەمیرەی کچی عومەیر (رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی عومەیره، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

عەمیرەی کچی قەیس(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی قەیسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

عەمیرەی کچی قەیسی ئەنصاری (رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی قەیسی کوڕی ئەبی کەعبە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، خوشکی سەهلی کوڕی قەیسە کە لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[3]**

عەمیرەی کچی کلثوم (رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی کلثوومە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 39.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 39.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 39.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 39.

عەمیرەی کچی مەرثەد(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی مەرثەدی کوڕی جوبەیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.، عەمیرە هاوسەری سوەیدی کوڕی نوعمان بوو.[1]**

عەمیرەی کچی میعوەذ(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی میعوەذی کوڕی عەفرائە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

عەمیرەی کچی یەزید(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی یەزیدە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

عەمیرەی کوڕی عوبەید(رضي الله عنها)

**ناوی عەمیرەی کچی عوبەیدە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 40.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 40.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 40.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 39.

### عەنبەسەی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی عەنبەسەی کوڕی عەددیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا پاش فەتحی میصر لە میصر نیشتەجێ بوو.[1]

### عەنبەسی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه)

ناوی عەنبەسی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی هیلالە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[2]

### عەنتەرەی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەنتەرەیەو یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[3]

### عەوسەجەی کوڕی حەرمەلە (رضي الله عنه)

ناوی عەوسەجەی کوڕی حەرمەلەی جوهەنیە، عەوسەجە رۆژانە رێیەکی زۆری دەبڕی بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە شوێنەکەی زۆر لەوێوە دوور بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) بەو هەڵوێستەی سەرسام بوو.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 734.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 733.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 735.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 328-329.

عەوفی سەلەمی (رضي الله عنه)

ناوی عەوفەی سەلەمیەو یەکێکە لە ئەندامانی هۆزەکەی عەبباسی کوڕی میرداس، عەوف لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد.[1]

عەوفی کوڕی سوراقە(رضي الله عنه)

ناوی عەوفی کوڕی سوراقەی ضەمریە، برایەکی هەبوو بە ناوی جوعەیل.[2]

عەوفی کوڕی عەفرا ء(رضي الله عنه)

ناوی عەوڤ کوڕی حارثە کە بە عەفراء ناسراوە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، هاودەم بە موعاذ و میعوەذی برای بەشداری غەزای بەدری کرد.[3]

عەوف لە کاتی غەزای بەدردا وتی ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چی شتێکی بەندە پەروەردگار دەخاتە پێکەنین؟ ئەویش فەرمووی (أن يراه قد غمس يده في القتال يقاتل حاسرا)، (کاتێك خوا ببینێت بەندەکەی دەستی لە جەنگدا رۆچووەو بەبێ قەڵغان دەجەنگێت)، عەوفیش قەڵغانەکەی لابرد و کەوتە جەنگ کردن تا کوژرا.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 743.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 4، ص 740.

3 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 739.

4 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16925.

عەوفی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی عەوفی کوڕی مالیکی کوڕی ئەبی عەوفی ئەشجەیە، لە ساڵی فەتحی خەیبەردا موسڵمان بوو، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و ئاڵای هۆزەکەی بەدەستەوە بوو.[1]

عەوف لە غەزای تەبووکدا بەشداری کرد، خۆی دەڵێت لە غەزای تەبووکدا چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە لە ناو گومەزیەکی لەپێستە دروستکراودا بوو، فەرمووی (اعدد ستا بين يدي الساعة: موتي، ثم فتح بيت المقدس، ثم موتان يأخذ فيكم كقعاص الغنم، ثم استفاضة المال حتى يعطى الرجل مائة دينار فيظل ساخطا، ثم فتنة لا يبقى بيت من العرب إلا دخلته، ثم هدنة تكون بينكم وبين بني الأصفر، فيغدرون فيأتونكم تحت ثمانين غاية، تحت كل غاية اثنا عشر ألفا)،[2] (شەش شت بژمێرە کە پێش قیامەت دێن: مەرگی من، دواتر فەتحی بەیتولمەقدیس، دواتر مەرگانێ کە وەك دەردەمەڕ لێتان دەخات، دواتر زۆری سامان تا ئەوەی سەد دینار دەدرێت بە کەسێك کەچی هێشتا تووڕەو نارازیە، دواتر فیتنەیەك کە چی ماڵە عەرەبە تێی دەچێت، دواتر ئاگربەستێك لەنێوان ئێوەو بەنیلئەصفەردا دەبێت، کەچی ئەوان ناپاکی دەکەن و لەژێر هەشتا دەستەدا دێن بۆتان و هەر دەستەیەکیان دوانزە هەزار دەبن).

عەوف دەڵێت کە چوومە لای چادرەکەی، فەرمووی وەرە ژوورەوە ئەی عەوف، منیش وتم هەموو لەشم یان بەشێکم-وەك سوعبەتێك- فەرمووی هەموو

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 742.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3021.

لەشت،[1] جا کاتێك فەرمووی مەرگی من، مات کەوتم و دڵم داگیرا،[2] گریانێك دایگرتم خەریکبوو بدەمە پرمەی گریان، پێغەمبەر (ﷺ) هێوری دەکردمەوەو بێدەنگی دەکردم،[3] ئینجا فەرمووی بلّێ یەك، منیش وتم یەك، دواتر ئەوانی تریشی بۆ باسکردم.[4]

عەوفی کوڕی مالیك دەڵێت شەوێك لەرێی سەفەرماندا دابەزین و هەرکەس چوویە شوێنی خۆی، لە نیوەی شەودا هەستام دەبینم وا وشترەکەی پێغەمبەرە(ﷺ) و کەس لە لای نیە، چووم بە دوای پێغەمبەردا (ﷺ) بگەڕێم، کەچی بینیم موعاذی کوڕی جەبەل و عەبدوڵای کوڕی قەیس وەستاون، وتم پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوا؟ وتیان نازانین، بەڵام لەوپەری شیوەکەوە دەنگێکمان بیست، کەمێك وەستاین و پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو فەرمووی (کەسێك لای پەروەردگارمەوە هات و سەرپشکی کردم لەنێوان ئەوەی نیوەی ئوممەتەکەم بخاتە بەهەشت یان شەفاعەتم بۆ هەبێت، منیش شەفاعەتم هەڵبژارد)، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندت دەدەین لەبەر خوا و لەبەر هاوەڵیمان بۆت ئێمەش لە دەستەی شەفاعەتەکەت بین، فەرمووی ئێوە لە دەستەی شەفاعەتمن، دواتر کە چوون فەرمووی (فإني أشهد من حضر أن شفاعتي لمن مات لا يشرك بالله شيئا من

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 8741، قال الذهبي فيه انقطاع.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 6784، سنن ابن ماجة، الرقم 4039،

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23346، صححه شعيب الأرناؤوط.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 6784، سنن ابن ماجة، الرقم 4039، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 4042.

أمتي)،[1] (ئامادەبوان بە شایەت دەگرم شەفاعەتم بۆ هەر کەسێکە لە ئوممەتەکەم کە مرد هیچ هاوەڵێکی بۆ خوا بڕیار نەدابێت).

عەوف دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی مردووی لەسەر تەرمێك کرد، بەشێك لە نزاکەیم لەبەرکرد کە دەیفەرموو (اللهم اغفر له وارحمه وعافه واعف عنه، وأكرم نزله ووسع مدخله، واغسله بالماء والثلج والبرد، ونقه من الخطايا كما نقيت الثوب الأبيض من الدنس، وأبدله دارا خيرا من داره، وأهلا خيرا من أهله وزوجا خيرا من زوجه، وأدخله الجنة وأعذه من عذاب القبر– أو من عذاب النار)، منیش وتم خۆزگە ئەو مردووە من بوومایە.[2]

عەوفی کوڕی مالیك دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (خيار أئمتكم الذين تحبونهم ويحبونكم ، ويصلون عليكم وتصلون عليهم، وشرار أئمتكم الذين تبغضونهم ويبغضونكم، وتلعنونهم ويلعنونكم)، (چاکترینی پێشەواو سەرکردەکانتان ئەوانەن کە ئێوە خۆشتان دەوێن و ئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت، رەحمەتتان بۆ دەنێرن و ئێوەش رەحمەتیان بۆ دەنێرن، خراپترینی سەرکردەو پێشەواکانیشتان ئەوانەن کە ئێوە رقتانە لێیان و ئەوانیش رقیانە لێتان، ئێوە نەفرینیان لێ دەکەن و ئەوانیش نەفرینتان لێ دەکەن)، وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا بەرامبەر بەو سەرکردە خراپانە بە شمشێر نەجەنگین؟ فەرمووی (لا، ما أقاموا فيكم الصلاة، وإذا رأيتم من ولاتكم شيئا تكرهونه، فاكرهوا عمله، ولا تنزعوا يدا من طاعة)،[3] (نەخێر، تا

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 211، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23363، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح مسلم، الرقم 1653، صحيح ابن حبان، الرقم 3130، سنن ابن ماجة، الرقم 1495.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3536، صحيح ابن حبان، الرقم 4659، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23342.

کاتێك لەنێوتاندا نوێژ بکەن، ئەگەریش شتێکتان لە بەرپرسەکانتان بینی کە پێتان ناخۆش بوو، ئەوە رقتان لە کارەکەی بێت و دەستی گوێڕایەڵی لێ بەرمەدەن).

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا عەوفی کوڕی مالیك لە شام بوو، جا کاتێك عومەر چوو بۆ شام بینی کابرایەکی ئەهلی کیتاب زۆری لێدراوەو هات بۆ لای عومەر و وتی بزانە موسڵمانێك چی لێکردوم، عومەر زۆر تووڕە بوو و وتی بزانن کێ بووە، زانرا عەوفی کوڕی مالیك بووە، صوهەیب بە عەوفی وت ئەمیری باوەڕداران زۆر لێت تووڕەیەو دەترسم پێش وەختە حوکمت لەسەر بدات، جا زوو خۆت بگەیەنە بە موعاذی کوڕی جەبەل و قسەی لەگەڵ بکە، کە عومەر لە نوێژ بوویەوە، وتی کابرات هێنا؟ صوهەیب وتی بەڵێ، موعاذ هەستا و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە عەوفی کوڕی مالیکەو پێشتر گوێی لێ بگرە بزانە چی بووە، عومەر وتی بۆچی واتکردووە بە کابرا؟ عەوف وتی بینیم ئافرەتێکی موسڵمان لەسەر گوێدرێژێ بوو و ئەو جڵەوەکەی گرتبوو، جا تێیخوڕی تا ئافرەتەکە بخاتە خوارەوە، بەڵام ئافرەتەکە نەکەوتە خوارەوە، کابرا پاڵی نا بە ئافرەتەکەوەو ئافرەتەکە کەوت و کابراش خۆی دا بەسەریدا، عومەر وتی دەبێت ئافرەتەکە بهێنیت بزانم ئەوە راستە؟ عەوف چوو بۆ لای ئافرەتەکە، باوکی و مێردەکەی وتیان بەم کارەت ئابرووومان مەبە، با نەناسرێین، ئافرەتەکە وتی بەخوا لەگەڵی دەچم، ئەوانیش وتیان دەی ئێمە لە بری تۆ دەچین، ئەوەبوو چوون بۆ لای عومەر و شایەتییان بۆ دا، عومەریش فەرمانی کرد کابرای جوولەکە لەخاچ درا و وتی ئێمە وا لەگەڵ ئێوە رێك نەکەوتبووین.[1]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 742.

دواجار عەوف لە ساڵی حەفتا و سێی کۆچی و لە سەردەمی عەبدولمەلیکدا کۆچی دوایی کرد.[1]

عەونی کوڕی جەعفەر (رضي الله عنه)

ناوی عەونی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبە، واتە ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، لە خاکی حەبەشە لەدایك بوو و لە غەزای خەیبەردا هاودەم بە جەعفەری باوکی گەڕایەوە بۆ مەدینە.[2]

کاتێك لە غەزای موئتەدا جەعفەری باوکی شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ ماڵی جەعفەر، ئەسمائی ژنی جەعفەر دەڵێت جارێك هەویرم شێلا بوو و منداڵەکانم شۆردبوون و ڕۆنم دابوو لە قژیان و پاكو پوختم کردبوونەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لامان و فەرمووی (منداڵەکانی جەعفەرم بۆ بهێنە)، منیش ئەوانم هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) بۆنی ئەوانی دەکرد و فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارەوە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم بۆچی دەگریت، ئایا هیچت سەبارەت بە جەعفەر و هاوەڵانی بیستووە؟ فەرمووی (نعم أصيبوا هذ اليوم)، (بەڵێ ئەمڕۆ کوژران)، ئەسمائی کچی عومەیس دەڵێت منیش هەستام دەستم کرد بە شیوەن و ژنان لە دەورم کۆبوونەوە و پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو بە ژن و خێزانەکانی فەرموو (لا تغفلوا آل جعفر من أن تصنعوا لهم طعاما فإنهم قد شغلوا بأمر صاحبهم)،[3] (بنەماڵەی جەعفەر پشتگوێ مەخەن و چاوتان

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 742.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 744.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26475، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20234، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

لێیان بێت خواردنیان بۆ ئامادە بکەن چونکە ئەوان خۆیان پەشۆکاون بە مردووەکەیانەوە).

کاتێك لە غەزای موئتەدا جەعفەری باوکیان شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو بۆ لایان و سەردانی دەکردن، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) کە چوو بۆ لایان فەرمووی سەرتاشم بۆ بانگ بکەن، سەرتاش هات و سەری چاك کردن، دواتر فەرمووی (موحەممەد لە ئەبووطالیبی مامم دەچێت، عەونیش لە رەوشت و شێوەشدا لە من دەچێت)، دواتر نزای خێری کرد بۆیان، ئینجا دایکیان هات، باسی هەتیوی منداڵەکانی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ترسی سەرپەرشتی ئەوانتە؟ من سەرپەرشتی ئەوانم لە دنیا و ئاخیرەتدا).[1]

عەون لە جەنگی توستوردا شەهید بوو.[2]

## عەووامی کوڕی جوهەیل(رضي الله عنه)

ناوی عەووامی کوڕی جوهەیلی هەمەدانیە، سەرەتا خزمەتکاری پەرستگای یەغووث بوو، عەووام دەڵێت کاتێك خەڵکەکە دەچوونەوە بۆ ماڵەوە، من لە پەرستگای بتەکە دەمامەوە، شەوێك کە رەشەبا و هەورەبرووسکەیەکی زۆر هەبوو خۆم تەنها مابوومەوە، دەنگێکم لە بتەکەوە بیست کە ئەوە یەکەم جار بوو ببیستم دەنگی لێوە بێت، دەنگەکە وتی کوڕی جوهەیل واز لە بتەکان بهێنە، ماڵوێران رووناکیەکی درەوشاوە لە خاکی حەرامەوە دەرکەوت، ئیتر منیش بتەکانم لەبەرچاو کەوتن و ئەو باسوخواسەم لە هاوڕێیانم شاردەوە، کەچی جارێکی تر دەنگم بیست

---

1 - مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 4497، صححه ابن حجر في الإصابة، ج4، ص 744.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 744.

که هانی دەدام بۆ موسڵمان بوون، منیش بتەکەی دەستم فڕێدا و بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ) کەوتمە ڕێ، لە ڕێدا گەیشتم بە کاروانی هەمەدان کە دەچوون بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەویش دڵخۆش بوو و دواتر فەرمووی باسی بکە بۆ موسڵمانان، ئینجا فەرمانی پێکردم بتەکان لەناوببەم، دواتر چوومەوە بۆ یەمەن.[1]

عەیاذی کوڕی عەمر (ﷺ)

ناوی عەیاذی کوڕی عەمرەو خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، عەیياذ دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ جوولەکەیەك قسەی دەکرد، عەباکەی سەرشانی کەوت، جا پێغەمبەر (ﷺ) حەزی نەدەکرد کەس نیشانەکەی سەر پشتی ببینێت، منیش خێرا عەباکەیم دایەوە بەسەر شانیدا، فەرمووی کێ وایکرد؟ وتم من، فەرمووی وەرە بەردەمم، منیش لە بەردەمیدا دانیشتم، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە سەر سەرم و دەستی هێنا بە دەموچاو و سەروسنگمدا و فەرمووی (ئەگەر دەستکەوتم بۆ هات وەرە بۆ لام)، منیش چووم بۆ لای، فەرمانی کرد جوانە وڵاخێکی پێدام.[2]

عەیياشی کوڕی ئەبی رەبیعە(ﷺ)

ناوی عەیياشی کوڕی عەمرەو باوکی بە ئەبوورەبیعە ناسراوە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمان یان ئەبووعەبدوڵایە، لە سەری دایکیەوە برای ئەبووجەهلە،[3] ئەم هاوەڵە لە قوڕەیشیەکانە لە بەنی مەخزووم، ئامۆزای خالیدی کوڕی وەلیدە، یەکێکە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 736-737.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4348.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 342.

لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان،[1] لە کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ مەککە،[2] ئینجا دواتر بەشداری کۆچ بوو بۆ مەدینە، بەڵام ئەبووجەهل لە خشتەی برد و گێڕایەوە بۆ مەککەو بەندی کرد.[3]

عەییاش کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[4]

کاتێك موسڵمانان کۆچیان دەکرد بۆ مەدینە، عومەری کوڕی خەططابیش بڕیاری کۆچی دا، هاودەم بە عەییاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعە کۆچی کرد، عومەر دەڵێت کاتێك ویستم هاودەم بە عەییاشی کوڕی ڕەبیعەو هیشامی کوڕی عاص کۆچ بکەم، وادەمان داناو وتمان هەرکەس دواکەوت ئەوە ڕێی لێگیراوەو ئەوانی تر بڕۆن، بۆ بەیانیەکەی من و عەییاش گەیشتین و هیشام ڕێی لێگیرا، بۆیە کەوتینەڕێ، کە گەیشتینە مەدینە لای بەنی عەمری کوڕی عەوف ماینەوە، ئەبووجەهل و حارثی کوڕی هیشام کە ئامۆزای عەییاش بوون و لە سەری دایکیشەوە برای بوون، هاتن بۆ مەدینەو وتیان ئەی عەیاش دایکت نەزری کردووە شانە نەدات لە سەری و لەبەر خۆردا بمێنێتەوە تا تۆ دەبینێت، منیش زۆر هەوڵم دا بە قسەکانیان لەخشتە نەچێت و نەڕواتەوە، تەنانەت وتم تۆ دەزانیت من زۆر دەوڵەمەندم، نیوەی سامانم بۆ تۆ بەڵام لەگەڵیان مەگەڕێرەوە، بەڵام عەییاش خۆی پێ ڕانەگیرا، منیش وتم هەر دەگەڕێیتەوە دەی ئەو وشترەی من ببە و هەرکات زانیت فێڵت لێ دەکەن خۆت

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 750.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 343.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 750.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 368.

رزگار بکەو وەرەوە، ئەویش وشترەکەی برد و چوو، لە نیوەی رێدا ئەبووجەهل پێی وت براکەم وشترەکەم ناڕوات، بەڵکو لە دوای تۆوە سەرکەوم، بەو فێڵە گرتیان و بەستیانەوەو بردیانەوە بۆ مەککە.[1]

جا پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژەکانیدا قنووتی دەخوێند و نزای بۆ عەییاش دەکرد، لە قنووتەکەیدا دەیفەرموو (خوایە عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە رزگار بکە، خوایە سەلەمەی کوڕی هیشام رزگار بکە، خوایە وەلیدی کوڕی وەلید رزگار بکە).[2]

رایەك دەڵێت لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی پانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت لە جەنگی یەرمووکدا کوژرا.[3]

حەبیبی کوڕی ئەبی ثابت دەڵێت حارثی کوڕی هشام و عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل و عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە لە جەنگی یەرمووکدا بریندار بوون، حارث داوای ئاوی کرد تا بیخواتەوە، کە ئاویان بۆ هێنا، عیکریمە تەماشای ئاوەکەی کرد، کە عیکریمەی بینی وتی ئاوەکە بدەن بە عیکریمە، کە بردیان بۆ عیکریمە، عەییاش تەماشای ئاوەکەی کرد، عیکریمە وتی بیبەن بۆ عەییاش، تا ئاوەکەیان برد بۆ عەییاش وەفاتی کرد، هەرسێیان وەفاتیان کرد و کەسیان لە ئاوەکەی نەخواردەوە.[4]

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 172.
2 - صحيح البخاري، الرقم 975، صحيح مسلم، الرقم 118، صحيح ابن خزيمة، الرقم 592.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 750.
4 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5016، حذفه الذهبي من التلخيص.

## عوبادەی کچی ئەبی نائیلە(رضي الله عنها)

**ناوی عوبادەی کچی ئەبی نائیلەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

## عوبادەی کوڕی خەشخاش (رضي الله عنه)

**ناوی عوبادەی کوڕی خەشخاخە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]**

## عوبادەی کوڕی صامیت (رضي الله عنه)

**ناوی عوبادەی کوڕی صامیتی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، دایکی ناوی قوڕەتولعەینی کچی عوبادەیە، کونیەکەی ئەبووەلیدە، یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[3]**

**عوبادە ژنێکی هەبوو بە ناوی جەمیلە کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی وەلید، ژنێکی تری ناوی ئوممومحەرامی کچی میلحان بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی موحەممەد.[4]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص23.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 623.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 158.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 546.

عوبادە برایەکی هەبوو بە ناوی ئەوس کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[1]

عوبادە یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو لەوێش یەکێك بوو لە دوانزە نەقیبەکە.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، عوبادەی کوڕی صامیت و ئەبی مەرثەدی غەنەوی کرد بە برای یەك.[3]

عوبادە یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[4]

عوبادە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) قورئانیان کۆدەکردەوە و هاوەڵانی ئەهلی صوففەشی فێری قورئان خوێندنەوە دەکرد.[5]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کاتێك موسڵمانان شامیان فەتح کرد، خەلیفە هەریەك لە عوبادەی کوڕی صامیت و موعاذی کوڕی جەبەل و ئەبوودەردائی نارد بۆ شام تا خەڵکی فێری قورئان بکەن وشارەزایان بکەن بە ئیسلام، ئیتر عوبادە لە حیمص مایەوەو دواتر لەوێوە چوو بۆ فەلەسطین، دواتر

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 547.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 546.

3 -أسد الغابة، ج3، ص 158.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 5.

5 - أسد الغابة، ج3، ص 158-159.

لەسەر دەمەقاڵەیەك لەگەڵ موعاویە گەڕایەوە بۆ مەدینە، بەڵام خەلیفە ناردیەوە بۆ شام.[1]

عوبادە یەكەم كەس بوو لە حیمص دادوەریی كرد، یەكەم كەسیش بوو دادوەریی فەلەستینی گرتەئەستۆ.[2]

عوبادەی كوڕی صامیت هاودەم بە ئوممحەرامی ژنی لە غەزا و جیهادی ناو دەریادا بەشداری كرد كە یەكەمجار لەگەڵ موعاویەدا لە سەردەمی عوثمانی كوڕی عەففاندا لە دەریادا جەنگان.[3]

سەبارەت بە كاتی وەفاتی عوبادە، رایەك دەڵێت لە ساڵی چل و پێنجی كۆچیدا وەفاتی كرد، رایەكیش دەڵێت لە ساڵی سی و چواری كۆچیدا بووە،[4] ئیبن ئەثیر دەڵێت راستتر ئەوەیە لە رەملە یان لە بەیتولمەقدیس لە ساڵی سی و چواری كۆچی و لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە.[5]

عوبادە كەسێكی باڵابەرزی زۆر كەشخە بوو.[6]

عوبادەی كوڕی صامیت فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[7]

---

1 - أسدالغابة، ج3، ص 159.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 625.
3 - صحيح البخاري، الرقم 2665.
4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 11.
5 - أسد الغابة، ج3، ص 159.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 160.
7 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 11.

عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەرکەس لە شەودا لەخەو ڕاچڵەکی، بڵێت: لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير ، الحمد لله، وسبحان الله، ولا إله إلا الله، والله أكبر، ولا حول ولا قوة إلا بالله، پاشان بڵێت خوایە لێم خۆش بە یان نزا بکات، ئەوە نزاکەی وەڵام دەدرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژ بگرێت و نوێژ بکات، نوێژەکەی وەردەگیرێت).[1]

عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من أحب لقاء الله أحب الله لقاءه، ومن كره لقاء الله كره الله لقاءه)، (هەرکەس حەز بە دیداری خوا بکات، خواش حەز بە دیداری دەکات، هەرکەسیش ڕقی بێت لە دیداری خوا، خواش ڕقیەتی لە دیداری)، یەکێك لە ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وتی دەی ئێمە ڕقمانە لە مردن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ليس ذاك، ولكن المؤمن إذا حضره الموت بشر برضوان الله وكرامته، فليس شيء أحب إليه مما أمامه، فأحب لقاء الله وأحب الله لقاءه، وإن الكافر إذا حضر بشر بعذاب الله وعقوبته، فليس شيء أكره إليه مما أمامه، كره لقاء الله وكره الله لقاءه)،[2] ئەوە ئەو شتە نیە، بەڵام باوەڕدار کە سەرەمەرگی هات مزگێنی ڕەزامەندی و ڕێزی خوا پێ دەدرێت، ئیتر هیچ شتێك هێندەی ئەوە لای خۆشەویستتر نیە کە لەبەردەمیەتی، ئیتر حەز بە دیداری خوا دەکات و خواش حەز بە دیداری ئەو دەکات، بێباوەڕیش کە سەرەمەرگی هات، موژدەی سزای خوای پێدەدرێت، ئیتر هیچ شتێك لای بێزراوتر نیە لەوەی لەبەردەمیەتی، ئیتر حەز بە دیداری خوا ناکات و خواش حەز بە دیداری ئەو ناکات).

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1116.

2 - صحيح البخاري، الرقم 6151.

عوبادەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عوبادەی کوڕی عەمری کوڕی میحصەنە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بیئر مەعوونەو تیایدا شەهید بوو.[1]

عوبادەی کوڕی قورص(رضي الله عنه)

ناوی عوبادەی کوڕی قورص یان کوڕی قورطە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، عوبادە جارێك بە خەڵکانێکی تابعی وت ئێوە ئەمڕۆ بڕێ کار دەکەن کە ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بە تاوانی گەورەمان دەزانین.[2]

عوبادە لە غەزاوە دەگەڕایەوەو نزیك بوو لە ئەهواز کە دەنگی بانگی بیست، چوو تا نوێژی جەماعەت بکات کە لەلایەن خەواریجەکانەوە لە ئەهواز بەدیل گیرا، جا بەوانی وت ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) رازی بوو پێی ئێوەش پێی رازی بن و لێم وەربگرن کە ئەویش شایەتومانە، بەڵام ئەوان بردیان و کوشتیان، ئەمەش لەساڵی چل و یەکی کۆچیدا بوو.[3]

عوبادەی کوڕی ئەشیەب(رضي الله عنه)

ناوی عوبادەی کوڕی ئەشیەبی عەنەزیە، عوبادە دەڵێت چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووم، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیم کە تیایدا هاتبوو: (بسم الله الرحمن الرحيم، لە پێغەمبەری خواوە بۆ عوبادەی کوڕی ئەشیەبی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 627.

2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 20223.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 627.

عەنەزی، من تۆم کرد بە بەرپرسی هۆزەکەت...) منیش چوومەوە بۆ لای هۆزەکەم و ئەوانیش موسڵمان بوون.[1]

عوبەیدەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی عەبدمەنافە، دایکی ناوی سوخەیلەی کچی خوزاعیە، عوبەیدە نزیکەی دە ساڵ تەمەنی لە پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر بوو، کونیەکەی ئەبووحارث بوو.[2]

موسڵمانبوونی عوبەیدە هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و ئەبووعوبەیدەدا، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات، عوبەیدە هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان و وردەکاریەکانی ئیسلامی خستەڕوو بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[3]

عوبەیدە یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان و پێش ئەوەی بانگەواز بچێتە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە عوبەیدە موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عوبەیدەو عومەیری کوڕی حەممامی ئەنصاریەوە.[4]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4325.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 50.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 8.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 51.

لە شەووالی ساڵی یەکەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) عوبەیدەی کرد بە ئەمیری سریەیەك و ئاڵایەکی سپی دایە دەست و هاودەم بە شەست کەس لە کۆچەران ناردی تا گەیشتن بە ئەبووسوفیان کە نزیکەی دووسەد کەسی لەگەڵ بوو، تیرهاویشتنێك لەنێوانیاندا روویدا و لەوە زیاتر جەنگ روونەدا.[1]

عوبەیدە لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، لە سەرەتای جەنگەکەوە جەنگی رووبەڕوو بوو، عوبەیدەو حەمزەو عەلی کوڕی ئەبووطالیب چوونە پێشەوەو جەنگان، عوبەیدە بەرامبەر بە عوتبە وەستایەوە، هەردوولا یەکتریان بریندار کرد، خێرا حەمزەو عەلی هەڵیانکوتایە سەر عوتبەو کوشتیان، عوبەیدەشیان بە برینداری بردەوە، دواتر خوێنی نەدەوەستا تا لە دە رۆژی کۆتایی رەمەزان و لە ساڵی دووەمی کۆچی لە ناوچەی صەفرائدا وەفاتی کرد.[2]

کاتێك عوبەیدە شەهید بوو تەمەنی نزیکەی شەست و سێ ساڵ دەبوو.[3]

عوبەیدەی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدەی کوڕی رەبیعەی کوڕی جوبەیرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 7.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 256.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 51.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 426.

عوبەیدوڵای سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدوڵای سولەمیەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە و دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن الله أعطاكم عند وفاتكم ثلث أموالكم زيادة في أعمالكم).[1]

عوبەیدوڵای کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدوڵای کوڕی سوفیانی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیە، لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

عوبەیدوڵای کوڕی عەبباس(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدوڵای کوڕی عەباسی کوڕی عەبدولموطەلیبە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کونیەکەی ئەبوو موحەممەدە، لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا (ﷺ) تەمەنی نزیکەی دوانزە ساڵان بوو، عەبباسی باوکی مامی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و پێشتریش ژیانی عەبباسمان باس کردووە.[3]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4073.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 541.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 397-398.

## عوبەیدوڵای کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدوڵای کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

## عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمیە، خالید دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان دوو کەسەوە، ئەوەبوو یەکێکیان پێش ئەوی تریان مرد، ئێمەش نوێژمان لەسەر کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چیتان وت؟ وتمان نزامان بۆ کرد و وتمان خوایە لێی خۆش بەو بیگەیەنە بە هاوەڵەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی نوێژەکەی ئەو دوای نوێژی ئەو چی و کردەوەکەی پاش کردەوەکەی ئەو چی، نێوانی ئەو دوانە وەك نێوانی ئاسمان و زەوی وایە).[2]

## عوبەیدی کوڕی خالیدی موحاریبی (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی خالیدی موحاریبیە، عوبەید دەڵێت لە مەدینەدا دەچووم بە ڕێدا کە کەسێك وتی (ارفع إزارك، فإنه أبقى وأتقى)، جلەکەت لە قولەپێت بەرزتر بکەرەوە، چونکە ئەوە باشتر دەمێنێتەوەو بۆ تەقوا باشترە، منیش لامکردەوە تەماشام کرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 400.

2 - سنن أبي داود، الرم 2175، السنن الصغرى للنسائي، الرقم 1969، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2524.

عەبایەکی خەتخەتی رەش و سپیە، ئەویش فەرمووی (ئایا من بە پێشەنگ نازانیت؟) سەیری عەباکەیم کرد لە خوارووی ئەژنۆیدا بوو.[1]

عوبەیدی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی زەیدی کوڕی عامیری کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە خەزرەجیەکانە لە زورقیەکان، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[2]

عوبەیدی کوڕی زەیدی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی زەیدەو لە پشتیوانانە، ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومموئەنەس، ئەم هاوەڵە لە غەزای حونەیندا شەهید بوو.[3]

عوبەیدی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی عەمری کیلابیە، عوبەید دەڵێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی دەستنوێژی دەگرت.[4]

عوبەیدی کوڕی موحەممەد(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی موحەممەدی موعافیریەو کونیەکەی ئەبووئومەییەیە، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا تا بەشداری فەتحی میصری کرد.[5]

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9356، مسند احمد بن حنبل، الرقم 22474، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الضعيفة، الرقم 1857.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 558.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 412.

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4281.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 417.

عوبەیدی کوڕی موراویح(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی موراویحی موزەنیە، عوبەید دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە بەقیع دابەزی و خەڵکی دەترسان دوژمن شالاوی کتوپڕ ببات، بانگدەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) هاواری کرد الله اکبر، منیش وتم ناوێکی گەورەت برد، ئینجا وتی اشهد أن لا اله الا الله، وتم ئەمانە شتێکیان لایە، بۆیە چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سەبارەت بە ئیسلام پرسیارم لێکرد، لەوێ موسڵمان بووم، پێغەمبەر (ﷺ) فێری دەستنوێژی کردم و نوێژی کردو منیش لە دوایەوە نوێژم کرد.[1]

عوبەیدی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی ئەوسی کوڕی مالیکە، کونیەکەی ئەبوونوعمانە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عوبەیدی کوڕی ئەوسی ئەشهەلی (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج2، ص 186.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 453.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 408.

عوبەیدی کوڕی تیهان (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی تیهانە و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

عوبەیدی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزا بەدر.[2]

عوبەیدی کوڕی حوذەیفە(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی حوذەیفەی کوڕی غانیمی قورەیشی عەدویە، کونیەکەی ئەبوجوهمەو زیاتر بەو کونیەی ناسراوە، رایەکیش دەڵێت ناوی عامیرە، یەکێك بوو لە پیاوماقووڵانی ناو قورەیش، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە.[3]

باسی لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە پەیوەندی هەیە بە کوردەوە، فەرموودەکەش بریتیە لە:

عن عائشة قالت: صلى رسول الله (ﷺ) في خميصة لها أعلام، فقال: شغلتني أعلام هذه، اذهبوا بها إلى أبي جهم، وأتوني بأنبجانيته، وأخذ كرديا كان لأبي جهم)،[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 408.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 408.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 71.

4 - سنن أبي داود، كتاب الصلاة، باب النظر في الصلاة، الرقم 793، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 915.

(عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە جلێکی ڕەشەوە نوێژی دەکرد کە بڕێك گوڵنك و شتی پێوە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەم گوڵنك و شتانەی ئەم جلەم لە نوێژەکەم سەرقاڵم دەکەن، ئەمە ببەن بۆ ئەبوو جەهم و ئینبیجانیەتەکەی ئەوم بۆ بهێنن، ئەوەبوو جلێکی کوردی ئەبوو جەهمی کردەبەری).

وشەی ئینبیجانیەت وا پێناسەی هاتووە کە جلێکی لە خوری دروست کراو و زۆر زبرە،[1] بەو پێیە بێت دەبێت ئەو جلەی پێغەمبەر (ﷺ) پۆشیویەتی جلێکی وەك شاڵ بووبێت.

عوبەیدی کوڕی سەکەن (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی سەکەنە، واقیدی هێناویەتی کە ئەم هاوەڵە لە بەشداربوانی غەزای بەدرە.[2]

عوبەیدی کوڕی سولەیم (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی سولەیمەو بە ئەبووعامیری ئەشعەری ناسراوە، مامی ئەبوو مووسای ئەشعەریە، ئەم هاوەڵە هەرزوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر بەشدار بوو لە کۆچکردن بۆ حەبەشەدا.[3]

1 - النهاية في غريب الحديث و الأثر، المكتبة العلمية(بيروت – 1979)، ج1، ص 73.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 412.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 252.

بەڵام لە بەسەرهاتی کۆچی ئەبوومووسای ئەشعەریەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆچەکەی ئەبووعامیریش بۆ حەبەشە چۆن بووە:

ئەبوومووسای ئەشعەری هاودەم بە براکانی و ژمارەیەك لە ئەشعەریەکان هاتە مەککەو لەوێ لەگەڵ ئەبووئوحەیحە هاوپەیمانی بەست، دواتر لەوێ موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو نەچوو بۆ حەبەشەو گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆی و دواتر هاودەم بە براکانی کە هات بەرەو مەدینە، لە رێدا گەیشت بەو کۆچەریانەی لە حەبەشەوە دەگەڕانەوەو دەهاتن بۆ مەدینە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ناوچەی خۆیانەوە هاودەم بە پەنجا کەس لە ئەشعەریەکان بەرەو مەدینە دەچوون، بە کەشتیەك چوون، بەڵام رەشەبا کەشتیەکەی بەرەو حەبەشە بردن، ئەوانیش هاودەم بە جەعفەر و یارانی گەڕانەوە بۆ مەدینە.[1]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای حونەین بوویەوە، ئەبووعامیری بە سوپایەکەوە نارد بۆ ئەوطاس، منیشی لەگەڵ ئەبوو عامیردا نارد، ئەبووعامیر کە گەیشت بە دورەید خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە ئەبووعامیر و دورەید کوژرا و هاوەڵانی شکان، بەڵام تیرێك بەر ئەبووعامیر کەوت، منیش خۆم گەیاندە لای و وتم مامەگیان کێ تیری لێدایت؟ ئەویش ئاماژەی کرد بۆ کەسێك و وتی ئەو منی کوشت، منیش کەوتمە شوێنی و خۆم گەیاند پێی و دەموت شەرم ناکەیت رادەکەیت؟ ئەویش وەستا و جەنگاین و من ئەوم کوشت، دواتر بە ئەبوو عامیرم وت خوای گەورە ئەو کەسەی کوشت، ئەبوو عامیر وتی دەی ئەو تیرە لاببە، منیش تیرەکەم لابرد، وتی برازا گیان سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەر (ﷺ) و

---

1 - أسد الغابة، ج3،ص 376.

پێی بڵێ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، ئینجا منی کرد بە بەرپرسی خەڵکەکە، دوای ماوەیەکی کەم ئەبوو عامیر وەفاتی کرد، منیش گەڕامەوەو چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لەسەر راخەرێکی لە دارگەڵا ساز دراو راکشابوو و شوێنەواری چنراوی راخەرەکە بەسەر پشت و لاکانیەوە بوو، بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی گرت و دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی (خوایە لە عوبەید ئەبی عامیر خۆش بە) منیش سپیایی بنباڵیم دەبینی، ئینجا نزای تری کرد و فەرمووی (خوایە لە رۆژی دواییدا لە سەرووی زۆرێك لەو خەڵکە دروستکراوەی خۆتەوە دایبنێ)، منیش وتم نزای لێخۆشبون بۆ منیش بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (خوایە لە تاوانی عەبدوڵای کوڕی قەیس خۆش بە و رۆژی دوایی جێ و مەقامێکی رێزداری پێ ببخەشە).[1]

## عوبەیدی کوڕی عازب(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی عازبە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برای بەڕائی کوڕی عازبە.[2]

هەریەك لە عوبەید و ئەوس و عازبی باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4078، صحيح مسلم، الرقم 4658، صحيح ابن حبان، الرقم 7305، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8508، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7148.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 414.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

براکانی تری بریتی بوون لە یوونس و عازب و یەحیا، خوشکێکیشی هەبوو بەناوی ئوم عەبدوڵا.[1]

عوبەید لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا یەکێك بوو لەو دە هاوەڵەی کە خەلیفە ناردنی بۆ کووفە تا دین فێری خەڵکەکە بکەن.[2]

عوبەید لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە جەنگەکانی جەمەل و صفین و نەهرەواندا لەگەڵ بەرائی برایدا لە سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری کرد.[3]

## عوبەیدی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی مەسعوودی ساعیدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[4]

## عوبەیدی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص365.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة ، ج4، ص 414.
3 - أسد الغابة، ج1، ص258.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 418.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 420.

عوبەیدی کوڕی یاسر (رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی یاسرەو هاودەم بە کەسێکی تر هاتە خزمە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەسپێکی بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[1]

عوبەیدی کوڕی ئەبی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی ئەبی عوبەیدە، لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەقیشدا بەشداری کرد.[2]

عوەیفی کوڕی ئەضبە ط(رضي الله عنه)

ناوی عوەیفی کوڕی ئەضبە طە، لە ساڵی رێککەوتنی حودەیبیەدا موسڵمان بووە و بۆ ساڵی دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ عومرە ئەوی لە مەدینە جێهێشت.[3]

عوەیمی کوڕی ساعیدە(رضي الله عنه)

ناوی عوەیمی کوڕی ساعیدەی کوڕی عائیشە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزاکانی بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) وەفاتی کرد،[4] بەڵام لە گێڕانەوەی صەحیحدا هاتووە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاوە.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 421.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة ، ج4، ص 415.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 745.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 745.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3815.

عوەیمیرەی کچی عوەیم (رضي الله عنها)

ناوی عوەیمیرەی کچی عوەیمە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

عوەیمیری کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عوەیمیری کوڕی عامیر یان کوڕی مالیك یان کوڕی ثەلەبەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبوودەردائە، پێش موسڵمانبوونی سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو، دواتر وازی لێهێنا، لە رۆژی غەزای بەدردا موسڵمان بوو، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و رۆڵی کارای تێدا بینی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (عوەیمیر سوارێکی زۆر چاکە).[2]

عوەیمیر لە پێش موسڵمانبوونی لە ماڵەوە بتێکی هەبوو کە پەڕۆیەکی بەسەردا دەدا، عەبدوڵای کوڕی رەواحەش بانگهێشتی عوەیمیری دەکرد بۆ ئیسلام، بەڵام ئەو موسڵمان نەدەبوو، جارێك عەبدوڵا چوو بۆ ماڵەوە دەبینێت عوەیمیر لە ماڵەوە نیە، لە ژنەکەی هەواڵی پرسی، ئەویش وتی چوویە دەرەوە، عەبدوڵا چوویە ژووری بتەکەی و بتەکەی پارچەپارچە کرد، ژنەکەشی گوێی لێ بوو کە عەبدوڵا بتەکەی دەشکاند، وتی کوڕی رەواحە ماڵوێرانت کردین، ئینجا عەبدوڵا چوویە دەرەوە، عوەیمیر هاتەوە ماڵەوەو بینی ژنەکەی دانیشتووە دەگری، وتی چی بووە؟ ئەویش وتی عەبدوڵای برات هات و بتەکەی شکاند، عوەیمیر زۆر تووڕە بوو و دواتر

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 43.
2 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 747.

بیری کردەوەو وتی جا ئەو بتە سوودی هەبوایە بەرگری لە خۆی دەکرد، ئەوەبوو هاودەم بە عەبدوڵای برای چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

عوەیمیر دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەردا موعاویەی والی شام ئەوی کرد بە دادوەری دیمەشق، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[2]

## عوەیمیری عەجلانی (رضي الله عنه)

ناوی عوەیمیری کوڕی ئەبیەضی عەجلانیە، جارێك عوەیمیر چوو بۆ لای عاصیمی کوڕی عەددی و وتی راتان چیە لەگەڵ پیاوێك بڕواتەوە ماڵ و ببینێت پیاوێ لەگەڵ ژنەکەیەتی؟ ئایا بیکوژێت و ئێوەش بیکوژنەوە، یان چی بکات؟ لای پێغەمبەر (ﷺ) لەو بارەوە پرسیارم بۆ بکە، عاصیمیش چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێکرد، ئەویش مەسەلەکەی پێ خۆش نەبوو، عوەیمیر وتی عاصم چیت کرد؟ ئەویش وتی پێغەمبەر (ﷺ) حەزی بە مەسەلەکە نەکرد، دواتر عوەیمیر وتی بەخوا خۆم پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم، بۆیە چوو و پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)،پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوای گەورە سەبارەت بە تۆ و هاوەڵەکەت ئایەتی دابەزاند)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد مولاعەنە پەیڕەو بکات، دواتر عوەیمیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ئەو ئافرەتە بهێڵمەوە ستەمی لێدەکەم، بۆیە ژنەکەی تەڵاق دا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بزانن ئەگەر ئافرەتەکە منداڵێکی رەشەڵانەی چاو گەورەو چاورەشی سمت گەورەی ران و بازوو

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5422، حذفه الذهبي من التلخيص.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 747.

پڕی بوو ئەوە عوەیمیر راستی وتووە، ئەگەریش منداڵێکی سوورکەڵانەی بوو ئەوە وای دەبینم عوەیمیر درۆی کردووە بەرامبەری)، ئەوەبوو کە منداڵەکەی بوو وا دەرچوو کە عوەیمیر راستی وتبێت.[1]

## عوتبەی کوڕی سەلامە (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی سەلامە یان کوڕی سالیمی کوڕی سەلەمەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

## عوتبەی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی صەخرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

## عوتبەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی عەمری کوڕی جەروەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4475.
2 - الإصابة في تميز الصحابة، ج4، ص 435.
3 - الإصابة في تميز الصحابة، ج4، ص 436.
4 - الإصابة في تميز الصحابة، ج4، ص 437.

عوتبەی کوڕی غەزوان (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوری غەزوانی کوڕی جابیرە، یەکێکە لە دەەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێوە گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە.[1]

عوتبە کەسێکی باڵابەرز و زۆر کەشخە بوو، هەروەها تیرهاوێژێکی ناسراوی نێو هاوەڵان بوو.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عوتبەو ئەبوودوجانەوە.[3]

عوتبە لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[4]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفە، عوتبەی کرد بە والی بەصرە، ماوەی شەش مانگ لەوێ والی بوو، دواتر هات بۆ مەدینە بۆ لای خەلیفە تا دەرفەتی بدات واز لە پۆستەکەی بهێنێت، بەڵام خەلیفە رازی نەبوو و گێڕایەوە بۆ بەصرە، ئەوەبوو لە بەصرەو لە ساڵی حەڤدەی کۆچی و لە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵیدا وەفاتی کرد.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 438.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 99.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 99.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 438.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 99.

کاتێك خەلیفە نەیهێشت واز لە پۆستەکەی بهێنێت، عوتبە خەفەتی پێ خوارد و وتی خوایە نەمگێڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکە، ئەوەبوو پێش ئەوەی بگاتەوە بەصرە لە شوێنێك کە پێی دەوترێت مەعدەن بەنی سولەیم وەفاتی کرد.[1]

خالیدی کوڕی عومەیر دەڵێت عوتبەی کوڕی غەزوان وتاری بۆ دەداین و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی: دنیا وا بەرەو دابڕان دەڕوات و خەریکە ئاوا دەبێت و هێندەی بەرماوەی ئاوی ناو قاپێکی نەماوە، ئێوە لەم دنیاوە بەرەو دنیایەکی بێ کۆتا دەڕۆن، دەی تا دەتوانن خێر لەگەڵ خۆتان هەڵگرن، چونکە بۆمان باسکراوە بەردێك دەخرێتە لێواری دۆزەخەوەو ماوەی حەفتا ساڵ ئەو بەردە رۆدەچێت هێشتا ناگاتە بنەکەی، بەخوا دۆزەخیش پڕ دەکرێتەوە، سەرتان سوڕدەمێنێت؟ بۆمان باسکراوە نێوانی دوو لای دەرگای بەهەشت چل ساڵە رێیە، رۆژێ دێت ئەو بەردەرگایە قەرەباڵغ دەبێت و رێ نیە بچیتە ژوورەوە، من حەوتەم موسڵمان بووم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) و هیچ خواردنێ نەبوو بیخۆین تەنها گەڵای دار نەبێت تا ئەوەی لێوەکانمان قڵیشابوون، عەبایەکم هەبوو لە نێوان خۆم و سەعدی کوڕی مالیکدا لەتم کرد و نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ ئەو بوو، کەچی دواتر هەریەکەمان بووین بە ئەمیری ناوچەیەك، پەنا دەگرم بەخوا لەوەی خۆم لا گەورە بێت و لای خوا بچووك بم.[2]

1 - أسد الغابة، ج3، ص 585.

2 - صحيح مسلم، الرقم 5379، صحيح ابن حبان، الرقم 7228.

عوتبەی کوڕی فەرقەد (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی فەرقەدی کوڕی یەربووعی سولەمیە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر، لە دوو غەزادا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد.[1]

عوتبە دواتر چوو بۆ ئازەربایجان و لەوێوە بۆ کووفە و لەوێ مایەوە تا وەفاتی کرد.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا عوتبە کاربەدەست بووە، چونکە بەسەرهاتی هاتووە کە کابرایەك لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو عوتبەش ئەوی ناردووە بۆ لای خەلیفە و نامەیەکیشی بۆ روونکردنەوەی مەسەلەکە ناردووە.[3]

جارێك عوتبە نەخۆش بوو، عەرفەجە دەڵێت چووین بۆ سەردانی و لەلای باسی رەمەزانمان کرد، وتی باسی چی دەکەن؟ وتمان باسی رەمەزان دەکەین، وتی من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (تفتح فيه أبواب الجنة، وتغلق فيه أبواب النار، وتغل فيه الشياطين، وينادي مناد كل ليلة: يا باغي الخير هلم، ويا باغي الشر أقصر)،[4] (تیایدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوەو دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 439.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 439.

3 - تهذيب الآثار للطبري، الرقم 1380.

4 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2388، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18412، مسند ابن أبي شيبة، الرقم 943، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 2107.

و شەیتانەکان کۆت دەکرێن و هەموو شەوێك هاوارکەرێك هاوار دەکات ئەی خوازیاری خێر وەرە و ئەی خوازیاری خراپە دەست هەڵگرە).

عوتبەی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی مەسعوودەو برایەکی هەبوو بەناوی عەبدوڵا کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

عوتبە یەکێك بوو لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، جا رایەك دەڵێت لە حەبەشە مایەوە تا هاودەم بە جەعفەری مامی پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو زووتر گەڕایەوەو کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە غەزای ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[1]

دواجار عوتبە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد، جا عەبدوڵای برای زۆر بۆی گریا، پێی وترا ئەوە دەگریت؟ وتی بەڵێ، ئەو برای خوێنیم بوو، هاوەڵم بوو لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و خۆشەویستترین کەس بوو لام لە عومەر نەبێت.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 440.
2 - أسدالغابة، ج3، ص 589.

عوتبەی کوڕی نوددەر (رضي الله عنه)

**ناوی عوتبەی کوڕی نوددەری سولەمیە، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و بەشداری کرد لە فەتحی میصردا و لەوێ ژیا تا لە ساڵی هەشتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]**

عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەب(رضي الله عنه)

**ناوی عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەبە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، عوتبە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین و تیایدا یەکێك بوو لەوانەی لەکاتی بڵاوەکردنی موسڵماناندا لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو خۆڕاگری کرد، عوتبە هەر لە مەککە ژیا تا وەفاتی کرد.[2]**

عوتبەی کوڕی ئەسید(ئەبووبەصیر) (رضي الله عنه)

**ناوی عوتبەی کوڕی ئەسیدی کوڕی جاریەیە، کونیەکەی ئەبووبەصیرەو زیاتر بەو کونیەی ناسراوە.[3]**

**ئەبووبەصیر لە مەککە موسڵمان بووبوو، بەڵام کۆچی نەکردبوو بۆ مەدینە، جا کاتێك رێککەوتنی حودەیبیە کرا، ئەبووبەصیر کۆچی کرد بۆ مەدینە و چو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، قورەیشیەکانیش دوو کەسیان نارد بۆ مەدینە تا بەپێی رێککەوتنەکە**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 441.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 440.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 433.

ئەبووبەصیر وەربگرنەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئەبووبەصیری تەسلیم کردەوە، ئەو دوانە ئەبووبەصیریان برد تا گەیشتنە ذیلحولەیفە، دانیشتن تا بڕێك خورما بخۆن، ئەبووبەصیر بە یەکێك لەو دوانەی وت بەخوا فلانە کەس شمشێرەکەت زۆر چاکە، ئەویش شمشێرەکەی لە کالان دەرکرد و وتی بەڵی وایە بەخوا زۆر چاکە، چەند جار تاقیم کردووەتەوە، ئەبووبەصیر وتی ئادەی با ببینم، ئەویش شمشێرەکەی پێدا، ئەبووبەصیر خێرا کوشتی، کابرای تریش رایکرد بۆ مەدینە و بە پەلە خۆی کرد بە مزگەوتدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەم کابرا ترس گرتوویەتی)، کە کابرا گەیشتە لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی بەخوا هاوەڵەکەم کوژرا و منیش دەکوژێت، ئینجا ئەبووبەصیر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوا پەیمانەکەی تۆی بردەسەر و تۆ منت گێڕایەوە بۆیان، دواتر خوا منی لە دەستیان رزگار کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ویل أمه مسعر حرب، لو كان له أحد)، (هاوار بۆ دایکی چ جەنگ هەڵگیرسێنێکە ئەگەر کەسێکی بۆ ببوایە)، ئەبووبەصیر کە ئەوەی بیست زانی پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی دەیداتەوە بە قورەیشیەکان، بۆیە چوو و تا خۆی گەیاندە کەنار دەریا، دوای ئەوە ئەبووجەندەلی کوڕی سوهەیلیش لە مەککە موسڵمان بوو و خۆی گەیاند بە ئەبووبەصیر،[1] نزیکەی حەفتا کەسی لەگەڵ بوو کە چوون بۆ لای ئەبووبەصیر، دواتر کە هەواڵی چوونی ئەبووجەندەل بڵاوبوویەوە، هەندێ لە غیفاریەکان و ئەسلەم و جوهەینەو خەڵکێکی تریش چوونە پاڵیان تا ژمارەیان گەیشتە نزێکەی سێ سەد جەنگاوەر،[2] ئیتر هەر قورەیشیەك موسڵمان دەبوو خۆی دەگەیاند بە

1 - صحيح البخاري، الرقم 2601، صحيح ابن حبان، الرقم 4950، السننالكبرى للبيهقي، الرقم 17483، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18540، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16840.

2 - تاريخ مدينة دمشق، ج25، ص 300.

ئەبووبەصیر تا بوون بە دەستەیەك و هەر كاروانێكی قورەیشیان بەدی بكردایە ڕێیان پێ دەگرت و دەیانكوشتن و سامانەكەیان دەبردن، قورەیش ناچار نێردراویان نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و تكایان لێكرد و وتیان هەركەس هات بۆ لات با بمێنێتەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەصیر و هاوەڵانی، خوای گەورەش ئایەتی دابەزاند(وَهُوَ ٱلَّذِى كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنۢ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٢٤﴾ هُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْهَدْىَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُۥ ۚ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَـُٔوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ لَوْ تَزَيَّلُوا۟ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٢٥﴾ إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ) الفتح: ٢٤ – ٢٦)،[1] لە نامەكەیدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كردبوو بە ئەبووبەصیر و ئەبووجەندەل هاودەم بە هاوەڵەكانیان بچن بۆ مەدینە و ئیتر ڕێ نەگرن بە كاروانی قورەیشیەكان،[2] كاتێك نامەكەی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە لای ئەبووبەصیر، ئەبووجەندەل نامەكەی دەخوێندەوەو ئەبووبەصیریش نەخۆش بوو و وەفاتی كرد، ئەبووجەندەل لەوێ نوێژی لەسەر كرد و ئەسپەردەی كرد و لەسەر گۆڕەكەشی مزگەوتێكی دروست كرد.[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2601، صحيح ابن حبان، الرقم 4950، السننالكبرى للبيهقي، الرقم 17483، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18540، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16840.

2 - تاريخ مدينة دمشق، 25، ص 300.

3 - أسد الغابة، ج6، ص 40.

لەو ماوەدا کە ئەبووبەصیر لەوێ بوو، جارێك کاروانێکی قوڕەیشیەکان هاتن کە ئەبولعاصی زاوای پێغەمبەری خوایان (ﷺ) تێدا بوو و موسڵمان نەبووبوو، ئەبووبەصیر هەموویانی گرت و چی سامانیان هەبوو لێی وەرگرتن، دواتر ڕێی دا ئەبولعاص بڕوات و ئەبولعاصیش چوویە مەدینە، ئەوکات زەینەبی خێزانی کە کچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە مەدینە بوو، زەینەب پەنای ئەبولعاصی داو پێغەمبەریش (ﷺ) ڕاوێژی کرد بە هاوەڵان ئایا ئێوەش پەنای دەدەن؟ هاوەڵانیش ڕازی بوون، دواتر کە ئەبووبەصیر هەڵوێستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەو بارەوە بینی، دیلەکانی تری ئازاد کرد و چی لێ وەرگرتبوون هەمووی پێدانەوە.[1]

## عوتبەی کوڕی ڕەبیع(رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، لە پشتیوانانە لە خودریەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[2]

## عوتبەی کوڕی سالیم (رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی سالیمی عەدویەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك چوویە خزمەتی تەمەنی کەم بوو و تازە مووی کردبوو، لە ئاوی زیادەی دەستنوێژی پێغەمبەر (ﷺ) دەستنوێژی گرت، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد.[3]

1 - تاريخ مدينة دمشق، ج67، ص 15.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 434.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3049.

عوتەیبە (رضي الله عنه)

ناوی عوتەیبەیەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، ئەبووئەعلەبە دەڵێت جارێك لە دوای پێغەمبەری خواوە (ﷺ) نوێژمان دەکرد کە کابرایەك هاتە ژوورەوەو لە ریزدا وەستا و الله اکبری کرد و وتی سبحانك اللهم و بحمدك، پێغەمبەر (ﷺ) دواتر فەرمووی ئەوە کێ بوو کەمێ پێش ئێستا ئەو قسەی کرد؟ کابرایەك لە پشتیوانان کە ناوی عوتەیبە بوو هەستا وتی من بووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما خرج آخرها من فيك، حتى رأيت اثني عشر ملكا يبتدرها أيهم يكتبها)،[1] (هێشتا تەواوت نەکردبوو کە بینیم دوانزە فریشتە کێبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان بینووسن).

عوثمانی کوڕی حونەیف (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی حونەیفە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووعەمر یان ئەبوو عەبدوڵایە، برایەکی هەبوو بە ناوی سەهل[2] کە پێشتر لە پیتی (س) دا بەسمان کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بەڵام سەبارەت بە غەزای ئوحود هەموو یەکدەنگن کە تیایدا بەشدار بووە.[3]

عوثمانی کوڕی حونەیف دەڵێت کابرایەك کە بینایی لەدەست دابوو هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی نزام بۆ بکە خوا شیفام بدات، پێغەمبەریش (ﷺ)

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيمالأصبهاني، الرقم 5032.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 597.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 449.

فەرمووی (ئەگەر بتەوێت نزات بۆ دەکەم، ئەگەریش بتەوێت خۆڕاگر بیت ئەوە بۆت باشترە، بەڵام کابرا نزاکەی داوا کرد.[1]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفەو پاش فەتحی کووفە، خەلیفە عوثمانی نارد بۆ پێوانەی خاکی عێراق و ئەویش ئەرکەکەی بە جوانی بەجێگەیاند.[2]

کاتێك عەلی کوڕی ئەبوطالیب بوو بە خەلیفە، عوثمانی کوڕی حونەیفی وەك والی بەصرە دانا، دواتر کە طەلحەو زوبەیر هاتن خەریك بوو جەنگ لەنێوانیاندا روودات، هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتن بوەستن تا عەلی کوڕی ئەبووطالیب دێت،[3] بەڵام لە دوای رووداني جەنگی جەمەل خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوطالیب ئیبن عەبباسی دانا بۆ والیەتی بەصرە و عوثمان چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[4]

## عوثمانی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی رەبیعەی کوڕی ئوهبانی جومەحیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی مەککەو بەشدار بوو لە کۆچی حەبەشەدا.[5]

---

1 - سنن الترمذي، الرقم 3589، سنن ابن ماجة، الرقم 1381، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10094، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن الترمذي، الرقم 3578.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 597.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 58.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 597.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 449.

## عوثمانی کوڕی طەلحە (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی طەلحەی کوڕی عەبدوڵایە، دایکی ناوی ئومموسەعیدی کچی ئەوسە، طەلحەی باوکی لە جەنگی ئوحوددا کوژرا، پاش رێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو و هاودەم بە خالیدی کوڕی وەلید کۆچی کرد بۆ مەدینەو دواتر لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد،[1] پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کرد بە عوثمان تا کلیلی کەعبە بهێنێت،[2] کلیلەکەش لای دایکی بوو، عوثمان چوو وتی کلیلەکەم بدەرێ، دایکی رازی نەبوو، عوثمان وتی بەخوا یان ئەو کلیلەم پێدەدەیت یان ئەم شمشێرە دەکەم بە سکمدا تا لەودیومەوە دەردەچێت، ئیتر دایکی کلیلەکەی پێدا، ئەویش کلیلی کەعبەی هێنا و دەرگاکەیان کردەوە،[3] عوثمان دواتریش لە مەدینە مایەوە، رایەك دەڵێت لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو هەر لە مەدینە مایەوە تا لە ساڵی چل و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد، ئەمەشیان راستە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 450.
2 - صحيح البخاري، الرقم 2847.
3 - صحيح مسلم، الرقم 2434.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 450.

عوثمانی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی عامیری کوڕی عەمری کوڕی قورەیشی تەیمیە، بە ئەبوو قوحافە ناسراوە، باوکی ئەبووبەکری صدیقی خەلیفەی یەکەمی موسڵمانانە، دایکی ناوی ئامینەی کچی عەبدولعوززایە.[1]

کاتێك فەتحی مەککە کرا، ئەبووبەکر چوو باوکی هێنا بۆ مزگەوت، کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بینی، فەرمووی با وازت لەو پیرە بهێنایە لە ماڵ بوایە تا من بچوومایە بۆ لای، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو شیاوترە بێت بۆ لات نەك تۆ بچیت بۆ لای، ئەوەبوو باوکی لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشاند، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سنگیداو پێی فەرمو موسڵمان بە، ئەویش موسڵمان بوو، ئەوەبوو دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد رەنگی سپی سەری ئەبووقوحافە بگۆڕن.[2]

ئەبووقوحافە لە ساڵی چواردەی کۆچی و لە تەمەنی نەوەدو حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 452.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4309، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26353، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20096، حسنه شعيب الأرناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 453.

عوثمانی کوڕی عەبدغەنەم (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی عەبدغەنەمی کوڕی زوهەیری قوڕەیشی فەهریە، لە مەککە موسڵمان بوو، لە کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد و لەوێ مایەوە تا لە غەزای خەیبەردا هاودەم بە جەعفەری مامی پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە.[1]

عوثمانی کوڕی عەففان (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی عەففانی کوڕی ئەبیلعاصی کوڕی ئومەییەی قوڕەیشی ئومەویە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڵا یان ئەبووعەمرە.[2]

پێی دەوترا ذیننورەین واتە خاوەن دوو ڕووناکیەکە، ئەمەش لەبەرئەوەی دووو کچی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بەهاوسەر گرتبوو، ئەم فەزڵەش تەنها بۆ عوثمان بووە کە دوو کچی پێغەمبەرێکی خوا یەك دوای یەك بەهاوسەر بگرێت.[3]

دایکی ناوی ئەروای کچی کورەیزە.[4]

عوثمان شەش ساڵ پاش ساڵی فیل لەدایك بوو، واتە تەمەنی لە پێغەمبەر (ﷺ) کەمتر بوو.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 455.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 606.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 347.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 53.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 456.

ژن و منداڵەکانی:

روقییەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەری عوثمانی کوڕی عەففان بوو، سەرەتا روقییە هاوسەری کوڕێکی ئەبوو لەهەب بوو کە ناوی عوتبە بوو، ئەمەش پێش ماوەی پێغەمبەرایەتی بوو، بەڵام کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سروشی بۆ هات و ئەبوولەهەب دژایەتی کرد، فەرمانی کرد بە کوڕەکەی تا روقییە تەڵاق بدات، ئەوکات هێشتا روقییە نەگوازرابوویەوە، ئەوەبوو تەڵاقی دا، دواتر عوثمانی کوڕی عەففان روقییەی بەهاوسەر گرت و لەگەڵیدا خۆشی و ناخۆشیەکانی بەشکرد، پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو پێکەوە گەڕانەوەو کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لە مەدینەش تا وەفاتی روقییە عوثمان هەر لە لای روقییە بوو.[1]

روقییە لە عوثمانی کوڕی عەففان کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، بەڵام ئەو کوڕەی مرد و ئیتر دوای ئەوە روقییە منداڵی تری نەبوو،[2] عەبدوڵای کوڕی تەمەنی گەیشتبوویە شەشساڵان کە کەڵەشێرێك دەنووکی دا لە دەموچاوی و مرد.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ غەزای بەدر روقییە نەخۆش بوو، بۆیە عوثمانی کوڕی عەففان لای روقییەی خێزانی مایەوە، ئەو رۆژەی زەیدی نێردراوی پێغەمبەر (ﷺ) بە موژدەوە هاتەوە بەرەو مەدینە تا هەواڵی سەرکەوتنی بەدر بدات روقییە کۆچی دوایی کرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648-649.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648-649.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 251.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 649.

ئوممو‌کلثومی کچی پێغەمبەر (ﷺ) کە لە روقییەی خوشکی بچووکتر بوو و دوای مردنی روقییەی خوشکی، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی مارە کرد لە عوثمانی کوڕی عەففان، بەڵام ئەمیش لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد و باوکی (پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)) نوێژی لەسەر کرد.[1]

ژنێکی تری پاش وەفاتی هەردوو کچی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی فاخیتەی کچی غەزوان بوو کە عەبدوڵا ئەصغەری لێ بوو، ژنێکی تری ناوی ئوممو‌عەمری کچی جوندوب بوو کە عەمر و خالید و ئەبان و عومەر و مەریەمی لێ بوو، ژنێکی تری ناوی فاتیمەی کچی وەلید بوو کە سەعید و ئوممو‌سەعیدی لێ بوو، ژنێکی تری ناوی ئوممولبەنین بوو کە عەبدولمەلیکی لێ بوو، ژنێکی تری ناوی رەملەی کچی شەیبە بوو کە عائیشەو ئوممو‌ئەببان و ئوممو عەمری لێ بوو، ژنێکی تری ناوی نائیلە بوو کە مەریەمی لێ بوو، لە ئوم وەلەدێك کچێکی هەبوو بە ناوی ئوممولبەنین.[2]

سەعیدی کوڕی عاص زاوای عوثمانی کوڕی عەففان بوو و دوو کچی عوثمان یەك دوای یەك هاوسەری ئەو بوون کە بریتی بوون لە ئوممو‌عمر و مەریەمە.[3]

سەعید لە ماوەی والیەتی لە کووفە هێرشی بردە سەر طەبەرستان و فەتحی کرد، هێرشیشی بردە سەر جورجان، گەورە هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) لەناو سوپاکەیدا بوون.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 421.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 54.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 30.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 107.

سه‌عید پاش پێنج ساڵ والیه‌تی کووفه گه‌ڕایه‌وه بۆ مه‌دینه‌و له‌و کاته‌ی ماڵه‌که‌ی عوثمانی کوڕی عه‌ففان گه‌مارۆ درا، سه‌عید له ماڵی خه‌لیفه بوو و به‌رگری لێده‌کرد.[1]

موسڵمان بوونی:

عوثمانی کوڕی عه‌ففان له ڕێی ئه‌بووبه‌کری صدیقه‌وه موسڵمان بوو، کاتێك ئه‌بووبه‌کر موسڵمان بوو یه‌که‌م هه‌نگاوی ئه‌وه‌بوو چوو بۆ لای عوثمانی کوڕی عه‌ففان و طه‌لحه‌ی کوڕی عوبه‌یدوڵا و زوبه‌یری کوڕی عه‌ووام و سه‌عدی کوڕی ئه‌بی وه‌قاص و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، هه‌موو ئه‌وانه موسڵمان بوون.[2]

هه‌ریه‌ك له عوثمانی کوڕی عه‌ففان و طه‌لحه‌ی کوڕی عوبه‌یدوڵا به دوای زوبه‌یری کوڕی عه‌ووامدا چوونه خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم)، ئه‌ویش باسی ئیسلامی بۆ کردن و قورئانی خوێنده‌وه بۆیان و مافه‌کانی ئیسلام و به‌ڵێنی ڕێزداری له‌لایه‌ن خواوه‌ی بۆ خستنه‌ڕوو، ئه‌وانیش باوه‌ڕیان هێنا.[3]

حه‌که‌می کوڕی ئه‌بیلعاص که مامی عوثمانی کوڕی عه‌ففان بوو، کاتێك زانی عوثمان موسڵمان بووه به‌رامبه‌ر به عوثمان توندی و خراپه‌ی زۆری نواند، کاتێك عوثمانی کوڕی عه‌ففان موسڵمان بوو، حه‌که‌م که مامی بوو عوثمانی گرت و به گوریس به‌ستیه‌وه‌و وتی سوێند به‌خوا تا نه‌گه‌ڕێیته‌وه سه‌ر ئاییی باوباپیرانت

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 446.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 30.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 55.

ناتکەمەوە، عوثمانیش وتی سوێند بەخوا هەرگیز وازی لێ ناهێنم، کاتێك حەکەم بینی عوثمان زۆر سوورە لەسەر ئایینەکەی وازی لێهێنا و بەریدا.[1]

### کۆچکردن بۆ حەبەشە

لە مانگی رەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتیدا لە یەکەم کۆچی حەبەشەدا کە یانزە پیاو و چوارئافرەت بوون– بە گێڕانەوەی تر هەشتاو دوو پیاو جگە لە ژنەکان–، هەموویان کەشتیەکیان بە کرێ گرت بۆ حەبەشە، عوثمانی کوڕی عەففان هاودەم بە روقییەی خێزانی کە کچی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو کۆچیان کرد بۆ حەبەشە.[2]

کاتێك عوثمان و روقییە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ماوەیەك هەواڵی ئەوانی نەزانی، بۆیە هەوڵی دەدا هەواڵیان بزانێت، ئافرەتێك هات بۆ لای و هەواڵی عوثمان و روقییەی پێ بوو، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (إن عثمان أول من هاجر إلى الله بأهله بعد لوط)،[3] ( عوثمان یەکەم کەسە دوای پێغەمبەر لووط لەپێناو خوادا بە ژنیەوە کۆچی کردبێت).

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 55.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 66.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 141.

دواتر هەواڵێك بیسترا كە بێباوەڕانی مەككە موسڵمان بون، بۆیە عوثمان هاودەم بە روقییەو ژمارەیەكی تر گەڕانەوە بۆ مەككە.[1]

## كۆچكردن بۆ مەدینە

كاتێ موسڵمانان كۆچیان كرد بۆ مەدینە عوثمانی كوڕی عەففان لەماڵی ئەوسی كوڕی ثابت دابەزی و لەوێ مایەوە،[2] دواتریش پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان ئەو دوانەوە.[3]

لە جەنگی بەدردا ئوسامە نەچوو بۆ جەنگەكەو لەگەڵ عوثمانی كوڕی عەففاندا مایەوە،[4] بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە عوثمانو ئوسامە لای روقییە مانەوە،[5] كاتێ روقییەی كچی پێغەمبەر (ﷺ)و خێزانی عوثمانی كوڕی عەففان وەفاتی كرد، ئوسامە لەگەڵ عوثماندا سەرقاڵ بوو بە ئەسپەردەكردنی تەرمی روقییەوە، لەو كاتەدا عوثمان دەنگی الله أكبری بیست، وتی ئوسامە ئەوە چیە؟ كە چوون سەیریان كرد زەیدی باوكی ئوسامەیە موژدەی شكستی بێباوەڕانی هێناوە.[6]

كاتێك روقییە وەفاتی كرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (الحقي بسلفنا عثمان بن مظعون)، (پەیوەست بە بە پێشینمان عوثمانی كوڕی مەظعوون)، پێشتر كە

---

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 91.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص55، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص174.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص503.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص1842، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص649.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص304.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص1842، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص649.

عوثمانی کوڕی مەظعوون وەفاتی کردبوو، ژنەکەی وتی بەهەشتت لێ پیرۆز بێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە توورەییەوە تەماشای کرد و فەرمووی: تۆ چووزانیت؟ ئەویش وتی ئەو سوارچاك و هاوەڵی تۆ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەخوا نازانم چی پێ دەکرێت)، ئیتر هاوەڵان ئەوەیان زۆر لەسەر سەخت بوو کە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عوثمان وای فەرموو، بەڵام کاتێك روقییە مرد و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی فەرموو ئیتر هاوەڵان تێگەیشتن.[1]

لە غەزای ئوحوددا عوثمان بەشداری کرد، بەلام کاتێك موسڵمانان بڵاوەیان لێکرد، عوثمانیش یەکێك بوو لەوانە، دواتر خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە کە لێیان خۆش بووە، بەڵام نەیارەکانی عوثمان ئەوەیان کرد بە تانەیەك لەسەری.

لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ غەزای نەجد و عوثمانی کوڕی عەففانی وەك بەرپرسی مەدینە دانا، ماوەی یانزە رۆژ عوثمان بەرپرسی مەدینە بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە.[2]

کاتێك حەفصەی کچی عومەر بێوەژن کەوت، عومەری باوکی بڕیاری دا مێردێکی باش بدۆزێتەوە بۆ کچەکەی، بۆیە پێشنیازی کرد بۆ ئەبووبەکر تا بەهاوسەری بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر رەزامەندی دەرنەبڕی، ئینجا پێشنیازی کرد بۆ عوثمان، ئەویش رەزامەندی دەرنەبڕی و وتی بڕوام نیە بتوانم ئەم ماوە ژن بهێنم، عومەریش بەوە دڵتەنگ بوو و جۆرێك لە بێتاقەتی روی تێکرد و چوو لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای کرد کە چی روویداوە، ئەویش فەرمووی (یتزوج حفصة من هو خیر

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 8193، مسند الطيالسي، الرقم 2807.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 2.

من عثمان و يتزوج عثمان من هي خير من حفصة)، (کەسی باشتر لە عوثمان حەفصە بەهاوسەر دەگرێت و عوثمانیش کەسی باشتر لە حەفصە بەهاوسەر دەگرێت)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) داوای حەفصەی کرد و بەهاوسەری گرت، دواتر کە ئەبووبەکر عومەری بینی وتی دڵت شتێك نەکات بەرامبەرم، من بیستبووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی حەفصەی دەکرد، بۆیە –ئەمەشم پیٚ نەوتیت– وتم با نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا نەکەم، بە دڵنیاییشەوە پێغەمبەر (ﷺ) حەفصەی بەهاوسەر نەگرتایە من داوام دەکرد و بەهاوسەرم دەگرت.[1]

هەر لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا بوو پێغەمبەر (ﷺ) ئوممو‌کلثومیشی لە عوثمانی کوڕی عەففان مارە کرد، لە مانگی جومادیلئاخیرەی هەمان ساڵدا گواستیەوە.[2]

لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا عەبدوڵای کوڕی عوثمان کە لە روقییەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و تەمەنی نزیکەی حەوت ساڵان دەبوو کۆچی دوایی کرد و پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد، عوثمان خۆی دابەزیە ناو گۆڕەکەیەوە.[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3802، مسند احمد بن حنبل، الرقم 4647، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 228.

2 - البداية والنهاية، ج4، ص 61.

3 - البداية والنهاية، ج4، ص 89.

رێککەوتنی حودەیبیە

کاتێ موسڵمانان بە هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەرێکەوتن بۆ عومرە و بێباوەڕان بەریان پێگرتن، پێغەمبەر (ﷺ) عوثمانی کوڕی عەففانی نارد تا بچێت بۆ مەککە و لەگەڵ بێباوەڕاندا وتوێژ بکات،[1] کاتێ عوثمان چوو بۆ مەککە ئەبان پەنای داو بەرپرسیارێتی پاراستنی عوثمانی گرتە ئەستۆی خۆیو عوثمانی سواری ئەسپەکەی خۆی کرد و وتی بە بێترس بە کوێی مەککەدا دەگەڕێیت بگەڕێ.[2]

عوثمانیش چوو و ئەبووسوفیان و قوڕەیشیەکانی دواند و پەیامی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بەوان گەیاند، ئەوانیش وتیان خۆت دەتوانیت تەواف بکەیت، ئەویش وتی تا پێغەمبەر (ﷺ) تەواف نەکات من تەواف ناکەم، ئینجا قوڕەیشیەکان عوثمانیان لەوێ دەستبەسەر کرد، هەواڵ گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان کە عوثمان کوژراوە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری تۆڵەی دا و موسڵمانانی بانگهێشت کرد بۆ بەیعەتدان کە ناسراوە بە بەیعەتی ریضوان.[3]

بەیعەتی ریضوان لە سەروبەندی رێککەوتنی حودەیبیەدا بوو، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵان ویستی بچن بۆ عەمرەو بێباوەڕانی قورەیش رێیان پێگرتن، بۆ دواندنی بێباوەڕان پێغەمبەر (ﷺ) عوثمانی کوڕی عەففانی نارد بۆ ناو قورەیش، بەڵام دەنگۆ بڵاو بوویەوە کە عوثمانیان شەهید کردووە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لە بن درەختی ئەو شوێنەی تیایدا مابوونەوە داوای لە هاوەڵان کرد بێنو

---

1 - البداية والنهاية، ج4، ص164-167.

2 - أسد الغابة، ج1ص59، سير أعلام النبلاء، ج1ص261.

3 - البداية والنهاية، ج4، ص 167.

بەیعەت بدەن، هاوەڵانیش چوون بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) لە بری عوثمان دەستەکەی تری خۆی خستە دەستیو لە بریدا بەیعەتی دا،[1] خوای گەورەش شایەتی راستگۆیی پێدانو ئایەتی لەسەر دابەزاند(لقد رضي الله عن المؤمنين إذ يبايعونك تحت الشجرة).[2]

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەتحی مەککەدا لێخۆشبوونی بۆ هەندێ کەس بە رەوا دانەنا، یەکێك لەوانە عەبدوڵای کوڕی سەعد بوو کە دەبوو لە هەر کوێ بینرا بکوژرێت، عەبدوڵایش چوو لای عوثمانی کوڕی عەففان خۆی شاردەوە، عوثمان ئەوی هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیعەت لە عەبدوڵا وەربگرە، پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز کردەوەو سێ جار تەماشای کرد و هەر جارە ئامادە نەبوو بەیعەتی لێ وەربگرێت، دواتر بەیعەتی لێ وەرگرت، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو (ئەرێ پیاوماقووڵێکتان–ژیرێکتان– تێدا نەبووکە منی بینی بەیعەتی لێ وەرناگرم هەستێت بیکوژێت؟) هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە چووزانین نیازی دڵی تۆ چیە؟ با بە چاو ئاماژەیەکت بکردایە، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی (بۆ پێغەمبەرێك شیاو نیە چاوی ناپاکی هەبێت).[3]

---

1 - السيرة النبوية لابن هشام، ج4، ص 275-283.

2 - تفسير ابن كثير، ج4، ص192.

3 - سنن أبي داود، الرقم 3814، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3408، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4306، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4359.

پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی هەوەزاندا کەنیزەکێکی بەخشی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە ناوی رەیطەی کچی هیلال بوو، کەنیزەیەکیشی بەخشی بە عوثمانی کوڕی عەففان کە ناوی زەینەبی کچی حەییان بوو.[1]

زەید دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دەیفەرموو فلأنە کەس لە کوێیە؟ بەردەوام هەواڵی یەکەیەکەیانی دەپرسی و دەینارد بە شوێنیاندا تا هەموویان هاتن و کۆبوونەوە، ئینجا فەرمووی: (إني أحدثكم بحديث فاحفظوه وعوه وحدثوا به من بعدكم، إن الله عز وجل اصطفى من خلقه خلقا، ثم تلا هذه الآية الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس خلقا يدخلهم الجنة، وإني مصطف منكم من أحب أن أصطفيه ومواخي بينكما كما آخى الله عز وجل بين الملائكة عليهم السلام)، (من قسەیەکتان بۆ دەکەم جوان وەریبگرن و لەبیرتان بمێنێت و لێی تێبگەن و بیگەیەنن بەوانەی دوای خۆتان، خوای گەورە لە دروستکراوەکانی دەستەیەکی هەڵبژاردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (الله يصطفي من الملائكة رسلا و من الناس)، منیش لەنێوتاندا ئەوانە هەڵدەبژێرم کە حەز دەکەم هەڵیبژێرم، برایەتی دەخەمە نێوانتانەوە وەك چۆن خوای گەورە برایەتی خستە نێوان فریشتەکانەوە)، پاشان هەریەك لە ئەبووبەکر و عومەری بەدوای یەکدا بانگ کرد و تایبەتمەندی هەرکامیانی فەرموو و ئەوانی کرد بە برای یەکدی، عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و پێی راگەیاند کە تووشی چ نارەحەتیەك دەبێت، پاشان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و باسی بەخشندەییەکەی عەبدوڕەحمانی کرد، پاشان طەلحەو زوبەیری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان سەعدی کوڕی ئەبی

[1] - البداية والنهاية، ج4، ص 354.

وەقاص و عەمماری کوڕی یاسری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان عوەیمیر و سەلمانی فارسی بانگ کرد و ئەوانیشی کرد بە برای یەکدی، دواتر موژدەی حەوزی کەوسەری دا بە هاوەڵانی... عەلی کوڕی ئەبووطالیب هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گیانم دەرچوو و پشتم شکا کاتێك دەبینم لەگەڵ هاوەڵانت وات فەرموو من نەبێت کە هیچت پێ نەفەرمووم، ئەگەر لە تووڕەییەوەیە ئەوە سزا و ڕێزداریش هەر بۆ جەنابتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوەی منی بە حەق ناردووە تۆم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، تۆ بۆ من وەك پێگەی هاروون بۆ مووسا وایت، تەنها هێندە هەیە دوای من هیچ پێغەمبەرێکی تر نیە، بۆیە تۆ برا و میراتگری منیت)، عەلی وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) چی لە تۆ بە میرات دەگرم؟ فەرمووی: (ئەوەی پێش تۆ پێغەمبەران بە میراتیان گرتووە، کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەیان، تۆ براو هاودەمی منیت).[1]

پێغەمبەر (ﷺ) کە ویستی غەزای تەبووك بکات، داوای کرد خەڵکێك کۆمەکی ماددی پێشکەش بکەن تا پێداویستیەکانی جەنگ ئامادە بکرێن بۆ موسڵمانان، ئەوەبوو عوثمانی کوڕی عەففان لە هەموو کەسێك زیاتری بەخشی.[2]

عەبدوڕەحمان دەڵێت لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم کە خەڵکی هاندەدا تا هاوکار بن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی سوپای تەبووك، عوثمانی کوڕی عەففان هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووسەد وشتر بە شمەکەکانیەوە

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2380، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4998، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1094.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 4.

لە رێی خوادا لەسەر من، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی خەڵکی هاندەدا، عوثمان هەمدی هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووسەد وشتر بە هەموو شمەکەکانیەوە لەرێی خوادا لەسەر من، هەمدی پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی هاندەدا، عوثمان هەمدی هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ سەد وشتر بە هەموو پێداویستیەکانیەوە لە رێی خوادا لەسەر من، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر مینبەرەکە دادەبەزی و دەیفەرموو (ما على عثمان ما عمل بعد هذه، ماعلى عثمان ما عمل بعد هذه)،[1] (دوای ئەمە عوثمان هەرچی بکات لەسەری نیە، دوای ئەمە عوثمان هەرچی بکات لەسەری نیە).

عوثمانی کوڕی عەففان هەندێ جار نامەی دەنووسی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو کاتێك وەفدی کینانە هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) نووسراوێکی بۆ نووسین، عوثمانی کوڕی عفان نووسراوەکەی نووسی.[2]

عائیشە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی نارد بۆ عوثمانی کوڕی عەففان و ئەویش هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر کۆتا وتەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بوو کە دای بەسەر شانی عوثماندا و پێی فەرموو (يا عثمان، إن الله عز وجل عسى أن يلبسك قميصا، فإن أرادك المنافقون على خلعه، فلا تخلعه حتى تلقاني، يا عثمان، إن الله عسى أن يلبسك قميصا، فإن أرادك المنافقون على خلعه، فلا تخلعه حتى تلقاني)،[3] (ئەی عوثمان، لەوانەیە خوای گەورە جلێکت بەبەردا بکات، جا ئەگەر

---

1 - سنن الترمذي، الرقم 3720، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3700.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 91.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 24012، صححه شعيب الأرناؤوط.

دووڕووەکان ویستیان لایبەرن لایمەبە تا دەگەیتەوە پێم، سێ جار ئەوەی پێ فەرموو).

مەبەست بەو جلە خیلافەتێك بوو کە خوا پێی بەخشی و دووڕووەکانیش ئەو ئاشووبگێڕانە بوون کە ویستیان لە خیلافەتەکەی لایبەرن، دواجاریش شەهیدیان کرد.

عوثمان لە موژدەپێدراوانی بەهەشتە

عوثمانی کوڕی عەففان یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[1] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

ڕۆژێك موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە

1 - سنن الترمذي، الرم 3766، صحيح ابن حبان، الرقم 7112، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1612، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 802، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 50.

بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدولاّ لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیلێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[2]

زەید دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد و فەرمووی (بڕۆ بۆ لای ئەبووبەکر دەبینیت لە ماڵی خۆیەو لەسەر کۆش دانیشتووەو خۆی کۆکردوەتەوە، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و پێت دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، پاشان بڕۆ تا دەگەیتە ثەنییە و لەوێ دەگەیت بە عومەر لەسەر گوێدرێژێکەو رووتاوەی سەری دەرکەوتووە، پێی بڵێ پێغەمبەر (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، ئینجا بڕۆ تا دەچیتە بازاڕ و

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7103 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4052، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 7454.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4543.

دەگەیت بە عوثمان کە تیایدا کڕین و فرۆش دەکات، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت، منیش چووم و هەموو ئەو شتانەم بینی و فەرمانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بەجێگەیاند، بە هەرکامم دەوت ئەویش دەیوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەکوێیە؟ منیش دەموت لە فلانە شوێنە، هەموان لەگەڵم هاتن تا چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، عوثمان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەید هاتووە بۆ لام و پاش گەیاندنی سەلامی تۆ وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: :(موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت)، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ بەلایەکم دێتەڕێ؟ سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە گۆرانیم نەوتووەو نیازو خواستم نەبووەو دەستی راستم نەداوە لە دوایێنم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئائەوەیە).[1]

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[2](بە رەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 491.،

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص17، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم 154، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12707، صحيح، بەڵام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحیح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، 897.

شارەزاترینیان بە فەرزەکان زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

حەفصە دەڵێت ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵەوە بوو و جلەکەی خستبووە نێوان ڕانەکانی، ئەوەبوو ئەبووبەکر هات و داوای مۆڵەتی کرد و مۆڵەتی پێدراو هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هەروەك خۆی مایەوەو خۆی تێکنەدا، ئینجا عومەریش هات و هەمان شت ڕوویدا، ئینجا عەلی هات و هەمان شت ڕوویدا، ئینجا هاوەڵانێکی تر هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) هیچ خۆی تێکنەدا و هەر لەو شێوەی خۆیدا مایەوە، ئینجا عوثمان هات و داوای مۆڵەتی کرد، مۆڵەتی پێدرا تا بێتەژوورەوە، خێرا پێغەمبەر (ﷺ) جلەکانی ڕێککرد، ئینجا کەوتنە قسەکردن و پاش ماوەیەك خەڵکەکە چوون، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبووبەکر و عومەری و عەلی و ئەو هاوەڵانەی تر هاتن تۆ هیچ خۆت تێکنەدا، کەچی کە عوثمان هات خێرا خۆت کۆکردەوەو جلەکانت ڕێککرد، ئەویش فەرمووی: (ألا أستحيي ممن تستحيي منه الملائكة)،[1] (ئایا شەرم نەکەم لە کەسێك کە فریشتە شەرمی لێ دەکات).

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 25892، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3017، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19249.

## عوثمان لە سەردەمی ئەبووبەکردا

**عوثمانی کوڕی عەففان لە سەردەمی ئەبووبەکردا کەسی نزیکی خەلیفە بوو و خەلیفەش لە ئەرکە گرنگەکاندا رایدەسپارد، ئەوەبوو کاتێك چوو پێشەنگی حەجی کرد بۆ موسڵمانان، عوثمانی وەك بەرپرسی مەدینە دانا تا خۆی دەگەڕێتەوە.[1]**

**لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا خەڵکی تووشی وشکەساڵیەکی سەخت بوون و خەڵکەکە چوون بۆ لای ئەبووبەکر و سکاڵای حاڵیان کرد، ئەویش وتی خۆڕاگر بن خوا دەرووتان لیٚ دەکاتەوە، هێندەی نەبرد کاروانێکی عوثمانی کوڕی عەففان لە شامەوە گەڕایەوەو باری سەد وشتر گەنمی پیٚ بوو، خەڵکی چوونە بەردەم ماڵی عوثمان و دایان لە دەرگای و عوثمانیش هات بۆ لایان، وتی چیتان دەوێت؟ وتیان وشکەساڵیەو بەڵکو ئەو بارەی بۆت هاتووە پێمان بفرۆشیت تا باری هەژارانی موسڵمانان چاك بێت، عوثمان وتی بە رێز و خۆشەویستیەوە، وەرنە ژوورەوەو بکڕن، خواردنێکی زۆر لە ماڵی عوثماندا بوو، عوثمان وتی ئەی بازرگانان چەند قازانجم پیٚ دەدەن بۆ ئەم کڕینە؟ وتیان دە بە دوانزە، عوثمان وتی زیاتریان پیٚ داوم، وتیان دە بە چواردە، وتی زیاتریان پێداوم، وتیان دە بە پانزە، وتی زیاتریان پیٚ داوم، بازرگانەکان وتیان ئەی ئەبووعەمر ئێمە هەموو بازرگانەکانی مەدینەین، ئیتر کیٚ زیاتری پێداویت؟ ئەویش وتی خوای گەورە بۆ هەر درهەمێك دە درهەمم پیٚ دەبەخشێت؟ ئەوە لەوە زیاترتان پیٚ دەدرێت؟ وتیان ناوەڵا، عوثمان وتی دەی خوا بە شایەت دەگرم ئەم خواردنەم کرد بە خێر بۆ هەژارانی موسڵمانان.[2]**

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج6، ص 353.

[2] - الشريعة للآجري، الرقم 1442.

له‌ مانگی جومادیلئاخیره‌ی ساڵی سیانزه‌ی كۆچیدا ئه‌بووبه‌كری صدیق تووشی نه‌خۆشی بوو و ماوه‌ی نزیكه‌ی پانزه‌ ڕۆژ نه‌خۆشیه‌كه‌ی به‌رده‌وام بوو، له‌و ماوه‌دا عومه‌ری كوڕی خه‌ططاب به‌رنوێژی ده‌كرد بۆ موسڵمانان، له‌و ماوه‌دا ئه‌بووبه‌كری صدیق عومه‌ری كوڕی خه‌ططابی بۆ جێگرتنه‌وه‌ی خۆی دیاری كرد و عوثمانی كوڕی عه‌ففانی بانگ كرد و داوای لێكرد به‌ نووسراوێك ئه‌وه‌ بنووسێت، ئینجا نووسراوه‌كه‌ خوێنرایه‌وه‌ به‌سه‌ر موسڵماناندا و ئه‌وانیش ڕازی بوون.[1]

عوثمان له‌ سه‌رده‌می عومه‌ردا

له‌ سه‌رده‌می عومه‌ری كوڕی خه‌ططابیشدا عوثمان كه‌سی نزیكی خه‌لیفه‌ بوو و خه‌لیفه‌ له‌ پرسه‌ گرنگه‌كاندا ڕاوێژی پێ ده‌كرد وه‌ك چۆن له‌ فتووحاتی عێراقدا ڕاوێژی پێكرد،[2] هه‌روه‌ها له‌ فه‌تحی به‌یتولمه‌قدیسدا كه‌ خه‌لیفه‌ ویستی خۆی بچێت بۆ ئه‌وێ، ڕای خه‌ڵكی وه‌رگرت و له‌و نێوه‌نده‌دا ڕای عوثمانیشی وه‌رگرت، عوثمان ڕای خۆی پێشكه‌ش به‌ خه‌لیفه‌ كرد كه‌ نه‌چێت بۆ لایان، عه‌لی كوڕی ئه‌بووطالیبش ڕاوێژی خۆی پێشكه‌ش كرد كه‌ بچێت بۆ لایان، عومه‌ریش ڕاكه‌ی عه‌لی وه‌رگرت و چوو.[3]

سه‌عدی كوڕی ئه‌بی وه‌ققاص ده‌ڵێت له‌ سه‌رده‌می خیلافه‌تی عومه‌ری كوڕی خه‌ططابدا جارێك له‌ مزگه‌وتدا دام به‌ لای عوثمانی كوڕی عه‌ففاندا، ئه‌ویش به‌ ته‌واوی

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 18.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 35.
[3] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 55.

چاوی بڕیبووە من، سەلامم لێکرد کەچی وەڵامی نەدامەوە، منیش چووم بۆ لای عومەر و سکاڵام لا کرد و وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا هیچ گۆڕانکاریەك لە ئیسلامدا روویداوە؟ دوو جار ئەوەم پێ وت، ئەویش وتی نا، بەڵام بۆچی؟ وتم هیچ، تەنها هێندە هەیە من کەمێك پێش ئێستا لە مزگەوتدا دام بە لای عوثمانداو سەلامم لێکرد، چاوی بڕیبووە من کەچی وەڵامی نەدامەوە، عومەر ناردی بە شوێن عوثماندا و عوثمان هات، عومەر وتی بۆچی سەلامی براکەتت وەڵام نەداوەتەوە؟ عوثمان وتی شتی وام نەکردووە، سەعد وتی با واتکرد، عوثمان سوێندی خوارد شتی وانەبووەو منیش سوێندم خوارد شتی وا بووە، دواتر عوثمان بارەکەی بیر کەوتەوەو وتی بەڵێ وایە، خوایە لێم خۆش بە، تۆ کەمێك پێش ئێستا دات بەلامدا، لەو کاتەدا من لە خەیاڵی فەرموودەیەکدا بووم کە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستبوو، سوێند بەخوا هەرکات بیرم دەکەوێتەوە چاو و دڵم بە پەردەیەك دادەپۆشرێت، منیش وتم دەی من فەرموودەکەت بۆ دەگێڕمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) باسی یەکەم نزای بۆ کردین، دەشتەکیەك هات بۆ لای و سەرقاڵی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا، منیش شوێنی کەوتم و هەوڵم دەدا پێشم نەکەوێت، کەچی پێشم کەوت، کە ویستی بچێتەژوورەوە، بە توندی پێم کوتا بە زەویدا، پێغەمبەر (ﷺ) لایکردەوە بە لامدا و فەرمووی ئەوە کێیە؟ ئەبوئیسحاقە؟ وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی ئەی بۆ وا؟ وتم بەخوا تەنها لەبەرئەوەی تۆ باسی یەکەم نزات بۆ کردین، ئەم کابرا هات و سەرقاڵی کردیت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نعم دعوة ذي النون إذ هو في بطن الحوت: لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين فإنه لم يدع بها مسلم ربه في شيء قط إلا استجاب له)، (بەڵێ، نزاکەی ذیننوون کە لە سکی حووتدا بوو نزای

کرد(لا اله الا أنت سبحانك إنی كنت من الظالمین)، هەر موسڵمانێك بەو نزایە لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە خوا نزاكەی وەڵام دەداتەوە).[1]

كاتێك عومەری كوڕی خەططاب كۆچی دوایی كرد، هەریەك لە سەعید و عوثمانی كوڕی عەففان و صوهەیب و ئیبن عومەر دابەزینە ناو گۆڕەكەیەوە.[2]

بوون بە خەلیفە

عومەری كوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێكرا، شەش كەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا كەسێك دیاری بكەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی كوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی كوڕی عەففان، طەلحەی كوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری كوڕی عەووام، سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف.[3]

عومەری كوڕی خەططاب ئەگەری دانا بۆ درووستبوونی راجیایی لەسەر دیاریكردنی كەسێك و چارەسەری بۆ داناو وتی ئەگەر سێ كەس سێ كەس كەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای كوڕی عومەر بكەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن كە عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوفی تێدایە.[4]

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 1406، مسند ابي يعلى الموصلي، الرقم 741، حسنه شعيب الارناؤوط.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 368.

3 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4074.

4 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج3، ص 461.

ئەوەبوو دواجار سیانیان وازیان هێنا لە مافەکەیان بۆ ئەوانی تر، مانەوە سەر عەبدوڕەحمان و عەلی و عوثمان، عەبدوڕەحمان وتی منیش لەپێناو خوادا واز لە مافەکەم دێنم و ئێوەش یەکێکتان وازبهێنن تا بەیعەت بدەین بەوی تر، دواجار ئەهلی شوورا بڕیاری کۆتاییان دایە دەست عەبدوڕەحمان، ئەویش کەوتە وەرگرتنی رای خەڵکی و تەنانەت رای ژن و منداڵیشی وەرگرت، رای سوارەو پیادەکانیشی وەرگرت، سێ شەو و رۆژ بەردەوام بوو لەو راوەرگرتنەی، رای زۆرینەی هەرەزۆر لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان بوو، دواجار لەبەری بەیاندا مێزەرەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردە سەر و ناردی بە شوێن ناودارانی ناو کۆچەران و پشتیوانان و خەڵکی ترداو مزگەوت پڕ بوو لە خەڵك، چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و ماوەیەکی زۆر وەستا و بە دەنگی نزم نزایەکی زۆری کرد، دواتر خەڵکەکەی دواند، ئینجا عەلی بانگ کرد و دەستی گرت و وتی لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی و کرداری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەیت؟ وتی ناوەڵا، بەڵکو هێندەی توانام هەبێت، عەبدوڕەحمان دەستی بەردا و عوثمانی بانگ کرد و دەستی گرت و هەمان شتی بەویش وت، عوثمان وتی بەڵێ بەخوا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت و عوثمانیش لە پلیکانەی خوارترەوەو خەڵکەکە هاتن بەیعەتیان دا بە عوثمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش بەیعەتی پێدا.[1]

جا بڕێك دەق هاتون کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەو بڕیارە ناڕازی بووبێت و ئەوەی بە فێڵ دانابێت، ئیبن کەثیر دەڵێت: (ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسانی وەك

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

ئیبن جەریر و کەسانێکی تر لە برێك کەسی نەناسراوەوە تۆماریان کردووە گوایە عەلی بە عەبدوڕەحمانی وتووە تۆ منت خەڵەتاند و تۆ لەبەر خزمایەتی و لەپێناو ئەوە عوثمانت دانا تا لە هەموو شتێکدا رات وەربگرێت و...هەموو ئەمانە پێچەوانەی تۆماری صەحیح و دروستن و دەدرێنەوە بە رووی خاوەنەکانیاندا).[1]

ماوەی خیلافەتی

لە رۆژی یەکشەممەی ساڵی بیست و چواری کۆچیدا عومەری کوڕی خەططاب کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی ئەسپەردە کرا، سێ رۆژ دوای ئەوە بەیعەت درا بە عوثمانی کوڕی عەففان.[2]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە عوثمانی کوڕی عەففان نووسراوێکی نووسی تا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دوای خۆی ببێت بە خەلیفە، کاتێك عەبدوڕەحمان ئەوەی بیست چوویە نێوان مینبەرو گۆڕەکەی پێغەمبەر (ﷺ)و نزای کرد خوایە ئەگەر بڕیاری وا هەیە ئەوا پێش ئەو بارە بممرێنە، ئەوەبوو شەش مانگی نەخایاند کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف وەفاتی کرد،[3] یەکەم نوێژ کە عوثمانی کوڕی عەففان بۆ موسڵمانانی کرد نوێژی عەسر بوو.[4]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 144.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 88.

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

لە دوای نوێژی عەسر عوثمان چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا هانی موسڵمانانی دا کاری چاکە بکەن و بزانن مەرگ لەپێشیانەو قیامەت پێش دنیا بخەن و لە خشتە نەچن و پەند لە مەرگی پێشینان وەربگرن و بێئاگا نەبن، ئینجا خەڵکی دەچون و بەیعەتیان پێدەدا.[1]

دواتر نامەی نووسی بۆ هەموو بەرپرسانی لە ناوچەکانی وڵات و فەرمانی دەکرد کاری چاکە بکەن و خۆ دوور بگرن لە خراپە، هانی دەدان تا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بن و شوێنکەوتە بن نەك موبتەدیع، پاش ماوەیەك عوثمان کەوتە گۆڕانکاری لە هەندێ پۆستدا و هەندێ لە والیەکانی گۆڕی، لەوانە موغیرەی کوڕی شوعبەی لەسەر والیەتی کووفە لابرد و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی دانا، ئەمەش لەبەر وەسیەتی عومەری کوڕی خەططاب کە داوای کردبوو خەلیفەی دوای خۆی ئەرکی پێ بسپێرێت چونکە کەسێکی پاك و لێهاتووە،[2] دواتریش سەعدی لابرد و وەلیدی کوڕی عوقبەی دانا کە ئەوەش بوو بە تانەیەك لەسەری.[3]

لە ماوەی خیلافەتی عوثماندا فتووحات بەردەوام بوو،[4] چ لە بەرەی رۆژهەڵات و چ لە بەرەی رۆژئاوایشەوە،[5] تیایدا رووبەرێکی زۆری ئەفریقیا فەتح کرا، بەتایبەت لە جەنگی جەرجیردا کە گەورە هاوەڵانیش تیایدا بەشدار بوون و بەربەرەکان

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 148.

[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 149.

[3] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 151.

4 - خوێنەری خۆشەویست، لێرەدا ناکەوینە باسی وردەکاری فتووحات و لایەنە رامیاری و کارگێڕی و ئابووری و لایەنەکانی تر لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا، چونکە هەم دەرفەت کەمە بۆ ئەو هەموو بابەتە، هەم نووسینی زۆر و جوان و رەوا بە زمانی کوردی بەردەست دەکەوێت، بۆیە خوازیارین خوێنەری خۆشەویست لە سەرچاوە رەواکانی ترەوە ئەو وردەکاریانە وەربگرێت.

[5] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 149-150.

شکستێکی زۆریان خوارد،[1] هەر لەم سەردەمەو لە ساڵی بیست و هەشتی کۆچیدا بۆ یەکەمجار سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان جەنگی دەریایی کرد و تیایدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.[2]

هەروەها لە ساڵی بیست و شەشی کۆچیدا خەلیفە عوثمان فەرمانی کرد بە فراوانکردنی مەسجیدولحەرام، جارێکی دیکەش حەرەمی فراوان کرد.[3]

لە ساڵی سی کۆچیدا بوو کە خاتەمەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستی عوثمانی کوڕی عەففان کەوتە ناو بیری ئەریسەوە و هەرچەندە هەوڵ درا ئەو خاتەمە بدۆزرێتەوە کەچی نەدۆزرایەوە، بۆیە عوثمان خاتەمێکی زیوی لەسەر هەمان شێوە دروست کرد.[4]

لە ساڵی سی و چواری کۆچیەوە سەرەتاکانی فیتنە دەرکەوتن کاتێك دەستەیەك کەوتنە رەخنەگرتن لە عوثمانی کوڕی عەفان، سەرەتای رەخنەکەیان ئەوەبوو وتیان ئەو هاوەڵانێکی زۆری لە پۆستەکاندا لابردووەو کەسانی ئومەوی لە شوێنیاندا داناوە، ئەویش ئەو قسەی زۆر لا سەخت بوو و ناردی بە شوێن والی ناوچەکاندا و هەموو هاتن بۆ لای، لەوانە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص و عەبدوڵای کوڕی سەعد و سەعیدی کوڕی عاص و عەبدوڵای کوڕی عامیر، لەو بارەوە رای ئەوانی وەرگرت، هەریەکەو رایەکی دەربڕی، عوثمانیش

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 152.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 153.
[3] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 151.
[4] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 155.

والیەکانی هێشتەوەو هەوڵیدا کەسە نارەزاکانیش بە جیهادەوە سەرقاڵ بکات، هۆکاری سەرەکی ئەم بەزمانەش کابرایەکی جوولەکە بوو بە ناوی عەبدوڵای کوڕی سەبەء کە وای نیشان دابوو موسڵمان بووە، ئینجا چوویە میصر و لەوێ فیتنەیەکی نایەوەو گومانی بۆ خەڵکەکە دروست دەکرد، کورتەی وتەکەی ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) وەسیەتی کردووە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو تالیب، بۆیە عەلی لە عوثمان شیاوترە بە دەسەڵات،[1] وەك ئەوەی ئەو هەموو هاوەڵەی دەوری پێغەمبەر (ﷺ) ئاگایان لە شتی وانەبووبێت و ئێستا کابرایەکی جوولەکەی تازە موسڵمان بوو کە ساتێکیش لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نەبووە ئەم مەسەلە گرنگەی زانیبێت، ئیتر تەنها ئەم لەسەر حەق و هەموو هاوەڵان یان نەزان یان فێڵباز بووبن.

ئیبن سەبەئی جوولەکە کەوتە تانەدان لە عوثمان و خۆی بە دڵسۆزی ئیسلام نیشان دا، خەڵکێکی زۆر بە قسەکانی هەڵخەڵەتان و کەوتنە شوێن راکانی و ئەو هەوڵەی خۆیان بە فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە دەزانی، رۆژ بە رۆژ ئەو بیرەی سەبەئی بڵاو دەبوویەوە، تا دوای ساڵێك خەڵکەکە داوایان لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد بروات لەگەڵ عوثمان قسە بکات، عەلیش چوو و پێی وت: خەڵکێك لە دەرەوە سەبارەت بە تۆ منیان دواندووەو نازانم چی بڵێم، چی هەیە تۆ نەیزانیت و ئەوەی ئێمە دەیزانین تۆیش دەیزانیت، پێش تۆ نەکەوتوین تا شتێکت پێ بڵێین تۆ نەیزانیت، بە تەنیا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نەبوین تا شتیکی تایبەت بزانین و پێت بڵێین، شتێکی تایبەتمان بۆ نەبووە کە لە تۆشاراوە بێت، تۆ هاوەڵ و زاوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوویت و فەرموودەت لێوە بیستووەو بینیوتە، کوڕی

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 167-168.

ئەبووقوحافە و کوڕی خەتتابیش لە تۆ لەپێشتر نەبون بە شتێك،تۆ لە خزمایەتیدا نزیکترینیت بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوەی تۆ هەتبوو لە زاوایەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دوانە نەیانبوو، لە هیچدا پێش تۆ نەکەوتن، دەی بۆ خاتری خوا وریای خۆت بە، کوێرت پێ بینا ناکرێت و نەفامت پێ زانا ناکرێت، رێگەکە روونەو پایەکانی دین وەستاون، تۆ دەزانیت ئەی عوثمان چاکترین بەندەی خوا لای خوا پێشەوایەکی دادپەروەرە رێنموونی کرابێت و سوننەتێکی روون پەیڕەو بکات و دوور لە بیدعەی روون بگرێت، بەخوا هەردووکیان رونن و سوننەتەکان وەستاو و بەرچاون و بیدعەکانیش هەروا، خراپترین کەس لای خوا پێشەوایەکی ستەمکاری گومڕایە کە خەڵکی بەهۆیەوە گومڕا بن، ئیتر سوننەتی روون لەناوبەرێت و بیدعەی کەنارخراو زیندوو بکاتەوە، ...عوثمانیش وەڵامی دایەوەو وتی بەخوا دەمزانی ئەوە دەڵێیت، بەخوا ئەگەر تۆ لە شوێنی من بوویتایە، نە لێت تووڕە دەبووم و نە تانەم لێدەدایت و نە خراپەیەکم دەکرد، من خزمایەتیم گەیاندووەو درزەکانم گرتووەو پەنای فەوتاوم داوەو لەسەر هەمان شێوەی عومەر کەسەکانم داناوە، ئەی عەلی سوێندت دەدەم بە خوا ئایا دەزانیت موغیرەی کوری شوعبە لێرە نەبوو؟ وتی بەڵێ، وتی دەشزانیت عومەر داینا؟ وتی بەڵێ، عوثمان وتی دەی ئیدی بۆ سەرکۆنەی من دەکەن ئەگەر ئیبن عامیرم لەبەر خزمایەتی دانابێت؟ عەلی پێی وت عومەر کە کەسێکی دادەنا دواتر لاریەکی لێ بەدی بکردایە ئەوپەڕی سزای دەدا، بەڵام تۆ ئەوە ناکەیت، نەرمی و لاوازیت نواندووە بەرامبەر بە خزمانت، عوثمان وتی ئەوانە خزمانی تۆیشن، پاش

بڕێك قسەكردن پێكەوە عەلی لای عوثمان چوویە دەرەوەو عوثمانیش بە دوایدا چوویە دەرەوەو چوویە سەر مینبەر و وتارێكی پێشكەش كرد.[1]

لە ساڵی سی و پێنجی كۆچیدا میصر شڵەژانێكی بەخۆوە دی، موحەممەدی كوڕی ئەبووبەكری صدیق و موحەممەدی كوڕی ئەبووحوذەیفەو ژمارەیەكی تر لە نەیارانی عوثمان نزیكەی شەش سەد سواریان لە میصرەوە ئامادە كرد و بەڕێكەوتن بەرەو مەدینە و بوون بە چوار بەشەوە بە سەركردایەتی عەمری كوڕی بودەیلی كوڕی وەرقائی خوزاعی و عەبدوڕەحمانی بەلوی و كینانەی كوڕی بیشر و سوودانی كوڕی حمران، موحەمەدی كوڕی ئەبووبەكریش لەگەڵیاندا هات، بەڵام موحەممەدی كوڕی ئەبووحوذەیفە لە میصر مایەوە تا خەڵكی تر هان بدات و بەرگری لەوانە بكات كە ڕۆیشتوون، والی میصریش نامەیەكی نووسی بۆ خەلیفەو ئاگاداری كردەوە لەو ڕووداوە و وتی وەك عومرەكار دێن و وا خۆیان نیشان دەدەن، كە لە مەدینە نزیك بوونەوە، خەلیفە فەرمانی كرد بە عەلی كوڕی ئەبووطالیب تا پێشهاتنیان بۆ مەدینە بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، عەلیش داوای لە عەمماری كوڕی یاسر كرد هاودەمی بكات، بەڵام عەممار ڕازی نەبوو، چونكە ئەویش تووڕە بوو لە عوثمان لەبەرئەوەی پێشتر عوثمانی كوڕی عەففان سزای دابوو، ئەوەبوو عەلی خۆی چوو بۆ لایان و لە ناوچەی جوحفە بوون، ئەوانە بە چاوی گەورەییەوە تەماشای علی كوڕی ئەبووطالیبیان دەكرد، عەلی لێیان تووڕە بوو و تەنانەت كەوتە قسە پێ وتنیان، ئەوانیش كەوتنە سەركۆنەی خۆیان و وتیان لەسەر ئەمە جەنگی خەلیفە دەكەن؟ عەلی وتی بۆچی نەیاری عوثمانن؟ ئەوانیش چەند ڕەخنەیەكیان ژمارد كە دواتر بە

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 168-169.

درێژتر باسیان دەکەین، عەلیش یەك یەك وەڵامی رەخنەکانی ئەوانی دایەوە، دەستەیەکیشیان چوون گوێیان لە وتەکانی عوثمان گرت، کە هیچ رەخنەیەکیان نەما، دەستەیەك لە خەڵکی مەدینە داوایان لە عوثمان کرد سزای ئەوانە بدات، عوثمان لێبوردەیی نیشان دا، ئەوانیش گەڕانەوە و عەلیش گەڕایەوە بۆ لای عوثمان و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و داوایشی لێکرد وتارێك پێشکەش بکات و پۆزش بهێنێتەوە بۆ ئەوەی خزمانی خۆی پێشخستووەو تەوبە نیشان بدات، عوثمانیش راکەی وەرگرت و لە وتاری هەینیدا ئەوەی کرد و نزایەکی تەوبەی کرد و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك و هەموو موسڵمانان گریان، ئینجا مەڕوانی کوڕی حەکەم وتەیەکی زبری پێشکەش کرد و دڵی عەلی رەنجاند، دواتر عوثمان بە راوێژی ژنەکەی ناردی بە شوێن عەلیدا تا بێت بۆ لای و ویستی دڵی بداتەوە، بەڵام عەلی رازی نەبوو، کە خەڵکی میصر بەم رووداوەیان زانی لەگەڵ خەڵکی کووفەو بەصرە کەوتنە نامە گۆڕینەوەو رێککەوتن لەسەر ئەوەی جەنگی عوثمان بکەن، لەو نێوەندەدا بڕێك نامە بەدەم هاوەڵانەوە ساختە کران، ئەوەبوو هەمدی شەش سەد سوار لە میصرەوە بە چوار بەش هاتن وئیبن سەبەئیشیان لەگەڵ بوو، لەو لاشەوە خەڵکی کووفە بە چوار بەش هاتن، خەڵکی بەصرەش بە چوار بەش هاتن، هەریەکەو نیازێکیان هەبوو، میصریەکان دەیانوت دەبێت عەلی ببێت بە خەلیفە، کووفیەکان دەیانوت با زوبەیر ببێت بە خەلیفە، بەصریەکان دەیانوت با طەلحە ببێت بە خەلیفە، هەموو لە مانگی شەووالدا لە دەوری مەدینە خڕ بوونەوە، میصریەکان چوون بۆ لای عەلی، ئەویش حەسەنی کوڕی ناردبوو بۆ لای عوثمان و خۆیشی کەناری گرتبوو، کە هاتن بۆ لای عەلی تووڕە بوو لێیان و دەری کردن، زوبەیر و طەلحەش بە هەمان شێوەی عەلی بانگەشەکەرانی خۆیانیان دەرکرد ونەفرەتیان لێکردن، ئینجا هەموویان نیازی

خۆیان راگەیاند و وتیان داوای ئێمە ئەوەیە عوثمان واز لە خیلافەت بهێنێت، جا میصریەکان دەیانوت جاری پێشوو کە چووینەتەوە نێردراوی عوثمانمان بەدیل گرتووە کە نامەی پێ بووەو نامەکە مۆری عوثمانی لەسەر بووەو تیایدا فەرمانی کردووە هەموومان بکوژنو دەست و پێمان ببڕن، ئەو نامەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کە عوثمان ئەوەی بیست سوێندی خوارد شتی وای نەوتووەو نەنووسیوە، ئەمەش نامەیەکی ساختە بوو ئامادە کرابوو، هەروەك نامە بە دەم عەلی و زوبەیر و تەلحەوە نووسرابوو کە بێن بۆ لەناوبردنی عوثمان، بارەکە بەو جۆرە بوو تا رۆژی هەینی هات و عوثمان وەك جاران وتاری خۆی پێشکەش کرد، هێندێ دوای ئەوە گەمارۆ درا.[1]

لە مانگی زیلقەعدەی ساڵی سی و پێنجدا هاتنە ناو مەدینە، عوثمان چاوی کەوت پێیان، ئەوانیش وتیان قورئانێك داوا بکە، ئەویش داوای کرد قورئانێك بهێنن، –کە قورئانەکەی بۆ هێنرا–پێیان وت –سورەتی– نۆیەم بکەرەوە، واتە سورەتی (یونس)، ئینجا وتیان بیخوێنەرەوە تا گەیشتە ئەم ئایەتە(ءآللە أذن لکم أم علی اللە تفترون)، ئینجا پێیان وت بوەستە، ئەزانیت چیت کردووە بە پەچەی ئاژەڵان؟! ئایا خوا مۆڵەتی ئەوەی پێداویت یان بەدەم خواوە هەڵت بەستووە؟ عوثمان وتی تێیپەڕێنە، ئەو ئایەتە لەسەر فلانە مەسەلە دابەزیوە، عومەریش ئەوەی منی کرد و لە وشترەکانی زیادکرد و منیش وام کردووە.

ئاوا بەردەوام رەخنەیان لێدەگرت و ئەویش وەڵامی دەدانەوە تا دواتر عوثمان بەوانی وت چیتان دەوێت؟ ئەوانیش بەڵێننامەکەیان هێنا و شەش یان پێنج

---

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 175.

مەرجیان بۆ نووسی کە هەرکەس دوورخراوەتەوە بگەڕێنرێتەوەو ئەوەی –مووچەی لێ براوە– بۆی بگێردرێتەوە و فەیئیش هەبێت و لە دابەشکردندا دادپەروەر بێت و کەسانی بەهێز و جێمتمانە بکاتە بەرپرس، ئەوەیان لە نامەیەکدا نووسی، ئەویش بەڵێنی لەوان وەرگرت یەکڕیزی تێکنەدەن، ئینجا بە ڕەزامەندی گەڕانەوە.

دەوترێت بەڵکو عەلی ناردووە بۆ لایان و لەسەر ئەو پێنج شتە باسکراوە ڕێککەوتن و بە ڕەزامەندی گەڕانەوە، لەو بارەدا بوون کە سوارێك هات و ڕێی گرت پێیانو چەند جارێك بڵاوەی بە کۆبوونەوەیان دەکرد و دەهاتەوە بەنێویاندا، وتیان ئەوە تۆ چیتە؟–بۆ وادەکەیت؟– ئەویش وتی من نێردراوی ئەمیری باوەڕدارانم بۆ لای کاربەدەستی خۆی لە میصر، ئەوانیش پشکنیان، سەیریان کرد نامەیەکی پێیە کە لەسەر زمانی عوثمان نووسراوەو مۆری ئەوی لێدراوەو ناردوویەتی بۆ کاربەدەستی میصر و فەرمانی پێکردووە–ئەو کۆمەڵە کە گەڕانەوە– لە خاچیان بدات و دەست و پێیان ببڕێت.

ئەوانیش گەڕانەوە بەرەو مەدینەو چوون بۆ لای عەلی و پێیان وت تەماشا کە دوژمنی خوا چی کردووە؟!! چی لە بارەمانەوە نووسیوە خوا خوێنی ئەوی حەڵاڵ کردووە، ئینجا بە عەلییان وت لەگەڵ ئێمە وەرە بچین بۆ لای –عوثمان–، ئەویش وتی بەخوا نایەم لەگەڵتان، وتیان ئەی بۆچی –پێشتر– بەڵێننامەت بۆ نووسین؟ ئەویش وتی بەخوا من بۆم نەنووسیون، ئەوانیش لەنێو خۆیاندا سەیری یەکتریان دەکرد، ئینجا عەلی لە مەدینە چوویە دەرەوە.

ئەوانیش چوون بۆ لای عوثمان و پێیان وت: تۆ شتی وات لە بارەی ئێمەوە نووسیوە، ئەویش وتی یان دەبێت دوو موسڵمان بهێنن–کە شایەتیم لەدژ بدەن–

یان من سوێند دەخۆم –شتی وام نەنووسیوە–، بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون و بەڵێنەکەیان هەڵوەشاندەوەو گەمارۆیان دا.

دەوترێت ئەشتەر هێنراوە بۆ لای عوثمان، ئەشتەریش بە عوثمانی وت ئەو خەڵکە دەیانەوێت یان واز لە دەسەلآت بهێنیت، یان قیصاصیان بدەیتەوە، یان بتکوژن، ئەویش وتی: سەبارەت بە وازهێنانم ئەوا من ئوممەتی موحەممەد بە پەرتی و ناکۆکی جێناهێڵم، سەبارەت بە قیصاصیش ئەوا دوو هاوەڵەکەی پێش من قیصاصیان لەخۆیان وەرنەگرتووەو جەستەی منیش بەرگەی ئەوە ناگرێت.[1]

ئەو رەخنانەی لە عوثمانی کوڕی عەففان دەگیران:

ئیبنولعەرەبی کۆی ئەو رەخنانەی کۆکردەوەتەوە کە لە خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان دەگیران و وەڵامی هەریەك لەوانەشی خستوەتەڕوو، ئێمەش هاودەم بە زیادەیەك بۆ وتەکانی ئیبنولعەرەبی هەم رەخنەو هەم وەڵامەکان دەخەینەڕوو:

هێندەی دا لە عەممار تا ناوسکی تەقی.

هێندەی دا لە ئیبن مەسعوود تا ئێسك‌و پروسکی شکاند و مووچەشی لێ بڕی:

ئیبنولعەرەبی دەڵێت: سەبارەت بە لێدانی ئیبن مەسعوود و مووچەپێنەدانی ئەوە ساختەیە، سەبارەت بە لێدانی عەممارییش هەروەك ئەوی پێشوو درۆ و ساختەیە، ئەگەر ناوسکی بتەقیایە هەرگیز نەدەژیا.

---

[1] - العواصم من القواصم.

زانایان لەو بارەیەوە برێ پۆزشیان هێناوەتەوە کە هی ئەوە نیە باسیان بکەین چونکە خودی باسەکە لەسەر پووچی و ناردوستی وەستاوە، ئیتر هیچ حەقێك لەسەر پووچی بنیادنانرێت، بەشوێن پێی نەفاماندا رێ نابڕین، چونکە ئەو رێی ئەوان کۆتایی نیە.[1]

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا کە بەرپرسی بەیتولمالی موسڵمانان بوو لە کووفە، لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کێشەیەکی بۆ دروست بوو، عوثمانی کوڕی عەففان پاش ماوەیەکی زۆر سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لە والیەتی کووفە لابرد، ئەویش لەبەر کێشەیەك کە لەگەڵ ئیبن مەسعوود هەیبوو، چونکە قەرزی لە بەیتولمال کردبوو کە ئیبن مەسعوود بەرپرسی بوو، کاتێك ئیبن مەسعوود داوای قەرزەکەی کردەوە لە سەعد، سەعد توانای نەبوو بیداتەوە، بۆیە کێشە کەوتە نێوانیانەوە، هەواڵەکە گەیشتەوە بە عوثمان و سەعدی لابرد و وەلیدی کوڕی عوقبەی لە شوێنیدا دانا.[2]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان نوسخەکانی قورئانی یەکخست و تەنها یەك جۆری هێشتەوە، ئیبن مەسعوود ئامادە نەبوو نوسخەکەی خۆی لاببات چونکە دەیوت من خۆم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەو قورئانەم بیستووە.[3]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان داوای کرد لە ئیبن مەسعوود بگەڕێتەوە بۆ مەدینە، خەڵکی کووفە وتیان لێرە بمێنەرەوە ئێمە ناهێڵین هیچ ئازارێکت پێ بگات،

---

[1] - العواصم من القواصم.

2 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 477.

[3] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 487-488.

ئه‌ویش وتی من گوێڕایه‌ڵی خه‌لیفه‌م له‌سه‌ره‌، ده‌بینم فیتنه‌ به‌ڕێوه‌یه‌، نامه‌وێت من یه‌كه‌م كه‌س بم ئه‌و ده‌رگایه‌ بكاته‌وه‌، بۆیه‌ خه‌ڵكه‌كه‌ی گێڕایه‌وه‌و به‌ره‌و مه‌دینه‌ كه‌وته‌ڕێ.[1]

پاش ماوه‌یه‌ك ئیبن مه‌سعوود نه‌خۆش كه‌وت، عوثمانی كوڕی عه‌ففان هات بۆ لای، وتی ئازاری چیت هه‌یه‌؟ ئه‌ویش وتی ئازاری تاوانه‌كانم، وتی ئه‌ی حه‌ز به‌ چی ده‌كه‌یت؟ وتی ره‌حمه‌تی په‌روه‌ردگارم، وتی ئه‌ی فه‌رمان نه‌كه‌م پزیشكێك بێت بۆ لات، ئه‌ویش وتی پزیشك ده‌وای كردووم، عوثمان وتی فه‌رمان نه‌كه‌م به‌خششت بكه‌ن؟ وتی هیچ پێویستم پێی نیه‌.[2]

دواجار ئیبن مه‌سعوود له‌ مه‌دینه‌و له‌ ساڵی سی و دووی كۆچیدا وه‌فاتی كرد،[3] كاتێك وه‌فاتی كرد نوێژی له‌سه‌ر كرا، رایه‌ك ده‌ڵێت عوثمانی كوڕی عه‌ففان نوێژی له‌سه‌ر كرد، رایه‌كیش ده‌ڵێت عه‌مماری كوڕی یاسر نوێژی له‌سه‌ر كرد، رایه‌كیش ده‌ڵێت زوبه‌یری كوڕی عه‌ووام نوێژی له‌سه‌ر كرد، دواتر وه‌ستان تا شه‌و، چونكه‌ خۆی وه‌سیه‌تی كردبوو شه‌و ئه‌سپه‌رده‌ی بكه‌ن، ئینجا له‌ گۆڕستانی به‌قیع ئه‌سپه‌رده‌یان كرد.[4]

[1] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 489.
[2] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 498.
[3] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 499.
[4] - أسد الغابة، ج3، ص 400.

لە کۆکردنەوەی قورئاندا لایداوە و بیدعەی نواندووە لە سووتاندنی موصحەفەکانی قورئاندا:

**ئیبنلوعەرەبی لەم بارەیەوە دەڵێت:**

**(سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان، ئەوە کارێکی زۆر چاکی عوثمان بوو کە ئەنجامیدا، هەرچەندە هەموو قورئان لەبەردەست بوو بەڵام خەڵکی راجیابوون—لە خوێندنەوەی— بۆیە چی راجیایی لەسەربوو نەیهێشت و مەسەلەکەی یەکلاکردەوە، بەوەش بەڵێنی خوا هاتەدی بە پاراستنی قورئان کە ئەمەش لەسەردەستی عوثمان هاتەدی وەك چۆن لە نووسینەکانی تایبەت بە قورئانو چەند نوسینی تردا ئەوەمان روونکردوەتەوە.**

**هەموو پێشەوایان ئەوەیان گێڕاوەتەوە کە زەیدی کوڕی ثابت وتی لەکاتی جەنگی خەڵکی یەمامەدا ئەبووبەکر ناردی بە شوێنمدا، بینیم عومەری کوڕی خەططاب لەلای بوو، ئەبووبەکر وتی عومەر هاتووە بۆ لامان و دەڵێت کوژراوەکانی رۆژی یەمامە خەریکە ئەوانە نەهێڵێت کە قورئانیان لەبەرە، من دەترسم ئەم بارە وا بڕوات و بەشێکی قورئان لەدەست بچێت، بۆیە پێم باشە قورئان کۆبکرێتەوە، منیش وتم بە عومەر: چۆن شتێك بکەین کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە؟ عومەر وتی: سوێند بەخوا ئەم کارە باشترە، بۆیە بەردەوام لێی دووبارە دەکردمەوە تا خوای گەورە دەرروونی واڵا کردم بۆ ئەو کارە و رام چوویە سەر راکەی عومەر.**

**ئیتر دەستنووسەکە لای ئەبووبەکر بوو تا وەفاتی کرد، دواتر لای عومەر بوو تا وەفاتی کرد، دواتر لای حەفصەی کچی عومەر بوو تا حوزەیفەی کوڕی یەمان هات بۆ لای عوثمان، ئەوەش کاتێك لە غەزای شام لە فەتحی ئەرمینیاو ئازەربایجان**

لەگەڵ خەڵکی عێراق بوو کە گەڕایەوە بۆ لای عوثمان باسی جیاوازی خوێندنەوەی قورئانی لای ئەو خەڵکە بۆ عوثمان گێڕایەوە، بۆیە حوذەیفە بە عوثمانی وت ئەی ئەمیری باوەڕداران فریای ئەم ئوممەتە بکەوە پێش ئەوەی وەك ناکۆکی جوولەکەو مەسیحیەکان موسڵمانانیش سەبارەت بە قورئان ناکۆکییان تێبکەوێت، بۆیە عوثمان کەسی نارد بۆ لای حەفصەو پێی وت نوسخەی موصحەفەکەمان بۆ بنێرە تا لەبەری بنووسینەوە و دواتر دەیگێڕینەوە بۆت، حەفصەش موصحەفەکەی نارد بۆ عوثمان، ئینجا عوثمان فەرمانی کرد بە زەیدی کوڕی ثابت و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر و سەعیدی کوڕی عاص و عەبدورەحمانی کوڕی حارثی کوڕی هیشام تا لەبەری ئەو موصحەفە چەند نوسخەیەك بگرنەوە، ئەوانیش ئەو کارەیان بەئەنجام گەیاند.

عوثمان بە سێ کەسە قورەیشیەکانی وت: ئەگەر ئێوە لە شتێکدا راجیابوون لەگەڵ زەیدی کوڕی ثابت ئەوا بە زمانی قورەیشی بینووسن چونکە قورئان بە زمانی قورەیشی دابەزیوە، ئەوانیش وایان کرد.

کاتێك ئیشەکەیان تەواو کرد عوثمان موصحەفەکەی گێڕایەوە بۆ حەفصە، عوثمان بۆ هەر ناوچەیەك موصحەفێکی لەو موصحەفانە نارد کە –دەستەکە– نووسیبوویانەوە و فەرمانی کرد–لە ناوچەکاندا–چی نووسینەوەی تری بەشێکی قورئان و چی موصحەفی تر هەیە بسووتێنرێت.

سەبارەت بەوەی دەوترێت عوثمان موصحەفەکانی تری سووتاندووە یان دڕاندووە، ئەوا هەردووکیان جائیزە ئەگەر مانەوەی ئەو موصحەفانە خراپەی لێ بکەوێتەوە یان شتێکی تێدا بێت کە –لە بنەرەتدا– لە قورئاندا نەبێت یان لەسەر بنەمای قورئان خۆی نەبێت، لەوەشدا هەموو هاوەڵان بێدەنگ بوون و کێشەیان

نەبوو، بەڵام گێردراوەتەوە لە ئیبن مەسعوودەوە کە لە کووفە وتاری داوەو وتوویەتی پاشان خوای گەورە دەفەرموێت (ومن يغلل يأت بما غل يوم القيامه) جا من بۆ موصحەفەکەی خۆم وادەکەم، هەرکەسیش لە ئێوە ئەوەی پێ دەکرێت با وابکات، بۆیە ئیبن مەسعوود دەیویست موصحەفەکەی خۆی بهێڵێتەوەو ئەوەی تیایدا دەیزانی بهێڵێتەوە، کاتێك ئەوەی بۆ نەکرا ئەوەی وت کە وتی، بۆیە عوثمان ناچاری کرد موصحەفەکەی لابەرێتو رسومەکانی سڕیەوە، بۆیە قیرائەکەی چەسپاو نەمایەوەو خوای گەورە بەو سڕینەوەیە عوثمان و حەقی سەرخست).[1]

ئەبووذەری دوورخستەوە بۆ ناوچەی رەبذە.

یەکێك لەو مەسەلانەی کە کراوە بە رەخنە لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان و تانەدان لە خیلافەتەکەی، مەسەلەی چوونی ئەبووذەر بوو بۆ ناوچەی رەبذە، چونکە ئەو تۆمەتەی ئاڕاستە کراوە کە ئەو بە زۆر و بە فەرمان ئەبووذەری دوورخستوەتەوە بۆ ناوچەی رەبذە، سەبارەت بەم مەسەلەش وردەکاریەکی پێویست دەخەینە ڕوو:

ئیبنولعەرەبی لە کتێبەکەیدا (العواصم من القواصم) سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت:

سەبارەت بەوەی گوایە ئەبووذەری دوورخستبێتەوە بۆ ناوچەی رەبذە ئەوە راست نیەو وای نەکردووە، ئەبووذەر کابرایەکی دنیانەویست و زاهید بوو و سەرکۆنەی کاربەدەستەکانی عوثمانی دەکرد و ئەم ئایەتەی بەسەریاندا

[1] - العواصم من القواصم لابن العربي.

دەخوێندەوە (والذين يكنزون الذهب و الفضة و لا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم).

ئەبووذەر پێی وابوو ئەوان لە سوار و جلوبەرگدا زێدەڕۆیی دەکەن، بۆیە لەسەر ئەوە نارەزایی بەرامبەریان دەردەبڕی و سەرکۆنەی دەکردن، دەیویست چی لەو ماڵو سامانەی بەردەستیان هەیە دابەش بکرێت، ئەوەش شتێکی پێویست نەبوو.

ئیبن عومەر و هاوەڵانێکی تریش دەیانوت هەرچیەك زەکاتەکەی بدەیت ئیتر بریتی نیە لە کۆکردنەوەی –زێڕ و زیو–، ئەوەبوو لە شام دەمەقاڵەیەك لەنێوان ئەبووذەر و موعاویەدا روویدا، ئیتر ئەبووذەر هات بۆ مەدینە، خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەویش هەمان رێی خۆی دەگرتەبەر–دنیانەویستی و ویستی ئەوەی هەموان بەوجۆرە بن–، عوثمان پێی وت خۆزگە کەنارت بگرتایە، مەبەستی ئەوەبوو تۆ لەسەر رێبازێکیت کە بۆ تێکەڵی خەڵك نابێت، چونکە تێکەڵی مەرجی خۆی هەیە و کەنارگرتنیش مەرجی خۆی هەیە، هەرکەسیش بیەوێت وەك ئەبووذەر بژی دەبێت بە تەنها بژی، یان تێکەڵی خەڵك بکات بەڵام وازبهێنێت خەڵکی لەو بارەدا بژین کە لە شەریعەتدا حەرام نەکراوە، ئەوەبوو بۆ پشتگوێخستنی دنیا، ئەبووذەر بە سەربەرزی چوو بەرەو ناوچەی رەبذە، حاڵی ئەبووذەر باشتر بوو، بەڵام ئەو حاڵە بۆ هەموو خەڵك نابێت، چونکە ئەگەر لەسەر ئەو رێبازە بچوونایە بەدڵنیاییەوە لەناودەچوون، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە هەموو حاڵەکانی رێکخستووە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو رەخنە لە عوثمان دەگیرێت لەسەر کارێك کە عومەر –پێشتر– کردبووی، دەگێردرێتەوە کە عومەری کوڕی خەططاب ماوەی یەك ساڵ ئیبن مەسعوودو چەند هاوەڵێکی تری لە مەدینە بەند کرد تا ئەو کاتەی شەهید بوو، ئەوکات عوثمان ئازادی کردن، عومەر لەبەرئەوە بەندی کردن چونکە ئەوانە فەرموودەی زۆریان لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕایەوە.

دەمەقاڵەیەك لەنێوان ئەبووذەرو موعاویەدا روویدا، ئاخۆ ئەبووذەر بڕێ قسەی دەکرد کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا ئەوانەی نەدەوت، بۆیە موعاویە ئەم مەسەلەی باس کرد بۆ عوثمان و ترسا ئاشووبێك لەنێو خەڵکیدا دروست بێت، چونکە ئەبووذەر هانیان دەدات بۆ دنیانەویستی و بڕێ حاڵ کە هەموو خەڵکی بەرگەی ناگرن، بەڵکو بە تایبەت بۆ هەندێ کەس دەبێت و کەمینەیەك دەتوانن بەرگەی بگرن، بۆیە وەك پێشتر باسمان کرد عوثمان نامەی بۆ نووسی تا ئەبووذەر بێت بۆ مەدینە، کاتێك هاتە مەدینە خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەبووذەر بە عوثمانی وت بەنیازم بچم بۆ ناوچەی رەبذە، عوثمانیش وتی وابکە، ئەبووذەریش وایکرد، تەنها ئەو هەنگاوەش بۆ ئەو گونجاو بوو.[1]

ئیبن تەیمیەش پێی وایە چوونی ئەبووذەر بۆ رەبذە لەبەر نەگونجانی ئەو ئیجتیهادەی بوو کە کردبووی، لەو بارەوە دەڵێت:

---

1 - العوصم من القواصم، تحقيق محب الدين الخطيب و محمود مهدي الأستانبولي، ط2، دار الجيل(بيروت-1987)، ص 85- 88.

ئەبووذەر لە رەبذە نیشتەجێ بوو و لەوێش مرد، ئەمەش لەبەر هۆکارێك کە کێشە کەوتە نێوان ئەو و خەڵکەوە، چونکە ئەبووذەر کەسێکی صالحی دنیانەویست بوو، پەیامیشی وابوو کە دنیانەویستی واجبە و مرۆڤ چی لێ زیادە پێویستی خۆی هەڵبگرێت ئەوە کەنز و سامانێکە کە لە رۆژی دواییدا پێی داخ دەکرێت، هەروەها پشتی دەبەست بە شتێك کە لە قورئان و سوننەتدا بەڵگەی لەسەر نیە، ئەو پشتی دەبەست بە فەرمایشتی خوا (والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله...)، بۆیە چی زیاد لە پێویست بوایە بە کەنزی دادەنا، بۆ ئەوەش پشتی دەبەست بەوەی لە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیستبوو کە فەرمووبووی (يا أبا ذر ما أحب أن لي مثل أحد ذهبا يمضي عليه ثالثة وعندي منه دينار إلا دينارا أرصده لدين)، (ئەی ئەبووذەر حەز ناکەم هێندە کێوی ئوحود زێڕم هەبێت و سیانەی بەسەردا تێپەڕ بێت و دیناریێ لەو زێڕە لای من مابێت مەگەر بۆ قەرزم دانابێت).... کاتێك عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف مرد و سامانێکی جێهێشت ئەبووذەر ئەوەی بەو کەنزە دانا کە لەسەری سزا دەدرێت، عوثمانیش سەبارەت بەو مەسەلە دانوستان و مشتومڕی لەگەڵ ئەبووذەر دەکرد تا ئەوەی کەعب هاتەژوورەوەو هاوڕای عوثمان بوو، ئەبووذەر لێیدا، هەر لەسەر ئەوەش ئەبووذەر لە شام کێشەی لەگەڵ موعاویە هەبوو، دەستەیەکیش هەبوون هاوڕای ئەبووذەر بوون... خۆ خوای گەورە لە قورئاندا میراتی دیاری کردووەو دابەشی کردووە، دەی میراتیش بۆ کەسێك دەبێت کە دوای خۆی سامانێك جێبهێڵێت، چەندین هاوەڵ لە پشتیوانان و بگرە لە کۆچەرانیش هەبون کە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) سامانیان هەبووە، چەندین پێغەمبەریش هەبون کە سامانیان هەبووە، ئەبووذەر دەیویست شتێك لەسەر خەڵك واجب بکات کە خوا واجبی نەکردبوو لەسەریان، لەسەر شتێك سەرکۆنەیان بکات کە

خوا لەسەر ئەوە سەرکۆنەی نەدەکردن، ئەو لەو رایەیدا موجتەهید بوو و وەك هەموو موجتەهیدانی تر لەسەر گوێڕایەڵیەکەی پاداشت وەردەگرێت...لە سەردەمی خیلافەتی عوثماندا –ماڵ و سامان زۆر بوو– و دەوڵەمەندان خوویان دایە زۆر بواری دنیا کە هەیانبوو لە رووی رێژە و جۆرەوە دەچوونە مەیدانی موباحەوە، ئەبووذەریش هێندە نکوولی دەکرد لێیان تا ئەوەی رێی موباحیشی لێ دادەخستن، ئەمەش هۆکارێکی کێشەی نێوان دوو تاقمەکە بوو، بۆیە کەنارگرتنی ئەبووذەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو، ئەگەرنا عوثمان هیچ کێشە و مەرامێکی بەرامبەر بە ئەبووذەر نەبوو، ئەوەش کە دەڵێت ئەبووذەر ڕاستگۆترین کەسە واتای ئەوە نییە لە هەموویان باشتر بێت، بەڵکو کەسێکی باوەڕداری لاواز بوو، وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی ( يا أباذر إني أراك ضعيفا، وإنى أحب لك ما أحب لنفسي، لا تأمرن على إثنين ولا تولين مال يتيم) (ئەی ئەبووذەر من تۆ بە لاوازی دەبینم، ئەوەشی بۆ خۆم خۆشم دەوێت بۆ تۆیش حەزم پێیە، دەی بەرپرسیارێتی دوو کەسیش مەگرە ئەستۆ و ماڵ و سامانی هەتیویش مەگرە ئەستۆ)، یان لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە (المؤمن القوي خير وأحب إلى الله من المؤمن الضعيف و في كل الخير) ئەهلی شورایش باوەڕدارانی بەهێز بوون، ئەبووذەرو هاوو‌ێنەکانیشی باوەڕدارانی لاواز بوون، باوەڕدارانی چاکی نێو خیلافەت وەك عوثمان و عەلی و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف باشتر بوون لە ئەبووذەر و هاوو‌ێنەکانی.[1]

1 - منهاج السنة النبوية لابن تيمية، تحقيق د.محمد رشاد سالم، ط1، مؤسسة قرطبة، ج6، ص 173- 174.

عەسکەری دەڵێت: ئەبووذەر خۆی لەبەر زوهد و دوورگرتنی لەو سامانەی لە دەستی خەڵکدایە چوون بۆ رەبذەی هەڵبژارد.[1]

ئیبن خەلدوون دەڵێت: ئەبووذەر داوای مۆڵەتی کرد لە عوثمان تا لە مەدینە بچێتە دەرەوە، عوثمانیش مۆڵەتی دا و ئەبووذەریش چوو لە رەبذە دابەزی و لەوێ مزگەوتێکی بنیاد نا و عوثمانیش وشتری پێدا و دوو مەملووکی –خزمەتکاری– بۆ دانا و مووچەشی بۆ بڕیەوە،[2] هەروەها عوثمان پەیامی نارد بۆ ئەبووذەر و پێی وت جارجارە سەردانی مەدینە بکە تا نەریتی دەشتەکی وەرنەگریت، ئەویش وایدەکرد.[3]

بێگومان ئەبووذەری غیفاری لە ئاشووبخوازەکان نەبوو، بەڵکو موجتەهیدێك بوو کە لە بوارێکی ئیجتیهادەکانیدا نەیپێکا، بەڵام ئەوەی کە کێشە بوو ئەوەبوو ئاشووبخوازان ئەو بانگەوازەی ئەبووذەریان قۆستەوە بۆ مەرامی پیسی خۆیان و توانییان بیکەنە چەکێك بۆ دژایەتی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و دواجار رەواکردنی خوێنی، هیچکام لە هاوەڵان و تابعیەکان و زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەش گومانیان نیە لەوەی ئەبووذەر هیچ پەیوەندی و هاوکاریەکی نەبووە لەگەڵ ئاشووبخوازان، بەڵکو نیازێکی چاکسازی هەبووەو ئیجتیهادێکی کردووەو ئیجتیهادەکەی نەیپێکاوەو پشت بەخوا یەك پاداشتی دەست کەوتووە.

---

1 - الأوائل للعسكري، ج1، ص 55.

2 - تاريخ ابن خلدون، ط5، دار القلم (بيروت-1984)، ج2، ص 588.

3 - تأريخ الطبرى، ج2، ص 616.

ئەبوودەردائی لە شام دەرکرد:

**ئیبنولعەرەبی دەڵێت: (هەروەها دەمەقاڵەیەك لەنێوان ئەبوودەردائو موعاویەدا روویدا، چونکە ئەبوودەردائیش کەسێکی زاهید و دنیانەویست بوو و دادوەری خەڵکیش بوو–لە دیمەشق–، کاتێك لە مەسەلەی حەقدا زۆر مەسەلەکەی قووڵ دەکردەوە و ئەو رێبازەی عومەری لەناو خەڵکدا پەیڕەو دەکرا ئەویش پەیڕەوی دەکرد، خەڵکی بەرگەی ئەوەیان نەگرت و لایان برد، ئەویش چوو بەرەو مەدینە، ئەوانە هەموو برێ بەرژەوەندین کە زیان بە ئایینداری ناگەیەنن و کار ناکەنە سەر پێگەی هیچ موسڵمانێك، ئەبووذەر و ئەبوودەردائیش دووربوون لە عەیبەو کەموکورتی، عوثمانیش زۆر دوور و بێگەرد بوو، هەر کەسێکیش بڵێت عوثمان بەو هۆکارە دوورخستنەوەی بەکارهێناوە ئەوە هەموو ئەو قسانە پووچ و بێبنەمان).[1]**

حەکەمی گێڕایەوە پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووری خستبوویەوە:

**حەکەمی کوڕی ئەبیلعاصی کوڕی ئومەییەی ئومەویە، مامی عوثمانی کوڕی عەففانە، باوکی مەڕوانی کوڕی حەکەمە، دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو و چوو لە مەدینە نیشتەجێ بوو.[2]**

**پێغەمبەر (ﷺ) حەکەمی دوورخستەوە بۆ ناوچەی طائیف، ئیتر لەوێ مایەوە، ئینجا کە ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە داوا کرا حەکەم بگێڕێتەوە، ئەویش وتی**

---

[1] - العواصم من القوام لابن العربي.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 105.

گرێیەك ناكەمەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) گرێی داوە، تا لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی كوڕی عەففاندا گەڕێنرایەوە بۆ مەدینە.[1]

حەكەم لە سەردەمی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەككە ئازاری زۆری پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەدا،[2] تەنانەت ئەو شەوەی كۆبوونەوە تا بچن پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵەكەی خۆیدا بكوژن، یەكێك لەوانە حەكەم بوو.[3]

حەكەم تەنانەت بەرامبەر بە موسڵمانانیش خراپەی زۆری نواند، ئەوەبوو كاتێك عوثمانی كوڕی عەففان موسڵمان بوو، حەكەم كە مامی بوو عوثمانی گرت و بە گوریس بەستیەوەو وتی سوێند بەخوا تا نەگەڕێیتەوە سەر ئایینی باوباپیرانت ناتكەمەوە، عوثمانیش وتی سوێند بەخوا هەرگیز وازی لێ ناهێنم، كاتێك حەكەم بینی عوثمان زۆر سوورە لەسەر ئایینەكەی وازی لێهێنا و بەریدا.[4]

ئیبن حەجەر چەند فەرموودەیەكی هێناوە كە باس لەوە دەكەن پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای خراپەی كردووە لە حەكەم، بەڵام صەحیح بوونی هیچكام لەو فەرموودانە ناسەلمێنێت.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 104.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 134.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 228.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 55.

سەبارەت بە هۆکاری دوورخستنەوەکەی دەوترێت نهێنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) ئاشکرا کردووەو باسی کردووە، بۆیە دوورخراوەتەوە.[1]

حەکەم لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد، ئەوەش لە ساڵی سی و یەکی کۆچیدا بوو.[2]

هەرچۆنێك بێت نەفی کردنی حەکەم و نەگێڕانەوەی تا وەفاتی و بەردەوامی هەر دوو خەلیفەی دواتریش لەسەر ئەو بنەمایە، بەڵگەیە لەسەر ئاستی لاساریەك کە حەکەم نواندوویەتی، بەڵام ئەوە نابێتە تۆمەت بۆ خەلیفەی سێیەمی باوەڕداران، چونکە گێڕانەوەیەك هەیە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پێش مردنی لەسەر داوای عوثمان رازی بووە حەکەم بگەڕێتەوە، بەڵام پێش گەڕانەوەی وەفاتی کردووە و دواتریش هەردوو خەلیفەی دواتر بۆ پەیڕەوی ئەو فەرمانە داوای شاهیدێکیان کردووە لە عوثمان و ئەویش شایەتێکی تری نەبووە.[3]

بۆیە ئەمە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

یەکەم: ئەوەی عوثمان چووەو سکاڵای بۆ کردووە لای پێغەمبەر (ﷺ)، شتێکی هەڵەو تاوان نەبووە، چونکە هێشتنەوەی خزمایەتی و هەوڵی چاکەکردن لەگەڵ خزمان شتێکی رێپێدراوە لە ئیسلامدا مادەم نەبێتە زیان بۆ باوەڕداران بە گشتی، ئەوەش کە عوثمان چووە داوای لێخۆشبوونی بۆ موسڵمانێکی هەڵەکار

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 108.

2 - نفس المصدر.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 105.

کردووە نەك بۆ بێباوەڕێك،[1] هەروەها تکای بۆ کردووە لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) رازی بووە نیشانەی ئەو هەموو رێز و خۆشەویستیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەیبووە بۆ عوسمانی کوڕی عەففان.

دووەم: پابەندی بێشوماری هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە گشتی و خەلیفە راشیدینەکان بە تایبەتی و ئەبووبەکر و عومەر بە تایبەتی تر لەم نمونەدا دەردەکەوێت کە چەندە ورد و وریا بون لە هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتدا، کاتێك زانیویانە شەرع داوای شایەت دەکات بۆ هەر سکاڵا و پرسێك، ئامادە نەبون تەنانەت قسەو سکاڵای موژدەپێدراوی بەهەشتیش وەربگرن کە عوسمانە، خۆ ئەوان دەیانزانی کە عوسمان چەندە راستگۆ و دلسۆز بە ئیسلام بووەو ئەگەر هەرچیەك بچووکترین لادانی دژ بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا بووبێت هەرگیز قبووڵی نەکردووە، عوسمان موژدەپێدراوی بەهەشت و دوو جار زاوای پێغەمبەر (ﷺ) بووە، عوسمان هۆکاری بەیعەتی ریزوان بووە، کەچی هەر فەرمانی شەریعەتیان بۆ شایەتیەکی ئەو پشتگوێ نەخستووە، جا ئەگەر بۆ مەسەلەیکی کاتی لاوەکی وا ورد بووبن، دەبێت لە کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئاندا چ وریایی و دڵنیاییەکیان گرتبێتەبەر.

سێیەم: گەورەیی عوسمان و رێزگرتنی لە فەرمانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسلامی نیشان دەدات، ئەو هەرچەندە خۆی چووبوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و رەزامەندی پێغەمبەری خوای (ﷺ) وەرگرتبوو، بەڵام کاتێك زانی بەڵگەی تەواوی

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 134.

بەدەستەوە نیە بۆ سەلماندنی راستیەکەی، ئامادە بوو ملکەچی فەرمانێك بێت کە لەپێناو هێشتنەوەی راستیەکاندا راستیەکی ئەوی پەك دەخست، ئەمەش تەنها لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەوەشێتەوە هێندە وریا و کارامە بن.

چوارەم: عوثمان هەرگیز ئامادە نەبووە لە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەربچێت، خۆ کاتێك ئەبوو سوفیان هاتە مەدینەوەو تکای کرد لە چەند کەسێك و لەوانەش عوثمان تا بیبەن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای بۆ بکەن تا لەسەر رێککەوتنی قورەیش و پێغەمبەر (ﷺ) قسەی لەگەڵ بکات، عوثمان ئامادەیی نەبوو سکاڵای بۆ بکات هەرچەندە لە هەمان هۆز بوون، چونکە دەیزانی ئەمە رەوا نیە، بەڵام سکاڵا کردنی بۆ حەکەم لەبەرئەوەی پێ رەوابوو چونکە هەم حەکەم شایەتومانی بە زار دەربڕیبوو و خۆی بە موسڵمان ناساندبوو و خواش زاناترە بە موسڵمانێتیەکەی، هەم هاتنەوەی ئەو هیچ پەیوەندیەکی نەبوو بە زیان گەیاندن بە موسڵمانان چونکە تاکێك بوو و هیچی تر، هەروەها ئەو کە زانی پێغەمبەر (ﷺ) رازی بووە ئینجا چوو داوای لە ئەبووبەکر و عومەریش کرد تا ئەو رەزامەندیە جێبەجێ بکەن، کاتێکیش بەڵگەی تەواوی بۆ ئەوە دەست نەکەوت بێدەنگی هەڵبژارد نەك نانەوەی ئاژاوەو ناڕەزایی.

سەبارەت بەوەی بۆچی عوثمانی کوڕی عەففان حەکەمی گێڕایەوە، ئیبنولعەرەبی لە کتێبەکەیدا (العواصم من القواصم) دەڵێت:

سەبارەت بە تۆمەتی گێڕانەوەی حەکەم ئەمەش راستی نیە، زانایانمان لە وەڵامی ئەو گومانەدا دەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دابوو بە حەکەم تا بچێتەوە مەدینە، عوثمان ئەمەی وت بە ئەبووبەکر و عومەر، ئەوانیش وتیان ئەگەر شاهیدێکت

هەیە بۆ ئەوە ئەوا دەیگێڕینەوە، بۆیە کاتێك خۆی بوو بە خەلیفە ئیشی کرد بەو زانیاریەی هەیبوو–کە پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی داوە بە حەکەم بچێتەوە مەدینە–، عوثمان ئامادە نەبوو پەیوەندی لەگەڵ کەسێك هەبێت کە پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەندی لەگەڵ بپچڕاندایە با تەنانەت باوکیشی بوایە، ئەو هەرگیز ئامادە نەبوو حوکمی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبوەشێنێتەوە.[1]

سوننەتی کورتکردنەوەی نوێژی لە سەفەردا لەکارخست:

ئیبنولعەرەبی دەڵێت: سەبارەت بە کورتنەکردنەوەی نوێژەکان لە سەفەردا ئیجتیهادێکی عوثمان بوو، چونکە بیستبووی خەڵکی لە مەسەلەی کورتکردنەوەی نوێژەکاندا تێکەوتونو وایان لێهاتووە تەنانەت لە ماڵەوەش کورتکردنەوەی نوێژەکان دەکەن، بۆیە گومانی ئەوەی برد ئەنجامدانی سوننەتێك ببێتە هۆی لەکارخستنی فەرز، بۆیە لەترسی نەکەوتنە ئەو داوو هەڵەوە کورتکردنەوەی نوێژەکانی لە سەفەردا تەرك کرد، هەرچەندە دەستەیەك لە زانایان دەڵێن کەسی گەشتیار سەربەستە لەوەی ئایا بە کورتکردنەوە نوێژەکانی بکات یان بێ کورتکردنەوە نوێژەکانی بکات، هاوەڵانیش لەو بارەوە راجیا بوون.[2]

---

1 - العواصم من القواصم، ص 89.

2 - العوصم من القواصم.

موعاویەی-کوڕی ئەبووسوفیانی- کرد بە والی کە کەسێکی فاسقەو شیاوی کاربەدەستی نیە:

**سەبارەت بە موعاویە ئەوا —یەکەم جار— عومەر کردی بە والی و هەموو ناوچەکانی شامی دایەدەست، دواتریش عوثمان لەو پۆستەیدا هێشتیەوە، بەڵکو با بڵێین ئەبووبەکر —یەکەمجار— بەرپرسیارێتی پێدا، چونکە زیادی برای موعاویەی کرد بە والی و زیادیش ئەوی کرد بە جێگرەوەی خۆی، ئەوەبوو عوثمانیش هێشتیەوە چونکە پەیوەندی هەبوو بە ویلایەتی ئەبووبەکرەوە، جا عوثمانیش وەك عومەری کرد و هێشتیەوە، دەی بڕواننە ئەو زنجیرەیە چەندە پەیوەست و پتەو بووە، هەرگیز نموونەی وا نابینرێتەوە.[1]**

عەبدوڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیزی کرد بە والی کە کەسێکی فاسقەو شیاوی کاربەدەستی نیە:

**عەبدوڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیز کردی بە بەرپرس—وەك دەوترێت— چونکە پوورەکانی زۆر رێزدار بوون.[2]**

مەڕوانی کرد بە والی کە کەسێکی فاسقەو شیاوی کاربەدەستی نیە:

**ئەو قسەلۆکانەی سەبارەت بە مەڕوان و وەلید هاتون زۆر سەختن‌و ئەوانەی حوکمی فاسق بوونیان داوە لەسەریان لە فاسقی خۆیانەوە ئەو حوکمەیان بەسەرداداون، مەڕوان پیاوێکی عەدل بووەو لە گەورە پێشەوایانی لای هاوەڵان و**

---

[1] - العواصم من القواصم.

[2] - العواصم من القواصم.

تابعیەکان و فیقهناسانی موسڵمانان بووە، سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی کە لە هاوەڵان بووە گێڕانەوەی لێ گێڕاوەتەوە، سەبارەت بە تابیعیەکانیش هاوتەمەنانی خۆی بون... سەبارەت بە فیقهناسانی ناوچەکانیش هەموویان بەگەورەیان داناوەو خیلافەتەکەیان بە رەوا داناوەو فەتوای ئەویان وەرگرتووەو ملکەچی گێڕانەوەی بون، مێژوونووس و ئەدیبەکانیش لە ئاست خۆیاندا قسەیان کردووە.[1]

وەلیدی کوڕی عوقبەی کرد بە والی کە کەسێکی فاسقەو شیاوی کاربەدەستی نیە:

ئیبنولعەرەبی دەڵێت: (سەبارەت بە دانانی وەلیدی کوڕی عوقبە ئەوا –هاودەم بە خراپی نیازەکان– خەڵکی پێش چاکە خراپەیان گرتەبەر، بۆیە درۆسازان کەوتنە باسی ئەوەی عوثمان بۆ نیازی خۆی کردوویەتی بە بەرپرس، عوثمان دەڵێت من وەلیدم دانەناوە لەبەرئەوەی برام بووبێت، بەڵکو لەبەرئەوە دامناوە کە کوڕی ئوم حەکیمی بەیضائە، ئەو ژنەش پووری پێغەمبەر (ﷺ) و دوانەش بووە لەگەڵ باوکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)–واتە ئوم حەکیم و عەبدوڵای باوکی پێغەمبەر (ﷺ) بە یەك سك لەدایك بون–، پشت بەخوا دواتریش روونی دەکەینەوە، دانانی والیش ئیجتیهادە، عومەر سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لابرد و کەسی پلەنزمتر لەوی پێش ئەو خست،

بە عوثمان وترا تۆ وەلیدت داناوە چونکە وەلید براتە لە رێی دایکتەوە (ئەروای کچی کورەیزی کوڕی رەبیعەی کوڕی حەبیبی کوڕی عەبدشەمس)، ئەویش وتی بەڵکو بۆیە کردوومە بە والی چونکە پوورزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چونکە

[1] - العواصم من القواصم.

ئوم حەکیم پووری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دایەگەورەی عوثمان و دایەگەورەی وەلید بووە لەرووی دایکیانەوە کە ئەروا بووە، ئوم حەکیم دوانە بووە لەگەڵ عەبدوڵای باوکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، جا چ کێشەیەك هەیە کەسێك برای خۆی یان کەسی نزیکی خۆی دابنێت.[1]

پێنج یەکی ئەفریقیای دا بە مەڕوان.

سەبارەت بەوەی عوثمان پێنج یەکی ئەفریقیای دابێت بە یەك کەس ئەوە راست نیە، مالیك و دەستەیەکی تر پێیان وایە پێشەوا –ئیمام– رای خۆی دەبێت لەسەر پێنج یەك و دواتر بە پێی ئیجتیهادەکەی جێبەجێی دەکات، دەشتوانێت هەمووی ببەخشێت بە یەك کەس.[2]

عومەر بە قامچی لێدانی حەددی لێدەدا، کەچی ئەم کردی بە گۆچان:

سەبارەت بەوەی دەڵێن عوثمان بە گۆچان لە خەڵکی دابێت، لە هیچ یاخی و گوێڕایەڵێك ئەوەم نەبیستووە، بەڵکو گێڕانەوەیەکی پووچ و بێبنەمایەو هەواڵێکە بازاڕگەرمی بۆ کراوە، پەنابەخوا لە هەر خراپەیەك.[3]

[1] - العواصم من القواصم.
[2] - العواصم من القواصم.
[3] - العواصم من القواصم.

چوویە سەر پلیکانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتێکدا ئەبووبەکر و عومەر لەو پلیکانە خوارتر دەوەستان-بۆ وتاردان-:

**سەبارەت بەوەی دەوترێت عوثمانی کوڕی عەففان چوەتە شوێن مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوا ئەمەم لە هیچ کەس نەبیستووە کە توقیەی هەبێت، بەڵکو بانگەشەیەکی ناڕەوایە بۆ باس و گێڕانەوە، ئیتر ئەوەی دڵی پێی دەگۆڕێت دڵی دەگۆڕێت، زانایانمان دەڵێن: ئەگەریش ئەوە راست بێت-وای کردبێت- ئەوە هیچ شتێکی تێدا نیە کە خوێن رشتنی حەڵاڵ بکات، یان لەوانەشە ئەو کارەی حەق بووبێت و هاوەڵانیش لەسەر ئەوە گلەیی و نارەزاییان نەبووبێت، واتە سەرەتا یان لەبەر هۆکاری پێویست ئەوەیان بە رەوا زانیبێت، ئەگەریش نەبووبێت-واتە شتی وای نەکردبێت- ئەوە ئیتر مشتومڕێکی لەسە نامێنێت.**[1]

ئامادەی غەزای بەدر نەبووبوو، لە رۆژی ئوحودیش شکستی خوارد، لە بەیعەتی ریزوانیشدا ئامادە نەبوو:

**جارێك ئیبن عومەر لەگەڵ خەڵکێکی قورەیشیدا دانیشتبوو، کابرایەکی میصری هات بۆ لای، وتی ئەی ئیبن عومەر پرسیارێکت لێدەکەم وەڵامم بدەرەوە، ئایا دەزانیت عوثمان لە رۆژی ئوحوددا رایکرد؟ وتی بەڵێ، وتی دەزانیت لە بەدردا ئامادە نەبو؟ وتی بەڵێ، وتی دەزانیت لە بەیعەتی ریضواندا ئامادە نەبوو؟ وتی بەڵێ، کابرا وتی الله اکبر، ئیبن عومەر وتی وەرە با بۆت روون بکەمەوە، راکردنی ئوحودی من شایەتی دەدەم کە خوا لێی خۆش بوو،**

---

[1] - العواصم من القواصم.

**بۆ ئامادە نەبوونی بەدریش لەبەرئەوە بوو کە کچەکەی پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەری بوو و نەخۆش بوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو تۆ پاداشت و پشکی یەکێك لە ئامادەبوانی بەدرت هەیە، بۆ ئامادەنەبوونیشی لە بەیعەتی ریضوان، ئەوە ئەگەر لەناو مەککەدا بڵندپایەتر لە عوثمان هەبوایە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی لەبری عوثمان دەنارد، پێغەمبەر (ﷺ) عوثمانی نارد و بەیعەتەکە دوای ئەوە بوو کە عوثمان چوو بۆ مەککە، لە کاتی بەیعەتەکەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەستی راستی نیشان دا و فەرمووی ئەوە دەستی عوثمانە، دەستی راستی دا بەسەر دەستەکەی تریدا و فەرمووی (ئەوە بۆ عوثمان)، ئینجا ئیبن عومەر بە کابرای وت دەی ئێستا برۆ.[1]**

عوبەیدوڵای کوڕی عومەری لە هورمزان نەکوشت-ئەو کەسەی کە چەقۆکەی دا بە ئەبوولوئلوئەو دژ بە عومەر هانی دا تا عومەری کوشت-:

**سەبارەت بە ئامادەنەبوونی عوثمان بۆ کوشتنی عوبەیدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەططاب لە هورمزان ئەوە ناراست و پووچە، چونکە ئەگەر ئەو ئەوەی نەکرد خۆ هاوەڵانی تر لەوێ ئامادە بوون، مەسەلەکەش لەسەرەتادا بوو، دەوترێت: هورمزان هەوڵی داوە بۆ کوشتنی عومەر و خەنجەری هەڵگرتووەو لەژێر جلەکانیەوە دەرکەوتووە...لەوانەشە عوثمان حەقێکی بەسەر عوبەیدوڵاوە بەدی نەکردبێت، چونکە بارو کاری هورمزانی بۆ دەرکەوت، هەروەها کەس داوا ئەوەی نەدەکرد،**

1 - صحيح البخاري، الرقم 3516، سنن الترمذي، الرقم 3726، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 592.

لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرانەشدا چۆن دروستە بڕوانێتە مەسەلەیەك كە دروست و صەحیح نیە.[1]

لەسەر وشترەكەی لەگەڵ كۆیلەكەیدا نامەیەكی نووسی بۆ ئیبن ئەبی سەرح سەبارەت بە كوشتنی ئەو كەسانەی لە نامەكەدا باسی كردبوون:

ئیبنولعەرەبی دەڵێت: سەبارەت بەوەی دەڵێن نامەكە لەگەڵ سوارێكدا گیراوە–یان لەگەڵ كۆیلەكەی گیراوە– هیچ كەسیش ناڵێت كۆیلەكەی بووە، گوایە نامەی بردووە بۆ عەبدوڵای كوڕی ئەبووسەرح و تیایدا فەرمانی پێكردووە هەڵگرانی نامەكە بكوژێت، –بەڵام لە راستیدا– عوثمان بە خەڵكەكەی وت یان دەبنە شایەتی ئەو شتە– كە من وام وتبێت–، یان سوێند دەخۆم من ئەوەم نەنووسیوە و فەرمانم بە شتی وا نەكردووە، جار هەیە بە ناوی كەسێكەوە قسە دەنووسرێت و ساختەی دەستنووسی دەكرێت و مۆرەكەشی ساختەی لەسەر دەكرێت، بەلام ئەوان وتیان دەبێت تۆ مەروان بدەیتە دەست ئێمە، ئەویش وتی شتی وا ناكەم، چونكە ئەگەر مەڕوانی بدایە بەدەستەوە ئەوە ستەمكار دەبوو، ئەو خەڵكە دەبوو لای عوثمان داوای حەقی خۆیان لە مەڕوان و هەر كەسێكی تریش بكەن، ئەگەر بچەسپایە عوثمان شتی وای كردووە ئینجا حەق بۆ خاوەن حەق دەبێت، بەڵام پێشینەو گەورەیی و پلەوپایەی ئەو هی ئەوە نەبوو لە دەسەڵاتەكەی لابرێت چ جای كوشتنی.[2]

[1] -العواصم من القواصم.

[2] - العواصم من القواصم.

## گەمارۆدانی ماڵی عوثمان

پاش کۆتا وتاری عوثمان لە هەینیدا، تووشی ژانەسەرێك بوو و لە هۆش خۆی چوو، خێرا بردیانەوە بۆ ماڵەوە، نەیارەکانی کە لەو شوێنە جیاوازانەوە هاتبوون، هاتن و گەماری ماڵەکەیان دا، بەرامبەر بەوە خێرا دەستەیەك لە منداڵانی هاوەڵان بە فەرمانی باوکیان چوون بۆ ماڵی عوثمان تا بەرگری لە خەلیفە بکەن، لەوانە حەسەن و حوسەینی کوڕانی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر و عەبدوڵای کوڕی عەمر.[1]

صەفییەی دایکی باوەڕداران بە ولاخێکەوە چوو تا بچێت بۆ لای عوثمان، کەچی ئەشتەر هاتە ڕێی و نەیهێشت، صەفییە وتی بمگێڕنەوە با ئەمە ئابڕووم نەبات، دواتر حەسەنی لە نێوان ماڵی خۆی و عوثماندا داناو خواردن و خواردنەوەی دەنارد بۆ عوثمان.[2]

لەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درا، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هاودەم بە ئیبن عومەر و حەسەن و حوسەین و مەڕوان و ئەبووهورەیرە و ژمارەیەکی تر وەستان تا بەرگری بکەن لە خەلیفە، خەلیفەش سوێندی دان کە وازبهێنن و بچنەوە ماڵەوە،[3] بەڵام عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانی کوڕی حەکەم نەچوونەوەو

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 176.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 741.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 181.

بەرگرییان کرد، عەبدوڵا چەندین شمشێر و تیری بەرکەوت و زۆر بریندار بوو، هەروەها حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانیش بریندار بوون.[1]

زەیدی کوڕی ثابت هات و وتی وا پشتیوانان لەبەردەرگان و دەڵێن ئەگەر دەتەوێت ئێمە دووبارە پشتیوانانی خواین، عوثمان وتی پێویستم بەوە نیە، دەست بگرنەوە –و مەجەنگن–،

ئەبووهورەیرە پێی وت ئەمڕۆ هاودەم بە تۆ دەمێنمەوە، عوثمان پێی وت تکام لێت هەیە –بڕیارم بۆت ئەوەیە– بچیتەدەرەوە –جێمبهێڵیت–،

حەسەنی کوڕی عەلی کۆتا کەس بوو کە لەلای مابوویەوە، چونکە حەسەن و حوسەین و ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر و مەڕوان هاتبوون بۆ لای، ئەویش زۆر جەختی لێکردنەوە چەکەکانیان دابنێن و بچنەدەرەوەو بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان،

ئیبن زوبەیر و مەڕوان پێیان وت: ئێمە بڕیارمان لەسەر خۆمان داوەو وازناهێنین، عوثمانیش دەرگاکەی کردەوەو –لە راستترین گێڕانەوەدا هاتووە– چوونە ژوورەوە بۆ لای.[2]

ئاشووبگێڕان تەنانەت نەیاندەهێشت عوثمان ئاویش بخواتەوە، ئەو ئاوەی کە خۆی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بیرەکەی کڕیبوو بۆ موسڵمانان، عوثمان وتی ئادەی ئەو دوانەم بۆ بانگ بکەن کە هانتان دەدەن لە دژی من، ئەوانیش هاتن،

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 188.

2 -العواصم من القواصم.

عوثمان وتی سوێندتان دەدەم بە خوا دەزانن کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە ئاوێکی سازگاری تێدا نەبوو جگە لە بیری روومە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من يشتري بئر رومة فيجعل دلوه مع دلاء المسلمين بخير له منها في الجنة)، (هەرکەس بیری روومە بکرێت سەتڵی لەگەڵ سەتڵی موسڵماناندا بە چاکتر لە بەهەشت وەربگرێتەوە)، منیش لە سامانی خۆم کڕیم کەچی ئێستا تەنانەت ناهێڵن لە ئاوی دەریاش بخۆمەوە، وتیان بەرێ وەڵا وایە، وتی سوێندتان دەدەم بە خوا دەزانن مزگەوت تەنگەبەر بووبوو بۆ موسڵمانان و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من يشتري بقعة آل فلان فيزيدها في المسجد بخير له منها في الجنة)، (کێ پارچە زەوی فلانە کەس دەکرێت تا مزگەوتەکەی پێ فراوان بکات و لە بەهەشتدا لەوە چاکتری بۆ هەبێت)، منیش لە سامانی خۆم کڕیم کەچی ئەمڕۆ ناهێڵن دوو رکات نوێژی تێدا بکەم؟ وتیان بەڵێ بەخوا وایە، وتی سوێندتان دەدەم بە خوا دەزانن من لە سامانی خۆم سوپای عوسرە–تەبووك–م پڕچەك کرد؟ وتیان بەڵێ بەخوا وایە، وتی سوێندتان دەدەم بە خوا دەزانن پێغەمبەر (ﷺ) لە شاخی ثەبیرەوە دەیڕوانی بەسەر مەککەداو ئەبووبەکر و عومەرو منی لەگەڵ بوو، کە شاخەکە جووڵا تا بەردی لێ کەوتە خوارەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بە قاچی لێیدا و فەرمووی (دامرکێ ئەی ثەبیر پێغەمبەرێك و صدیقێك و دوو شەهیدت لەسەرە)؟ وتیان بەڵێ بەخوا وایە، ئەویش وتی الله اكبر سوێند بە خوای کەعبە شایەتیان بۆ دام کە من شەهیدم، سێ جار ئەوەی وت.[1]

[1] - سنن الترمذي، الرقم 3723 و قال حديث حسن، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3703.

شەهیدبوونی:

لە کۆتا ڕۆژی ژیانیدا عوثمانی کوڕی عەففان بەڕۆژوو بوو، دەیوت خەوم دیوە بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کە فەرموویەتی ئەگەر دەست نەکەیتەوە بەرامبەر بەو هێرشبەرانە دەتکوژن و لای ئێمە ڕۆژوو دەکەیتەوە.[1]

عوثمان ئەشتەری بانگ کرد و وتی ئەو خەڵکە چییان دەوێت؟ ئەویش وتی سێ شت، یان کارەکە بدەیتە دەست ئەوان چییان دەوێت بیکەن، یان خۆت بدەیت بە دەستەوە یان بتکوژن، عوثمان وتی بۆ وازهێنان جلێك داناکەنم کە خوا کردوویەتیە بەرم، بۆ خۆبەدەستەوەدانیش ئەگەر بمکوژن بەخوا دوای من یەکڕیزی نابیننەوە، لەو سەروبەندەدا کەسێك هات و دەرگاکەی کردەوە، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر هاودەم بە سیانزە کەس هاتە ژوورەوە، موحەممەد ریشی عوثمانی گرت و توند رایکێشا و سەری بەرز کردەوە و دەیوت موعاویەو ئیبن عامیر و نامەکانت فریات ناکەون، ئەویش وتی برازا ریشم بەردە، موحەممەدیش ئاماژەی بۆ کەسێك کرد، کەسەکە هات و دای لە سەری، ئینجا کەوتنە کوشتنی،[2] بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە موحەممەد ریشی عوثمانی گرت، عوثمان وتی برازا ریشم بەردە، شوێنێکت گرتووم کە باوکت دەستی لێنەداوە، موحەممەدیش شەرم گرتی و کەناری گرت، خەڵکەکە هاتنە ژوورەوەو موحەممەد ویستی بەریان پێ بگرێت بەڵام نەیتوانی، ئیتر موحەممەد ماڵەکەی جێهێشت، کەسێك هات و بە دارێك دای لە سەری عوثمان و خوێن لە سەری دەچۆڕا، ئینجا کەوتنە لێدانی بە شمشێر، نائیلەی ژنی

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 183.

[2] - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 184.

خۆی خستە بەردەمی و دەیقیژاند، کەچی دەستی ئەویش بەرکەوت و پەنجەکانی بڕان، چی شمەك لە ماڵەکەدا هەبوو هەموویان برد، سەری عوثمانیش لەولاوە کەوتبوویە لای قورئانەکەوە، کەسێك بە قاچی ددای لە سەری و لە قورئانەکە دووری خستەوە.[1]

ماوەی گەمارۆدانی ماڵی عوثمان چل ڕۆژ بوو، شەهید کردنیشی لە ڕۆژی هەینیدا بوو، لە ڕۆژی هەژدەی ذیلحیججەدا بوو، ڕایەك دەڵێت لە ڕۆژانی پاش جەژنی قوربان بوو، ڕایەکیش دەڵێت لە سێی مانگی ذیلحیججەدا بوو، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە لە هەژدەی مانگی ذیلحیججەدا بوو، تەمەنیشی هەشتاو دوو ساڵ تێپەڕی کردبوو، هەندێ دەڵێن هەشتاو دوو ساڵ و شەش مانگ، یان دەڵێن هەشتاو چوار ساڵ یان هەشتاو شەش یان هەشتاو هەشت یان نەوەد ساڵ بوو، هەریەك لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی و حەفتاو پێنج ساڵیش هاتووە،[2] ئیبن حەجەر دەڵێت ڕاستترینیان ئەوەیە لە تەمەنی هەشتاو دوو ساڵ و شەش مانگیدا شەهید کرا.[3]

سەبارەت بە شوێنی گۆڕەکەشی ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی بەقیعەوە ئەسپەردە کراوە، ڕایەك دەڵێت تا سێ ڕۆژ تەرمەکەی ئەسپەردە نەکرا، ڕایەکیش دەڵێت تا دوو شەو، ڕایەکیش دەڵێت هەر یەکەم شەو ئەسپەردە کرا، ئەسپەردەکردنەکەی لەنێوان نوێژی ئێوارەو عیشادا بوو هاودەم بە ژمارەیەکی کەمی هاوەڵان کە حەکیمی کوڕی حیزام و زەیدی کوڕی ثابت و عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبیەری کوڕی عەوام و

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 185.
[2] - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 190-191.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 458.

کەعبی کوڕی مالیك و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و ژنەکانی عوثمانی تێدا بوو، شۆردرا و کفن کرا و نوێژی لەسەر کرا، هەندێ لە خەواریجەکان رێیان پێ دەگرتن و دەیانویست تەرمەکەی بەردباران بکەن و دواتر لە گۆڕستانی جوولەکەکان ئەسپەردە بکرێت تا عەلی کەسێکی نارد بۆ لایان و رێگری کرد لێیان، چەند جار هەوڵ درا رێ نەدەن لە گۆڕستانی بەقیعیش ئەسپەردە بکرێت، بۆیە لە دەرەوەی بەقیع ئەسپەردە کرا تا کاتێك موعاویە بوو بە خەلیفە ئەو دیوارەی نێوانی لابرد، دواتر تەرمی دوو خزمەتکارەکەی عوثمانیشیان هێنا کە کوژرابوون و لەپاڵ عوثماندا ئەسپەردە کران.[1]

کاتێك هەواڵی شەهیدبوونی عوثمان گەیشت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، عەلی تەواو شڵەژا و هاودەم بە طەلحەو زوبەیر و سەعد چوون بۆ لای عوثمان و بینییان کوژراوە، عەلی تووڕە بوو لە حەسەن و حوسەین و وتی ئێوە لەبەر دەرگا بوون و هێشتتان ئەمیری باوەڕداران بکوژرێت؟! ئەوانیش وتیان ئێمە ئاگادار نەبوین بە کوژرانی، عەلی دەستی بەرزکردەوەو زللەیەکی دا لە حەسەن و دای بەسەر سنگی حوسەینیشدا، قسەشی وت بە موحەممەدی کوڕی طەلحەو عەبدوڵای کوڕی زوبەیر.[2]

کاتێك سەعد هەواڵی کوژرانی عوثمانی بیست داوای لێخۆشبوونی لای خوا بۆ کرد و سۆزی بۆی جوولا و ئەم ئایەتەی خوێندەوە(قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا ﴿١٠٣﴾

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 190-191.

2 0 الثقات لابن حبان، ج2، ص 265.

ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا ﴿١٠٤﴾ الكهف: ١٠٣ - ١٠٤)، دواتر سەعد وتی خوایە پەشیمانیان بکەرەوەو دواتر لەناویان بەرە.[1]

رایەك دەڵێت کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا جوبەیری کوڕی موطعیم نوێژی لەسەر کرد، هەندێکیش دەڵێن حەکیمی کوڕی حیزام بووە، هەندێکیش دەڵێن میسوەری کوڕی مەخرەمە نوێژی لەسەر کرد.[2]

هاوەڵان لەنێوان بەشداری و کەمتەرخەمیدا

بەهۆی ئەو ڕووداوی شەهیدبوونەی عوثمانی کوڕی عەففانەوە گومانێك لەسەر هاوەڵان دروست بووە کە دەبێت لە ئاست کوشتنی عوثمانی کوڕی عەففاندا کەمتەرخەم بووبن؟ ئەگەرنا چۆن برێك غەوارە دەتوانن بێنە ناو شاری پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەی موسڵمانان بکوژن بێ ئەوەی ئەو هەموو هاوەڵە بتوانن بەریان پێ بگرن.

ڕاستی ئەم مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: هەندێ لە کێشەکە لەوەوە بوو کە ئاشووبگێڕان ناوبانگ و کەسێتی هاوەڵانیان دەقۆستەوە، لەوانە یان ئیجتیهادەکانیان بۆ خۆیان دەقۆستنەوە وەك ئەوەی لە ئیجتیهادەکەی ئەبووذەردا باسمان کرد، یان نامەی ساختەیان بە دەم عائیشەی دایکی باوەڕداران و عەلی و زوبەیر و طەلحەوە دەنووسی.

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 189.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 616.

مەسرووق دەڵێت بە عائیشەم وت: سەیری ئەو کارەت، نامەت بۆ خەڵك نووسی و داوات لێکردن تا دژ بە عوثمان راپەڕن، عائیشەش وتی سوێند بەوەی باوەرداران باوەڕیان پێ هێناوەو بێباوەڕان باوەڕیان پێ نەهێناوە من رەشیەکم لەسەر پەڕەی سپی بۆ نەنووسیون–واتە من هیچم بۆ نەنووسیون– ئەعمەش دەڵێت ئەو خەڵکە وایان دەزانی ئەو نامەیە لەسەر زاری عائیشەوە نووسراوە.[1]

یان جار هەبوو هەڵوێستی تووڕەیی هاوەڵێك دەبوو بە چەکێك بەدەست ئاشووبگێڕانەوە، هەرچەندە هاوەڵەکە هیچ نیازی شکاندنی خەلیفە عوثمانی نەبوایە، بۆ نموونە جارێك زوبەیری کوڕی عەووام چوویە بازاڕ و تەماشای کرد هەندێ مەوالی ئومەویەکان قۆرخکاری دەکەن، ئەویش کەوتە لێدانیان، لەو بارەدا بوو کە خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان هات و لەسەر هێسترێك بوو، زوبەیریش چوو بۆ لای و جڵەوی هێسترەکەی گرت و کەوتە تانەدان و تووڕە بوون لە عوثمان، زۆر بە توندی دواندی، خەلیفەش هیچی نەوت، ئینجا زوبەیر وازی هێنا، کە عوثمان دابەزی جێی بۆ راخرا و دانیشت، ئینجا زوبەیر هاتەوە بۆ لای و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران سوێند بەخوا دەزانم تۆ مافت بەسەرمەوە هەیە، بەڵام من کە ناحەقیەکم بینی خۆم پێ راناگیرێت، خەلیفە پێی وت وەرە دابنیشە، لەپاڵ خۆیدا لەسەر راخەرەکە داینیشاند،[2] یان تووڕەییەکەی عەمماری کوڕی یاسر و تووڕەییەکەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب پاش قسە زبرەکانی مەڕوان.

---

[1] - العواصم من القواصم.

2 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3342،

دووەم: عوثمانی کوڕی عەففان ڕێگری دەکرد لەو هاوەڵانەش کە دەهاتن بۆ بەرگری لێکردنی و تکای لێدەکردن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە وەك چۆن پێشتر چەندین نموونەمان لەو بارەوە باسکرد، لەوانە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بە عوثمانی وت ئێمە لە ماڵەوە دەستەیەکی چاولەسەر دەبین و لەگەڵت دەبین خواش بە کەمتر لەوان سەرخستن دەبەخشێت، دەی مۆڵەتمان بدە -با بەرگریت لێ بکەین- بەڵام عوثمان وتی: داوام لە خوایە هیچ کەس لەبەر من خوێنی نەڕژێت.[1]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان لە ماڵەکەی خۆیدا گەمارۆ درابوو، زەید چوو بۆ لای، عوثمان پێی وت تۆ لە دەرەوەی ئەم ماڵە بیت باشە، کەسی لەتۆ سوودبەخشتر لێرە لەلامە، بۆیە لە دەرەوە خەڵکم لێ دووربخەرەوە، ئەویش چوویە ناو خەڵکەکەو قسەی دەکرد بۆیان تا ئەوەی ژمارەیەك لە پشتیوانان کە هاتبوون بۆ گەمارۆدانەکە گەڕانەوە، زەید بە پشتیوانانی دەوت ئێوە دووجار ببنە پشتیوانی خوا و عوثمان سەربخەن، خوێنی ئەو زۆر حەرامە بۆ ڕشتن.[2]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، زوبەیر یەکێك بوو لەوانەی داوای تۆڵەی خوێنی عوثمانی دەکرد، جا لێیان دەپرسی ئەی زوبەیر بۆچی هاتون وازتان هێنا تا خەلیفە کوژرا و ئێستا هاتون داوای خوێنەکەی دەکەن؟ ئەویش وتی ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمانیشدا ئەم ئایەتەمان

[1] - العوصم من القواصم.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 435.

دەخوێندەوە(واتقوا فتنة لا تصيبن الذين ظلموا منكم خاصة)، بەڵام وامان نەدەزانی ئێمەش دەگرێتەوە تا ئەوەی لە ئێمەشدا روویدا.[1]

ئیبنولعەرەبی دەڵێت:

عوثمان داوای یارمەتی و پاڵپشتی بکردایە ئەوا هەرگیز هەزار یان چوار هەزار غەوارە زاڵ نەدەبوون بەسەر بیست هەزار کەسی ناو شارەکە یان زیاتر لەو ژمارەشدا، بەڵام ئەو خۆی موصیبەتەکەی بۆ خۆی هێشتەوە.[2]

سێیەم: لە پێشبینی هاوەڵاندا نەبوو بارەکە بگاتە کوشتنی عوثمانی کوڕی عەففان، بەڵام کە بارەکە گەیشتە ئەوە ئینجا هاوەڵان هەستیان کرد بە کەمتەرخەمییان لە بە مەترسی گرتنی ئەو بارەو هەندێ لۆمەی خۆیان دەکرد، هەندێ لۆمەی ئەوانی تریان دەکرد کە بۆچی کەمتەرخەم بون، هەندێکیش بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیان دا.

طەلحە لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففان و لەکاتی سەرهەڵدانی فیتنەی نەیارانی عوثماندا، بە وتەی خۆی رۆڵی پێویست و باشی نەگێڕا، بەجۆرێك کاتێك عوثمان شەهید کرا، ئینجا راچڵەکی و زۆر پەژارەی بۆ خوارد و وتی تەنها ڕژانی خوێنم قەرەبووی ئەو هەڵوێستەم دەکاتەوە.[3]

---

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 1363، قال شعيب الأرناؤوط إسناده جيد.

2 - العواصم من القواصم.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 34.

جا ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتوەتەوە، هەندێ پێیان وایە طەلحە کەمتەرخەم بووە لەئاست عوثماندا، هەندێکی تر پێیان وابووە طەلحە هاندەر بووە دژ بە عوثمان، هەندێکیش دەڵێن طەلحە یەکێك بووە لە بکوژانی عوثمان.

ئیبن ئەثیر دەڵێت طەلحە زۆر توند بوو بەرامبەر بە عوثمان.[1]

ذەهەبی دەڵێت هەڵوێستی طەلحە بەرامبەر بە عوثمان خۆلێ بێئاگاکردن و هاندانی خەڵك بوو لە رووپدا و ئەوەی بە ئیجتیهادێك کرد، دواتر کە لەناوچوونی عوثمانی بینی رای گۆڕا و پەشیمان بوویەوە کە بۆچی پشتیوانی عوثمانی نەکردووە.[2]

ئین کەثیر دەڵێت لە سەردەمی فیتنەی نەیارانی عوثماندا طەلحە کەناری گرت لێی، هەندێ کەسیش دەیانوت یەکێك بووە لەوانەی هێرشیان بردوەتە سەری.[3]

کاتێك خەڵکێك هاتن بۆ مەدینەو سکالأیان بوو لە کاربەدەستانی عوثمان، طەلحە چوو بۆ لای عوثمان و زۆر بە توندی قسەی لەگەڵ کرد، واتە هاندەرەکان خەڵکێك بوون کە وایان نیشان دەدا دەسەلأتەکەی عوثمان ستەمی تێدایە.[4]

چەندین گێڕانەوەی تر هاتون بە سەنەدی لاواز کە باس لەوە دەکەن طەلحە هاندەر بووە دژ بە عوثمانی کوڕی عەففان، بەلأم بە کۆی گشتی گێڕانەوەکان

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 85.

2 - سير أعلام النبلاء،ج1، ص 35.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 248.

4 - الثقات لابن حبان، ج2، ص 256.

دەردەکەوێت کە طەلحە کەمتەرخەم بووە لە هەڵوێست نواندن بەرامبەر نەیارانی عوثمان و هیچ بەرهەڵستیەکی نەبووە بەرامبەریان.

ئەوەی لەهەڵوێستی طەلحەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەبووە جۆرێك لە کەنارگرتنی بەکارهێناوە لە مەسەلەکەدا، پێدەچێت کاریگەر بووبێت بەو هەموو نامە ساختەی کە ئاشووبگێڕان کردیان، بەلام دواتر کە بینی بارەکە گەیشتە شەهیدبوونی عوثمان ئینجا زانی کەنارگرتنەکەی چ زیانێکی هەبوو، بۆیە بڕیاری دا تۆڵەی خوێنی بکاتەوە تا ئیدی نەبێتە دیاردەو کەی بڕێك ئاشووبگێڕ ویستیان بێن خەلیفەی موسڵمانان بکوژن.

جەبەلەی کوڕی عەمریش یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی کە کەوتە داوی ئاشووبخوازانەوەو بەرامبەر عوثمانی کوڕی عەففان ناڕەزایی دەردەبڕی، ئەوەبوو جارێك عوثمان ئەو کۆمەڵەی دەدواند کە نارەزاییان دەردەبڕی، وتی چیتان دەوێت؟ وتیان یان دەتکوژین یان لاتدەبەین، ئەویش وتی ئەی بۆچی خەڵکێ نەنێرین بۆ ئاسۆکان تا لە هەر ناوچەیەك دەستەیەك لە چاکترینیان بێن و دادوەری نێوان من و ئێوە بکەن؟ ئەگەر مافێکم لێ زەوت کردون با بتاندەمەوە، پاشان وتی ئایا جەبەلەی کوڕی عەمری ساعیدیتان تێدایە؟ جەبەلە وتی بەڵێ، عوثمان وتی داوای چ مافێك دەکەیت لە من؟ ئەویش وتی تۆ چل قامچیت لێداوم، عوثمان وتی ئەرێ مەگەر من نەهاتم بۆماڵەوە بۆ لات تا مافت بدەمەوە کەچی رازی نەبوویت؟!! ئەویش وتی با، عوثمان وتی ئێستا تۆ لەوە زیاترت لە من دەوێت، داوای خوێنم دەکەیت؟[1]

---

1 - تاريخ المدينة، رقم الحديث، 1936.

هەروەها دواتریش بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی عوثمانی کوڕی عەففان ڕێگری دەکرد لەوەی تەرمی لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە بکرێت.[1]

کاتێك خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان کۆتا وتاری دەدا جەهجاهی کوڕی سەعید هەستا و دارەکەی دەستی لەدەست سەندو بە ئەژنۆی دارەکەی شکاند، خەڵکی هاواریان لێکرد و عوثمانیش لە مینبەر دابەزیە خوارەوە و چوویەوە ماڵەوە و دواتر شەهید کرا، ئەوەبوو ئەژنۆی جهەجاهی غیفاری تووشی نەخۆشی بوو و ساڵێك بەسەر شەهیدبوونی عوثماندا تێپەڕ نەبوو کە جەهجاهی غیفاری بەو نەخۆشیەشەوە مرد.[2]

ئیبن کەثیر دەقێکی هێناوە دەڵێت بەهۆی قسەوتنی بە عەبباسی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەب لەلایەن خەلیفەوە هەم عەممار و هەم عەبباس تەمبێ کران، عەممار ئەوەی لەدڵ گرت و کەوتە هاندانی خەڵك لە دژی عوثمان، هەرچەندە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص ڕێگری لێکرد لەو کارەی، بەڵام ئەو وازی نەهێنا.[3]

ذەهەبیش دەقێکی هێناوە کە تووڕەیی عەمماری نیشانداوە بەرامبەر بە عوثمان،[4] بەڵام ئەو دەقانە هیچیان صەحیح نین و هاوکاتیش لەگەڵ واقیعی ئەو کاتە ناگونجێن، چونکە سیفەتی عوثمان نەبووە توندی و زبری بەرامبەر نەیارەکانیشی بەکاربهێنێت نەك بەرامبەر بە عەمماری کوڕی یاسر و سزای بدات، عوثمان کە

1 - تاريخ المدينة، رقم الحديث، 322.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 519.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 171.
4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 434.

ناسرابوو بەوپەڕی نەرمی و شەرم، چۆن لەسەر قسەوتنێکی نێوان دوو کەس سزای لێدان بەکاردەهێنێت بۆ هەردووکیان، هەروەها سەنەدی ئەو گێڕانەوانەش لەو بارەوە هاتون هیچیان صەحیح نین.

## عوثمانی کوڕی عوثمان (ﭬ)

ناوی عوثمانی کوڕی عوثمانی یەقەفیە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو، عوثمان دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا تەوبە لە بەندەکەی وەردەگرێت ساڵێك پێش مردنی، دواتر فەرمووی مانگێك پێش مردنی، پاشان فەرمووی رۆژێك پێش مردنی، پاشان فەرمووی پێش ئەوەی غەرغەرەی مەرگ بکات).[1]

## عوثمانی کوڕی قەیس(ﭬ)

ناوی عوثمانی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبیلعاصی سەهمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی میصر و هاودەم بە باوکی بەشداری کرد، لە کۆتاییەکانی خیلافەتی عومەردا بوو بە دادوەری میصر و لە ماوەی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا لەو پۆستەیدا مایەوە.[2]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4410.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 460.

عوثمانی کوڕی مەظعوون (رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی مەظعوونی کوڕی حەبیبی جومەحیە، کونیەکەی ئەبووسائیبە،[1] عوثمان یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە سەردەمی نەفامیشدا مەی خواردنەوەی لەسەر خۆی قەدەغە کردبوو.[2]

ژنەکەی ناوی خەولەی کچی حەکیمی کوڕی ئومەییەیە، ئافرەتێکی زۆر خواناس و چاکەکار بوو.[3]

موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی ئەبوعوبەیدەو و عوبەیدەی کوڕی حارث و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفدا، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتەماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات.

عوثمان هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان و وردەکاریەکانی ئیسلامی خستەڕوو بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[4]

عوثمانی کوڕی مەظعوون چواردەهەم کەس بوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر بەشداری کرد لە کۆچی حەبەشەدا و هاودەم بە خۆیشی سائیبی کوڕیشی بەشداری کرد، دواتر کە هەواڵی وا گەیشت گوایە قوڕەیش موسڵمان بون، گەڕایەوە بۆ مەککەو

1 - أسد الغابة، ج3، ص 620.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 168.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 621.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 8.

لە پەنای وەلیدی کوڕی موغیرەدا بوو،[1] دواتر کە بینی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان لە چ بارێکدان، وتی بەخوا ئەم پەنایەم ناوێت و بارەکەی ئەوان هەڵدەبژێرم، بۆیە چوو بۆ لای وەلید و پەناکەی بۆ گێڕایەوە، وەلید هاودەم بە عوثمان چوو بۆ لای کەعبەو بە هەموانی وت وا عوثمان خۆی پەناکەی بۆ گێڕامەوە، عوثمانیش وتی ڕاست دەکات، ئەو کەسێکی بە وەفا و بەخشندە بوو، ئێستا حەز دەکەم تەنها پەنای خوام هەبێت و وا پەناکەم گێڕایەوە بۆ وەلید، پاشان عوثمان چوویە کۆڕی قوڕەیشیەکانەوەو لەبیدی کوڕی ڕەبیعەی قەیسیش لەوێ بوو، شیعرێکی وت کە کوفری تێدا بو، عوثمان وتی درۆ دەکەیت، خەڵکەکە داوایان کرد لەبید دووبارەی بکاتەوەو عوثمانیش هەمدی وتی درۆت کرد، لەبید وتی بەخوا ئەمە لە کۆڕی ئێوە ناچێت ئەی قوڕەیشیەکان، خێرا گەمژەیەکی قوڕەیشی هەستاو بۆگزێکی دا لە چاوی عوثمان، خەڵکەکە وتیان ئەی عوثمان پێشتر لە پەنایەکی چاکدا بوویت و چاوت کێشەی نەبوو، عوثمان وتی پەنای خوا دڵنیاتر و چاکترە و چاویشم کێشەی نیە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) و شوێنکەوتوانی پێشەنگی منن، وەلید وتی دەتەوێت پەنات بدەم؟ وتی نا تەنها پەنای خوام دەوێت.[2]

ئیبن مەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قوڕەیشیش عەمری کوڕی عاص و عمارەی کوڕی وەلیدیان بە بڕێك دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 461.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 621.

لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان دەستەیەك لە کەس‌وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی ئەوان لە کوێن؟[1] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[2] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان بۆچی؟ وتی چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[3] نەجاشی وتی ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی ئەی پاشا ئێمە گەلێك بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان رەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و راستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاك و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و رۆژوو بگرین،[4] عەمر وتی ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی رایان پێچەوانەی رای ئێوەیە، نەجاشی وتی سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی رۆحو کەلیمەی خوایە کە

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

بەخشیوەیەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێك دەستی پێی نەگەیشتووە،[1] نەجاشی وتی هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی بەڵێ، ئەوەبوو بڕێك لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[2] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشەو راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت بڕۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قوڕەیشیەکان گێڕدرایەوە.[3]

قوڕەیشیەکانی مەککە ئازاری زۆری موسڵمانانیان دەدا، بەنوجومەحیش ئازارێکی زۆری عوثمانی کوڕی مەظعوونیان دا، جا خاڵۆی کە ناوی ئەبووسەلەمە بوو بەپەلە چوو بۆ لای ئەبووطالیب و تکای لێ کرد فریای عوثمان بکەوێت، کە ئەبووطالیب چوو تکای بۆ بکات، بەنوجومەح وتیان ئەبووطالیب رێی برازاکەی خۆتت لێگرتین، وازبێنەو رێی برازاکەی خۆمانمان لێ مەگرە، ئەویش وتی چۆن برازاکەمم پاراست هەروایش خوشکەزاکەم دەپارێزم.[4]

---

1 - سیر أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

2 - سیر أعلام النبلاء، ج1، ص 215-216.

3 - سیر أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 30.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عوثمانی کوڕی مەظعوون و عبباسی کوڕی عوبادەوە.[1]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێك خوەیلەی کچی حەکیم هاتەژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بینی شێوەیەکی شپرز و شێواوی هەیە، بە عائیشەی فەرموو ئەوە بۆ وایە؟ عائیشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ژنە مێردی نیە، چونکە مێردەکەی بە ڕۆژ ڕۆژوو دەگرێت و بە شەویش شەونوێژ دەکات، دەستی لە خۆی شتووەو خۆی وێران کردووە،[2] پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێن عوثمانی کوڕی مەظعووندا ئەویش هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی عوثمان پشتت کردوەتە سوننەتم؟) عوثمان وتی نەبەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ( بەڵکو بە شوێن سوننەتی تۆدا هەنگاو دەنێم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فإني أنام وأصلي وأصوم وأفطر، وأنكح النساء، فاتق الله يا عثمان، فإن لأهلك عليك حقا، وإن لضيفك عليك حقا، وإن لنفسك عليك حقا، فصم وأفطر وصل ونم)،[3] (دەی من دەخەوم و نوێژیش دەکەم، ڕۆژوو دەگرم و بەربانگیش دەکەمەوە، ژن بەهاوسەر دەگرم، دەی ئەی عوثمان لەخوا بترسە چونکە ژن و منداڵت مافیان هەیە بەسەرتەوەو میوانت ماف هەیە بەسەرتەوەو جەستەشت ماف هەیە بەسەرتەوە، دەی ڕۆژوو بگرەو ڕۆژووش بشکێنە، نوێژ بکەو بشخەوە).

1 - أسد الغابة، ج3، ص 162.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25733، حسنه شعيب الأرناؤوط.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25733،حسنة شعيب الأرناؤوط، سنن أبي داود، الرقم 1175، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1369.

سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کەنارگرتن لە ژنی لە عوثمانی کوڕی مەظعوون قەدەغە کرد، ئەگەر ڕێی بەو بدایە ئێمە خۆمان دەخەساند.[1]

ئوممولعەلائی ئەنصاری دەڵێت کاتێك کۆچەران دابەش کران بەسەر ماڵەکاندا، عوثمانی کوڕی مەظعوون لای ئێمە مایەوە، ئەوەبوو تووشی ئەو نەخۆشیە بوو کە بەهۆیەوە وەفاتی کرد، کە وەفاتی کرد شۆردراو لە جلەکانیدا کفن کرا، پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە، وتم ڕەحمەتی خوات لێ بێت ئەی ئەبووسائیب، من شایەتیت بۆ دەدەم کە خوا ڕێزداری کردیت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی چووزانیت خوا ڕێزداری کردووە؟ وتم بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا ئیتر خوا کێ ڕێزدار دەکات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەو وا مەرگی هات، من هیوای خێرم بۆی هەیە، سوێند بەخوا من پێغەمبەری خوام و نازانم چی پێ دەکرێت)، منیش وتم بەخوا ئیتر تەزکیەی کەس ناکەم.[2]

عوثمانی کوڕی مەظعوون لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، پاش غەزای بەدر لە ساڵی دووەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

ڕایەك هەیە دەڵێت عوثمانی کوڕی مەظعوون یەکەم کەس بووە لەو گۆڕستانە ئەسپەردە کراوە،[4] بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە ئەسعەدی کوڕی زورارە یەکەم

1 - صحيح البخاري، الرقم 4787.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1198.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 461.

4 - سير أعلام لاالنبلاء للذهبي، ج1، ص155.

ئەسپەردەکراوی ئەو گۆڕستانە بووە، چونکە عوثمان لە ساڵی دووەمی کۆچیو پاش جەنگی بەدر وەفاتی کردووە،[1] بەڵام ئەسعەد لە پێش جەنگی بەدر و لە مانگی شەوالدا وەفاتی کرد، واتە نزیکەی مانگێ پێش جەنگی بەدر.

دەکرێت بڵێین ئەسعەدی کوڕی زوراره یەکەم کەس بوو لە پشتیوانان لە پاش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و لە بەقیع ئەسپەردە کرا، عوثمانی کوڕی مەظعوونیش یەکەم کەس بوو لە کۆچەران لە پاش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و لە بەقیع ئەسپەردە کرا.

کاتێك روقییە وەفاتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (الحقي بسلفنا عثمان بن مظعون)، (پەیوەست بە بە پێشینمان عوثمانی کوڕی مەظعوون)، پێشتر کە عوثمانی کوڕی مەظعوون وەفاتی کردبوو، ژنەکەی وتی بەهەشتت لێ پیرۆز بێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە توورەییەوە تەماشای کرد و فەرمووی تۆ چووزانیت؟ ئەویش وتی ئەو سوارچاك و هاوەڵی تۆ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سوێند بەخوا نازانم چی پێ دەکرێت)، ئیتر هاوەڵان ئەوەیان زۆر لەسەر سەخت بوو کە چۆن بۆ عوثمانی هاوەڵی هەرە چاك پێغەمبەر (ﷺ) وای فەرموو، بەڵام کاتێك روقییە مرد و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی فەرموو ئیتر هاوەڵان تێگەیشتن.[2]

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص621، سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص155.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 8193، مسند الطيالسي، الرقم 2807.

### عوثمانی کوڕی وەهب(رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی وەهبی مەخزوومیەو یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[1]

### عوثمانی کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه)

ناوی عوثمانی کوڕی ئەبیلعاصەو لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککەیە کە کاتێك وەفدی ثەیقف هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون ئەویش هات لەگەڵیاندا و پێغەمبەریش (ﷺ) ئەوی وەك بەرپرسی طائیف هێشتەوە، دواتریش لە سەردەمی ئەبووبەکر و عومەریشدا لەو پۆستەیدا مایەوە، تا ئەوەی عومەر لە ساڵی پانزەی کۆچیدا کردی بە بەرپرسی عومان و بەحرەین، دوای ئەوە عوثمان چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا لەساڵی پەنجا یان پەنجاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

عوثمان دەڵێت کە چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (پێشەوایەتی قەومەکەت بکە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێك لە دەروونی خۆمدا بەدیدەکەم، فەرمووی نزیك بەرەوە، لەبەردەم خۆیدا داینیشاندم و دەستی هێنا بەسەر سنگمدا و دواتر فەرمووی پشت بکەرەوە، دواتر دەستی خستە نێوەراستی پشتم، دواتر فەرمووی (أم قومك، فمن أم قوما فليخفف، فإن فيهم الكبير، وإن فيهم المريض، وإن فيهم الضعيف، وإن فيهم ذا الحاجة، وإذا صلى أحدكم وحده، فليصل

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 463.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 451.

کیف شاء)،[1] (پێشەوایەتی قەومەکەت بکە، هەرکەس پێشەوایەتی –بەرنوێژی– قەومێکی کرد با ئاسانکاری بکات چونکە کەسی بەتەمەن و نەخۆش و خاوەن کاری گرنگیان تێدایە، ئەگەریش خۆی تەنها نوێژی کرد با چەندە دەیەوێت نوێژ بکات).

عوثمان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری فتووحاتی کرد و ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە فتووحاتدا.[2]

## عوجەیری کوڕی عەبدیەزید(رضي الله عنه)

ناوی عوجەیری کوڕی عەبدیەزیدی کوڕی هاشمە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کۆڵی بۆ بڕیەوە، عوجەیر دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا.[3]

## عورسی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عورسی کوڕی عامیر یان کوڕی عەمری عامیریە، هاودەم بە عوروەی برای هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون.[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 746.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 130.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 464.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 484.

عورسی کوڕی عومەیرە(رضي الله عنه)

ناوی عورسی کوڕی عومەیرەی کیندیە، عورس دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (وآمروا النساء في أنفسهن، فإن الثيب تعرب عن نفسها، والبكر رضاها صمتها)،[1] (رای ژنان سەبارەت بە خۆیان وەربگرن، چونکە بێوەژن رای خۆی دەڵێت و کچیش رەزامەندیەکەی بێدەنگیەکەیەتی).

عورفوطەی کوڕی حوباب(رضي الله عنه)

ناوی عورفوطەی کوڕی حوبابی ئەزدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای طائیف و تیایدا شەهید بوو.[2]

عوروەی کوڕی جەعد(رضي الله عنه)

ناوی عوروەی کوڕی جەعد یان کوڕی ئەبیلجەعدە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە فەتحی شامدا بەشداری کرد، دواتر بە بڕیاری خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان چوو بۆ کووفە.[3]

عوروە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (الخيل معقود في نواصيها الخير إلى يوم القيامة)،[4] (ئەسپ تا رۆژی دوایی خێر بە گەردنیەوە هەڵواسراوە).

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12801، معرفة الصحابة لأبي نيعم الأصبهاني، الرقم 5009.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 486.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 488.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2715، سنن الترمذي، الرقم 1661، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18938.

عوروەی کوڕی عەبدولعوززا (رضي الله عنه)

ناوی عوروەی کوڕی عەبدولعوززای عەدویە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوانی مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ وەفاتی کرد.[1]

عوروەی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی عوروەی کوڕی مەسعوودی کوڕی موعەتتیبی کوڕی مالیکە، کونیەکەی ئەبوومەسعود یان دەوترێت ئەبوویەعفوورە، دایکی ناوی سوبەیعەی کچی عەبدشەمسە.[2]

لە ڕێککەوتنی حودەیبیەدا کە قورەیش نوێنەری خۆیان نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پاش هاتنەوەی خاریجەی کوڕی کورز، قورەیشیەکان عورەوەی کوڕی مەسعوودیان نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، عوروە کە چوو وتی ئەی موحەممەد ئەم قسەو باسانە چین؟ بانگەواز بۆ لای خوا دەکەیت و دواتر چی هەرچی و پەرچی هەیە کۆت کردوەتەوەو هێناوتن بۆ سەر هۆزەکەت تا خوێن و سامانی هۆزەکەت لەناوبەرن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إني لم آت قومي إلا لأصل أرحامهم, يبدلهم الله بدين خير من دينهم, ومعايش خير من معايشهم)، (من تەنها بۆیە هاتوم بۆ لای قەومەکەم تا پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنم و خوا ئایینێکی باشتر لە ئایینەکەی خۆیان پێ ببەخشێت و ژیان و بژێویەکی باشتر لە ژیان و بژێوی خۆیان پێ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 491.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 35.

ببەخشێت)، عوروە کە ئەو قسانەی بیست گەڕایەوە بۆ ناو قوڕەیش و بە چاکە باسی پێغەمبەر (ﷺ) و نیازەکەی کرد.[1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت پێغەمبەرانم پێ نیشان دران...عیسای کوڕی مەریەمم بینی، نزیکترین کەسێك دیبێتم شێوەی لەو بچێت عوروەی کوڕی مەسعوودە.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەمارۆی طائیفی دا، عورروە لەوێ نەبوو و چووبوو بۆ ناوچەی جرش تا لەوێ فێری بەکارهێنانی دەبابەو مەنجەنیق بێت، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوەو عورووەش هاتەوە، چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، ئەمەش لە مانگی رەبیعولئەووەلی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا بوو، کە موسڵمان بوو ئەو ماوەیە لای ئەبووبەکری صدیق مایەوە.[3]

لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا کە خەڵکی هاتن بۆ حەج، عورووەی کوڕی زوبەیر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد بگەڕێتەوە بۆ ناو هۆزەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەترسم بتکوژن، دواتر مۆڵەتی پێدا، عورروە بە موسڵمانی گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی، شەو گەیشتە ئەوێ، ثەقیف هاتن بۆ لای و ئەویش بانگی کردن بۆ ئیسلام، ئەوانیش تۆمەتباریان کرد و لێی سەرکەش بوون و قسەی زۆر ناشیرینیان پێ وت، ئینجا لەلای چوون تا بەیانی، عورروە لە ماڵی خۆیدا

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36172.

2 - صحيح مسلم، الرقم 270، صحيح ابن حبان، الرقم 6323، سنن الترمذي، الرقم 3669، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 14298.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 503.

بانگی بەیانی دا و شایەتومانی هێنا، کەسێك تیرێکی بۆ هاویشت و کوشتی، پێغەمبەر (ﷺ) کە هەواڵەکەی بیست فەرمووی (نموونەی عوروە وەك نموونەی خاوەنی یاسینە کە قەومەکەی خۆی بانگ کرد بۆ لای خوا و ئەوانیش کوشتیان).[1]

پێش ئەوەی عوروە بکوژن، عوروە وەسیەتی کرد و وتی ئەگەر کوژرام، ئەوە لەگەڵ ئەو شەهیدانە ئەسپەردەم بکەن کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هاتبوون و شەهید بوون، دوای شەهیدبوونیشی وەسیەتەکەی جێبەجێ کرا.[2]

لە سەرەمەرگیدا بوو کە پێی وترا رات چیە سەبارەت بە خوێنەکەت؟ تۆڵەت لە کێ بکەینەوە؟ وتی ئەوە رێزێك بوو خوا بە منی بەخشی و شەهیدیەك بوو خەڵاتی کردم.[3]

## عوروەی کوڕی موڕڕەی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عوڕوەی کوڕی موڕرەی کوڕی سوراقەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6620.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 503.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 493.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 492.

عوروەی کوڕی موچەرریس(رضي الله عنه)

ناوی عوروەی کوڕی موچەرریسی کوڕی ئەوسی طائیە، کەسایەتیەکی گەورەی ناو هۆزەکەی بوو و هاوشانی عەددی کوڕی حاتەم بوو.[1]

عوروە دەڵێت من یەکەم حاجی بووم و لە پێش هەموو حاجیەکانی ترەوە بووم، چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لە موزدەلیفە بوو، لە بەری بەیاندا چوو بۆ نوێژ، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە شاخی طەیئەوە هاتوم بۆ لات و سوارەکەمم ماندوو کردووەو خۆیشم تەواو هیلاك بوم، پێغەمبەریش (ﷺ) پێشتر لە عەرەفات شەوێك یان رۆژێك مابوویەوە، فەرمووی (هەرکەس ئامادەی نوێژ بێت لەگەڵمان و دواتر لەگەڵمان بوەستێت تا طەوافی ئیفاضە دەکەین ئەوە حەجەکەی تەواوە).[2]

عوروە لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقیشدا ژیا و هاودەم بە خالیدی کوڕی وەلید لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا بەشداری کرد.[3]

عوروەی کوڕی ئەثاثە(رضي الله عنه)

ناوی عوروەی کوڕی ئەثاثەی قورەیشی عەدویە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوانی مەککە، دوایی کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 494.

2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2635.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 494.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 488.

### عوروەی کوڕی ئەسما ء (رضي الله عنه)

ناوی عوروەی کوڕی ئەسمائی کوڕی صەلتە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای رەجیع، هەرچەندە دەوترێت لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بووە،[1] بەڵام بە دەقی صەحیح هاتووە کە لە غەزای رەجیعدا بەشداری کردووەو بریندار بووە.[2]

### عوقبەی زورقی (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی زورقیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعید کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

### عوقبەی فارسی (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەیەو خزمەتکاری جەبری کوڕی عەتیك بوو،[4] بەڵام لە کتێبەکانی فەرموودەدا بە ئەبووعوقبە ناوی هاتووە،[5] ئیبن حەجەر دەڵێت لەوانەیە ناوی رەشید بێت و کونیەکەی ئەبووعوقبە بێت،[6] چونکە بەسەرهاتێکی باسکردووە کە لە فەرموودەکاندا هاتووە هەمان بەسەرهات بۆ رەشید هاتووە، هاودەم بە جەبر بەشداری غەزای ئوحودی کرد.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 488.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3883.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم 4856.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 529.

5 - سنن أبي داود، الرقم 4479، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21917.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 529.

عوقبەی کوڕی جەروە(رضي الله عنه)

**ناوی عوقبەی کوڕی جەورەی عەبدیە، لە ناو وەفدی عەبدولقەیسدا هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]**

عوقبەی کوڕی حولەیس(رضي الله عنه)

**ناوی عوقبەی کوڕی حولەیسی کوڕی نەصری ئەشجەعیە، زۆر زوو موسڵمان بوو، لە غەزای بەدردا هاودەم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەشداری کرد.[2]**

عوقبەی کوڕی رافیع(رضي الله عنه)

**ناوی عوقبەی کوڕی رافیعەو لە فەرموودەیەکی صەحیحدا باسی هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: شەوێك خەوم بینی، لە خەومدا لە ماڵی عوقبەی کوڕی رافیع بووین، خورمایەکمان بۆ هێنرا لە خورما روطەبەکانی ئیبن طاب، ئەو خەوەم بەوە لێکدایەوە کە بەرزیە بۆمان لە دنیادا و پاداشتی خێرە لە رۆژی دواییدا و ئایینەکەمان چاك و رێکە).[3]**

عوقبەی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

**ناوی عوقبەی کوڕی رەبیعەیەو ئیبن عوقبە دەڵێت لە غەزای بەدردا بەشداری کردووە.[4]**

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 566.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 56.

3 - صحيح مسلم، الرقم 4312، سنن أبي داود، الرقم 4392.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 520.

## عوقبەی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی عامیری کوڕی عەبەسی کوڕی عەمری جوهەنیە، فەرموودەیەکی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[1] کونیەکەی ئەبوو حەمماد یان ئەبوو لەبید یان ئەبووعەمر و ئەبوو عەبەس و ئەبوو ئەسید و ئەبوو ئەسەد بۆ کونیەکەی هاتووە.[2]

عوقبە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، من سەرقاڵی مەڕ لەوەڕاندن بووم، وازم لە مەڕەکان هێنا و چووم تا بەیعەت بدەم بە پێغەمبەر (ﷺ)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیعەتم وەردەگریت؟ فەرمووی جا تۆ کێیت؟ منیش خۆم ناساند، فەرمووی (کامیانت لا خۆشترە؟ وەك دەشتەکیەك بەیعەتم پێ بدەیت یان بەیعەتی هیجرەت؟) وتم بەیعەتی هیجرەت، ئەوەبوو بەیعەتی لێوەرگرتم.[3]

عوقبە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) برێك ئاژەڵی پێدام تا دابەشی بکەم بەسەر هاوەڵانیدا، دوایی تەنها گێسکێك مابوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیانی دا بە خۆم.[4]

عوقبە دەڵێت ئێمە سەرە شوانەیی وشترمان هەبوو، کە سەرەی من هات جارێك دەملەوەڕاندن کە گەیشتم بە پێغەمبەر (ﷺ) قسەی دەفەرموو بۆ هاوەڵانی،

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 520.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 59.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 59.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2199، صحيح مسلم، الرقم 3727.

فریای ئەو فەرمایشتەی کەوتم کە فەرمووی (ما من مسلم يتوضأ فيحسن وضوءه، ثم يقوم فيصلي ركعتين، مقبل عليهما بقلبه ووجهه، إلا وجبت له الجنة)،[1] (هەر موسڵمانێك بە جوانی دەستنوێژ بگرێت و دواتر دوو ركات نوێژ بكات و بە دڵ و روخساری روویكردبێت و ئەو نوێژەی بكات، ئەوە بەهەشتی بۆ واجب بووە)، منیش وتم چەندە خۆش و سەخاوەتمەندانەیە، بینیم كەسێك لە بەردەمم بوو دەیوت فەرمایشتەكەی پێشتر سەخاوەتمەندانە تر بوو، دەبینم عومەرە، وتی بینیم تۆ ئێستا هاتیت، پێشتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما منكم من أحد يتوضأ فيبلغ – أو فيسبغ – الوضوء ثم يقول أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبد الله ورسوله إلا فتحت له أبواب الجنة الثمانية يدخل من أيها شاء)،[2] (هەركامتان بە جوانی و تەواوی دەستنوێژێ بگرێت و دواتر بڵێت أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبد الله ورسوله، ئەوە هەرهەشت دەرگاكەی بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە تا بە ویستی خۆی لە كامیانەوە دەیەوێت بچێتە ژوورەوە).

عوقبە دەڵێت ئێمە لە صوففە بووین كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لامان و فەرمووی (أيكم يحب أن يغدو كل يوم إلى بطحان، أو إلى العقيق، فيأتي منه بناقتين كوماوين في غير إثم، ولا قطع رحم)، (كامتان حەز دەكات هەموو رۆژێك بەیانی بچێت بۆ بوطحان یان بۆ عەقیق و لەوێ بێ تاوان و پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی دوو وشتری گەورە بهێنێتەوە؟)، وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەمووومان حەزمان بەوەیە، فەرمووی (أفلا يغدو أحدكم إلى المسجد فيعلم، أو يقرأ آيتين من كتاب الله عز

1 - صحيح مسلم، الرقم 371.

2 - صحيح مسلم، الرقم 371.

وجل، خير له من ناقتين، وثلاث خير له من ثلاث، وأربع خير له من أربع، ومن أعدادهن من الإبل)،[1] (جا بۆ بەیانی هەر کامتان نایەت بۆ مزگەوت و قورئان فێر بێت یان دوو ئایەت لە قورئان بخوێنێت، باشترە بۆی لە دوو وشتر، سێ ئایەت بخوێنێت بۆی باشترە لە سێ وشتر، چوار ئایەت بخوێنێت بۆی باشترە لە چوار وشتر، بە ژمارەی ئایەتەکان لەوەندە ژمارە وشتر بۆی باشترە).

کاتێك فەتحی دیمەشق کرا، عوقبە موژدەی فەتحی دیمەشقی برد بۆ عومەری کوڕی خەططاب.[2]

لە جەنگی صفیندا عوقبە لەناو سوپای موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا بەشداری کرد، دواتریش موعاویە ئەوی کرد بە والی میصر، دواتر کە موعاویە ویستی لایبەرێت راستەوخۆ لاینەبرد، بەڵکو ناردی تا هێرش بباتە سەر رۆدس، لە کاتی هێرشەکەدا مەسلەمە هات و میصری گرتە دەست، ئیتر عوقبە زانی لە پۆستەکەی لابراوە.[3]

عوقبە لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا بوو.[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 1377، صحيح ابن حبان، الرقم 115، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17074.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 60.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 520.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 520.

عوقبەی کوڕی عامیری ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی عامیری کوڕی نابیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی یەکەمی عەقەبە، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

عوقبەی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانەو لە غەزاکاندا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کردووە، پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد، بەڵام سەنەدی ئەو گێڕانەوەی دەڵێت لە جەنگی صفیندا بەشداری کردووە لاوازە.[2]

عوقبەی کوڕی عەمری ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی عەمری کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە، کونیەکەی ئەبوومەسعوودی بەدریە، زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، سەبارەت بە بەشداربوونی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بوخاری رای وایە لە غەزای بەدردا بەشدار بووە، بەڵام بۆ ئوحود بێ راجیایی هاتووە کە تیایدا بەشدار بووە، لەغەزاکانی دواتریشدا بەشداری کردووە.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 521.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 523.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 524.

ئیبن ئیسحاق دەڵێت عوقبە بچووکترین بەشداربووی بەیعەتی عەقەبە بوو.[1]

عوقبە دەڵێت جارێك بە قامچیەك دەمدا لە کۆیلەکەم، هێندەم زانی لە پشتەوە دەنگێك وتی ئەبوومەسعوود بزانە، منیش لەبەر تووڕەیی نەمزانی چیە، کە نزیك بوویەوە دەبینم پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و هەر دەیفەرموو (ئەبوومەسعوود بزانە، ئەبوو مەسعوود بزانە)، منیش قامچیەکەی دەستم فڕێ دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەبوومەسعوود بزانە خوا دەسەڵاتی بەسەر تۆدا زیاترە لە دەسەڵاتی تۆ بەسەر ئەو کۆیلەدا)، ئیتر بەڵێنم دا دوای ئەوە لە هیچ کۆیلەیەك نەدەم،[2] وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە لەپێناو خوادا ئازادم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما إنك لو لم تفعل للفعتك النار)،[3] (ئەگەر وات نەکردایە ئەوە ئاگر دەیسووتاندی).

ئەبوومەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (الآيتان من آخر سورة البقرة، من قرأهما في ليلة كفتاه)،[4] (دوو ئایەتی کۆتای سوورەتی بەقەرە هەرکەس لە شەوێکدا بیانخوێنێت بەسن بۆی).

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 167.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3220.

3 - سنن أبي داود، الرقم 4513، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 5159.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3805، صحيح مسلم، الرقم 1381، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1071، صحيح ابن حبان، الرقم 781، سنن أبي داود، الرقم 1202، سنن الترمذي، الرقم 2881، سنن ابن ماجة، الرقم 1364، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7735، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16765.

عوقبە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إن المسلم إذا أنفق على أهله نفقة، وهو يحتسبها، كانت له صدقة)،[1] (موسڵمان ئەگەر خەرجی خێزانی خۆی بکێشێت و لای خوا چاوەڕێی پاداشت بێت ئەوە دەبێت بە چاکەو خێر بۆی).

جا لێرەوە بزانە خوای گەورە چ چاکەو ئاسانکاریەکی بۆ بەندەکانی دەوێت، چۆن ڕێگاکانی گەیشتن بە بەهەشتی بۆ ئاسان کردووە، هەوڵدانێك کە مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی خۆیدا وەك ئەرکێکی ڕۆژانە پێی هەڵدەستێت، دەبێتە ڕێی چوونی بەرەو بەهەشت، هەروەها بزانە نیەت و چاوەڕوانی پاداشت لای خوا چەندە گرنگە، هەمان ئەو کارە کە بژێوی و خەرجی خێزانە، دوو کەس پێی هەڵدەسن، کەسێکیان وەك باوێکی کۆمەڵایەتی ژیان و ئەویش وەك ئەرکێك کە چاوەڕێیە لای خوا پاداشتی لەسەر وەربگرێت، ئەویان ئەرکەکەی بۆ دەمێنێتەوەو ئەمیشیان بە خێر و چاکە بۆی دەنووسرێت.

لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا عوقبە لە سریەکەی غلیبی کوڕی عەبدوڵادا بەشداری کرد.[2]

عوقبە لە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا عوقبە بەرپرسی بەیتولمال بوو و تا وەفاتی عوثمانیش لەو پۆستەی مایەوە،[3] دواتر چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو، هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو،

1 - صحيح البخاري، الرقم 55، صحيح مسلم، الرقم 1731و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 4299، سنن الدارمي، الرقم 2616، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2297، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7295،مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16757، مسند الطيالسي، الرقم 643.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 126.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 228.

کاتێك عەلی چوو بۆ جەنگی صفین عوقبەی کرد بە بەرپرسی کووفە، دواتر لەو پۆستەی لایبرد،[1] پاش ساڵی چلی کۆچی لە کووفە وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو گەڕایەوە مەدینەو لەوێ وەفاتی کرد.[2]

## عوقبەی کوڕی عوثمان (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی عوثمانی کوڕی خەلدەیە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، برایەکی هەبوو بە ناوی سەعد، عوقبە هاودەم بە سەعدی برای پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد، هەروەها لە غەزای ئوحودیشدا بەشدارییان کرد،[3] بەڵام لە ئوحوددا هەردووکیان رایانکرد و دواتر هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[4]

## عوقبەی کوڕی قەیظی (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی قەیظی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، هەریەك لەم دوو برایەو باوکیشیان هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون و پێکەوە هەرسێیان لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد،[5] دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا بەشداری کرد و

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 16.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 524.
3 - أسد الغابة، ج4، ص 63.
4 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1066.
5 - أسد الغابة، ج4، ص 64.

تیایدا شەهید بوو،[1] هاودەم بە عوقبە عەبدوڵای برایشی بەشداری کردبوو و ئەویش تیایدا شەهید بوو.[2]

عوقبەی کوڕی کودەیم (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی کودەیمی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، سەرەتا لە دەستەی دووڕووەکان بوو، بەڵام تەوبەی کرد و گەڕایەوە،[3] عوقبە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[4]

عوقبەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی مالیکە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو،[5] عوقبە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی نارد، لە کاتی هەڵمەتەکەدا کەسێك کەناری گرت، کەسێکی تریش کەوتە شوێنی و ئەویش شمشێری هەڵکردبوو، کابرا وتی من موسڵمانم، کەچی ئەوی تر گوێی لێنەگرت و کوشتی، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بیست زۆر تووڕە بوو، کابرا تووڕەیی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێگەیشتەوە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەدا، کابرای بکوژ هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخوا کابرا لە ترسی مەرگ ئەو قسەی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) رووی لێوەرگێڕا و درێژەی دا

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 525.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 64.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 525.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 64.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 525.

بە وتارەکەی، کابرا هەمدی ئەوەی وتەوەو پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی رووی لێ وەرگێڕا، بۆ جاری سێیەم کە کابرا وایکرد پێغەمبەر (ﷺ) رووی کردە کابراو بێزاری بە دەموچاویەوە دیار بوو و فەرمووی (إن الله حرم علي أن أقتل مؤمنا)، [1] (خوا لەسەری حەرام کردوم باوەڕدارێك بکوژم).

## عوقبەی کوڕی مور (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی مورەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ). [2]

## عوقبەی کوڕی نیار (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی نیارە، برایەکی هەبوو بە ناوی ئەبووبوردە، عوقبە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود. [3]

## عوقبەی کوڕی وەهبی ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی وەهب یان کوڕی ئەبی وەهبی کوڕی رەبیعەی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر. [4]

## عوقبەی کوڕی وەهب(رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی وەهبی کوڕی کلدەیە، یەکێك بوو لە دانیشتوانی مەدینە، کاتێك هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست و چوو بۆ مەککە موسڵمان

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6057، المستدرك على الصحيحين، الرقم 46، صححه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 527.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 527.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 528.

بوو، لەوێ مایەوە تا دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، بۆیە هەم لە کۆچەریەکان و هەم لە پشتیوانانیش بوو.[1]

ژمارەیەك لە پشتیوانان ئەم هەڵوێستەی عوقبەیان هەبوو کە بریتی بوون لە ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس و زیادی کوڕی لەبید و عەبباسی کوڕی عوبادە، ئەمانە ماوەیەکی زۆر کەم پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە لە مەککە دەرچوون و گەڕانەوە بۆ مەدینە، ئیتر پێیان دەوترا کۆچەرە پشتیوانەکان.[2]

عوقبەی کوڕی وەهب لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد و دەوترێت ئەو جێماوەی تیرانەی لەسەر کوڵمەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوون ئەو دەریکردن،[3] لە غەزای خەندەق و غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[4]

بەڵام رای راستتر ئەوەیە کە ئەبووعوبەیدە ئەو پاشماوەی تیرانەی لابرد، ئەمەش بە بەڵگەی ئەم گێڕانەوەیە:

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینم کەسێك لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم دەی ئەوە طەلحە بێت بە دایك و باوکمەوە بە قوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێك هات دەتوت باڵندەیەو دەفڕێت، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 528.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 226.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 545.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 528.

پێغەمبەر (ﷺ) و طەلحەش لە بەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) کەوتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فریای براکەتان بکەون، ئینجا تیرێك بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و تیرێکیش بەر رومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە دەمی–ددانی– تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و حەزی نەدەکرد پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو تیرەکەی تر دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.[1]

## عوقبەی کوڕی ئەبی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عوقبەی کوڕی ئەبی قەیسەو خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوان (ﷺ)، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

## عوقەیبی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عوقەیبی کوڕی عەمری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، سەعدی کوڕیشی ویستی بەشداری بکات، بەلام لەبەر کەمی تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) رێی نەدا سەعدی کوڕی بەشداری بکات.[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7090و اللفظ له، ضعفه شعيب الأرناؤوط.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 525.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 531.

عوکاشەی کوڕی میحصەن (رضي الله عنه)

ناوی عوکاشەی کوڕی میحصەنی ئەسەدیە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوانی ناو مەککە.

عوکاشە یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[1] لە غەزاکەدا هێندە جەنگا تا شمشێرەکەی شکا و پێغەمبەر (ﷺ) دارێکی دایە دەستی و دارەکە بوو بە شمشێر، ئیتر ئەو شمشێرەی لە هەموو غەزاکاندا بەکاردەهێنا.[2]

عوکاشە لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) موژدەی بەهەشتی پێدراوە، ئیبن عەبباس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (عرضت علي الأمم، فجعل النبي والنبيان يمرون معهم الرهط، والنبي ليس معه أحد، حتى رفع لي سواد عظيم، قلت ما هذا؟ أمتي هذه؟ قيل بل هذا موسى وقومه، قيل انظر إلى الأفق، فإذا سواد يملأ الأفق، ثم قيل لي انظر ها هنا وها هنا في آفاق السماء، فإذا سواد قد ملأ الأفق، قيل هذه أمتك، ويدخل الجنة من هؤلاء سبعون ألفا بغير حساب)، (ئوممەتانم بۆ خرانەڕوو، پێغەمبەر هەبوو بە تەنها یان دوو پێغەمبەر بە یەکەوە تێپەڕ دەبوون و دەستەیەکیان لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر هەبوو تەنها کەسێکیشی لەگەڵ نەبوو، تا ڕەشاییەکی گەورەم پێ نیشان درا، وتم ئەوە چیە؟ ئەوە ئوممەتەکەمە؟ وترا بەڵکو ئەوە مووساو قەومەکەیەتی، وترا تەماشای سەرەوە بکە–ڕووەو ئاسۆ بڕوانە– ڕەشاییەکم بینی ئەوێی پڕ کردبوو، دواتر پێم وترا سەیری ئەوێ وئەوێی ئاسۆی ئاسمان بکە، بینیم ڕەشایی هەمووی داگرتبوو، وترا ئەوە ئوممەتەکەتە، لەوانە حەفتا هەزار کەس بەبێ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 533.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 308.

حساب دەچنە بەهەشتەوە)، پێغەمبەر (ﷺ) دوای ئەوە چوویە ژوورەوەو مەسەلەکەی بۆ هاوەڵان روون نەکردەوە، دوایی هاوەڵان دەیانوت ئەوە ئێمەین کە بڕوامان هێنا بە خوا و شوێن پێغەمبەرەکەی کەوتین، یان منداڵەکانمانن کە لە ئیسلامدا لەدایك بوون، چونکە ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا لەدایك بوین، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوانەی بیستەوە هاتە دەرەوەو فەرمووی (هم الذین لا یسترقون، ولا یتطیرون، ولا یکتوون، وعلی ربهم یتوکلون)، (ئەوانەن کە روقییە ناکەن و بەختگیری بە باڵندە ناکەن و داخکردن بۆ چارەسەر بەکارناهێنن و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن)، عوکاشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا من لەوانم؟ فەرمووی بەڵێ، کەسێکی تر وتی ئەی من لەوانم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سبقك بها عکاشة)،[1] (عوکاشە پێشت کەوت).

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد، تەمەنی عوکاشە چل و چوار ساڵ بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر دەستی طولەیحەی ئەسەدی شەهید بوو.[2]

## عولبەی کوری زەید (رضي الله عنه)

ناوی عولبەی کوڕی زەیدی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان.[3]

1 - صحیح البخاري، الرقم 5385واللفظ له، صحیح مسلم، الرقم 349، صحیح ابن حبان، الرقم 6523، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2352.

2 - سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 307-308.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 546.

لە غەزای تەبووکدا لەتاو نەبوونی توانای بەشدارییان لە غەزاکەدا دەستیان کرد بە گریان، خوای گەورەش ئەو هەڵوێستەی ئەوانی لە قورئاندا باسکردووە.[1]

دەستەیەك لە هاوەڵان هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ژمارەیان حەوت کەس بوو، بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عومەیر و عولبەی کوڕی زەید و عەبدورەحمانی کوڕی کەعب و عەمری کوڕی حومام و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدوڵا و عیرباضی کوڕی ساریە، داوایان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا پڕچەکیان بکات تا بتوانن بەشداری غەزای تەبووك بن، چونکە ئەمانە کەمدەرامەت و دەستکورت بوون، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕاگەیاندن هیچی لەبەردەست نیە تا داواکەیان بێنێتەدی، یامینی کوڕی عەمر دەڵێت گەیشتم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەگریان، وتم بۆچی دەگرین؟ وتیان چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا چەکمان پێبدات بۆ بەشداری جەنگ بەڵام هیچی لا نەبوو و ئێمەش هیچمان پێ نیە تا بتوانین لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکە بکەین، منیش وشترێکم پێدان و بڕێك شیریشم پێدان، ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوون و بەشداریان کرد، بەڵام عولبە شەو لە ماڵ دەرچوو و دەستی کرد بە نوێژکردن و دەگریا و نزای دەکرد، لە نزاکەیدا وتی: وایە تۆ باسی جیهادت کردووەو خەڵکت هانداوە تا بچن بۆ جیهاد، بەڵام هیچت پێ نەبەخشیوم تا بچم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشدار بم، هیچیشت نەبەخشیوە بە پێغەمبەر (ﷺ) تا پێداویستی جەنگم بۆ دابین بکات، من لەبەر هەر تاریکیەك کە تووشم بووە لە جەستە یان سامان یان ئابڕوومدا خێرم بەسەر موسڵماناندا دەبەخشم، ئینجا بەیانی

1 - أسد الغابة، 3، ص 409.

چووە ناو خەڵکەکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەخشەرەکەی ئەمشەو کوا؟ عولبە قسەی نەکرد، هەمدی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، عولبە هەستا و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (موژدەت لێ بێت، سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە لە زەکاتی داهاتوودا نووسراویت).[1]

## عومارەی کچی ئەبی ئەییووب(رضي الله عنها)

ناوی عومارەی کچی ئەبی ئەییووبە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو هاوسەری صەفوانی کوڕی ئەوسە کە کوڕێکی لێی بوو بە ناوی خالید، عومارە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

## عومارەی کوڕی حەزم (رضي الله عنه)

ناوی عومارەی کوڕی حەزمی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عومارەو میحرەزی کوڕی نەضلەوە، زۆرێکیش دەڵێن لە غەزای بەدردا بەشدار بووە، لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشدار بووە، لە فەتحی مەککەشدا ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1970.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 29.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 578.

له غەزای خەندەقدا کە زەیدی کوڕی ثابت تەمەنی نزیکەی پانزە ساڵ دەبوو بەشداری کرد، زەید لەگەڵ موسڵمانانندا باری خۆڵی لە کۆڵ دەنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەو مێرمنداڵێکی زۆر چاکە)، چاوەکانی ماندوو بوون و کەمێك راکشاو خەوەنووچکە بردیەوە، ئەوەبوو عومارەی کوڕی حەزم هات و چەکەکەی ئەوی برد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا أبارقاد نمت حتی ذهب سلاحك)، (ئەی خەوخۆش هێندە خەوتیت تا چەکەکەیان بردیت)، ئینجا فەرمووی کێ ئەزانێ چەکی ئەم هەرزەکارە لەکوێیە؟ عومارەی کوڕی حەزم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بردم، ئینجا بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هۆشیاری دا لەوەی هیچ باوەڕدارێك بترسێنرێت و وەك گاڵتەوگەپ شمەکی ببرێت.[1]

له غەزای تەبووکدا ئاڵای بەنی نەججار بە دەست عومارەی کوڕی حەزمەوە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) گەیشت بە عومارەو ئاڵاکەی لە دەستی وەرگرت و دایە دەست زەیدی کوڕی ثابت.[2]

عومارە دەڵێت جارێك لەسەر گۆڕێك دانیشتبووم، پێغەمبەر (ﷺ) منی بینی، فەرمووی (انزل من القبر لا تؤذي صاحب القبر، ولا يؤذيك)،[3] (لە گۆڕەکە دابەزەو ئازاری خاوەنی گۆڕەکە مەدەو ئازاریشت نەدات)

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5770.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5770.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23402، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6543، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4667.

## عومارەی کوڕی روەیبە (رضي الله عنه)

**ناوی عومارەی کوڕی روەیبەیە، کونیەکەی ئەبووزوهرەیە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[1]**

**عومارە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (لن يلج النار أحد صلى قبل طلوع الشمس، وقبل غروبها)،[2] (ئەوەی پێش خۆرهەڵاتن و پاش خۆرهەڵاتن نوێژ بکات هەرگیز ناچێتە دۆزەخەوە).**

**مەبەست پێی نوێژی بەیانی و ئێوارەیە.**

## عومارەی کوڕی عوقبە (رضي الله عنه)

**ناوی عومارەی کوڕی عوقبەی کوڕی حارثەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[3]**

## عومارەی کوڕی عوقبەی ئومەوی (رضي الله عنه)

**ناوی عومارەی کوڕی عوقبەی قورەیشی عامیریە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[4]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 581.

2 - صحيح مسلم، الرقم 1037، صحيح ابن خزيمة، الرقم 318، صحيح ابن حبان، الرقم 1758، سنن أبي داود، الرقم 367، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 347، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 2026، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16885، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 1854.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 584.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 585.

عومارەی کوڕی مەخلەد (رضي الله عنه)

ناوی عومارەی کوڕی مەخلەدە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، لەغەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

عومارەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عومارەی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

عومەری کوڕی حەکەم (رضي الله عنه)

ناوی عومەری کوڕی حەکەمی سەلەمیە، عومەردەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەنیزەکێکم شوانەیی دەکرد، منیش چووم بۆ لای و بەدوای مەڕێکدا دەگەڕام، پرسیارم لێکرد، ئەویش وتی گورگ کوشتی، منیش زۆر خەفەم پێ خوارد و زللەیەکم دا لە دەموچاوی، جا ئازادکردنی کۆیلەیەکیشم لەسەرە، ئایا ئازادی بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) بە کەنیزەکەکەی فەرموو خوا لە کوێیە؟ وتی لە ئاسمانە، فەرمووی من کێم؟ وتی تۆ پێغەمبەری خوایت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئازادی بکە چونکە ئەو باوەڕدارە.[3]

دەوترێت دواجار عومەر لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 586.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 578.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 156.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 156.

عومەری کوڕی خەططاب(رضي الله عنه)

ناوی عومەری کوڕی خەططابی کوڕی نوفەیلی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی ریاحی قوڕەیشی عەدویە، کونیەکەی ئەبووحەفصە، دایکی ناوی حەنتەمەی کچی هاشمی کوڕی موغیرەیە.[1]

عومەر بە فاوورقیش ناسراوە، چونکە کاتێك موسڵمان بوو ئیتر بێباوەڕان نەیاندەوێرا وەك جاران ئازاری موسڵمانان بدەن، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا فارووق.[2]

سەبارەت بە لەدایکبونی هاتووە سی و چوار ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی لەدایك بووە، یان دەوترێت سیانزە ساڵ پاشساڵی فیل لەدایك بووە،[3] بەپێی رای یەکەم عومەری کوڕی خەططاب تەمەنی شەش ساڵ لە پێغەمبەر (ﷺ) بچووکتر بووە.

عومەر کەسێکی باڵابەرزی بەخۆ بوو، رەنگی سوور بوو، رایەکیش دەڵێت سەرەتا عومەر سپی رەنگ بووە، بەڵام دواتر کە لە سەردەمی خیلافەتەکەیدا وشکەساڵی روویدا هێندە خۆی گرتەوە لە خواردن کە رەنگی تێکچوو.[4]

عومەر برایەکی ناوی زەیدی کوڕی خەطاب بوو لە رێی باوکیەوە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی وەهب بوو، ئەم هاوەڵە لە کۆچەران بوو،[5] زەید براگەورەی عومەر

1 - أسد الغابة، ج4، ص 156.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 590.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 588.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 589.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 341.

بوو، پێش عومەری برایشی موسڵمان بوو، جا کە زەید لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو عومەری برای دەیوت زەید لە هەردوو چاکەکەدا پێش من کەوت، پێش من موسڵمان بوو، پێش منیش شەهید بوو.[1]

یەکێك لە هاوسەرەکانی عومەر ناوی زەینەبی کچی مەظعوونی کوڕی حەبیبە بوو، زەینەب هاوسەری عومەری کوڕی خەططابە، دایکی عەبدوڵای کوڕی عومەر و حەفصەی کچی عومەرە کە دایکی باوەرداران و هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەم ئافرەتە لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەش هاتووە گوایە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە مردبێت راست نیە.[2]

لە ساڵی حەوتی کۆچیدا عومەر جەمیلەی بەهاوسەر گرت و عاصمی لێ بوو، دواتر تەڵاقی دا، ئینجا یەزیدی کوڕی حارث بەهاوسەری گرت و عەبدوڕەحمانی لێ بوو.[3]

جەمیلە کاتێك هاوسەری عومەر بوو هێشتا ناوی عاصیە بوو وتی عومەر رقمە لە ناوەکەی خۆم ناوێکی ترم لێ بنێ، ئەویش ناوی نا جەمیلە، ئەویش تووڕە بوو و وتی هیچت بۆ نەدۆزیمەوە جگە لە ناوی کەنیزەیەك؟ بۆیە چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) رقم لە ناوەکەمە ناوێکی ترم لێ بنێ، ئەویش ناوی نا جەمیلە، بەڵام ئەو تووڕە بوو و وتی کە پێشتریش عومەر وا ناوی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 604.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 680.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 59.

ناوه، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (أما علمت أن الله عند لسان عمر و قلبه)،[1] (مەگەر نازانیت خوا لەگەڵ زمان و دڵی عومەره؟).

ژنێکی تری عومەر ناوی ئومموکلثومی کچی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو، کچەزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، عومەری کوڕی خەططاب بەهاوسەری گرت، ئەوەشی بۆیە کرد تا پشکێ لە رەچەڵەکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بەرکەوێت.[2]

عاتیکەی کچی زەید کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عاتیکە سەرەتا ژنی عەبدولڵای کوڕی ئەبووبەکر بوو، واتە ژنی ژنبراکەی زوبەیر بوو، ئەوەبوو عەبدولڵا شەهید بوو، دواتر شووی کرد عومەری کوڕی خەططاب هێنای و ئەویش شەهید بوو، دواتر زوبەیری کوڕی عەووام هێنای و ئەویش شەهید بوو، ئیتر خەڵکی دەیانوت کێ دەیەوێت شەهید بێت با عاتیکە بە هاوسەر بگرێت.[3]

منداڵەکانی:

عەبدولڵا و عەبدوڕەحمان و حەفصە کە دایکیان زەینەبی کچی مەظعوون بوو، زەید و روقییە کە دایکیان ئومموکلثومی کچی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو، زەیدی بچووك و عوبەیدولڵا کە دایکیان ناوی ئومموکلثومی کچی جەروەل بوو، عەبدوڕەحمان کە دایکی ئومموولەد بوو، عەبدوڕەحمانی بچووك کە دایکی ئومموولەد بوو، فاطیمە کە دایکی ناوی ئوممومحەکیم بوو، زەینەب کە دایکی ناوی فکیهە بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 558.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 463.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 112.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 265-266.

عەبدوڵای کوڕی عومەر یەکێك بوو لە هاوەڵە گەورە و زاناکانی ناو هاوەڵان کە لە پیتی (ع) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە، ئەم هاوەڵە فەرموودەیەکی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە و دیارترین منداڵی عومەری کوڕی خەططابە.

عومەر پێش موسڵمانبوونی:

عومەر ماڵی لە مەککە بوو و لە لاپاڵی شاخێکەوە خانووی کردبوویەوە کە لە سەردەمی نەفامیدا بەو شاخە دەوترا عاقیر و دواتر ناوی نرا کێوی عومەر، عومەر لە مەککە مەڕو ماڵاتی خەططابی باوکی دەلەوەڕاند، باوکیشی زۆر لەگەڵیدا توند بوو و کەسێکی تووڕە بوو.[1]

دواتر عومەری کوڕی خەططاب نێردراوی قوڕەیش بوو بۆ شوێنان و ئەو ئەرکەی پێ سپێردرابوو.[2]

عومەری کوڕی خەططاب پێش موسڵمانبوونی دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلام بوو، سەعیدی زاوای عومەر لەلایەن عومەرەوە لەسەر ئیسلام ئازارو ئەشکەنجەی دەچەشت، خۆی دەڵێت عومەر پێش ئەوەی موسڵمان بێت لەسەر موسڵمان بوونم من و خوشکەکەشی دەبەستەوە.[3]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 266.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 588.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3676، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 347.

موسڵمانبوونی:

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە عومەر لە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی و لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا موسڵمان بوو.[1]

جارێك عومەر هەواڵی بیست کە پێغەمبەر (ﷺ) لە شوێنێکەو هاوەڵان لە دەوری خڕ بون، بڕیاری دا بچێت و بیکوژێت، لە ڕێدا نوعەیمی کوڕی عەبدوڵا گەیشت بە عومەر و وتی عومەر بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش وتی دەچم بۆ موحەممەد کە باری قورەیشی پەرت کردووەو هەرزەکارەکانی لەرێ لاداوەو تانە لە دینی قورەیش دەدات و قسە بە خواکانی قورەیش دەڵێت، دەچم و دەیکوژم، ئەویش وتی بەخوا عومەر خۆت لێ گۆڕاوە، بۆ وادەزانیت دوای کوشتنی موحەممەد بەنی عەبدمەناف ئیتر دەهێڵن پێ بخەیتە سەرزەوی؟بۆ وریای خانەوادەی خۆت نیت؟ ئەویش وتی مەبەستت کامیانە؟ نوعەیم وتی سەعیدی زاواو ئامۆزات و فاطیمەی خوشکت کە موسڵمان بوون و شوێن موحەممەد کەوتون، بڕۆ وریای ئەوان بە، عومەریش خێرا گەڕایەوەو رووەو ماڵی خوشکەکەی چوو.[2]

خەبابی کوڕی ئەرەت دەچوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب کە لەگەڵ سەعیدی کوڕی زەیدی مێردی موسڵمان بووبوون، خەبباب لەوێ قورئانی فێری فاطیمەو مێردەکەی دەکرد، رۆژێك عومەری کوڕی خەططاب کە هێشتا موسڵمان نەبووبوو چوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی کاتێك بیستبووی خوشکەکەی موسڵمان بووە، کە نزیك بوویەوە گوێی لە قورئان خوێندنەکەی خەبباب بوو، کە

[1] - تاريخ مدينة دمشق، ج44، ص 16.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 80.

چوویە ژوورەوە دای لە فاتیمەی خوشکی و خوێن لە دەموچاوی هات، عومەر کە ئەوەی بینی پەشیمان بوویەوە، پاشان داوای کرد ئەو قورئانەی دەیانخوێند بیدەنە دەستی، فاطیمە وتی تا خۆت نەشۆیت نایدەمە دەستت، عومەر خۆی شۆرد و قورئانەکەی وەرگرت و خوێندیەوە، وتی وتەکانی چەند جوانن، خەبباب کە ئەمەی بیست خێرا وتی ئەی عومەر سوێند بەخوا هیوانم هەیە خوای گەورە نزای پێغەمبەری بۆ گیرا کردبیت، چونکە من دوێنێ شەو گوێم لێ بوو نزای دەکرد و فەرمووی: خوایە بە موسڵمانبوونی ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام یان بە موسڵمان بوونی عومەری کوڕی خەططاب پاڵپشتی ئیسلام بکە(ئیسلام سەربخە)، دەی عومەر دەرفەتە لەدەستی مەدە، عومەریش وتی ئەی خەبباب دەی بمبە بۆ لای موحەممەد تا موسڵمان بم، خەبباب‌یش پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێیە، عومەریش چوو و موسڵمان بوو.[1]

کە عومەر گەیشتە لای ماڵی ئەرقەم، یەکێك لە هاوەڵان لە درزی دەرگاکەوە سەیری کرد عومەرەو شمشێرێکی بە دەستەوەیەو وەستاوە، بە ترسەوە گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە عومەرەو شمشێرێکی بە دەستەوەیە، حەمزەش هەستا و وتی ئەگەر خێری پێیە باشە، ئەگەریش نیازی خراپ بێت بە شمشێرەکەی خۆی دەیکوژین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مۆڵەتی بدە بێتە ژوورەوە، کەسێك هەستاو دەرگای بۆ کردەوەو پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و چوو بەرەو پیری، فەرمووی کوڕی خەططاب بۆچی هاتویت؟ دەڵێیت واز ناهێنیت تا خوا نەتخاتە بەر هەورە بروسکە، عومەر وتی ئەی

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 79-80.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتوم تا باوەڕ بهێنم بە خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەوەی لای خواوە هاتووە، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) تەکبیرێکی کرد و موسڵمانانیش زانییان عومەر موسڵمان بووە.[1]

نزاکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عومەر لە رۆژی چوارشەممەدا بوو، ئەوەبوو رۆژی پێنج شەممە عومەر موسڵمان بوو، کە موسڵمان بوو لەلایەن موسڵمانانەوە الله اکبرێك کرا کە لە مەککە دەنگی دایەوە، ئینجا عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا کەی ئیمانمان بشارینەوە لەکاتێکدا ئێمە لەسەر حەقین و ئەوان ناحەقن، ئەویش فەرمووی (ئەی عومەر ئێمە کەمین و دەشزانیت تووشی چی بوین)، عومەر وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە چی کۆڕێ بە بێباوەڕی تیایدا دانیشتبم دەچم و لەوێدا ئیمانی خۆم ئاشکرا دەکەم.[2]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب موسڵمان بوو، پرسیاری کرد چ کەسێك لەناو قورەیشدا زۆر قسە ئاشکرا دەکات؟ پێی وترا جەمیلی کوڕی مەعمەر، عومەریش چوو بۆ لای و هەواڵی پێدا کە موسڵمان بووە و پێی وت بەڵام تکام وایە لای کەس باسی نەکەیت و بیشاریتەوە، جەمیلیش تا توانی لەناو خەڵکدا هاواری کرد کە عومەر وازی لە ئایینەکەی هێنا.[3]

ئەبووجەهل گەیشت بە عومەر دوای ئەوەی عومەر تەوافی کردبوو، وتی فلانەکەس دەڵێت وازت لە دینەکەت هێناوە، عومەریش بەبەرچاویەوە شایەتومانی

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 81.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 31.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 500.

ئیسلامی وتەوە، موسڵمانان کەوتنە لێدانی و ئەویش کەوتە لێدانی عوتبە، عوتبە هاواری دەکرد و خەڵکەکەش کەناریان گرت، خەڵکەکە چاریان نەکرد و کەناریان گرت.[1]

عەبدوڵای کوڕی عومەر دەڵێت کە عومەر موسڵمان بوو وتی کێ زۆر قسە دەگێڕێتەوە، پێی وترا جەمیلی کوڕی مەعمەری جومەحی، دەمەو بەیان بوو کە چوو بۆ لای، منیش بەدوایدا چووم و تەماشام دەکرد بزانم چی دەکات، کە گەیشتە لای جەمیل وتی ئەی جەمیل ئەرێ زانیوتە من موسڵمان بووم و چوومەتە ناو ئایینی موحەممەدەوە؟ عەبدوڵا دەڵێت سوێند بەخوا جەمیل هەرکە ئەوەی بیست هەستا و عەباکەی بەدوایدا دەخشا و عومەریش بەدوایدا دەرۆیشت و منیش بەدوایاندا چووم، جەمیل گەیشتە لای دەرگای کەعبە، قوڕەیشیەکانیش لە کۆڕ و مەجلیسیاندا دانیشتبوون، جەمیل تا توانی هاواری کرد ئەی خەڵکینە کوڕی خەططاب لەدین دەرچوو، عومەریش لە پشتیەوە دەیوت درۆ دەکات بەڵکو من موسڵمان بووم و شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، خێرا قوڕەیشیەکان بەڕوویدا راپەڕین و عومەریش بەرگری لەخۆی دەکرد و بەرامبەریان وەستایەوە... کابرایەك هات و وتی ئەوە چیە؟ وتیان عومەر لە دین هەڵگەڕاوەتەوە، ئەویش وتی وازبێنن کابرا شتێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو دەستی لێ هەڵبگرن، بۆ وادەزانن بەنی عەددی هەروا وازتان لێدێنن چیتان دەوێت بەرامبەر عومەر بیکەن؟ ئیتر ئەوانیش وازیان لێهێنا.[2]

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 31.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 6989، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 351، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 82 و قال الحافظ ابن كثير إسناده جيد قوي، صحيح السيرة النبوية للألباني (191/1).

ئیبن مەسعوود دەڵێت بە موسڵمانبوونی عومەر شکۆیەکمان پەیدا کرد.[1]

کۆچکردن بۆ مەدینە:

کاتێك موسڵمانان کۆچیان دەکرد بۆ مەدینە، عومەریش بڕیاری کۆچی دا، ئەوەبو هاودەم بە عەییاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعە کۆچی کرد، عومەر دەڵێت کاتێك ویستم هاودەم بە عەییاشی کوڕی ڕەبیعەو هیشامی کوڕی عاص ویستم کۆچ بکەم، وادەمان داناو وتمان هەرکەس دواکەوت ئەوە ڕێی لێگیراوەو ئەوانی تر بڕۆن، بۆ بەیانیەکەی من و عەییاش گەیشتین و هیشام ڕێی لێگیرا، بۆیە کەوتینەڕێ، کە گەیشتینە مەدینە لای بەنی عەمری کوڕی عەوفماینەوە، ئەبووجەهل و حارثی کوڕی هیشام کە ئامۆزای عەییاش بوون و لە ڕێی دایکیشەوە برای بوون، هاتن بۆ مەدینەو وتیان ئەی عەیاش دایکت نەزری کردووە شانە نەدات لە سەری و لەبەر خۆردا بمێنێتەوە تا تۆ دەبینێت، منیش زۆر هەوڵم دا بە قسەکانیان لەخشتە نەچێت و نەڕواتەوە، تەنانەت تۆ دەزانیت من زۆر دەوڵەمەندم، نیوەی سامانم بۆ تۆ بەڵام لەگەڵیان مەگەڕێرەوە، بەڵام عەییاش خۆی پێ ڕانەگیرا، منیش وتم هەر دەگەڕێیتەوە دەی ئەو وشترەی من ببە و زانیت فێڵت لێ دەکەن خۆت ڕزگار بکەو وەرەوە، ئەویش وشترەکەی برد و چوو، لە نیوەی ڕێدا ئەبووجەهل پێی وت براکەم وشترەکەم ناڕوات، بەڵکو لە دوای تۆوە سەرکەوم، بەو فێڵە گرتیان و بەستیانەوەو بردیانەوە بۆ مەککە.[2]

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 79.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 172.

هەریەك لە عومەری کوڕی خەططاب و زەیدی برایشی کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە لای ریفاعە دابەزین و لەویّ مانەوە.[1]

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عومەری کوڕی خەططاب و عوتبانی کوڕی مالیکەوە.[2]

خەو بینینی عومەر بۆ بانگدان

موسڵمانان سەرەتا بانگیان نەبوو، جا بۆ شتێك دەگەڕان تا خەڵکی پیّ کۆبکەنەوە بۆ نوێژ، ئەوەبوو چەند هاوەڵێك خەویان بینی کە لە خەوەکەیاندا بانگیان فێر کرا، لەوانەش عومەری کوڕی خەططاب، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا بانگ دابنرێت بۆ بانگهێشتی خەڵك بۆ نوێژەکان.

عەبدولّای کوڕی زەیدی کوڕی عەبد رەببیە لە خەودا بانگی پیّ وترا، عەبدولّا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمشەو لەخەومدا کەسێك کە دوو جلی سەوزی لەبەربوو و زەنگێکی بەدەستەوە بوو، وتم ئەی بەندەی خوا ئەو زەنگە دەفرۆشیت؟ وتی بۆ چیتە؟ وتم تا خەڵکی پیّ بانگ بکەین بۆ نوێژ، ئەویش وتی ئایا لەوە چاکترت پیّ نیشان بدەم؟ وتم ئەوە چیە؟ وتی بڵیّ:

الله أكبر الله أكبر

الله أكبر  الله أكبر

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 173.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 26.

أشهد أن لا إله إلا الله

أشهد أن لا إله إلا الله

أشهد أن محمدا رسول الله

أشهد أن محمدا رسول الله

حي على الصلاة

حي على الصلاة

حي على الفلاح

حي على الفلاح

الله أكبر الله أكبر

لا إله إلا الله

**دواتر کەمێك وەستا و پاشان هەمان شتی وت بەڵام بە تاك هەمووی وت، بەڵام لە کۆتاییدا وتی:**

قد قامت الصلاة قد قامت الصلاة

الله أكبر الله أكبر

لا إله إلا الله

**کاتێك ئەو خەوەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پشت بە خوا ئەو خەوە راستە، دەی هەستە بیڵێ بە بیلال چونکە ئەو**

دەنگی لە تۆ بەرزتر و باشترە، کاتێك بیلال هەستا ئەو بانگەی دەدا عومەری کوڕی خەططاب لە ماڵەوە بوو ئەوەی بیست، خێرا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و عەباکەی رادەکێشاو دەیوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە من هەمان ئەم خەوەم بینی کە –عەبدوڵا– بینیویەتی، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (فلله الحمد فذاك أثبت)،[1] (سوپاس بۆ خوا، دەی ئەوە چەسپاوترە).

غەزای بەدر

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ بەدر، پێش غەزاکە رای خەڵکی وەرگرت و فەرمووی راتان چیە؟ ئەبووبەکری صدیق وتی ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بیستوومانە ئەوان–قورەیش لە فلانە شوێنن، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە خەڵکەکەی فەرموو راتان چیە؟ ئەمجار عومەری کوڕی خەططاب هەمان قسەی ئەبووبەکری کرد.[2]

پێش ئەوەی جەنگی بەدر رووبدات، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو هەرکەس عەبباسی بینی نەیکوژێت چونکە بە نابەدڵی دەرچووە،[3] ئەبووحوذەیفە وتی یانی باوك و کوڕ و برای خۆمان بکوژین و عەبباس نەکوژین؟! بەخوا بگەم پێی بە شمشێر پارچە پارچەی دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە، بە عومەری فەرموو (ئەی ئەبووحەفص رەوایە بە شمشێر بدرێت لە دەموچاوی مامی پێغەمبەری خوا؟)، عومەر وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتم بدە بە شمشێر بدەم لە

1- صحيح ابن خزيمة، الرقم 368 و اللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16157، سنن أبي داوود، الرقم 426، سنن ابن ماجة، الرقم 704، سنن الدارمي، الرقم 1217، صحيح ابن حبان، الرقم 1700، سنن الدارقطني، الرقم 802، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1855، سنن الترمذي، الرقم 179، حسنه الألباني في إرواء الغليل، الرقم 246.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 35978.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 284.

گەردنی ئەو کابرایە، ئەوە موافیق بووە، بەڵام ئەبووحوذەیفە پەشیمان بوو لەو قسەی دەیکرد و دواتریش هەمیشە دەیوت هیچ کات دڵنیا نیم لەو قسەی ئەو رۆژە کردم و هیوام وایە تەنها شەهیدبوونم ئەو تاوانەم لەسەر بسڕێتەوە.[1]

کە دواتر موسڵمانان سەرکەوتن و نزیکەی حەفتا کەسیان بەدیل گرت، پێغەمبەر (ﷺ) رای ئەبووبەکر و عومەری وەرگرت سەبارەت بە دیلەکان، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوانە لە هۆزی خۆت و ئامۆزایانی خۆتن، پێم وایە بە لەبریتی ئازادیان بکەیت، بەوە ئەو دەستکەوتە دەبێت بە هێز بۆ ئێمە دژ بە بێباوەڕان، بەڵکو خوای گەورەش رێنموونیان بکات بۆ ئیسلام، بەڵام عومەر وتی نابەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، من راکەی ئەبووبەکرم نیەو پێم وایە بدەین لە گەردنیان، عەلی عەقیل بگرێت و بدات لە گەردنی، منیش فلانە خزمی خۆم بگرم و بدەم لە گەردنی، ئەوانە رێبەرانی کوفرن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) راکەی ئەبووبەکری بەدڵ بوو، بۆ بەیانیەکەی عومەر چوو دەبینێت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر دانیشتون و دەگرین، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی دەگرین؟ با ئەگەر کرا منیش بگریم و ئەگەریش گریانم بۆ نەهات بۆ گریانەکەی ئێوە بگریم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بۆ ئەوە دەگریم کە هاوەڵەکانت وتیان با لەبریتی وەربگرین لێیان، لە خوارووی ئەو درەختەوە–درەختێکی نزیك لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو– سزای ئەوانەم بۆ خرایەڕوو–) ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(ما كان لنبی أن یكون له أسری...).[2]

---

1 - المستدرکعلی الصحیحین، الرقم 4941.

2 - صحیح مسلم، الرقم 3396.

سوهەیلی کوڕی عەمر لە غەزای بەدردا دژ بە موسڵمانان بەشداری کرد و بەدیل گیرا، عومەر داوای دەرفەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد تا بیکوژێت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (وازی لێ بهێنە ئەی عومەر، لەوانەیە لە شوێن و بارێکدا بیبینیت لەسەر ئەو بارەی سوپاسی بکەیت).[1]

غەزای ئوحود

لە غەزای ئوحوددا هەریەك لە عومەر و زەید پێکەوە بەشداری غەزاکە بوون، لە گەرمەی جەنگەکەدا بوون کە عومەر قەڵغانەکەی خۆی دا بە زەید و وتی براگیان ئەم قەڵغانە بگرە، زەیدیش وتی منیش هەمان ئەو شەهیدیەم دەوێت کە تۆ دەتەوێت، بۆیە هیچکامیان قەڵغانەکەیان بەکارنەهێنا.[2]

کاتێك موسڵمانان لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کرد، یەکێك لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە عومەری کوڕی خەططاب بوو، کەوتنە دوورخستنەوەی بێباوەڕان تا گەیشتنە بەرزایی شاخەکە.[3]

کاتێك موسڵمانان شکان و پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانێك چوونە بەرزایی شاخەکەوە، ئەبووسوفیان هاواری دەکرد ئەرێ موحەممەد لەنێوتاندایە؟ سێ جار ئەو هاوارەی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو کەس وەڵامی نەداتەوە، دواتر وتی ئەری کوڕەکەی ئەبی قوحافەتان لەنێودایە؟ سێ جار ئەوەشی وت و کەس وەڵامی

1 - أسد الغابة، ج2، ص 557.

2 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 5402.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 35- 36.

نەدایەوە، پاشان سێ جار وتی ئەرێ کوڕەکەی خەططابتان لەنێودایە؟ ئینجا چوویەوە بۆ لای هاوەڵەکانی و وتی ئەوانە هەموویان کوژراون، ئیتر عومەر خۆی پێ نەگیرا و وتی ئەی دوژمنی خوا بەخوا درۆ دەکەیت، ئەوانەی ناوت بردن هەموویان زیندوون، ئەوەی تۆ پێی دلگرانیت ماوە، ئەبووسوفیان وتی رۆژ بە رۆژە، ئەمڕۆلەبری بەدر، جەنگ نۆرەیە، پاشان هاواری دەکرد پایەدار بێت هوبەل، پایەدار بێت هوبەل، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆوەلامی نادەنەوە؟ وتیان چی بلێین ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی بلێن ( خوا پایەدارترە)، ئەویش وتی ئێمە عوززامان هەیەو ئێوە نیتانە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆ وەلامی نادەنەوە؟ وتیان چی بلێین ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی بلێن (خوا پشت و پەنامانەو ئێوە هیچ پشت و پەنایەکتان نیە).[1]

لە سالی سێیەمی کۆچیدا عومەری کوڕی خەططاب حەفصەی کچی مارە کرد لە پێغەمبەر (ﷺ).

کاتێك حەفصە بێوەژن کەوت، عومەری باوکی بڕیاری دا مێردێکی باش بدۆزێتەوە بۆ کچەکەی، بۆیە پێشنیازی کرد بۆ ئەبووبەکر تا بەهاوسەری بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر رەزامەندی دەرنەبڕی، ئینجا پێشنیازی کرد بۆ عومەر، ئەویش رەزامەندی دەرنەبڕی و وتی بڕوام نیە بتوانم ئەم ماوە ژن بهێنم، عومەریش بەوە دلتەنگ بوو و جۆرێك لە بێتاقەتی روی تێکرد و چوو لای پێغەمبەر (ﷺ) سکالای کرد کە چی روویداوە، ئەویش فەرمووی (يتزوج حفصة من هو خير من عثمان و يتزوج عثمان من هي خير من حفصة)، (کەسی باشتر لە عوثمان حەفصە بەهاوسەر

1 - صحيح البخاري، الرقم 2895.

دەگرێت و عوثمانیش کەسی باشتر لە حەفصە بەهاوسەر دەگرێت)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) داوای حەفصەی کرد و بەهاوسەری گرت، دواتر کە ئەبووبەکر عومەری بینی وتی دڵت شتێك نەکات بەرامبەرم، من بیستبووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی حەفصەی دەکرد، بۆیە –ئەمەشم پێ نەوتیت– وتم با نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا نەکەم، بە دڵنیاییشەوە پێغەمبەر (ﷺ) حەفصەی بەهاوسەر نەگرتایە من داوام دەکرد و بەهاوسەرم دەگرت.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی حەفصەی کچی عومەر تەڵاق بدات، عومەر هەڵوێستێکی ورد و ژیرانەی نواند.

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت من و دراوسێیەکی پشتیوانیم کە لە سەرووی شاری مەدینەوە بووین هەر رۆژەو یەکێکمان دادەبەزی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئیتر ئەوەمان دەچوو هەواڵی سروش و پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەهێنا بۆ ئەوی ترمان، جارێك کە سەرەی پشتیوانیەکە بوو، گەڕایەوەو بە توندی دای لە دەرگا و منیش تەواو ترسام، وتی شتێکی گەورە روویداوە، مەسەلەکەی بۆ باس کرد، منیش چووم بۆ لای حەفصەو بینیم دەگری، وتم ئایا پێغەمبەر (ﷺ) تەڵاقی داون؟ ئەویش وتی نازانم، ئینجا چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەر بە پێوە وەستابووم وتم ئایا ژنەکانت تەڵاق داون؟ ئەویش فەرمووی نا، منیش وتم الله أکبر.[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3802، مسند احمد بن حنبل، الرقم 4647، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 228.

2 - صحيح البخاري، الرقم 89.

جیا لەو رووداوە پێغەمبەر (ﷺ) تەڵاقێکی حەفصەی دا، دواتر گێڕایەوە بۆ لای خۆی، چونکە جبرەئیل هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی فەرموو (راجع حفصة، فإنها صوامة قوامة، و إنها زوجتك في الجنة)،[1] (حەفصە بگێڕەوە، چونکە ئەو زۆر رۆژووگر و زۆر شەونوێژکەرە، هەروەها ئەو هاوسەرت دەبێت لە بەهەشتدا).

کاتێك حەفصە تەڵاق درابوو، عومەر چوو بۆ لای و بینی حەفصە دەگری، وتی بۆچی دەگریت؟ لەبەرئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) تەڵاقی داویت؟ ئەو تەڵاقی داویت و لەبەر من دەتگێڕێتەوە، دە بەخوا ئەگەر جارێکی تر تەڵاقت بدات هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم.[2]

حەفصە دەڵێت رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵەوە بوو و جلەکەی خستبووە نێوان رانەکانی، ئەوەبوو ئەبووبەکر هات و داوای مۆڵەتی کرد و مۆڵەتی پێدراو هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هەروەك خۆی مایەوەو خۆی تێکنەدا، ئینجا عومەریش هات و هەمان شت روویدا، ئینجا عەلی هات و هەمان شت روویدا، ئینجا هاوەڵانێکی تر هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) هیچ خۆی تێکنەدا و هەر لەو شێوەی خۆیدا مایەوە، ئینجا عوثمان هات و داوای مۆڵەتی کرد، مۆڵەتی پێدرا تا بێتەژوورەوە، خێرا پێغەمبەر (ﷺ) جلەکانی رێککرد، ئینجا کەوتنە قسەکردن و پاش ماوەیەك

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6799، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15721، سكت عنه الذهبي في التلخيص، صال الألباني أما تطليقه لحفصة و كونه أمر بإرجاعها صحيح، أما قول جبريل(راجعها...) حسن، انظ سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 2007،

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4338، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 161، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19199، قال شعيب الأرناؤوط إسناده جيد، قال الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة الرقم 2007 فلا يفرح بمتابعته. وللحديث شواهد مختصرة.

خەڵکەکە چوون، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبووبەکر و عومەری و عەلی و ئەو هاوەڵانەی تر هاتن تۆ هیچ خۆت تێکنەدا، کەچی کە عوثمان هات خێرا خۆت کۆکردەوەو جلەکانت رێککرد، ئەویش فەرمووی: (ألا أستحيي ممن تستحيي منه الملائكة)،[1] (ئایا شەرم نەکەم لە کەسێك کە فریشتە شەرمی لێ دەکات)

غەزای خەندەق

عومەر لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد، سەرقاڵبوونی بە رێگرتن لە هاتنەناوەوەی بێباوەڕان زۆر سەرقاڵی کرد، بۆیە هاتە ژوورەوەو خۆر ئاوا بووبوو، کەوتە قسەوتن بە بێباوەڕانی قورەیش و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نوێژم دەکرد تا خۆر ئاوا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی منیش هێشتا نوێژی عەسرم نەکردووە.[2]

دوای ئەوەش کە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ هێرشی بەنی قورەیضە، عومەریش بەشداری تێدا کرد، تیایدا سەعدی کوڕی موعاذ بریندار بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای سەعدی کوڕی موعاذ، پێغەمبەر (ﷺ) باوەشی پێدا کرد و خوێن بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) دەچۆڕا، کە ئەبووبەکر هات و ئەوەی بینی وتی وەی پشتی شکاوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وس ئەی ئەبووبەکر، دواتر عومەر هات کە ئەو بارەی بینی وتی إنا لله و إنا إليه راجعون.[3]

---

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 25892، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3017، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19249.

2 - صحيح البخاري، الرقم 580، صحيح مسلم، الرقم 1034.

3 - فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1449.

رێککه‌وتنی حوده‌یبیه

هه‌روه‌ها عومه‌ری کوڕی خه‌ططاب له‌ رێککه‌وتنی حوده‌یبیه‌شدا به‌شداری کرد، جا کاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ویستی نێردراوێك بنێرێت بۆ ناو قوره‌یش تا په‌یامی پێغه‌مبه‌ری خوایان (ﷺ) پێ بگه‌یه‌نێت که‌ ته‌نها بۆ عومره‌ هاتون، پێشنیازی کرد عومه‌ر بچێت، عومه‌ر وتی ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) من ده‌ترسم قوره‌یش بمکوژن چونکه‌ که‌س له‌ به‌نی عه‌ددی له‌ مه‌ککه‌ نه‌ماون به‌رگریم لێ بکه‌ن و ده‌شزانیت قوره‌یش چه‌نده‌ دژایه‌تیم ده‌که‌ن، به‌ڵام که‌سێکت پێ ده‌ڵێم که‌ زۆر له‌ من باشتره‌ بۆ ئه‌وه‌، ئه‌ویش عوثمانی کوڕی عه‌ففانه‌، ئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پێشنیازه‌که‌ی عومه‌ری وه‌رگرت و عوثمانی نارد.[1]

دواتریش له‌ کاتی نووسینی رێککه‌وتنه‌که‌دا عومه‌ر ئاماده‌یی هه‌بوو و یه‌کێك بوو له‌ شایه‌ته‌کان.[2]

له‌ مانگی شه‌عبانی ساڵی حه‌وته‌می کۆچیدا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) سی سواری له‌گه‌ڵ عومه‌ری کوڕی خه‌ططابدا نارد بۆ ناوچه‌ی توربه‌ که‌ چوار میل له‌ مه‌ککه‌وه‌ دوور بوو،[3] که‌ گه‌یشتنه‌ ئه‌وێ هه‌موو رایانکرد، عومه‌ریش گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ مه‌دینه‌، جا پێی وترا ئه‌ی بۆ هێرشت نه‌کرده‌ سه‌ر خه‌ثعه‌میه‌کان، عومه‌ریش وتی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمانی پێدام ته‌نها جه‌نگی هه‌وه‌زانیه‌کان له‌ خاکی خۆیاندا بکه‌م.[4]

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 167.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 169.
[3] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 117.
[4] - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 221.

لە ساڵی هەشتەمی کۆچیشدا پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی بە سەرکردایەتی ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح نارد بۆ ناوچەی (الخبط)و عومەری کوڕی خەططابیش تیایدا بەشدار بوو.[1]

لە فەتحی مەککەدا

کاتێك قورەیشیەکان پەیمانیان شکاند و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا هێرش بباتە سەر مەککە و فەتحی بکات، ئەبووسوفیان هات تا رێککەوتنەکە درێژ بکاتەوە، کە چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، بۆیە چوو تکای لە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی کرد تا لای پێغەمبەر (ﷺ) سکالای بۆ بکەن، ئەوەبوو کە چوو بۆ لای عەلی حەسەنی کوڕی عەلی منداڵێك بوو لەبەردەمیدا یاری ئەکرد، عەلیش وەك ئەوانی تر ئەبووسوفیانی بێهیوا کرد و وتی پێغەمبەر (ﷺ) بڕیارێکی داوە کە کەسمان بۆی نیە قسەی تێدا بکات.[2]

لە شەوی فەتحی مەککەدا عەبباس بە ئەبووسوفیانی وت ماڵوێران سەرکەوە با بتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و داوای پەنات بۆ بکەم، ئەبووسوفیانیش لە دوای عەبباسەوە سەرکەوت، بەردەوام دەیاندا بە لای ئاگری موسڵماناندا و یەك یەك عەبباس دەستەکانی پێ دەناساند، کە گەیشتە لای ئاگرەکەی عومەری کوڕی خەططاب، عومەر چوو و ئەبووسوفیانی بینی، وتی ئەبوسوفیان، ئەی دوژمنی خوا، سوپاس بۆ خوا کە بێ بوونی پەنا و بەڵێنێك تۆی خستە بەردەستم، ویستی

[1] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 132.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 154.

بیکوژێت کە عەبباس نەیهێشت، عومەر بەوەوە نەوەستا لەگەڵیان چوو تا گەیشتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە دوژمنەکەی خوا بێ بوونی پەنا و بەڵێنێك کەوتووەتە بەردەستم، دەرفەت بدە تا بدەم لە گەردنی، عەبباس وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من پەنام داوە، ئینجا عەبباس وتی ئەی عومەر ئیتر بەسە، ئەگەر ئەمە کەسێك بوایە لە بەنی عدی وات نەدەوت، بەڵام دەزانیت لە بەنی عەبدمەنافە وا دەڵێیت، عومەر وتی راوەستە عەبباس، سوێند بەخوا موسڵمانبوونەکەی تۆم لە موسڵمانبوونی خەططاب لا خۆشتر بوو، چونکە دەمزانی موسڵمان بووی تۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە موسڵمانبوونی خەططاب خۆشترە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی عەبباس بیبە بۆ لای خۆت و کە بەیانی هات بیهێنە بۆ لام، بۆ بەیانی عباس ئەبووسوفیانی هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ماڵت وێران بێت ئەبووسوفیان ئیتر کاتی نەهاتووە بزانیت هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خودا؟! ئەبووسوفیان وتی بە دایکو باوکمەوە بەقوربانت بم چەندە لەسەرخۆ و خزم دۆست و بەخشندەیت،عەبباسیش وتی ماڵوێران دەی موسڵمان بە پێش ئەوەی بدات لە گەردنت، ئەبووسوفیانیش شایەتومانی هێنا.[1]

زەیدی برای عومەر دەڵێت رۆژی فەتحی مەککە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو گۆڕستانەکان دەرچووین، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای گۆڕێك دانیشت و دەمانبینی دەتوت قسەی لەگەڵ دەکات، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و فرمێسکی لە چاوانی دەسڕی، عومەری برام پێش هەمووومان پێی گەیشت و پێی وت بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم بۆچی دەگریت؟ فەرمووی (داوای مۆڵەتم کرد لە پەروەردگارم لە

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 290.

سەردانی گۆڕی دایکم لەبەرئەوەی دایك بووەو ماف بەسەرمەوە هەیە داوام کرد داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەم، بەڵام پەروەردگارم رێی پێنەدام)، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بە ئاماژەیەك پێی راگەیاندین دابنیشین، ئێمەش دانیشتین، ئینجا فەرمووی (من پێشتر رێگریم لێکردبون لە سەردانی گۆڕ، جا –لەمەودوا– هەرکامتان ویستی سەردانی گۆڕ بکات با بیکات،...).[1]

دوای فەتحی مەککە خەڵکی کۆبووەوە تا بەیعەت بدەن بە پێغەمبەر (ﷺ)، عومەریش لە خوارووی کۆڕەکەوە بوو و بەیعەتی لە خەڵکەکە وەردەگرت بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[2]

بەشداری لە سوپاکەی ئوسامەدا

پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆتا رۆژەکانی تەمەنیدا بوو، رۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) داگرت، بەڵام رۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید تا هێرش ببەنە سەر رۆم، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەطابو ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون، لەسەر ئەوە کەسانێ نارەزاییان دەربڕی، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) تەواو توورەبوو و لەتاو ئازاریش سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەرو سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر فەرمووی (پاشان ئەی خەڵکینە ئەو قسەو باسە چیە پێم گەیشتوەتەوە لە هەندێکتان سەبارەت بەوەی ئوسامەم بە ئەمیر داناوە، ئەگەر تانە دەدەن لە

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4512.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 319.

ئەمیرایەتی ئوسامە پێشتریش تانەتان دا لەوەی باوکیم بە ئەمیر دانا، ئەرێ بەخوا ئەو کەسە بۆ ئەمیرایەتی دروست کرابووو دوای خۆیشی کوڕەکەشی بۆ ئەمیرایەتی دروست کراوە...)[1]

نزیکی عومەر لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)

جوانترین بەڵگە بۆ زۆری نزیکی عومەر لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەم وتەی عەلی کوڕی ئەبووطالیبە، کاتێك عومەری کوڕی خەطاب وەفاتی کرد، خەڵکێ نزایان دەکرد بۆ عومەر، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش وتی رەحمەتی خوات لێ بێت، هیوام وایە خوای گەورە لەگەڵ دوو هاوڕێکەت کۆت بکاتەوە–پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر– چونکە من زۆر جار لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەبیست دەیفەرموو من و ئەبووبەکر و عومەر بووین، من و ئەبووبەکر و عومەر وامانکرد، من و ئەبووبەکر و عومەر چووین.[2]

زەیدی کوڕی سەعنە دەڵێت: کاتێك سەیری موحەممەدم کرد، چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە نەبێت، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، منیش نەرمیم لەگەڵ دەنواند و خۆم لێ نزیك دەکردەوە بۆ ئەوەی تێ:ەڵی بکەم و بزانم ئەو نیشانەی تێدایە، ئەوەبوو جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ژوورەکەی

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3495، صحيح مسلم، الرقم 4506، سنن ابن ماجة، الرقم 97، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7847، مسند احمد بن حنبل، الرقم 872.

دەرچوو و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشی لەگەڵدا بوو، کابرایەکی دەشتەکی هات بۆ لای و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵکی فڵانە گوند موسڵمان بوون و منیش وتوومە ئەگەر موسڵمان بن بەردەوام ڕۆزییان بۆ دێت، کەچی لەو کاتەوەی موسڵمان بوون قات و قڕی و نەبوونی رووی تێکردون و باران نابارێت بۆیان، منیش ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەترسم بەو بۆنەیەوە واز لە ئیسلام بهێنن، بەڵکو کەسێك بنێریت فریایان بکەوێت، پێغەمبەریش (ﷺ) تەماشای کابرایەکی کرد کە لەوێدا بوو وابزانم عومەر بوو، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ شتێکی لێ نەماوە، منیش لێی نزیك بوومەوەو وتم ئەی موحەممەد پێت چۆنە بڕێ خورمای باخی فڵانە کەسم لێ بکڕیت تا فڵانە ڕۆژ ئینجا بەهاکەی وەرگرم لێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نا ئەی کابرای جوولەکە، من بڕێ خورمای دیاریکراوت لێ دەکڕم تا فڵانە کات و ناوی باخی فڵانە کەس نابەم)، منیش وتم باشە، پێغەمبەر (ﷺ) خورماکەی لێ کڕیم و ناردی بۆ ئەو خەڵکەو فەرمووی (خێرا بڕۆ بۆ لایان و بەوە فریایان بکەوە)، هێشتا چەند ڕۆژێك مابوو بۆ ماوەکە، دوو یان سێ ڕۆژ مابوو، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی کابرایەکی پشتیوانی هاودەم بە ئەبووبەکرو عومەر و عوثمان ودەستەیەکی تر لە هاوەڵانی دەرچوو، دوای ئەوەی نوێژی لەسەر تەرمەکە کرد، لە دیوارێك نزیك بوویەوەو پاڵی پێوەدایەوە، منیش جلەکانم کۆکردەوەو بە دەموچاوێکی گرژەوە تەماشام دەکرد، دواتر وتم ئەی موحەممەد ئەرێ مافەکەی خۆمم نادەیتەوە؟ من پێشتر تێکەڵی بنەماڵەی ئێوەم کردووەو نەمدیوە ئاوا دەستخەڕۆی کەس بکەن، ئینجا تەماشای عومەری کوڕی خەتتابم کرد بینیم چاوەکانی پڕ بون لە فرمێسك و فرمێسك بەسەر کوڵمیەوەیەتی، بە خیسەیەکەوە تەماشای کردم و وتی ئەی دوژمنی خوا چۆن قسەی وا بە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێیت؟ سوێند بەوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە حەق ناردووە ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایە بەم شمشێرەم دەمدا لە گەردنت، پێغەمبەریش (ﷺ) بە هێوری تەماشایەکی عومەری کرد و فەرمووی: (إنا كنا أحوج إلى غير هذا منك يا عمر، أن تأمرني بحسن الأداء، وتأمره بحسن التباعة، اذهب به يا عمر فاقضه حقه، وزده عشرين صاعا من غيره مكان ما رعته)، (ئەی عومەر ئێمە پێویستمان بە هەڵوێستی تری تۆ هەیە، دەبێت فەرمانم پێبکەیت چاك قەرزەکەم بدەمەوەو فەرمان بەویش بکەیت بە جوانی داوای قەرزەکەی بکاتەوە، ئەی عومەر بیبە و مافەکەی بدەرەوە و بیست صاعیش زیاد لەوەی بدەرێ لەبەرامبەر ئەوەی وا ترساندت)، ئینجا عومەر منی برد و قەرزەکەی دامەوەو بیست صاعیش زیادەی پێدام، منیش وتم ئەو زیادەیە چیە؟ وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم تا بەرامبەر بەوەی تۆم ترساند ئەم زیادەت بدەمێ، منیش وتم ئەی عومەر من دەناسیت؟ وتی نا، تۆ کێیت؟ وتم من زەیدی کوڕی سەعنەم، وتی زانا جوولەکەکە؟ وتم بەڵێ، وتی ئە بۆچی وات وت بە پێغەمبەر (ﷺ) و وا لەگەڵیدا هەڵوێستت نواند؟ وتم ئەی عومەر من چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە مابوو، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، بۆیە بۆ ئەو دوانە هەوڵمدا تا بزانم ئەوانەشی هەیە؟ دەی عومەر تۆ بەشایەت دەگرم وا من رازیم خوا پەروەردگارمەو ئیسلام ئایینمەو موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، بەشایەتت دەگرم نیوەی سامانەکەم دەکەم بە خێر بۆ ئوممەتی موحەممەد(ﷺ)، عومەر وتی بڵێ بۆ بەشێك لەو ئوممەتە چونکە فریای هەموو ئەو ئوممەتە ناکەویت، منیش وتم بەشێك لەم ئوممەتە، ئینجا عومەر و زەید پێکەوە

گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر خوا (ﷺ) و زەید لە خزمەتیدا شایەتومانی هێنا، ئیتر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بەشداری چەندین غەزای کرد، دواجار لە غەزای تەبووکدا لە ڕێی هاتنەوەیاندا کۆچی دوایی کرد.[1]

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە خێرکردن، منیش سامانێکی زۆرم هەبوو، وتم بەخوا ئەمجار پێش ئەبووبەکر دەکەوم، بۆیە کردم بە دووبەشەوەو بەشێکیم برد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی عومەر ئەو سامانە زۆرە؟ ئەی چیت بۆ خێزانەکەت جێهێشتووە؟) وتم نیوەی، ئینجا ئەبووبەکر هات و سامانێکی زۆری هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووبەکر ئەو سامانە زۆرە؟ ئەی چیت بۆ خێزانەکەت جێهێشتووە؟) وتی خواو پێغەمبەری خوام بۆ جێهێشتوون.[2]

عومەری کوڕی خەططاب داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا رووپۆش بۆ ژنەکانی بەکاربهێنێت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ)ڕازی نەبوو، ئەوەبوو شەوێك سەودەی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) کە ژنێکی باڵابەرز بوو چوویە دەرەوە، عومەر وتی ئەی سەودە تۆمان ناسیەوە، ئەوەبوو دوای ئەوە ئایەتی حیجاب دابەزی.[3]

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کەناری گرت لە ژنەکانی، چووم بۆ لای حەفصەو وتم پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کوێیە؟ وتی لە

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 287، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6588، قال الحافظ ابن حجر في الإصابة: رجال الإسناد موثوقون.

2 - مفضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 499.

3 - صحيح البخاري، الرقم 145.

ژووره بچووكەكەیدایە، منیش چوومە ژوورەوە، دەبینم رەباحی خزمەتكاری پێغەمبەر (ﷺ) لەوێیە و لەبەردەرگای ژوورەكە دانیشتووە، هەردوو قاچی لەسەر قەدی دارخورمایەكی بڕاو رووەو خوار شۆڕ كردبوویەوە، ئەو دارخورمایە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوویە سەری و دادەبەزی، منیش وتم ئەی رەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتم بۆ وەربگرە، رەباحیش سەیرێكی ژوورەكەی كرد و دواتر تەماشای منی كرد و هیچی نەوت، منیش دووبارە وتم ئەی رەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتێكم بۆ وەربگرە، هەمتر رەباح سەیرێكی ژوورەكەی كرد و تەماشایەكی منی كردەوەو هیچ نەوت، ئەمجار بە دەنگی بەرز پێم وت ئەی رەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتێكم بۆ وەربگرە، چونكە وادەزانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) وایزانیبێت من لەبەر حەفصە هاتوم، بەخوا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانم پێ كبات بدەم لە گەردنی حەفصەدەدەم لە گەردنی، لەگەڵ قسەكانیشمدا دەنگم بەرز دەكردەوە، ئەویش ئاماژەیەكی پێدام سەركەوەمنیش چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) بینیم لەسەر حەسیرێك راكشابوو، چووم و دانیشتم، دەمبینی حەسیرەكە بەسەر جەستەیەوە شوێنەواری جێهێشتبوو، سەیرم كرد كۆگاكەی تەنها نزیكەی مشتێ گەنمی تێدابوو لەگەڵ دارگەڵایەك كە بۆ خۆشە بەكاردەهات و كونەیەك لەولاوە هەڵواسرابوو، ئیتر چاوەكانم پڕ بوون لە فرمێسك، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەی كوڕی خەططاب بۆچی دەگریت؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نەگریم كە دەبینم حەسیرەكە شوێنەواری لەسەر جەستەت جێهێشتووەو ئەوەش كۆگاكەتە دەبینم هیچی تێدا نیە، لەولاشەوە قەیسەرو كیسرا دەبینم چیان هەیە، تۆش پێغەمبەر و هەڵبژێردراوی خوایت و ئەوەش كۆگاكەتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

(ئەی کوڕی خەططاب ئایا رازی نیت رۆژی دوایی بۆ ئێمە بێت و دنیاش بۆ ئەوان بێت؟) وتم بەڵێ رازیم.[1]

سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص دەڵێت جارێك عومەر داوای مۆڵەتی کرد بچێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و برێك ئافرەتیش لای پێغەمبەر (ﷺ) بوون وپرسیاریان هەبوو و دەنگیان بەرز دەکردەوەو قەرەباڵغییەکیان نابوویەوە، کە زانییان عومەر دێت بەپەلە کەوتنە خۆکۆکردنەوەو چوونە پشت پەردە، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی عومەری دا بێتەژوورەوەو پێغەمبەر (ﷺ) پێدەکەنی، عومەر وتی هەموو تەمەنت پێکەنین بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سەرم لەو ئافرەتانە سوڕما کە لای من بوون، کەدەنگی تۆیان بیست بەپەلە چوونە پشت پەردە)، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ شیاوتریت تا سامت هەبێت لایان، ئەمانە چ ناحەزێکن بە خۆیان، لە من دەترسن و سام لە پێغەمبەری خوا ناکەنەوە؟ ئافرەتەکان وتیان بەڵێ، تۆ رەق و زبرتریت لە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە عومەری فەرموو (والذي نفسي بيده، ما لقيك الشيطان قط سالكا فجا إلا سلك فجا غير فجك)،[2] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، شەیتان لە هەررێیەکدا پێت بگات خێرا رێگەکەی دەگۆڕێت و رێیەکی تر دەگرێتەبەر).

ژنان بۆ مەرگی روقییەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) دەگریان و عومەری کوڕی خەططابیش رێگری دەکرد لێیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وازبێنە ئەی عومەر،

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 2782، صحيح ابن حبان، الرقم 4249، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 153.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3135، صحيح مسلم، الرقم 4514، صحيح ابن حبان، الرقم 7003، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7861، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1415.

پاشان فەرمووی (إياكن ونعيق الشيطان، فإنه مهما يكون من العين والقلب فمن الرحمة، وما يكون من اللسان واليد فمن الشيطان)، (خۆدوور بگرن لە قیژەی شەیتان، چونکە تا لە چاو و دڵەوە بێت ئەوە لە ڕەحم و سۆزەوەیە، ئەوەش لە زمان و دەستەوە بێت ئەوە لە شەیتانەوەیە)، فاتیمەی خوشکی لە کەناری گۆڕی روقییەوە بۆ روقییەی خوشکی دەگریا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە لایەکی جلەکەی فرمێسکی چاوانی فاتیمەی دەسڕی.[1]

دوکەین دەڵێت ئێمە نزیکەی چوارسەد کەس دەبووین کە هاتین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای خواردنمان لێکرد،[2] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت چوارسەد و چل کەس دەبووین، پێغەمبەریش (ﷺ) بە عومەری فەرموو (هەستەو خواردنیان پێ بدە)، عومەر بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو کە کەمە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد کە پێیان بدات، ئەویش وتی بەسەرچاو ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بۆیە هەستا و ئەوانی برد بۆ ژوورێك و کلیلەکەی هێنا و دەرگاکەی کردەوە، سەیرمان کرد هێندەی بەچکەوشترێك چەندە ئەوەندە خورما هەیە، دەستمان کرد بە بردنی خورما و هەرکەسمان بەشی پێویستی خۆی خورمای برد، دوای هەموویان من لامکردەوە چونکە من کۆتا کەسیان بووم، کەچی دەتوت ئەو خورمایە دەستی لێنەدراوە.[3]

---

1 - مسند الطيالسي، الرقم 2807، قال الذهبي هذا منكر.

2 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 977.

3 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 17243، صححه شعيب الأرناؤوط.

عومەر لە موژدەپێدراوانی بەهەشتە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت (دخلت الجنة فرأيت فيها دارا أو قصرا، فقلت لمن هذا؟ فقالوا لعمر بن الخطاب، فأردت أن أدخل، فذكرت غيرتك)، (چوومە بەهەشت و تیایدا خانوویەك یان کۆشکێکم بینی، وتم ئەمە هی کێیە؟ وتیان هی عومەری کوڕی خەططابە، ویستم بچمە ژوورەوە، بیری غەیرەتتم کەوتەوە ئیتر نەچوومە ژوورەوە)، ئیتر عومەر دەستی کرد بە گریان و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) غەیرەم بەرامبەر بە تۆ؟[1]

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[2] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

جارێك موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة،

1 - صحيح البخاري، الرقم 4931، صحيح مسلم، الرقم 4512واللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 6996، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7857، مسند الطيالسي، الرقم 1810.

2 - سنن الترمذي، الرم 3766، صحيح ابن حبان، الرقم 7112، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1612، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 802، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 50.

وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)،

(دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید–واتە خۆی–.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاو زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[2]

زەید دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد و فەرمووی (بڕۆ بۆ لای ئەبووبەکر دەبینیت لە ماڵی خۆیەو لەسەر کۆش دانیشتووەو خۆی کۆکردوەتەوە، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و پێت دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، پاشان بڕۆ تا دەگەیتە ثەنییە و لەوێ دەگەیت بە عومەر لەسەر

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7103 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4052، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 7454.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4543.

گوێدرێژێکەو رووتاوەی سەری دەرکەوتووە، پێی بڵێ پێغەمبەر (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، ئینجا برۆ تا دەچیتە بازاڕ و دەگەیت بە عوثمان کە تیایدا کڕین و فرۆش دەکات، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت، منیش چووم و هەموو ئەو شتانەم بینی و فەرمانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بەجێگەیاند، بە هەرکامم دەوت ئەویش دەیوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەکوێیە؟ منیش دەموت لە فڵانە شوێنە، هەموان لەگەڵم هاتن تا چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، عوثمان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەید هاتووە بۆ لام و پاش گەیاندنی سەلامی تۆ وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: :(موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت)، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ بەڵایەکم دێتەڕێ؟ سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە گۆرانیم نەوتووەو نیازو خواستم نەبووەو دەستی راستم نەداوە لە دوایێنم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئائەوەیە).[1]

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[2](بە رەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 491.،

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص17، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم 154، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12707، صحيح، بەڵام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحیح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله

خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرزەکان زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

عەمری کوڕی عاص دەڵێت پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) کێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی عائیشە، وتیان ئەی لەپیاوان؟ فەرمووی ئەبووبەکر، وتیان دواتر، فەرمووی عومەر، وتیان دواتر، فەرمووی ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح.[1]

ئەبووسەعیدی خودری دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (خەوتبوم کە خەوم دی خەڵکی دەخرانەڕوو بۆم و جلیان لەبەر بوو، هەبوو جلەکەی تا لای مەمکی بوو، هەبوو لە خواروو ئەوەوە بوو، عومەرم پێ نیشان درا جلێکی لەبەر بوو کە بەدوایدا دەخشا)، هاوەڵان وتیان چۆن ئەوە لێکدەدەیتەوە؟ فەرمووی ئایینە،[2] واتە ئاییندارییەکەی عومەر هێندە زۆرە.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت جارێك خەوم بینی کە جامێك شیرم بۆ هێنرا، منیش لێم خواردەوە تا بینیم لە پەنجەکانمەوە دەردەچوو، دواتر زیادەکەیم بەخشی بە عومەری کوڕی خەططاب، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو خەوە بەچی لێکدەدەیتەوە؟ فەرمووی زانستە.[3]

---

عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، 897.

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7108، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 23، صحيح مسلم، الرقم 4507.

[3] - صحيح البخاري، الرقم 82، صحيح مسلم، الرقم 4508.

عومەری کوڕی خەططاب سێ جار پێشنیازی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، خوای گەورەش ئایەتی دابەزاند کە هەمان پێشنیازی عومەر وەك ئەو بڕیارەی خوا بوو، عومەر دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆزگە مەقامی ئیبراهیممان بکردایە بە موصەلا، ئەوەبوو ئایەت دابەزی (واتخذوا من مقام إبراهیم مصلی)، وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خۆزگە فەرمانت بکردایە ژنەکانت لە پشت پەردەوە قسەیان بکردایە چونکە ئەوان لەگەڵ کەسی چاك و خراپیش قسە دەکەن، ئەوەبوو ئایەتی حیجاب دابەزی، کاتێکیش ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) غیرەیان بەکارهێنا، عومەر وتی جا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) تەڵاقتان بدات لەوانەیە خوای گەورە لە ئێوە هاوسەرانی چاکتری پێ ببەخشێ، ئەوەبوو ئایەت لەو بارەوە دابەزی،[1] لە گێڕانەوەکەی موسلیمدا چوارەمیشی هێناوە کە لە پێشنیازی کوشتنی دیلەکانی بەدریشدا ئایەتی قورئان پشتیوانی ڕاکەی عومەری کرد.[2]

حاڵەتی پێنجەمیش هەبوو کە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد لەسەر سەرۆکی دووڕووەکان عومەر زۆر تکای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژ نەکات لەسەرەی، ئەوەبوو دواتر خوای گەورە ئایەتی دابەزاند و فەرمانی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژ لە سەر دووڕووەکان نەکات.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەبووبەکر پیاوێکی زۆر چاکە، عومەر پیاوێکی زۆر چاکە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح پیاوێکی زۆر چاکە، ثابتی کوڕی قەیس

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 396.

[2] - صحيح مسلم، الرقم 4516.

[3] - صحيح البخاري، الرقم 1311، صحيح مسلم، الرقم 4517.

پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذي کوڕی عەمر پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی زۆر چاکە، سەهلی کوڕی بەیضاءْ پیاوێکی زۆر چاکە).[1]

عەبدوڵای کوڕی حەنطەب دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە تەماشایەکی ئەبووبەکر و عومەری کرد و فەرمووی (ئەو دوانە چاو وگوێن).[2]

### لە کاتی نەخۆشی پێغەمبەردا (ﷺ)

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت کاتێك نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەك لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەسێك بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان،[3] دواتر عومەر پێی وتم ماڵوێران بیت ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7957.

2 - سنن الترمذي، الرقم 3691، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4380، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 654، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2091، حسنه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3671.

3 - سنن أبي داود، الرقم 4062، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازارەکەی زیادی کرد، فەرمووی (پەڕەیەکم بۆ بهێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم تا دوای ئەوە گومڕا نەبن)، عومەری کوڕی خەططاب وتی پێغەمبەر (ﷺ) ئازار زۆری بۆ هێناوە، هاوکات کتێبی خوا لەنێوماندایە بەسمانە، ئیتر قسەو مشتومڕ لەنێو هاوەڵاندا زۆر بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (قوموا عنی ولا ینبغی عندی التنازع)،[2] (لەلام هەستن و بڕۆن و شیاو نیە لای من ناکۆکی هەبێت)، ئیبن عەبباس کە ئەم فەرموودەی دەگێڕایەوە دەیوت ڕۆژی پێنج شەممە بوو، ئینجا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، ئینجا عومەر تووڕە بووبوو دەیوت هەرکەس بڵێت پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردووە بەم شمشێرە دەدەم لە گەردنی، ئەوەبوو خەڵکەکە بێدەنگ بوون، وتیان ئەی سالیم بڕۆ بۆ لای هاوەڵەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و بانگی بکە، منیش چووم تا بینیم ئەبووبەکر لە مزگەوت وەستابوو، کە منی بینی وتی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد؟ منیش وتم عومەر دەڵێت هەرکەس بڵێت وەفاتی کردووە ئەوە بەم شمشێرەم دەدەم لە گەردنی، ئەبووبەکر دەستی خستە سەر شانم و کەوتە ڕێ تا هاتە ژوورەوەو خەڵکەکە ڕێیان بۆ کردەوە تا گەیشتە لای

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858.

2 - صحيح البخاري، الرقم 113.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3174.

پێغەمبەر (ﷺ) و خۆی دا بەسەریدا و دەموچاوی خستەڕوو و دەستی دا لە دەموچاوی و ئیتر دڵنیا بوو وەفاتی کردووە، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە(إنك ميت و إنهم ميتون)، خەڵکەکە وتیان ئەی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کردووە؟ وتی بەڵێ...[1]

کۆبوونەوەی بەنی ساعیدە[2]

پێشتر لەژیانی عەبدوڵای کوڕی عوثماندا (ئەبووبەکری صدیق) بە وردی ئەم مەسەلە و مەسەلەی هەڵوێستی ئەبووبەکر و عومەر بەرامبەر بە ئالوبەیت و لێدانی هەڵگەڕاوەکان و کۆکردنەوەی قورئانمان باسکردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

شەهیدبوونی زەیدی برای:

کاتێ زەیدی برای عومەر لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو عومەری برای دەیوت زەید لە هەردوو چاکەکەدا پێش من کەوت، پێش من موسڵمان بوو، پێش منیش شەهید بوو.[3]

عومەر زۆر خەفەتی خوارد بە مەرگی براکەی، دەیوت لە هەرکوێوە با هەڵدەکات من بۆنی زەیدی برامی لێدەکەم.[4]

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6889، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6239.

2 - خوێنەری ئازیز، ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە، بۆیە لێرەدا بە کورتی کرۆکەکەی دەخەینەڕوو و پشت بەخوا بە توێژینەوەیەکی جیا درێژەی ڕووداوەکە دەخەینە بەر باس و شرۆڤە.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 604.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 341.

عومەری کوڕی خەططاب موتەممیمی کوڕی نوەیرەی بینی، موتەممیم شیعرێکی بۆ مەرگی براکەی خۆی هۆنیبوویەوە کە مالیکی کوڕی نوەیرە بوو، عومەر دەیوت ئەگەر منیش شیعرم بزانیایە بە دڵنیاییەوە وەك تۆ شیعرم دەهۆنیەوە بەسەر زەیدی برامدا، موتەممیم وتی جا ئەگەر براکەی من وەك براکەی تۆ بڕۆیشتایە هیچ دڵگران نەدەبووم بۆی، عومەرو تی هیچ کەس هێندەی تۆ جوان دڵنەوایی نەکردوم.[1]

بوون بە خەلیفە

لە مانگی جومادیلئاخیرەی ساڵی سیانزەی کۆچیدا ئەبووبەکری صدیق تووشی نەخۆشی بوو و ماوەی نزیکەی پانزە ڕۆژ نەخۆشیەکەی بەردەوام بوو، لەو ماوەدا عومەری کوڕی خەططاب بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانان، لەو ماوەدا ئەبووبەکری صدیق عومەری کوڕی خەططابی بۆ جێگرتنەوەی خۆی دیاری کرد و عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و داوای لێکرد بە نووسراوێك ئەوە بنووسێت، ئینجا نووسراوەکە خوێنرایەوە بەسەر موسڵماناندا و ئەوانیش ڕازی بوون.[2]

کاتێك ئەبووبەکری صدیق نەخۆش کەوت، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و وتی هەواڵی عومەرم پێ بدە، ئەویش وەسفی کرد و وتی بەڵام توندیەکی تێدایە، ئەبووبەکر وتی ئەوە لەبەرئەوەیە کە منی دیوە نەرم بوم بۆیە، ئەگەر خۆی بێت زۆرێك لەوەی هەیەتی واز لێدێنێت.[3]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 342.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 18.

3 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 272.

حەسەن دەڵێت کاتێك ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات بە عائیشەی وت ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێك کاروباری موسڵمانانمان بەدەست بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، باری ئەوەی دوای خۆتت قورس کرد.[1]

سەرەتای دەست بەکاربوونی

عومەری کوڕی خەططاب لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا خێرا بەرپرسیارێتی گەورەی بە ئەبووعوبەیدە راسپارد، ئەوەبوو نامەی نووسی بۆ خەڵکی یەرمووك و پێی راگەیاندن کە ئەبووعوبەیدەی کردووە بە ئەمیریان، بە ئەبووعوبەیدەشی وت کە تۆ بەرپرسی خەڵکیت، ئەگەر خوا سەریخستیت ئەوە خەڵکی عێراق بۆ عێراق بنێرەوە.[2]

کاتێك سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص لە عێراق سەرقاڵی فتووحات بوو، عومەری کوڕی خەططاب نامەی نارد بۆ ئەبووعوبەیدە لە شام و فەرمانی پێکرد سەربازەکانی بنێرێت بۆ عێراق بۆ پشتیوانی سەعد، ئەویش سەربازەکانی نارد و هاشمی کوڕی عوتبەی کرد بە ئەمیریان.[3]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 36.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 363.

3 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 279.

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفە، خالیدی کوڕی وەلیدی لە پۆستەکەی لابرد و بە نامەیەك ئەوەی نارد بۆ ئەبوو عوبەیدە، خالیدیش لە وەڵامدا وتی گوێڕایەڵی فەرمانی ئەمیری باوەڕدارانم،[1] پاش ئەوەش لە ژێر فەرمانی ئەبوو عوبەیدەدا مایەوەو بەردەوام جیهادی دەکرد، وەك لە فەتحی دیمەشقدا بەشداری کرد و ئەبووعوبەیدەش بەرپرس بوو.[2]

کاتێك ئەبووعوبەیدە ئەو نامەی پێگەیشت کە خالید لە پۆستەکەی کەنار بخرێت خۆی ئامادە نەبوو بیلێت بە خالید، بۆیە کەسێکی تر ئەوەی گەیاند بە خالید، خالید چوو بۆ لای ئەبوو عوبەیدەو وتی رەحمەتی خوات لێ بێت بۆچی خۆت پێت نەوتم؟ ئەویش وتی حەزم نەکرد هەواڵی ناخۆشت پێبدەم.[3]

ئەبووعوبەیدە لە ماوەی ئەمیرایەتیەکەیدا توانی فتووحاتێکی زۆر بکات و بە رێککەوتن فەتحی دیمەشقیش بکاتو خالیدی کوڕی وەلیدیش لەو فەتحەدا هاوکارێکی گەورەی بوو.[4]

کاتێك ئەبووعوبەیدە ئەمیر بوو لە پیاوێك تووڕە بوو و ئازارێکی دا، خالیدیش وتی وا مەکە، خالید پێی وترا کە ئەمیرت تووڕە کردووە، بۆیە چوو بۆ لای ئەبووعوبەیدەو وتی من مەبەستم ئەوە نەبووە تۆ تووڕە بکەم، بەڵام بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (إن أشد الناس عذابا يوم القيامة أشد الناس عذابا للناس

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 19.
2 - تاريخ دمشق، ج25، ص 475.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 380.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 19-20.

في الدنيا)،[1] (سەختترین سزای رۆژی دوایی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دنیادا سەختترین سزای خەڵکیان داوە).

عومەری کوڕی خەططاب زۆر سەرسام بوو بە ئەبووعوبەیدە، ئەوەبوو دەیوت ئەگەر سەرەمەرگم هات و ئەبووعوبەیدە زیندوو بێت، ئەوە ئەودەکەم بە جێنشینی خۆم، ئەگەریش پەروەردگارم پرسیاری لێکردم بۆچی ئەوم کردووە بۆ جێنشینی خۆم لەسەر ئوممەتی موحەممەد، ئەوە دەڵێم من بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (هەر ئوممەتێك سپاردەکارێکی هەیەو سپاردەکاری ئەم ئوممەتەش ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحە).[2]

جارێك عومەر لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا بوو، وتی هەرکامتان هیوا و ئاواتی خۆتان بڵێن، هەرکەسەو هیواو ئاواتی خۆیوت، ئینجا عومەریش هیواو ئاواتی خۆی وت و من خۆزگە دەخوازم پڕیماڵێك پیاوی وەك ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحم هەبێت.[3]

فتووحات لەسەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا:

خوێنەری ئازیز، هاوشێوەی ژیانی خەلیفەکانی تر کە باسمان کردووە، لێرەدا وردەکاری باسی فتووحات و باری کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تری دەسەلاتی عومەری کوڕی خەططاب باس ناکەین، چونکە ئەوە بێخەم

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16497، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3728، مسند الحميدي، الرقم 545، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 10.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 14.

نووسینێکی دوو بەرگی دەوێت، هەروەها سوپاس بۆ خوا بە زمانی کوردی نووسینی چاك و بەهێز لەم بوارەدا دەست دەکەوێت، بۆیە لێرەدا باسی ناکەین و جێی دەهێڵین بۆ خوێنەر تا لەو سەرچاوانەی ترەوە بە وردی هەنگاونان و ئامانج و رێکار و دەرەنجامەکانی بخوێنێتەوە.

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا فتووحات لە چەند بەرەیەکدا کرا و بەشێکی زۆری ناوچەی دی کەوتنە سەر سنووری دەوڵەتی ئیسلامی و خاکی ئیسلام دوو هێندەش زیاتر زیادی کرد:

لە عێراقدا فتووحاتێکی زۆر کرا و هەر لە سەردەمی عومەریشدا فتوحاتی کوردستان روویدا، لە دیارترین جەنگەکانی ئەو ماوەش جەنگی قادسیە و جەنگی نەهاوەند بوو.

فتووحات بەرەو رۆژهەڵات زۆر پێشڕەوی کردو هەریەك لە هەمەدان و رەی و جورجان و ئازەربایجان و ئیصطەخر و و کەرمان و سجستان وموکران کرا.

لە بەرەی شامیشەوە فتووحات بەردەوام بوو و ناوچەکان یەك دوای یەك فەتح دەکران تا دواجار بەیتولمەقدیسیش فەتح کرا.

هەر لەو سەردەمەدا فەتحی میصر و ئەو ناوچانەش کرا کە ئەمڕۆ دەکەونە وڵاتی لیبیاوە.

پرسی ئالوبەیت

عومەری کوڕی خەططاب ڕێزێکی زۆری دەنا لە بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەتا کاتێك دەیەوێت بەخششی خەڵك دیاری بکات، ڕاوێژی کرد بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، عەبدورەحمانیش وتی لە خۆتەوە دەست پێ بکە، چونکە تۆ شیاوتریت بەوە، عومەریش وتی نا سوێند بەخوا لە نزیکترین کەسەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەست پێ دەکەم، ئینجا لەوانەی بەشداری بەدر بوون، بەوجۆرە دەچم تا دەگاتە خۆم، ئەوەبوو یەکەمجار پێنج هەزاری بڕیەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو تالیب، دواتر بۆ هاشمیە بەشداربووەکانی بەدر،[1] هەروەها پێنج هەزار دیناری بڕیەوە بۆ حوسەینیش.[2]

فەرموودەیەك بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێك لەسەر ڕوانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لە ماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم ئەی مال-ناوەکەی کورت کردوەتەوە- خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، بڕۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم بریا کەسێکی ترت لەبری من ڕاسپاردایە، ئەویش وتی مالیك لێنەوە، ئینجا یەرفەء -پەردەدارەکەی عومەر- هات و وتی ئەی

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32250.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3،ص 285.

ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە–مەبەستی عەلی بوو–، ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو رەحم بەرامبەریان بنوێنە، –مالیك دەڵێت وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر–، عومەر وتی لەسەرخۆ بن، دواتر روویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر (ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٦﴾ )، لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) خەرجی ساڵێك یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە رێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا

عومەر ڕوویکردە ئەو چوارەی تر و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام (ﷺ)، تۆ-عەبباسی دەدواند- و ئەمە-واتە عەلی- چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد-واتە پێغەمبەر (ﷺ)- ئەمیش میراتی ژنەکەی-واتە فاطیمە- لە باوکیەوە -واتە پێغەمبەر (ﷺ)- داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت ڕاستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم من دۆست و وەلی پێغەمبەر (ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاك و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من ڕاستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات-، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوو لەسەری بڕۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەڕۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا ڕۆژی دوایی جگە لەوە-

کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەچوو– دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر (ﷺ) میراتیّ جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاك تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێك کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

زەمەخشەری گێڕانەوەیەکی هێناوە کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کاتێك فتووحاتی فارس کرا، سیّ کچی یەزگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا بە کەنیزەك گیرابوون و هێنران بۆ خەلیفەی باوەڕداران عومەری کوڕی خەططاب، ئەویش ویستی بیانفرۆشێت، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوو طالیب وتی کچانی

1 - صحيح البخاري، الرقم 2944، صحيح مسلم، الرقم 3389 و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 6712، سنن أبي داود، الرقم 2589، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6127،

پاشاکان نافرۆشرێن، بۆیە پارەی هەموویانی دا و دابەشی کردن لە نێوان حوسەینی کوڕی و موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەردا.[1]

سەبارەت بەو فەرموودەش کە هاتووە سەلمان لە ئالوبەیتە، عومەر هەمان ڕێزی سەلمانی فارسی گرت، عومەری کوڕی خەططاب کە مووچەی بۆ خەڵك بڕیەوە، بۆ سەلمانی فارسی چوار هەزاری دانابوو، بەڵام بۆ کوڕەکەی خۆی (عەبدوڵای کوڕی عومەر) سێ هەزارو نیوی دانابوو، کابرایەك وتی چۆن دەکرێت بۆ کابرایەکی فارسی چوار هەزار و بۆ کوڕی ئەمیری باوەڕداران سێ هەزار و نیو بێت؟! خەڵکەکە وتیان سەلمان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری غەزایەك بووە کە ئیبن عومەر تیایدا بەشدار نەبووە.[2]

حوسەین دەڵێت ڕۆژێك عومەر چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و منیش چوومە سەرەوەو وتم لە مینبەرەکەی باوکم دابەزەو بڕۆ بۆ مینبەرەکەی باوکی خۆت، عومەر وتی دەی ئاخۆ باوکی من مینبەری نەبووە، ئینجا منی لای خۆی دانیشاند، دواتر کە دابەزی وتی کوڕە شیرینەکەم کێ فێری کردیت ئەم قسەیە بکەیت؟ منیش وتم کەس فێری نەکردوم، عومەر وتی کوڕە شیرینەکەم خوای گەورە و پاشان ئێوە مووی لەسەر سەرمان ڕواندووە،-واتە ڕێزداری کردووین- ئینجا دەستی خستە سەر سەری حوسەین و وتی کوڕی شیرینم وەرەو سەردانمان بکە.[3]

---

1 - ربيع الأبرار للزمخشري، ج1، ص 281.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 86.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 78 و قال ابن حجر إسناده صحيح، سير أعلام النبلاء، ج3، ص 285 و قال الذهبي إسناده صحيح.

عومەر جارێك جلی بەخشی بە منداڵانی هاوەڵان، بەڵام لەناو جلەكاندا جلی شیاو بە حەسەن و حوسەینی لێ نەبوو، بۆیە ناردی بۆ یەمەن لەوێ دوو جلی تایبەتیان هێنا بۆ حەسەن و حوسەین، ئینجا عومەر وتی ئیتر ئێستا دڵم ئۆخەی كرد.[1]

دانانی مێژووی كۆچی

یەكێك لە كارەكانی عومەری كوڕی خەططاب دانانی مێژووی كۆچی بوو، لە ساڵی حەڤدە یان هەژدەی كۆچیدا عومەری كوڕی خەططاب مێژووی كۆچی دانا و كۆچكردنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بۆ مەدینە كرد بە دەستپێكی ئەو مێژووە.[2]

لابردنی كاربەدەستەكان

لابردنی خالیدی كوڕی وەلید

كاتێك عومەری كوڕی خەططاب بوو بە خەلیفە، خالیدی كوڕی وەلیدی لە پۆستەكەی لابرد و بە نامەیەك ئەوەی نارد بۆ ئەبوو عوبەیدە، خالیدیش لە وەڵامدا وتی گوێڕایەڵی فەرمانی ئەمیری باوەڕدارانم،[3] پاش ئەوەش لە ژێر فەرمانی ئەبوو عوبەیدەدا مایەوەو بەردەوام جیهادی دەكرد، وەك لە فەتحی دیمەشقدا بەشداری كرد و ئەبووعوبەیدەش بەرپرس بوو.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 285.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 207.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 19.
4 - تاريخ دمشق، ج25، ص 475.

لێرەدا تەمومژیەك دروست كراوە سەبارەت بە هۆكاری لابردنی خالیدی كوڕی وەلید لەلایەن عومەری كوڕی خەتتابەوە، جا هەیانە هۆكارەكەی بە كینەیەكی سەردەمی جاهیلی دادەنێن، هەیانە هۆكارەكەی دەبەستنەوە بە كوشتنی مالیكی كوڕی نوەیرەوە، هەشیانە دەیبەستێتەوە بە گوێڕایەڵ نەبوونی خالید بۆ عومەر، وا لە خوارەوە گێڕانەوەكان دەخەینەڕوو:

كاتێك عومەر و خالید مێرمندالْ بون زۆرانێكیان گرت، خالید قاچێكی عومەری شكاند، ئەو داخە لە دەروونی عومەردا مایەوە تا كە بوو بە خەلیفە تۆڵەی كردەوە.[1]

لە سەردەمی ئەبووبەكردا عومەر بە ئەبووبەكری وت نامەیەك بنێرە بۆ خالید و فەرمانی پێ بكە هیچ جووڵەیەك نەكات بە فەرمانی تۆ نەبێت، خالیدیش وەڵامی دایەوە یان لە هەڵسوكەوتمدا دەستم واڵا بكە یان لامبەرە، عومەریش وتی دەی لایبەرە، ئەبووبەكر وتی جا كێ جێی خالیدم بۆ دەگرێتەوە، لە سەردەمی عومەریشدا خەلیفە هەمان نامەی بۆ نووسی و خالیدیش هەمان وەڵامی بۆ عومەر نووسی كە بۆ ئەبووبەكری نووسیبوو، عومەریش لایبرد، پاش ماوەیەك داوای لە خالید كردەوە تا پۆست وەربگرێتەوە، بەڵام خالید ئامادەیی نەبوو مەگەر بەو مەرجەی دەستی واڵا بكات، عومەریش بەوە رازی نەدەبوو.[2]

بۆیە دەتوانین بڵێین تاكە هۆكاری لابردنی خالید لەلایەن عومەری كوڕی خەططابەوە بریتی بوو لەو جموجووڵە سەربەخۆییەی خالید لە كاتی جەنگ و فتووحاتیدا، عومەریش لای سەخت بوو لە پاڵ هەزار راستیدا ناحەقیەك هەبێت، بۆیە

1 - السيرة الحلبية، دار المعرفة(بيروت – 1400هـ)، ج2، ص 213.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 255.

خالیدی لابرد، بەلاّم ئەگەر تەماشا بکەین هۆکارێکی سەرکەوتنە گەورەکانی خالید ئەو جۆرە سەربەخۆیی و دەست والاّییەی بوو کە هەیبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیقیش ئەو دەرفەتەیان بۆ هێشتەوەو لەگەلّ ئەوەشدا جۆرێك لە لێپێچینەوەو لێ توندکردنەوەیان بۆ بەکاردەهێنا، بەلاّم لە پۆستەکەی لایان نەدەبرد، چونکە ئەوە شمشێری هەلّکراوی خوا بوو بە رووی بێباوەڕاندا، دەبینین خالید بەو دەستوالاّییەی بڕیاردانەی لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چەند هەلّەیەکی کرد، بەلاّم پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەناری نەخست، لە سەردەمی ئەبووبەکریشدا دووبارە لە کوشتنی مالیکی کوڕی نوەیرەدا ئیجتیهادی هەلّەی کرد، بەلاّم ئەبووبەکر لای نەبرد، عومەریش کە بوو بە خەلیفە ئیجتیهادێکی کرد بە لابردنی خالید، ئایا پێکای یان نا، خوا زاناترە.

لابردنی خەبابی کوڕی ئەرەت

عومەری کوڕی خەططاب عەمماری کوڕی یاسیری هاودەم بە ئیبن مەسعوود نارد بۆ عێراق و ئەرکی کارگێڕی و مامۆستایی پێ بەخشین و نامەیەکی هاودەم بەوان نارد بۆ خەلّکەکەو تیایدا نووسیبووی: من دوانم لە کەسە ناوازەکانی ناو هاوەلاّن بۆ ناردون کە بەشداربووی بەدر بوون، گوێڕایەلّیان بن و پێشەنگییان پێوە بکەن، من لەبەر ئێوە خۆم بێبەش کردووە لە نزیکی ئەو دوانە.[1]

کاتێك خەلّکی بەصرە هێرشیان برد بۆ نەهاوەند و بۆیان فەتح نەکرا، عەممار بە خەلّکی کووفەوە چوو بۆ یارمەتییان و خوا فەتحی بەخشی، دواتر کە ویستیان

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 422.

دەستکەوتەکان دابەش بکەن، خەڵکی بەصرە ویستیان بەشی خەڵکی کووفە نەدەن، جا یەکێك لە بەصریەکان بە عەمماری وت ئەی گوێ قرتاو دەتەوێت تۆیش لە دەستکەوتەکانماندا بەشدار بیت؟ عەممار وتی قسەت بە گوێ چاکەکەم وت، ئەم گوێیەم لە غەزای هاودەمی پێغەمبەردا (ﷺ) وای لێهات، دواتر نامەی نووسی بۆ خەلیفە عومەر و مەسەلەکەی بۆ خستەڕوو، خەلیفەش وەڵامی نوسی هەرکەس بەشداری جەنگەکە بووبێت دەستەکەوتی بۆ هەیە.[1]

دواتر خەلیفە عومەر عەمماری لە پۆستەکەی لابرد، چەند هۆکارێك باسکراوە، لەوانە خەڵکێك لای خەلیفە قسەی زۆریان لەسەر کردووەو ئەویش بێ عاجزبوون لایبردووە، یان دەوترێت عومەر کە پرسیاری کرد لە جەریر عەممار چۆنە؟ وتی شارەزایی سیاسەتی نیە، بۆیە بڕیاری دا لایبەرێت، عومەر بە عەمماری وت پێت ناخۆش نەبوو لامانبردیت؟ عەممار وتی کە ئەو ئەرکەت پێ سپاردم پێم ناخۆش بوو، کە لاشت بردم پێم ناخۆش بوو.[2]

### لابردنی شورەحبیل

کاتێك عومەر ویستی شورەحبیلی کوڕی حەسەنە لە پۆستەکەی لاببات، شورەحبیل وتیئەی عومەر بڵێ لەسەرچی لامدەبەیت؟ چی تووڕەی کردویت؟ عومەر وەلامی دایەوە، نا لە تووڕەییەوە نیە، بەڵکو کەسی لە تۆبەهێزترمان بەدیکرد، بۆیە نەمانویست لای خوا تاوانبار بین،شورەحبیل وتی دەی لای خەڵك روونی بکەرەوە، عومەریش چوویە سەر مینبەر و وتی ئێمە شورەحبیلی کوڕی حەسەنەمان کرد بە

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 422.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 423.

به‌رپرس و دواتریش بێ ئه‌وه‌ی لێی تووڕه‌و بێزار بین لامانبرد، ته‌نها له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌سی له‌و به‌هێزترمان بینی بۆیه لامانبرد تا لای خوا تاوانبار نه‌بین.[1]

لابردنی سه‌عد

سه‌عدی كوڕی ئه‌بی وه‌قاص له‌لایه‌ن خه‌لیفه عومه‌ری كوڕی خه‌ططابه‌وه كرابوو به والی كووفه، ده‌وترێت سه‌عد بناغه‌دانه‌ری كووفه بووه‌و كردوویه‌تی به شار،[2] به‌ڵام له ساڵی بیستی كۆچیدا خه‌لیفه سه‌عدی له والیه‌تی كووفه لابرد.[3]

به‌هۆی سكاڵای خه‌ڵكه‌وه سه‌عد له ساڵی بیست و یه‌كی كۆچیدا له‌لایه‌ن خه‌لیفه عومه‌ری كوڕی خه‌ططابه‌وه له ئه‌میرایه‌تی كووفه لابرا.[4]

عومه‌ر بڕیاری دا ورده‌كاری دارایی والیه‌كانی بزانێت، بۆیه نامه‌ی نارد بۆیان تا هه‌موویان ڕێژه‌ی سامانی خۆیان بنووسن، نامه‌ی نارد بۆ سه‌عدیش، كه سه‌عد ڕێژه‌ی سامانه‌كه‌ی خۆی نووسی، عومه‌ر سامانه‌كه‌ی كرد به دوو به‌شه‌وه، به‌شێكی بۆ هێشته‌وه‌و نیوه‌كه‌ی تری خسته به‌یتولماله‌وه.[5]

به‌ڵام ئه‌و لابردنه‌ی سه‌عد له‌لایه‌ن عومه‌ره‌وه له‌به‌ر كه‌مته‌رخه‌می سه‌عد نه‌بوو، وه‌ك عومه‌ر خۆی ده‌ڵێت من سه‌عدم له‌به‌ر لاوازی یان ناپاكبوونی لانه‌بردووه، هه‌ر

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 29956.

2 - الكامل في التأريخ، ج2، ص337-338.

3 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 409.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 118.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 307.

بۆیە دەبینین پێش شەهیدبوونی شەش کەس کاندید دەکات بۆ خیلافەت، یەکێکیان سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصە.[1]

لابردنی ئەبووهورەیرە

ئەبووهورەیرە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا لەلایەن خەلیفەوە کرا بە بەرپرسی بەحرەین، دواتر پاش ماوەیەك خەلیفە لەو پۆستەی لایبرد، دواتر خەلیفە ویستی ئەرکی تری پێ بسپێرێت، بەڵام ئەبووهورەیرە ئامادە نەبوو پۆست وەربگرێت، بۆیە لە مەدینە مایەوەو سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی زانست بوو.[2]

ئەبووهورەیرە دەڵێت کە لە بەحرەینەوە هاتمەوە، عومەر وتی ئەی ئەبووهورەیرە دەسەڵات چۆن بوو؟ وتم کە منت نارد حەزم پێ نەبوو، کە لاتبردم حەزم پێی بوو، ئینجا ئەبووهورەیرە چوارسەد هەزار درهەمی لە بەحرەینەوە هێنا، خەلیفە وتی هیچت بە ناحەق وەرنەگرتووە؟ وتی نا، وتی ئەی خۆت چەندت هەیە؟ وتی بیست هەزار، عومەر وتی لەکوێت بوو؟ ئەبووهورەیرە وتی بازرگانیم دەکرد، عومەر وتی سەرمایە و بەشەکەی خۆت هەڵبگرەوەو ئەوی تری بخەرە بەیتولمالەوە.[3]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 118.
2 - أسد الغابة، ج6، ص 339.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج، ص 336.

بەندکردنی ئیبن مەسعوود

عومەری کوڕی خەططاب کاتێك عەمماری کوڕی یاسری نارد تا ببێتە ئەمیری کووفە، ئیبن مەسعوودیشی نارد وەك مامۆستا بۆ خەڵکی کووفە و وتی ئەو لەخۆبوردنەم کردووە کە عەبدوڵلام لای خۆم نەهێشتووەتەوەو ناردوومە بۆتان.[1]

جارێك ئیبن مەسعوود هات بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب و خەڵکەکەی لای هەموو لە دەوری کۆبوونەوە، عومەریش پێکەنی و دواتر کەوتە قسەکردن لەگەڵ ئیبن مەسعوود و بە بینینی ئیبن مەسعوود دەموچاوی گەشابوویەوە و زەردەخەنەی بۆ دەکرد، دواتر کە ئیبن مەسعوود چوو عومەر هەر تەماشای دەکرد و دەیوت کووپێکی پڕ زانستە.[2]

دواتر لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا عومەری کوڕی خەططاب ماوەی یەك ساڵ ئیبن مەسعوودو چەند هاوەڵێکی تری لە مەدینە بەند کرد تا ئەو کاتەی شەهید بوو، ئەوکات عوثمان ئازادی کردن، عومەر لەبەرئەوە بەندی کردن چونکە ئەوانە فەرموودەی زۆریان لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) دەگێڕایەوە.[3]

---

[1] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 485-486.

[2] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 491.

3 - العواصم من القواصم لابن العربي.

ژیانی ئاسایی

شەعبی دەڵێ جارێك ئوبەی لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کێشەیەکی هەبوو، ئەوکات عومەر خەلیفە بوو، ئوبەی وتی عومەر جا تۆ خۆت دەسەڵاتداریت، عومەر وتی دەی با کەسێك ببێتە دادوەری نێوانمان، ئوبەی وتی با زەید بێت، ئەوەبوو چوون بۆ لای زەید و ئەویش دادوەری لەنێوانیاندا کرد، زەید وتی ئەی ئوبەی بەڵگەت چیە؟ ئەویش وتی هیچ بەڵگەیەکم پێ نیە، زەید وتی دەی دەرفەت بدە با ئەمیری باوەڕداران سوێند نەدەم، عومەرو تی ئەگەر بە پێویستی دەزانیت ڕێ مەدە ئەمیری باوەڕداران ئەو سوێندە نەخوات.[1]

جارێك کاروانێکی بازرگانی هاتنە مەدینە، عومەری کوڕی خەططاب کە خەلیفە بوو بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی وت با ئەمشەو پاسەوانی ئەمانە بکەین، ئەویش وتی باشە، ئەوەبوو ئەو شەوە عومەرو عەبدوڕەحمان پێکەوە پاسەوانی ئەو کاروانەیان کرد، منداڵێك بەردەوام دەگریا، عومەر بە دایکی وت لەخوا بترسە وریای منداڵەکەت بە، کەچی منداڵەگە هەر دەگریا، چەند جارێك عومەر ئەوەی وت بە دایکی، دواجار دایکی هاتە جواب و وتی ئەمەوێت لەشیری ببڕمەوە، بەڵام بیری ناچێتەوە، عومەر وتی بۆ وا دەکەیت؟ وتی ئاخۆ عومەر تەنها بۆ کەسێك بەشی بڕیوەتەوە کە شیرەخۆە نەبێت، عومەر وتی ماڵوێران پەلە مەکە لە شیربڕینەوە، ئەوەبوو بۆ بەیانی بڕیاری دا هەر منداڵێك لەدایك بوو هەر لە لەدایکبوونیەوە بەشی بۆ ببڕێتەوە.[2]

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 435.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 135.

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە بیشری کوڕی عاصمی کرد بە بەرپرس لە کۆکردنەوەی صەدەقەی هەوەزان، بەڵام بیشر دواکەوت، خەلیفە چوو بۆ لای و پێی وت بۆچی دواکەوتیت؟ مەگەر گوێڕایەڵی ئێمەت لەسەر نیە؟ ئەویش وتی با، بەڵام من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (من ولي شيئا من أمور المسلمين أتي به يوم القيامة حتى يوقف على جسر جهنم، فإن كان محسنا نجا وإن كان مسيئا انخرق به الجسر فهوى فيه سبعين خريفا)، (هەرکەس شتێك لە کاروباری موسڵمانانی گرتەدەست رۆژی دوایی دەهێنرێت تا لەسەر پردی دۆزەخ دەوەستێنرێت، ئەگەر چاکەکار بێت رزگاری دەبێت، وە ئەگەر خراپەکار بێت پردەکە فڕێی دەداتە دۆزەخەوە تا ئەوەی حەفتا پاییز بەناو دۆزەخدا رۆدەچێت)، عومەری کوڕی خەتتاب کە ئەمەی بیست خەم و پەژارە دایگرت و بە دڵتەنگیەوە ئەوێی جێهێشت، لەرێدا ئەبووذەری غیفاری پێگەیشت، ئەبووذەر پێی وت چیە دەتبینم غەمباریت؟ وتی چۆن دڵگران نەبم لەکاتێکدا لە بیشری کوڕی عاصمم بیست دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی هەرکەس شتێك لە کاروباری موسڵمانانی گرتەدەست، رۆژی دوایی دەهێنرێت تا لەسەر پردی دۆزەخ دەوەستێنرێت، ئەگەر چاکەکار بێت رزگاری دەبێت، وە ئەگەر خراپەکار بێت پردەکە فڕێی دەداتە دۆزەخەوە تا ئەوەی حەفتا پاییز بەناو دۆزەخدا رۆدەچێت، ئەبووذەر وتی تۆ ئەو فەرموودەت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبیستووە؟ عومەر وتی نا، ئەبووذەر وتی دەی من شایەتی دەدەم لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو (هەرکەس شتێك لە کاروباری یەك کەسی گرتەدەست رۆژی دوایی دەهێنرێت تا لەسەر پردی دۆزەخ دەوەستێنرێت، ئەگەر چاکەکار بێت رزگاری دەبێت، وە ئەگەر خراپەکار بێت پردەکە فڕێی دەداتە دۆزەخەوە تا ئەوەی حەفتا پاییز بەناو دۆزەخدا رۆدەچێت،

ئاگری دۆزەخیش زۆر رەش و تاریکە)، جا کام فەرموودەیان زیاتر دڵی ترساندیت؟ ئەویش وتی هەردووکیان، ئینجا عومەر وتی کێ بە هەموو چاکو خراپیەوە ئەم دەسەڵاتەم لێ وەردەگرێت و لەبری من دەسەڵاتداری دەکات؟ ئەبووذەر وتی هەرکەسێك خوای گەورە لووت بڕاوی بکاتو کوڵمیشی بە زەویەوە بنووسێنێت.[1]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب چوویە شام موسڵمانان داوایان کرد لە عومەر تا تکایان بۆ بکات بیلال بانگیان بۆ بدات، ئەویش داوای کرد لە بیلال، بۆیە رۆژێك بیلال بانگی فەرموو، خەڵکەکە بە بیستنی ئەو بانگە پێغەمبەر (ﷺ) خوایان دەهاتەوە بیر، بۆیە دەستیان کرد بە گریان، گریانێك کە نموونەی وا نەبینرابوو شار ئاوا بەجارێك گریان دایبگرێت.[2]

گیرابوونی نزای سەعد لای هەموان روون بوو، بۆیە هەموان دەترسان لە نزاکانی سەعد، جارێك سەعد کەنیزەکێکی هەبوو جلێکی تازەی پۆشیبوو، رەشەبا هات و جلەکانی کەنیزەکەکەی بەزر کردەوەو جەستەی دەرکەوت، عومەری کوڕی خەططاب کە بینی بە گۆچانەکەی دەستی دای لە کەنیزەکەکە، سەعد هات تا رێ لە عومەر بگرێت کەچی عومەر بە گۆچانەکەی دای لە سەعدیش، سەعد کەوتە نزاکردن لە عومەر، عومەر خێرا گۆچانەکەی دەستی دایە دەست سەعد و وتی تۆڵەی خۆت بکەرەوە، سەعدیش لێی خۆش بوو.[3]

1 - الآحاد والثاني لابن أبي عاصم، الرقم 140، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1206، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 1311.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص357.
3 - سر أعلام النبلاء، ج1، ص 114.

جارێك ته‌میم دوای نوێژی عه‌سر نوێژی ده‌كرد، عومه‌ر به‌ داره‌كه‌ی ده‌ستی دای به‌سه‌ر سه‌ریدا، ته‌میم وتی ئه‌ی عومه‌ر له‌سه‌ر نوێژێك لێم ده‌ده‌یت كه‌ له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) كردوومه‌؟ عومه‌ریش وتی ئه‌ی ته‌میم هه‌موو خه‌ڵك ئه‌وه‌ نازانن كه‌ تۆ ده‌یزانیت.[1]

كاتێك عومه‌ری كوڕی خه‌ططاب قودامه‌ی كوڕی مه‌ظعوونی كرد به‌ والی به‌حره‌ین، قودامه‌ به‌ جوانی كاره‌كانی خۆی ده‌كرد و سكاڵای له‌سه‌ر نه‌بوو ئه‌وه‌نده‌ نه‌بێت كه‌ ئاماده‌ی نوێژی جه‌ماعه‌ت نه‌ده‌بوو، ئه‌وه‌بوو جاروود كه‌ ئه‌وكات گه‌وره‌ی عه‌بدولقه‌یس بوو هات بۆ لای عومه‌ری كوڕی خه‌ططاب وتی ئه‌ی ئه‌میری باوه‌ڕداران قودامه‌ مه‌ی خواردوه‌ته‌وه‌و منیش حه‌ددێك له‌ حه‌دده‌كانی خوا ده‌بینم كه‌ پێویسته‌ له‌سه‌رم بیگه‌یه‌نم به‌ تۆ، عومه‌ر وتی كێ شایه‌تی ده‌دات له‌سه‌ر ئه‌وه‌، جاروود وتی ئه‌بوهوره‌یره‌ شایه‌تی ئه‌وه‌ ده‌دات، عومه‌ریش نامه‌ی نووسی بۆ قودامه‌و داوای كرد بێت بۆ لای، جاروود قسه‌ی ده‌كرد بۆ عومه‌ر و ده‌یوت په‌یامی خوا له‌م مه‌سه‌له‌دا به‌جێبگه‌یه‌نه‌، عومه‌ریش پێی وت تۆ له‌م مه‌سه‌له‌دا شاهیدیت یان نه‌یاریت (لایه‌نی كێشه‌كه‌) جاروود وتی من شاهیدم، عومه‌ر وتی ده‌ی تۆ شایه‌تی خۆتت به‌جێگه‌یاند، بۆیه‌ جاروود بێده‌نگ بوو، به‌یانی هه‌مدی هاته‌وه‌ بۆ لای و به‌ عومه‌ری وت حه‌ددی خوا له‌سه‌ر ئه‌م كه‌سه‌ جێبه‌جێ بكه‌، عومه‌ریش وتی هه‌رچی سه‌یرت ده‌كه‌م تۆ نه‌یارو سكاڵاكاریت، ته‌نها یه‌ك كه‌سیش هه‌یه‌ شاهیدی له‌سه‌ر بدات، سوێند به‌خوا یان زمانی خۆت راده‌گریت یان توندیت له‌ڕوودا ده‌نوێنم، جاروودیش وتی سوێند

[1] - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 448.

بەخوا ئەوە حەق نیە ئامۆزاکەت مەی بخواتەوەو تۆش توندی بەرامبەر من بنوێنیت، ئەوەبوو عومەر لێی تووڕە بوو و ماوەیەك بە بەندی هێشتیەوە.[1]

جەریر دەڵێت جارێك لەگەڵ عومەری کوڕی خەططاب و ژمارەیەك لە موسڵماناندا بووین، کەسێکیان بایەکی لێ بوویەوە، عومەر وتی ئێستا پێی دەڵێم بڕوات دەستنوێژ بگرێت، جەریر وتی بەڵکو فەرمان بکە با هەموومان دەستنوێژ بگرین، ئەوەبوو عومەر وتی دەبێت خۆم و هەموویشتان دەستنوێژ بگرین، ئەوەبوو هەستاین دەستنوێژمان گرت و نوێژمان کرد، عومەریش بە جەریری دەفەرموو (رەحمەتی خوات لێ بێت لە سەردەمی نەفامیدا گەورەیەکی زۆر چاك بوویت، لە سەردەمی ئیسلامیشدا گەورەیەکی زۆر چاك بویت).[2]

جارێك حەسسان لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) شیعری دەهۆنیەوە، عومەر دای بە لایدا و رێگری لێکرد کە بۆچی لە مزگەوتدا شیعر دەهۆنێتەوە، ئەویش وتی من لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) شیعرم دەهۆنیەوەو کەسی لە تۆ باشتریشی تێدا بوو (مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) بوو)، عومەریش وتی راست دەکەیت.[3]

میسوەری کوڕ مەخرەمە دەڵێت جارێك لەگەڵ عومەر بۆ حەج دەچووین رێمان دەکرد کە یەکێك لەسەر رێگە هاواری کرد راوەستن، ئێمەش راوەستاین، کابرا وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناوتاندایە؟ عومەر وتی ئاگات لە خۆتە چی دەڵێیت؟ ئەو وەفاتی کردووە، کابرا ویستی بڕوات، لایەکی کردەوەو وتی دوای ئەو کێ هاتە

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 560-561.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 535.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 513.

شوێنی؟ وتی ئەبووبەکر، کابرا وتی ئێستا لەناوتاندایە؟ عومەر وتی مردووە، کابرا ویستی بڕوات و پشتی هەڵکرد، لایەکی کردەوەو وتی دوای ئەو کێ چووەتە شوێنی؟ وتی عومەر، کابرا وتی ئێستا لەگەڵتانە؟ عومەر وتی ئەمەیە کە قسەت لەگەڵ دەکات، کابرا وتی دەی فریام کەوە، عومەر وتی تۆ کێیت؟ وتی من حەنەشی کوڕی عەقیلم، لە ڕێی بەنی جوعال گەیشتم بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش بانگهێشتی کردم بۆ ئیسلام و منیش موسڵمان بووم، ئینجا بڕێ ئاوی پێدام تا بیخۆمەوە، تا ئێستاش ئەو ئاوە نەبڕاوەو برسیم بێ تێرم دەکات و تینوویش بم تینوێتیم ناهێڵێت، دە ساڵە من و ژن و منداڵم وا دەژین و لە شوێنی خۆمم ڕۆژانە پێنج جار نوێژ دەکەم و ڕۆژووی ڕەمەزان دەگرم و لە دەی زیلحەججەدا قوربانی دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) وا فێری کردم، بەڵام ئەمساڵ پەکم کەوتووەو ئاوەکەم نەماوە، عومەر وتی فریات دەکەوم، بمبە بۆ سەر ئاوەکە، میسوەر دەڵێت ئینجا چووین و دواتر کە هاتینەوە پرسیارمان کرد لە خاوەن ئاوەکە ئەرێ حەنەش چی دەکات، ئەویش وتی مردووەو ئەوە گۆڕەکەیەتی، عومەر سۆزی بۆی جووڵا و نزای خێر و داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد.[1]

عومەری کوڕی خەططاب پرسیاری لە حوذەیفە دەکرد دەیوت ئەرێ لەنێو کاربەدەستەکانمدا کەسی دووڕوو هەیە؟ ئەویش دەیوت بەڵێ یەکێك هەیە؟ عومەر وتی کێیە؟ حوذەیفە وتی پێت ناڵێم، ئەوەبوو دواتر عومەر ئەو کەسەی لابرد، حوذەیفە دەیوت دەتوت عومەر زانیویەتی دووڕووەکە ئەو کەسەیە.[2]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 131.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 573.

هەروەها کاتێك لە سەردەمی عومەردا کەسێك دەمرد عومەر دەوەستا تا بزانێت حوزەیفە ئامادەیە نوێژی لەسەر بکات، ئەگەر ئامادە بوایە ئەویش نوێژی لەسەر ئەکرد، ئەگەریش ئامادە نەبوایە عومەریش نوێژی لەسەر نەدەکرد نەبادا دووڕوو بێت و ئەو نوێژی لەسەر بکات.[1]

حوزەیفە لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا والی مەدائین بوو، عومەری کوڕی خەططاب ئەوی کرد بە والی مەدائین، حوزەیفە بەڵێنی خۆی خوێندەوە بۆیان، ئینجا خەڵکەکە وتیان چیت دەوێت داوای بکە، ئەویش وتی تەنها خواردنێ بۆ خۆم و ئالیکێ بۆ گوێدرێژەکەمم دەوێت تا لەنێوتاندا بم، ئەوەبوو ماوەیەکی زۆر لەوێ بوو، ئینجا عومەر نامەی بۆ نارد وەرەوە، ئەوەبوو ئەویش گەڕایەوە، کاتێك عومەر بیستی دەگەڕێتەوە لەسەر ڕێ بە نهێنی دانیشت تا بیبینێت، بینی چۆن چووبوو هەر وا گەڕابوویەوە، لەسەر گوێدرێژەکەی بوو و پارچە نانێکیشی بە دەستەوە بوو و قاچەکانی شۆڕ کردبوونەوە، ئەوەبوو عومەر چوو و باوەشی پیا کرد و وتی تۆ برای منیت و منیش برای تۆم.[2]

جارێك سەلمان لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەمەبۆڵەیەکی بوو، سەعد وتی ئەی سەلمان ئادەی ڕەچەڵەکی خۆتم بۆ بڵێ، سەلمان وتی من باوکێکم نیە لە ئیسلامدا بووبێت، من سەلمانی کوڕی ئیسلامم، ئینجا ئەو قسەیە گەیشتەوە دەمی عومەر، دوای ماوەیەك عومەر ڕێی کەوتە سەعد، وتی ئەی سەعد ئادەی ڕەچەڵەکی خۆتم بۆ بڵێ، خێرا سەعد زانی عومەر بەسەرهاتەکەی بیستووەتەوە، بۆیە وتی

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 573.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 366.

توخوا ئەی ئەمیری باوەڕداران وازم لێ بهێنە، ئەویش وتی هەر دەبێت بیڵێیت، سەعد رەچەڵەکی خۆی وت، عومەر وتی قورەیش دەزانن خەططاب شکۆدارترینیان بوو لە سەردەمی نەفامیدا، دەی من عومەری کوڕی ئیسلامم برای سەلمانی کوڕی ئیسلامم، بەخوا ئەگەر لەبەر شتێك نەبوایە سزام دەدایت.[1]

دەرکردنی جوولەکەکان:

یەکێك لە کارەکانی عومەری کوڕی خەططاب دەرکردنی جوولەکەکان بوو لە خاکی حیجاز، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای خەیبەردا کە سەرکەوت، ویستی جوولەکەکان لە خاکی حیجاز دەربکات، بەڵام ئەوان داوایان کرد دەریان نەکات لە بەرامبەردا نیوەی بەرهەمەکەیان دەدەن بە موسڵمانان، پێغەمبەر (ﷺ) رازی بوو و فەرمووی (لێرە دەتانهێڵینەوە تا هەر کاتێك بمانەوێت)، ئەوەبوو عومەر لە خیلافەتەکەیدا ئەو جوولەکانەی دەرکرد بۆ ناوچەی تەیماء و ئەیحاء.[2]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێش وەفاتیدا و لە کاتی سەرەمەرگیدا فەرمووی (جوولەکەی حیجاز و نەجران دەربکەن).[3]

1 - سیر أعلام النبلاء، ج1، ص 544.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2234.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1636، صححه أحمد شاكر، كما صححه شعيب الأرناؤوط.

عومەر ئاوات بە مەرگ دەخوازێت

عومەری کوڕی خەططاب لە کۆتا حەجیدا–لەساڵی 23 کۆچی– نزایەکی کرد ە تاسەی مەرگی تێدا بوو، دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو وتی: خوایە، تەمەنم زۆرەو توانام کەمی کردووەو ناوچەی دەسەڵاتم فراوان بووە، دەی خوایە تا نەفەوتاوم بمبەرەوە بۆ لای خۆت.[1]

هەروەها عومەر نزای دەکرد(خوایە شەهیدیەکم پێ ببەخشە کە لەرێی تۆدا بێت، مەرگیشم بخەرە ناو شارەکەی پێغەمبەرەکەتەوە).[2]

ئەم کارەی عومەر شتێکی نامۆ نەبووە لەناو هاوەڵاندا، بەڵکو هاوەڵانێك کە ترساون لەوەی تووشی فیتنە بن نزای مەرگیان کردووە، بۆ نموونە:

حەسەنی کوڕی ئەبیلحەسەنی بەصری دەڵێت حەکەمی کوڕی عەمر–کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو– کە نزای مەرگی کرد وتی ئەی تاعوون وەرە بمبە بۆ لای خۆت، کەسێك پێی وت باشە تۆ چۆن وا دەڵێیت لەکاتێکدا بیستووتە لە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەیفەرموو (کەستان لەبەر خراپەو زیانێك کە تووشی دەبێت ئاوات بە مەرگ نەخوازێت)، حەکەم وتی بەڵێ من ئەو فەرموودەم بیستووە، بەڵام دەمەوێت پێش شەش شت بکەوم و نەگەم بەوانەو پێش ئەوانە بمرم: فرۆشتنی دادوەری...[3]

1 - موطأ مالك، الرقم 1502، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4462.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1800.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5869، سكت عنه الذهبي.

هەرچەندە ذەهەبی بێدەنگ بووە لە حوکمی صەحیحی ئەم فەرموودەیە، بەڵام لەو دەقەی ئیبن حەجەرەوە دەزانین صەحیحە کە دەڵێت رای راستتر ئەوەیە حەکەم نزای مەرگی بۆ خۆی کردووە.

سەبارەت بە حوکمی داواکردنی مەرگ لە شەرحی ئەو فەرموودەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (کەستان لەبەر خراپەو زیانێك کە تووشی دەبێت ئاوات بە مەرگ نەخوازێت) ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەم گوتارە بۆ هاوەڵان و موسڵمانانی دواتریشە، سەبارەت بەوەی فەرموویەتی لەبەر زیانێك داوای مەرگ نەکرێت دەستەیەك لە زانایانی پێشین پێیان وایە مەبەستی زیان و نارەحەتی دنیاییە، ئەگەرنا ئەگەر بینی زیانەکە بۆ ئاخیرەتی بوو و ترسا دینەکەی تووشی فیتنە بێت ئەوە رێگری نەکراوە لە داوای مەرگ، دەستەیەك لە هاوەڵانیش ئەوەیان کردووەو –لە ترسی زیانی ئاخیرەت– داوای مەرگیان کردووە، وەك لە مەوطائدا هاتووە عومەر داوای مەرگی کردووەو وتوویەتی خوایە تەمەنم زۆر بووەو توانام کەمی کردووەو هاوڵاتیانیشم بڵاوبوونەتەوە، دەی بمبەرەوە بۆ لای خۆت،...سەبارەت بەوەش کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (ئەگەر هەرکامتان هەر ناچار بوو –ئاوات بە مەرگ بخوازێت– با بڵێت خوایە بممرێنە ئەگەر مەرگ خێرە بۆم) ئەوە ئاماژەیە بەوەی ئەو شێوە داواکردنە رێگری لێنەکراوەو راستەوخۆ داواکردنی مەرگ نیشاندانی جۆرێك لە نارەزایەتیە.[1]

---

1 - فتح الباري، ج10، ص 128.

کۆتا رۆژان و بریندارببوونی عومەر

عەمری کوڕی مەیموون دەڵێت چەند رۆژێك پێش ئەوەی عومەر بریندار بکرێت، من عومەرم بینی کە لەگەڵ حوذەیفەی کوڕی یەمان و عوثمانی کوڕی حونەیفدا وەستابوو، سەبارەت بە کاروباری وڵات قسەیان دەکرد، دواتر عومەر وتی خوا سەلامەت بمهێڵێت بێوەژنانی عێراق وا لێدەکەم دوای من پێویستیان بە هیچ پیاوێ نەبێت، دوای چوار رۆژی تر بریندار کرا، من ئەوکات لە نزیکیەوە بووم، تەنها عەبدوڵای کوڕی عەبباس لە نێوانماندا بوو، نوێژی بەیانی بوو، بە نێو ریزەکاندا دەگەڕاو دەیوت رێك راوەستن، تا هیچ لارو وێریەکی بەدی نەدەکرد ئینجا دەگەڕایەوە شوێنی خۆی، دوای ئەوە چوویە پێشەوەو نوێژی دابەست و وابزانم لە رکاتی یەکەمدا سوورەتی یووسف یان سوورەتی نەحلی خوێند، تا ئەوەی خەڵکی هاتن، هێندەی نەبرد گوێم لێ بوو هاواری کرد سەگەکە کوشتمی–یان سەگەکە خواردمی–، کابرای بێزراو بە چەقۆیەکی دووسەرەوە بۆی هەڵهات و بە راست و چەپدا خەڵکەکەی دەپێکا تا ئەوەی سیانزە کەسی بریندار کرد و حەوت لەوانەش مردن، یەکێك لە موسڵمانان شتێکی دا بەسەریدا و کابراش کە زانی تازە گیراوە خۆی سەربڕی، عومەر دەستی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی گرت و خستیە پێشەوە تا نوێژەکە بکات بۆ خەڵکەکە، ئەوانەی لە نزیك عومەرەوە بوون زانییان چی روویداوە، بەڵام ئەوانەی دواوە نەیاندەزانی چی بووە، عەبدوڕەحمان نوێژێکی کورتی کرد بۆیان، دواتر عومەر بە ئیبن عەبباسی وت بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی پیشەسازەکە–کە خزمەتکاری موغیرەی کوڕی شوعبە بوو، عومەر وتی خوا بیکوژێت خۆ من چاکەی زۆرم لەگەڵ نواند، سوپاس بۆ خوا کە مەرگمی بە دەستی

کەسێك دانەنا کە بانگەشەی موسڵمانێتی بکات، ئینجا عومەر برایەوە بۆ ماڵەوەو ئێمەش لەگەڵی چووینە ماڵەوە، هەندێ دەیانوت چاك دەبێتەوە، هەندێ دەیانوت دەترسین بمرێت، ئینجا برێ شەربەت هێنرا تا بیخواتەوە، شەربەتەکەی خواردەوە خێرا هاتە دەرەوە، ئینجا شیری بۆ هێنرا، لە شوێنی برینەکەیەوە هاتە دەرەوە، ئیتر زانییان عومەر نامێنێت، خەڵکەکە دەهاتن بۆ لای و دڵخۆشییان دەدایەوە، ئینجا عومەر وتی بزانن چەندە قەرزارم، حسابیان کرد نزیکەی هەشتاو شەش هەزار قەرزار بوو، ئەویش وتی ئەگەر سامانەکەم بەشی کرد قەرزەکانم بدەنەوە، ئەگەرنا داوا بکەن لە بەنی عەددی-هۆزەکەم- تا قەرزەکەم بدەنەوە، ئەگەر بەوەش تەواو نەبوو ئەوە داوا بکەن لە قورەیش و لەوە زیاتر داوا لە کەسی تر مەکەن.

## دیاریکردنی جێنشین

لە کۆتا حەجی عومەری کوڕی خەططابدا عەبدوڕەحمانیش بەشدار بوو، بیستی کەسێك دەیوت ئەگەر عومەر مرد من بەیعەت بە فلانە کەس دەدەم، عەبدوڕەحمانیش بە خەلیفەی وت چی روویداوە، عومەر وتی دوای عەسر پشت بەخوا روونکردنەوە دەدەم بەو خەڵکە، عەبدوڕەحمان وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە مەکە، چونکە ئێستا هەمەچەشنە خەڵك هاتون و لەوانەیە قسەیەك بکەیت کە وەك خۆی وەرینەگرن، بەڵام کە چوویتەوە مەدینە قسەی خۆت بکە، عومەریش راکەی عەبدوڕەحمانی وەرگرت.[1]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 245.

لەو نوێژەدا کە عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، خێرا فەرمانی کرد عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف نوێژەکەی بۆ خەڵکەکە کرد، پاشان عەبدوڕەحمانی بانگ کرد و وتی دەمەوێت تۆ راسپێرم بۆ باری دەسەڵاتی دوای خۆم، عەبدوڕەحمان رازی نەبوو، عومەر وتی دەی ئەم ماوە بێدەنگ بە تا ئەو کەسانە راسپێرم کە پێغەمبەر (ﷺ) تا وەفاتی کرد لێیان رازی بوو.[1]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[2]

عومەری کوڕی خەططاب ئەگەری دانا بۆ درووستبوونی راجیایی لەسەر دیاریکردنی کەسێك و چارەسەری بۆ داناو وتی ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[3]

ئەوەبوو دواجار سیانیان وازیان هێنا لە مافەکەیان بۆ ئەوانی تر، مانەوە سەر عەبدوڕەحمان و عەلی و عوثمان، عەبدوڕەحمان وتی منیش لەپێناو خوادا واز لە مافەکەم دێنم و ئێوەش یەکێکتان وازبهێنن تا بەیعەت بدەین بەوی تر، دواجار

---

1 - الكامل في التاريخ، ج2، ص 447.

2 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4074.

3 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج3، ص 461.

ئەهلی شوورا بڕیاری کۆتاییان دایە دەست عەبدوڕەحمان، ئەویش کەوتە وەرگرتنی ڕای خەڵکی و تەنانەت ڕای ژن و منداڵیشی وەرگرت، ڕای سوارەو پیادەکانیشی وەرگرت، سێ شەو و ڕۆژ بەردەوام بوو لەو ڕاوەرگرتنەی، ڕای زۆرینەی هەرەزۆر لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان بوو، دواجار لەبەری بەیاندا مێزەرەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردە سەر و ناردی بە شوێن ناودارانی ناو کۆچەران و پشتیوانان و خەڵکی ترداو مزگەوت پڕ بوو لە خەڵك، چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و ماوەیەکی زۆر وەستا و بە دەنگی نزم نزایەکی زۆری کرد، دواتر خەڵکەکەی دواند، ئینجا عەلی بانگ کرد و دەستی گرت و وتی لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی و کرداری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەیت؟ وتی ناوەڵا، بەڵکو هێندەی توانام هەبێت، عەبدوڕەحمان دەستی بەردا و عوثمانی بانگ کرد و دەستی گرت و هەمان شتی بەویش وت، عوثمان وتی بەڵێ بەخوا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت و عوثمانیش لە پلیکانەی خوارترەوەو خەڵکەکە هاتن بەیعەتیان دا بە عوثمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش بەیعەتی پێدا.[1]

جا بڕێك دەق هاتون کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەو بڕیارە ناڕازی بووبێت و ئەوەی بە فێڵ دانابێت، ئیبن کەثیر دەڵێت: (ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسانی وەك ئیبن جەریر و کەسانێکی تر لە بڕێك کەسی نەناسراوەوە تۆماریان کردووە گوایە عەلی بە عەبدوڕەحمانی وتووە تۆ منت خەڵەتاند و تۆ لەبەر خزمایەتی و لەپێناو

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

ئەوە عوثمانت دانا تا لە هەموو شتێکدا رات وەربگرێت و...هەموو ئەمانە پێچەوانەی تۆماری صەحیح و دروستن و دەدرێنەوە بە رووی خاوەنەکانیاندا).[1]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بڕیاری دا مەسەلەی خیلافەت بە شوورا بێت، ئەو دەیوت ئەگەر بمویستایە کەسێك رابسپێرم ئەوە زیاتر حەزم دەکرد زوبەیری کوڕی عەوام بێت، چونکە ئەو پایەیەکی دینە.[2]

شەهیدکردنی عومەر

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت بڕۆ بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەبوولوئلوئەی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە تۆی کوشت، عومەریش وتی سوپاس بۆ خوا کە مەرگی منی بە دەستی کەسێك نەهێنا کە تاکە سوجدەیەکیشی بردبێت بۆ خوا، ئەی عەبدوڵا بڕۆ بۆ لای عائیشەو پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لەلای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟[3]

عەمری کوڕی مەیموون دەڵێت ئامادە بووم کاتێك عومەر بە عەبدوڵای کوڕی وت بڕۆ بۆ لای دایکی باوەڕداران عائیشەو بڵێ عومەر سەلامت لێ دەکات، دواترپر سیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟ عائیشەش وتی من ئەوەم بۆ خۆم دانابوو، بەڵام ئەمڕۆ لە خۆم دەگوزەرم بۆ

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 54.

3 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 447.

عومەر، کە عەبدوڵا هاتەوە عومەر وتی چیت کرد؟ ئەویش وتی مۆڵەتی دا، عومەر وتی هیچ شتێ هێندەی ئەو شوێنە لام گرنگ نیە، جا کە مردم بمبەن بۆ ئەوێ و دواتر سەلام بکەن، دواتر هەمدی بڵێ عومەری کوڕی خەططاب داوای مۆڵەت دەکات، ئەگەر عائیشە هەمدی مۆڵەتی دا ئەوکات ئەسپەردەم بکەن، ئەگەریش دەرفەتی نەدا بمگێڕنەوەو بمبەن بۆ گۆڕستانی موسڵمانان، دواتر وتی بۆ خیلافەت شیاوترین کەس ئەوانەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا وەفاتی کرد لێیان رازی بوو، جا هەرکەسیان دیاری کرد دوای من ئەوە خەلیفەتانەو گوێڕایەڵی بن،.. وەسیەت بۆ خەلیفەی دوای خۆم دەکەم یەکەمجار لەگەڵ کۆچەریە یەکەمینەکاندا چاك بێت و مافیان بزانێت و شکۆیان بپارێزێت، دواتر لەگەڵ پشتیوانان چاك بێت چونکە ئەوا پەنادەر بوون، با چاکەی چاکەکاریان قبوڵ بکات و لەوەشیان خۆش بێت خراپەیەك دەکات.[1]

کاتێك عومەر لە سەرەمەرگیدا بوو، سەری لە کۆشی عەبدوڵای کوڕیدا بوو، وتی ئەی عەبدوڵا سەرم بخەرە سەر خۆڵەکە بەڵکو خوای گەورە بەو بارەوە بمبینێت و رەحمم پێ بکات.[2]

لە رۆژی یەکشەممەی ساڵی بیست و چواری کۆچیدا عومەری کوڕی خەططاب کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی ئەسپەردە کرا.[3]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 1339.

[2] - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 448.

[3] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 144.

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب وەفاتی کرد، سەعیدی زاوای زۆر گریا، پێیان وت بۆچی دەگریت؟ وتی بۆ ئیسلام دەگریم، گورزێکی بەرکەوتووە تا رۆژی دوایی شوێنەواری دەمێنێت.[1]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب کۆچی دوایی کرد، هەریەك لە سەعید و عوثمانی کوڕی عەففان و صوهەیب و ئیبن عومەر دابەزینە ناو گۆڕەکەیەوە.[2]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب وەفاتی کرد، خەڵکێ نزایان دەکرد بۆ عومەر، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش وتی رەحمەتی خوات لێ بێت، هیوام وایە خوای گەورە لەگەڵ دوو هاوڕێکەت کۆت بکاتەوە –پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر– چونکە من زۆر جار لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەبیست دەیفەرموو من و ئەبووبەکر و عومەر بووین، من و ئەبووبەکر و عومەر وامانکرد، من و ئەبووبەکر و عومەر چووین.[3]

سەبارەت بە کاتی شەهیدبوونەکەی دەوترێت لە رۆژ شەممە لە سەرەتای مانگی موحەرەمی ساڵی بیست و چواری کۆچیدا بووە، دەشوترێت سێ رۆژ پێشتر پێکراوەو دوای سێ رۆژ وەفاتی کردووە، سەبارەت بە تەمەنەکەشی لەکاتی شەهیدبوونیدا هەریەك لە پەنجاو دوو و پەنجا و چوار و پەنجاو پێنج و شەست و

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 372.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 368.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3495، صحيح مسلم، الرقم 4506، سنن ابن ماجة، الرقم 97، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7847، مسند احمد بن حنبل، الرقم 872.

شەست و سێ ساڵی هاتووە، واقیدی دەڵێت راستتر لای ئێمە ئەوەیە کە لە تەمەنی شەست ساڵیدا بووە،[1]

ماوەی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب دە ساڵ و حەوت مانگ و پێنج رۆژ بوو، یان دەوترێت دە ساڵ و هەشت مانگ و چوار رۆژ بوو،[2] ئەگەر بەپێی ئەو گێڕانەوەی لەدایکبوونەی بێت کە سی و چوار ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی لەدایك بووە، ئەوە لە کاتی شەهیدبوونیدا تەمەنی حەفتاو یەك ساڵان بووە، ئەگەریش بەپێی ئەوە بێت سیانزە ساڵ پاش ساڵی فیل لەدایك بووبێت ئەوە لەکاتی وەفاتیدا تەمەنی شەست و چوار ساڵان بووە.

چەند فەرموودەیەك کە عومەر دەیانگێڕێتەوە:

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو:

(إنما الأعمال بالنيات ، وإنما لكل امرئ ما نوى ، فمن كانت هجرته إلى دنيا يصيبها ، أو إلى امرأة ينكحها ، فهجرته إلى ما هاجر إليه)،[3] (هەموو کردارێك بە نیەتە، هەر کەسیش نیەتەکەی بۆ حیسابە، جا هەرکەس کۆچکردنی بۆ دنیا بێت تا بە دەستی بهێنێت یان ئافرەتێك بە هاوسەر بگرێت، ئەوە کۆچکردنەکەی بۆ ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە).

1 - تاريخ مدينة دمشق، ج44، ص 14.

2 - تاريخ مدينة دمشق، ج44، ص 13.

3 -صحيح البخاري، الرقم 1، صحيح مسلم، الرقم 3621، صحيح ابن خزيمة، الرقم 143، صحيح ابن حبان، الرقم 390، سنن أبي داود، الرقم 1895، سنن ابن ماجة، الرقم 4224، سنن الترمذي، الرقم 1614، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 76، سنن الدارقطني، الرقم 109، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 169، مسند احمد بن حنبل، الرقم 165.

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە سەردەمی نەفامیدا نەزرم کردبوو شەوێك لە مەسجیدولحەرام ئیعتیکاف بکەم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (نەزرەکەت بەجێ بگەیەنەو شەوێك ئیعتیکاف بکە).[1]

## عومەری کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی عومەری کوڕی سوفیانی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیە، یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە.[2]

## عومەری کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عومەری کوڕی عەمرە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، کاتێك موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد یەکێك لەو پێنج ژنەی تەڵاق بدات کە هەیبوو، ئەویش وایکرد.[3]

## عومەری کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی عومەری کوڕی عومەیری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانەو لە زۆرێك لە غەزاکانی پێغەمبەردا (ﷺ) بەشدار بوو.[4]

---

1 -صحيح البخاري، الرقم 1954.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 591.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 593.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 593.

عومەری کوڕی لاحیق(رضي الله عنه)

**ناوی عومەری کوڕی لاحیقەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (ئەوەی دەست لە داوێنی بدات دەستنوێژی نیە).[1]**

عومەری کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

**ناوی عومەری کوڕی مالیکی کوڕی عوتبەی قورەیشیە، باوکی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصە، لە فەتحی مەککەدا ئینجا موسڵمان بوو، لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری فتووحاتی کرد.[2]**

عومەری کوڕی موعاویە(رضي الله عنه)

**ناوی عومەری کوڕی موعاویەیە، عومەر دەڵێت جارێك لە کەنار پێغەمبەرەوە(ﷺ) بووم کە کەسێك هات بۆ لای و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی دەفەرمویت بەرامبەر بە کەسێك کە هیچ سامانێکی نیە بۆ خێر و توانای جیهادیشی نیە؟ دەبینێت خەڵکی نوێژ دەکەن و جیهاد و صەدەقە دەکەن، کەچی ئەو هیچ کام لەوانە ناتوانێت؟ فەرمووی (خێر بڵێت و واز لە خراپە بهێنێت، خوا لەگەڵ ئەوانەدا دەیخاتە بەهەشتەوە)، کابرا وتی ئەگەر سامانیشی نەبوو؟ فەرمووی (ئەگەر سامانیشی نەبوو و منیشی بەسە بۆ ئەوە).[3]**

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4382،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 595.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4374.

## عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە(رضي الله عنه)

**ناوی عومەری کوڕی ئەبی سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدە، دایکی ناوی ئوممو سەلەمەیە کە دایکی باوەڕدارانە، ئەم هاوەڵە لە ساڵی دووی کۆچی لە حەبەشە لەدایك بوو، دواتر هاتە مەدینە و لەوێ ژیا تا لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی جەمەلی کرد و دواتر لە ساڵی هەشتاو سێی کۆچیدا هەر لە مەدینە وەفاتی کرد.[1]**

**عومەر دەڵێت رۆژێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) خواردنێکم دەخوارد، خەریك بووم لە چەند لایەکی قاپەکەوە دەمخوارد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (لەبەر خۆتەوە بخۆ)،[2] لە گێڕانەوەیەکی تردا روونتر هاتووەو دەڵێت فەرمووی (ناوی خوا بێنەو بە دەستی راستت بخۆ و لەبەر خۆتەوە بخۆ).[3]**

## عومەیری خزمەتکاری ئابی لەحم (رضي الله عنه)

**ناوی عومەیرەو خزمەتکاری ئابی لەحم بوو کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[4]**

**ئابی لەحم چاکەی لەگەڵ عومەیردا زۆر بوو، ئابی لەحم لەگەڵ عومەیرو چەند کەسێکی تردا پێکەوە کۆچیانکرد بۆ مەدینە، عومەیر دەڵێت کاتێك نزیك بووینەوە لە مەدینە لە دوای گەورەکەم و هاودەمەکانمەوە جێیانهێشتم، تووشی برسێتیەکی زۆر**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 592.

2 - صحيح البخاري، الرقم 5067.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3860.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 731.

بووم، چوومە باخێكو دوو هێشوو خورمام لێكردەوە، خاوەن باخەكە هات و بردمی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) پرسیاری لێكردم چیم و چی ئەكەم و بۆچی وامكرد؟ منیش حاڵ و مەسەكەم بۆ باسكرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم كام لەو دوو هێشووە خورمایەت لا باشترە؟ منیش وتم ئەوەیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كرد بە خاوەن باخەكە ئەو خورماكەی تریان ببات و دەستبەرداری من بێت.[1]

ئابی لەحم و خێزانەكەی و عومەیری كۆیلەشی پێكەوە لە مەدینە ژیانیان بەسەر دەبردو هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عومەیر باس لەوە دەكات جارێكیان پێغەمبەری (ﷺ) بینیوە لای (أحجار الزيت) لە نزیك زەوراوە بە پێوە وەستابوو نزای باران بارینی دەكرد و دەستەكانی بەرز كردبووەنەوە و هەردوو دەستی لە سەری بەرزتر نەكردبوویەوە و ناولەپی دەستی رووكردبوویەوە دەموچاوی خۆی و نزای دەكرد.[2]

عومەیر دەڵێت: جارێكیان ئابی لەحم برێ گۆشتی هێنایەوە و داوای لێكردم بۆی نیوەبرژاو بكەمو هەڵیبگرم، منیش گۆشتەكەم والێكرد، لەو كاتەدا هەژارێك هات و منیش دڵم بۆی سووتا بۆیە برێك لە گۆشتەكەم پێدا، دوایی ئابی لەحم بەوەی زانی لێیدام لەسەر ئەوەی بێ پرسی ئەو كاری وامكردووە، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەكەم بۆ باس كرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئابی لەحمی فەرموو بۆچی

1 - معجم الصحابة ج2ص228.

2- رواه أحمد 16163 و 21382 و الترمذي511 و والطبراني 6578 و أبو داود 1019 و 1023 و الشافعي 1414 و النسائي في السنن الكبرى 1812 و ابن أبي شيبة 698، و جاء في المستدرك على الصحيحين1154. صححه الألباني في صحيح أبوداود، الرقم 1059، وفي صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 1514.

لێتدا؟ ئەویش وتی بە بێ مۆڵەتی خۆم خواردنی منی داوە بە خەڵك، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پاداشتەکەی بۆ هەردووکتانە.[1]

عومەیر هاودەم بە ئابی لەحم لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد.[2]

جا ئابی لەحم کە بەشداری جیهادی دەکرد، لەگەڵ خۆیشیدا رێی دەدا بە عومەیری کۆیلەی تا بەشداری بکات، عومەیر دەڵێت منیش لەو جەنگەدا بەشداریم کرد، دواتر کە جەنگەکە تەواو بوو و غەنیمەت کۆکرایەوە، چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوام لێکرد بەشی منیش لەو غەنیمەتە بدات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بەشی لەو غەنیمەتە بۆ دانەنام، بەڵکو لەو کەلوپەلەی ناوماڵ کە دەستکەوت بوو بەشی دام.[3]

عومەیر هاودەم بە ئابی لەحم بەشداری غەزای حونەینیشی کرد.[4]

## عومەیری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی حارثی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة ج1، ص15، معجم الصحابة ج2ص228.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 731.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2ص114،

4 - الاستيعاب ج1 ص135.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 569.

عومەیری کوڕی حەبیب(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی حەبیبە، لە پشتیوانانەو لە تەمەنی هەرزەکاریدا بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو.[1]

عومەیری کوڕی حومام (رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی حومامە، لە پشتیوانانە، عومەیر لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، جا کاتێك عومەیر بیستی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەستن بەرەو بەهەشتێك کە پانیەکەی هێندەی ئاسمانەکان و زەویە)، عومەیری کوڕی حومام هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەهەشتێك کە پانیەکەی هێندەی ئاسمانەکان و زەویە؟ فەرمووی بەڵێ، عومەیر وتی بەخ بەخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بۆچی وتت بەخ بەخ)، عومەیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها بەو هیوایەی یەکێك بم لە دەستەی بەهەشتیەکان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی تۆ لە دەستەی بەهەشتیەکانیت)، عومەیر چەند خورمایەکی پێ بوو، خورماکانی دەرکردبوو و دەیخواردن، وتی ئەگەر بژیم تا ئەم خورمایانە دەخۆم ماوەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە چی خورمای پێ بوو فرێی دا و دەستی کرد بە جەنگ تا کوژرا.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 714.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3611.

## عومەیری کوڕی ڕیئاب(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی ڕیئابی قوڕەیشی سەهیمە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتریش کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوەو کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ ژیا تا لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لەناو سوپای خالیدی کوڕی وەلیددا بەشداری جیهادی کرد و لە عەینوتەمردا شەهید بوو.[1]

## عومەیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی سەعدی کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و بەشداری فتووحاتی شامی کرد، خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب ئەوی کردبوو بە بەرپرسی حیمص و دەیوت خۆزگە پیاوانێکی وەك عومەیری کوڕی سەعدم هەبوایە تا بمکردنایە بە بەرپرسی کاروباری موسڵمانان،[2] واتە هێندە بەتوانا و دڵسۆز بووە لە کاروباری کارگێڕیدا، نەك ئەوەی لەبەر نەبوونی کەسی دڵسۆز و بەتوانا بێت، بەڵکو لەبەرئەوەی توانا و لێزانی عومەیر زۆر بووە.

سەبارەت بە کاتی مردنی رایەك دەڵێت لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کردووە، رایەکیش دەڵێت لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا بووە، رایەکیش دەڵێت لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کردووە.[3]

جارێك عومەیری کوڕی سەعد لە ماوەی والیەتیدا وتاری دەدا بۆ خەڵکەکە، وتی ئیسلام حەوشەیەکی پارێزراو و دەرگایەکی پتەوە، حەوشەی ئیسلام

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 717.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 718.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 718.

دادپەروەریەو دەرگاکەشی حەقە، تا دەسەڵات بەهێز بێت ئیسلامیش پارێزراو دەبێت، بەهێزی دەسەڵاتیش کوشتاری شمشێر و کوتەکی قامچیان نیە، بەڵکو دادوەریەکی حەق و پەیڕەوی دادپەروەریە.[1]

عومەیری کوڕی عامیر (ﷺ)

ناوی عومەیری کوڕی عامیری کوڕی مالیکە، یان دەوترێت ناوی عەمرە، کونیەکەی ئەبووداودە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عومەیری کوڕی عامیری خەزرەجی (ﷺ)

ناوی عومەیری کوڕی عامیری کوڕی نابیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، لە هەموو غەزاکاندا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری کرد.[3]

عومەیری کوڕی عەبدعەمر (ﷺ)

ناوی عومەیری کوڕی عەبدعەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 374.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 315.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 720.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 720.

## عومەیری کوڕی عەددی

ناوی عومەیری کوڕی عەددی کوڕی خەرشەیە، لە پشتیوانانە، عومەیر لەبەر چاوکزیەکەی نەیتوانی لە غەزای بەدردا بەشداری بکات.[1]

نۆزدە مانگ بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کردبوو بۆ مەدینە، لە بیست و پێنجی رەمەزاندا پێغەمبەر (ﷺ) عومەیری کوڕی عەددی کرد بە ئەمیری سریەیەك، ئەرکی سریەکە لەناوبردنی عەصمائی ژنی یەزید بوو کە تانەی دەدا لە ئیسلام و خەڵکی دژی پێغەمبەر (ﷺ) هاندەدا، عومەیریش بە شەو چوو تا چوویەماڵیان، ژمارەیەك لە منداڵەکانی لە لای خەوتبوون، منداڵێکی شیرەخۆرە بوو و عەصمائیش شیری پێدەدا، عومەیر چاوی کز بوو، بۆیە بە دەستی دڵنیایی پەیدا کرد کە ئەوە ئافرەتەکەیە، منداڵەکەی هەڵگرت و بردیە ئەولاوە، ئینجا عەصمائی کوشت، دواتر گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و نوێژی بەیانی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئایا کچەکەی مەڕوانت کوشت؟) عومەیر وتی بەڵێ.[2]

## عومەیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی عەمری کوڕی مالیکە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین، جا لە غەزاکەدا قاچێکی بڕا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (پێشت کەوت بۆ بەهەشت).[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 721.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 27.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 723.

### عومەیری کوڕی عەوف(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی عەوفەو مەولای سوەیلی کوڕی عەمر بوو، کاتێك عەبدوڵای کوڕی سوهەیل لە مەککە رایکرد، عومەیریش هاودەم بەو رایکرد و چوو بۆ مەدینەو پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد.[1]

### عومەیری کوڕی عوقبە(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی عوقبەی کوڕی نیارە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، عومەیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من صلى علي من أمتي صلاة مخلصا من قلبه، صلى الله عليه بها عشر صلوات، ورفعه بها عشر درجات، وكتب له بها عشر حسنات، ومحا عنه عشر سيئات)،[2] (هەرکەس لە ئوممەتەکەم نیازپاکانە لە دڵەوە صەلەواتێکم لەسەر بدات، ئەوە خوا بەرامبەر بەوە دە صەلەواتی لەسەر دەدات و دە پلە بەرزی دەکاتەوەو دە خێری بۆ دەنووسێت و دە تاوانی لەسەر دەسڕێتەوە).

### عومەیری کوڕی عوقبەی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی عوقبەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە عەدویەکان، هاودەم بە باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 724.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9552، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4694، قال الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب، الرقم 1659: حسن صحيح.

لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا بەشدار بوو و خالیدی کوڕی وەلید ئەرکی پێ سپارد.[1]

## عومەیری کوڕی وەهب (رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی وەهبی کوڕی خەلەفی قورەیشی جومەحیە، کونیەکەی ئەبووئومەییەیە.

دوای ئەوەی غەزای بەدر روویدا و موسڵمانان سەرکەوتن بەسەر بێباوەڕاندا، عومەیری کوڕی وەهب هات بۆ لای صەفوانی کوڕی ئومەییەو دانیشتبوون، صەفوان وتی دوای کوژراوانی بەدر خوا ئەم ژیانە ببڕێ، عومەیریش وتی ئەرێ بەخوا، بەخوا خۆشی لەم ژیانەیا نەماوە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت قەرزم لەسەرەو هیچم نیە بیدەمەوەو لەبەر ژن و منداڵەکانم نەبوایە کە هیچیان بۆ شك نابەم بۆیان جێبهێڵم، دەچووم بۆ لای موحەمەد و دەمکوشت، چونکە بیانوویەکم هەبوو دەچووم و دەموت هاتوم تا ئەو کوڕە دیلەم وەربگرمەوە، صەفوانیش بەو قسەی دڵخۆش بوو و وتی قەرز و خەرجی ژن و منداڵت لەسەر من بەڵام تۆ ئەوە بکە، ئەوەبوو صەفوان ئامادەکاری بۆ کرد و شمشێرێکی ژەهراویشی بۆ ئامادە کرد، عومەیر بە صەفوانی وت چەند شەوێك ئەمە لای کەس باس مەکە، ئەوەبوو عومەیر چوو بۆ مەدینەو چووە بەر دەرگای مزگەوت و وشترەکەی بەستەوەو بە شمشێرەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، عومەری کوڕی خەططاب کە عومەیری بە شمشێرەوە بینی ترس

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 723.

دایگرت و وتی بڕواننە ئەو سەگە لەبەردەرگایە، ئەوە دوژمنی خوایە کە خەڵکی لێ هان دەداین، عومەر چوویە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەوە عومەیری کوڕی وەهبە بە چەکەوە هاتووەتە ناو مزگەوت، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ دەزانیت ئەو ناپاك و خراپەکاریشە لێی دڵنیا مەبە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بیکەرە ژوورەوە بۆ لام، عومەیر و عومەر پێکەوە هاتن و هاوەڵانیش هاتنە ژوورەوە، چونکە عومەر فەرمانی کرد وریابن ئەگەر عومەیر شتێکی کرد رێی پێ نەدەن، خۆیشی شمشێرەکەی پێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە عومەری فەرموو تۆ لە دواوە بوەستە، عومەیر کە نزیك بوویەوە وتی بەیانیت باش، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا لەبری ئەو سەلامەی تۆ بە سەلامی خۆمان رێزداری کردوین کە سەلامی ئەهلی بەهەشتیەکانە)، ئینجا فەرمووی بۆچی هاتویت ئەی عومەیر؟ ئەویش وتی هاتوم دیلەکەمم بدەنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەو شمشێرە چیە پێت؟ ئەویش وتی خوا بیبڕێت جا ئەو شمشێرە چ سوودێکی هەیە، کە دابەزیم لەبیرم چوو دایبنێم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (راستم پێ بڵێ بۆچی هاتویت؟) عومەیر وتی تەنها بۆ بردنەوەی دیلەکەم هاتوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی چ مەرجێکت دانا بۆ صەفوانی کوڕی ئومەییە لە حیجردا؟) عومەیر ترسا و وتی چ مەرجێکم داناوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێنت دا بمکوژیت بەرامبەر بەوەی قەرزەکەت بداتەوە، خوا رێ نادات ئەوە بکەیت، عومەیر خێرا شایەتومانی هێنا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە دەمانوت درۆ دەکەیت کە دەڵێیت سروشت بۆ دێت، بەڵام ئەم قسەی نێوان من و صەفوان لە حیجر کەس نەیدەزانی جگە لە من و صەفوان، بەڵام خوا ئەوەی گەیاند بە تۆ، بۆیە بڕوام هێنا بە خواو پێغەمبەرەکەی و سوپاس بۆ خوا کە منی گەیاند بەم مەقامە، موسڵمانان بە موسڵمانبوونی عومەیر

دڵخۆش بوون، عومەر وتی کە عومەیر هات لە بەرازێك لام بێزراوتر بوو، ەچی کە موسڵمان بوو هێندەی یەکێك لە کوڕەکانم لام ئازیز بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دابنیشە دڵنەوات بکەین)، ئینجا فەرمووی (براکەتان فێری قورئان بکەن و دیلەکەی بۆ ئازاد بکەن)، عومەیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زۆر هەوڵم دەدا دژایەتی ئیسلام بکەم، جا ئێستا مۆڵەتم دەدەیت بچمەوە ناو قوڕەیش و بانگیان بکەم بۆ ئیسلام بەڵکو خوا ڕێنمونییان بکات؟ پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا، عومەیر چوویەوە بۆ مەککەو صەفوانیش لە کۆڕی قوڕەیشیەکاندا بوو دەیوت موژدەتان لێ بێت موژدەیەکتان بۆ دێت خەمی بەدرتان بیر دەباتەوە، هەرکەس لە مەدینەوە دەهاتە مەککە صەفوان هەواڵی مەدینەی دەپرسی تا دواجار هەواڵی زانی کە عومەیر موسڵمان بووە، کە ئەوەی زانی وتی بەڵێن بێت هیچ یارمەتیەکی نەدەم و قسەشی لەگەڵ نەکەم، عومەیر هاتەوە مەککەو کەوتە ڕێنمایی خەڵك بۆ موسڵمان بوون و ژمارەیەکی زۆر موسڵمان بوون.[1]

عومەیری کوڕی وەهب ئامۆزای صەفوان بوو، پاش فەتحی مەککە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای پەنای کرد بۆ صەفوان، پێغەمبەریش (ﷺ) داواکەی وەرگرت و عەباکەی خۆی بۆ نارد، خێرا وەهبی کوڕی عومەیر خۆی گەیاند بە صەفوان و پێکەوە گەڕانەوە.[2]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 13992،

2 - أسد الغابة، ج3، ص 25-26.

عومەیر دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد.[1]

عومەیری کوڕی ئەبی وەققاص(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی ئەبی وەققاصی کوڕی ئوهەیبی قورەیشی زوهریە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ مایەوەو لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

کاتێك سوپا ئامادە کرا بۆ غەزای بەدر، پێغەمبەر (ﷺ) عومەیری گەڕاندەوە لەبەر کەمی تەمەنی، عومەیریش دەستی کرد بە گریان، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی پێدا.[3]

سەعدی برای کە ئەویش هاوەڵێکی گەورەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) دەڵێت پێش ئەوەی بچین بۆ بەدر، عومەیری برامم بینی خۆی دەشاردەوە، وتم براکەم ئەوە چیتە؟ وتی ترسی ئەوەم هەیە پێغەمبەر (ﷺ) بمبینێت و بە بچووکم بزانێت و نەهێڵێت بەشداری غەزاکە بکەم، حەزیش دەکەم بێم و بەشدار بم بەڵکو خوا شەهیدیم پێ بیەخشێ، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بە بچوك زانی و گێڕایەوە، عومەیر دەستی کرد بە گریان، دواتر پێغەبەر (ﷺ) مۆڵەتی پێدا، منیش بینیم

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 728.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 725.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4817.

هێندە بچووکە خۆم بەرگە سەربازیەکەیم بۆ رێکدەکرد، ئەوەبوو لە غەزاکەدا کوژرا و تەمەنی هێشتا شانزە ساڵان بوو.[1]

عومەیری کوڕی ئەخرەم (رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی ئەخرەمی عوذریە، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو.[2]

عومەیری کوڕی ئەخنەس(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی ئەخنەسە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی دوای فەتحی مەککەو لە دڵراگیرکراوان بوو، لە دەستکەوتەکانی حونەیندا پێغەمبەر (ﷺ) پەنجا وشتری پێدا.[3]

عومەیری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عومەیری کوڕی ئەوی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و خەندەق و لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 149.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 710.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 710.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 711.

عویەینەی کوڕی حیصن

ناوی عویەینەی کوڕی حیصنی کوڕی حوذەیفەیە، پێش فەتحی مەککە موسڵمان بوو و لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد، دواتریش لە غەزاکانی حونەین و تائیفدا بەشداری کرد، پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئیسلام هەڵگەڕایەوەو هەواداری طولەیحەی ئەسەدی بوو، دواتر تەوبەی کرد.[1]

عویەینەی کوڕی عائیشە(رضي الله عنه)

ناوی عویەینەی کوڕی عائیشەی مورائیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای موئتە، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[2]

عیاضی کوڕی زوهەیر (رضي الله عنه)

ناوی عیاضی کوڕی زوهەیری قوڕەیشی فەهریە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان و لە کۆچی حەبەشە و مەدینە و غەزای بەدریشدا بەشداری کرد.[3]

عیاضی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عیاضی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 767.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 355.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 753.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 756.

## عیاضی کوڕی غەنەمی فەهری (رضي الله عنه)

ناوی عیاضی کوڕی غەنەمی کوڕی زوهەیری فەهریە، پێش حودەیبیە موسڵمان بوو، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو، خاڵۆزای ئەبووعوبەیدە بوو و ئەبووعوبەیدە کە وەفاتی کرد ئەوی کردبوو بە بەرپرسی حیمص و خەلیفە عومەریش لەو پۆستەی لاینەبرد.[1]

## عیاضی کیندی (رضي الله عنه)

ناوی عیاضی کیندیە، عیاض دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەگەر کەسێك مەی خواردەوە جەلدی لێ بدەن، ئەگەر دووبارەی کردەوە هەمدی جەلدی لێ بدەن، ئەگەر هەمدی مەی خواردەوە بدەن لە گەردنی).[2]

ئەم فەرموودەیە تەنها ئیبن ئەبی عاصم هێناویەتی و لە کتێبەکانی تری فەرموودەدا بەدی ناکرێت.

## عیتبانی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی عیتبانی کوڕی مالیکی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، بە رای جمهوور یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

بوخاری هێناویەتی کە عیتبان لە بەشداربوانی غەزای بەدرە.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 757.

2 -الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2164.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، 4، ص 432.

4 - صحيح البخاري، الرقم 417.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عیتبان و عومەرەوە.[1]

عیتبان لە هەریەك لە غەزاکانی بەدر و ئوحودو خەندەقدا بەشداری کرد، دواتر بینایی لەدەستدا.[2]

عیتبان دەڵێت جارێك ئازارێك لە چاومدا دروست بوو، کەسێکم نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم حەز دەکەم بێت بۆ لام و لە ماڵەکەمدا نوێژ بکات، ئەویش هاودەم بە ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی هات بۆ لام،[3] پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (حەز دەکەیت لە چ شوێنێکی ماڵەکەتدا نوێژ بکەم؟) منیش وتم لەو شوێنە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بە نوێژ و ئێمەش لە دوایەوە ریزمان بەست و پێغەمبەر (ﷺ) دوو رکات نوێژی کرد.[4]

ئەم بەسەرهاتە بە چەند شێوەی تر لە صەحیحی بوخاریدا هاتووەو بە گشتی ئەوە دەگەیەنێت کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر داوای عیتبان چووە بۆ ماڵی عیتبان و لەوێ نوێژی کردووەو ژمارەیەك لە هاوەڵانیشی لەگەڵیدا بون.[5]

عیتبان دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 432.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 550.

3 - صحيح مسلم، الرقم 73.

4 - صحيح البخاري، الرقم 416.

5 - صحيح البخاري، الرقم (817، 1145، 5091، ...).

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 432.

عیرباضی کوڕی ساریە(رضي الله عنه)

ناوی عیرباضي کوڕی ساریەی سەلەمیەو کونیەکەی ئەبوونوجەیحە.[1]

عیرباض دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پێش ئەوەی بخەوێت ئەو سوورەتانەی دەخوێند کە بە (سبح) دەستیان پێدەکرد و دەیفەرموو (ئایەتێکیان تێدایە فەزڵی زیاترە لە هەزار ئایەت).[2]

عیرباض دەڵێت جارێك جوانەوشترێکم فرۆشتبە پێغەمبەر (ﷺ) دواتر چووم تا بەهاکەی وەربگرمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (وشترێکی نەجیبەت دەدەمەوە) واتە وشترێکی زۆر باشتر لەوەی خۆی.[3]

دواجار لە سەردەمی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ساڵی حەفتا و پێنجی کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

عیصامی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عیصامی کوڕی عامیری کەلبیە، عیصام بتێکی هەبوو کە دەیپەرست، جارێك لای بتەکە بوو کە دەنگێك لەناو بتەکەوە هات دەیوت ئەی عیصام ئەی عیصام ئیسلام هاتو بتەکان نەمان و پەیوەندی خزمایەتی بەستراوە، عیصامیش

1 - أسد الغابة، ج4، ص 22.

2 - سنن أبي داود، الرقم 4419، سنن الترمذي، الرقم 2922و قال حديث حسن غريب، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7758، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16829، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2921.

3 - السنن الضغرى للنسائي، الرقم 4565.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 23.

ترس دایگرت و چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بانگی کرد بۆ ئیسلام و عیصامیش موسڵمان بوو.[1]

## عیصامی موزەنی (رضي الله عنه)

ناوی عیصامی موزەنیەو هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عیصام دەڵێت لە سریەیەکدا بووین، پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمایی پێداین و فەرمووی (إذا رأيتم مسجدا أو سمعتم مؤذنا فلا تقتلوا أحدا)،[2] (ئەگەر مزگەوتێکتان بینی یان دەنگی بانگبێژتان بینی ئیتر کەس مەکوژن).

## عیصمەی کچی حیببان (رضي الله عنها)

ناوی عیصمەی کچی حیببانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

## عیصمەی کوڕی ریئاب(رضي الله عنه)

ناوی عیصمەی کوڕی ریئابە، یەکێکە لە بەشداربوانی ڕێککەوتنی حودەیبیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 501.

2 - سنن أبي داود، الرقم 2279واللفظ له، سنن الترمذي، الرقم 1510و قال حسن غريب، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2635، قال شعيب الأرناؤوط حسن لغيرهو هذا إسناد ضعيف، ضعفه أحمد شاكر في سنن الترمذي.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص26.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 502.

### عیصمەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عیصمەی کوڕی قەیسە، سەرەتا ناوی عەصیە بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عیصمە.[1]

### عیصمەی کوڕی مودریك(رضي الله عنه)

ناوی عیصمەی کوڕی مودریکە، عیصمە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتنی بەر خۆری پێی باش نەبوو.[2]

### عیصمەی ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی عیصمە یان عوصەیمەی ئەسەدیەو یەکێکە لەبەشداربوانی غەزای بەدر، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد.[3]

### عیقالی کوڕی خوەیلید(رضي الله عنه)

ناوی عیقالی کوڕی خوەیلیدەو پێغەمبەر (ﷺ) پێشنیازی بۆ کرد موسڵمان بێت بەڵام رازی نەبوو، لە جاری دووەمدا کە پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی بانگی کرد بۆ ئیسلام، عیقال موسڵمان بوو.[4]

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج2، ص 295.
2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4827.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 504.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 518.

عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل(رضي الله عنه)

ناوی عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهلی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەیە قوڕەیشی مەخزوومیە، کونیەکەی ئەبووعوثمانە.[1]

ئەبوجەهلی باوکی لە جەنگی بەدردا کوژرا، عەبدوڕەحمان دەڵێت لە بەدردا لە ریزدا وەستابووم، تەماشای راست و چەپی خۆم کرد، دوو منداڵی پشتیوانانم بینی، یەکێکیان وتی مامە گیان ئەبووجەهل دەناسیت؟ وتم بەڵێ، بۆچیتە برازاکەم؟ وتی بیستوومە قسەی وتووە بە پێغەمبەر (ﷺ)، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەگەر بیبینم وازی لێ ناهێنم تا دەیکوژم یان دەمکوژێت، ئەوی تریش هەمان شتی پێ وتم، منیش نیشانم دان و ئەوانیش کوشتیان و دواتر هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی کامتان کوشتی؟ هەرکامیان وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەستان شمشێرەکەتان سڕیوە؟ وتیان نا، سەیری هەردوو شمشێرەکەی کرد و فەرمووی هەردووکتان کوشتووتانە.[2]

ئەبوجەهلی باوکی کە ناوی عەمر بوو، یەکێك بوو لە سەرسەختترین نەیارەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئازاری زۆری پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەدا و زۆر دژایەتی دەکرد.

جارێك ئەبووجەهل لای صەفا رێی گرت بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئازاری دا و قسەی پێ وت، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، خزمەتکارێکی عەبدوڵای کوڕی جودعانیش لە سەروو صەفاوە لە شوێنی خۆی بوو گوێی لەوە بوو، ئینجا چوو و

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 323.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2989، صحيح مسلم، الرقم 3383، صحيح ابن حبان، الرقم 4917.

چوویە ناو کۆڕی قورەیشیەکان لای کەعبەو لەگەڵیان دانیشت، هێندەی نەبرد حەمزە بە کەوانەکەیەوە لە راوەوە هاتەوە، ئەوکات حەمزە هێشتا بێباوەڕ بوو، ئافرەتە خزمەتکارەکە چوو بۆ لای حەمزە، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) هەستابوو تا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئافرەتەکە بە حەمزەی وت ئای ئەگەر ئەتبینی ئەبولحەکەم تۆزێ لەمەوبەر چی کرد بە موحەممەدی برازات، ئازاری دا و قسەی پێ وت، ئینجا چوو تا چوویە کۆڕی قورەیش لای کەعبەو لەگەڵیان دانیشت و قسەی لەگەڵ موحەممەد نەکرد، حەمزە تووڕەیی دایگرت و بێ ئەوەی لای هیچ کەس رابوەستێت چوو تا تەوافێکی کەعبە بکات و هیوادار بوو ئەبوو جەهل ببینێت، کە چوویە مزگەوت بینی ئەبووجەهل لەناو خەڵکەکەدا دانیشتووە، خێرا چوو بۆی و کە گەیشتە لای بە کەوانەکەی توند دای بەسەر سەری ئەبووجەهلدا، چەند کەسێ لە بەنی مەخزووم هەستان تا بەرگری لێبکەن، وتیان ئەی حەمزە هەرچی سەیر دەکەین تۆیش لە ئایین هەڵگەراویتەتەوە، حەمزەش وتی جا کێ و چی شتێ هەیە رێگرم بێت، بەڵێ، من شایەتی دەدەم موحەممەد نێردراوی خوایە و ئەوەی دەیڵێت حەقە، سوێند بەخوا دەست هەڵناگرم، دەی ئەگەر راست دەکەن رێگریم لێ بکەن، ئەبوو جەهلیش وتی واز بهێنن لە ئەبوو عومارە من زۆر بە ناشیرینی قسەم وتووە بە برازاکەی، بەوە ئازاری قورەیشیش بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) کەمی کرد.[1]

عیکریمە هاوشان بە باوکی لە غەزای بەدردا دژ بە موسڵمانان بەشداری کرد و تیایدا کوشتاری موسڵمانانی کرد، لەوانە رافیعی کوڕی موعەللای شەهید کرد.[2]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4831.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 445.

کاتێك ئەبووجەهلی باوکی کوژرا، ئیتر سەرکردایەتی بەنی مەخزووم درایە دەست عیکریمە.[1]

دواتر کە عیکریمە موسڵمان بووبوو، زۆر خەفەتی دەخوارد کە لە بەدردا بەشداری کردووەو کە سوێندی زۆر قورسی بخواردایە دەیوت سوێند بەو خوایەی لە بەدردا رزگاری کردم.[2]

کە غەزای بەدر تەواو بوو و ئەبووجەهل و ژمارەیەك سەرکردەی تری قورەیش کوژرابوون، منداڵانی ئەو سەرکردانە هاودەم بە عیکریمە چوون بۆ لای ئەبووسوفیان و وتیان ئەو سامانەی لە کاروانەکەدا هێناتان بیدەرە دەستمان تا بۆ تۆڵەی قورەیش بەکاریبهێنین، ئەویش رازی بوو، ئەوەبوو کەوتنە ئامادەکاری بۆ جەنگی ئوحود.[3]

عیکریمە لە غەزای ئوحوددا دژ بە موسڵمانان بەشداری کرد، لەو غەزایەدا خالیدی کوڕی وەلید سەرکردایەتی سوارەی بێباوەڕانی دەکرد کە نزیکەی سەد سوارە بوون،[4] ئەمانە بەرەی راستی سوپاکە بوون، لە بەرەی چەپیشەوە سەد سوارەی تر هەبوون کە عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل سەرکردایەتی دەکرد.[5]

لە غەزای خەندەقیشدا دووبارە عیکریمە دژ بە موسڵمانان بەشداری کرد.[6]

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 323.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 323.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 10.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 13.

5 - نفس المصدر، ج4، ص 15.

6 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 112.

هەریەك لە عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهلو ئوبەی کوڕی شەریقو عوبەیدەی کوڕی حەکیمو چەندێکی تر بەشداربوون لە فرۆشتنی خوبەیبدا، فرۆشتیان بە عوقبەی کوڕی حارثی کوڕی نەوفەل، چونکە خوبەیب لە جەنگی بەدردا باوکی عوقبەی کوشتبوو، عوقبەش لە ماڵی خۆیدا خوبەیبی بەند کرد.[1]

خالیدی کوڕی وەلید کە ویستی موسڵمان بێت، پێشنیازی کرد بۆ عیکریمە تا موسڵمان بێت، بەڵام ئەو رازی نەبوو، خالید دەڵێت کاتێك خوای گەورە خێری هێنایە رێم و ئیسلامی خستە دڵمەوە و ژیری پێ بەخشیم، خۆم بە خۆمم دەوت خۆ من چی جەنگی دژ بە موحەممەد هەیە بینیم، چی جاریش چووبم کە گەڕاومەتەوە دەروونم پێی وتوم ئەو کارو شوێنە هی من نیە، موحەممەدیش بەمزوانە سەردەکەوێت، ئەوەبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو حودەیبیە هات بە سوارەی بێباوەڕانەوە دەرچووم و لە ناوچەی عوسفان رێم پێگرت، دواتر کە قورەیش رێککەوتن لەگەڵی وتم ئیتر بۆ کوێ بچم؟ بۆ لای نەجاشی کە ئەوانەی چوون بۆ لای نەجاشی لەوێ پارێزراون و خۆیشی بوەتە شوێنکەوتەی موحەممەد؟ یان بچم بۆ لای هیرەقل و واز لە ئایینی خۆم بهێنم و ببم بە نەصرانی و جوولەکە و شوێن عەجەم بکەوم، یان وەك ئەو خەڵکەی تر لە ماڵی خۆم بمێنمەوە، .. ئینجا کە ویستم بچم بۆ مەدینە عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهلم بینی و وتم وانازایت ئێمە لە هەڵەداین، وا موحەممەد سەرکەوت بەسەر عەرەب و عەجەمدا، با بچین بۆ لای و شوێنی بکەوین، گەورەیی ئەو بۆ ئێمەشە، بەڵام ئەو زۆر بە سەختی بەرپەرچی دامەوەو وتی

---

1 - الاستيعاب في معرفة الأصحاب. ج2، ص442.

ئەگەر تەنها من مابم شوێنی بکەوم شوێنی ناکەوم، منیش وتم دەی ئەم قسانەم لای کەس باس مەکە.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر تووڕەبوو لە عیکریمە، چونکە ئەو دژایەتی زۆری موسڵمانانی دەکرد، بۆیە کاتێك چوو بۆ فەتحی مەککە، فەرمانی کرد چەند کەسێك هەن ئەگەر تەنانەت خۆیان هەڵواسیبوو بە کەعبەوە هەر دەبێت بکوژرێن، یەکێك لەوانە عیکریمە بوو،[2] جا عیکریمە کە ئەویە بیست بەرەو دەریا چوو و سوار کەشتیەك بوو، لەناو کەشتیەکەدا بوون کە گەردەلوولێك هات و هەموان هاواریان دەکرد و دەیانوت لێرەدا خواوەندەکانتان فریاتان ناکەون، عیکریمە وتی بەخوا لێرەدا تەنیا نیازپاکی رزگارم بکات لە وشکانیشدا هەر ئەوە رزگارم دەکات، خوایە بەڵێن بێت لەسەرم ئەگەر لەم بارەدا رزگارم بکەیت، بچم بۆ لای موحەممەد و دەست بخەمە دەستی، چونکە دەزانم ئەو زۆر لێبوردەو بەخشندەیە.[3]

ئومموحەکیمی ژنی عیکریمە پاش فەتحی مەککە موسڵمان بوو،[4] چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوای پەنای کرد بۆ عیکریمەی مێردی، پێغەمبەری خواش (ﷺ) داواکەی وەرگرت، ئەویش خێرا چوو بۆ یەمەن کە عیکریمە لەوێ بوو و پەناکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێ گەیاند، عیکریمەش هاودەم بە ئومموحەکیمی هاوسەری گەڕایەوە بۆ مەککە.[5]

---

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 474-476، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 238-239.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2270،

3 - السنن الصغرى للنسائي، الرقم 4020.

4 - موطأ مالك، الرقم 1136.

5 - أسد الغابة، ج4، ص 78.

کاتێك عیکریمە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی ئەی موحەممەد ئەم ئافرەتە دەڵێت تۆ پەنای منت داوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تۆ پەنادراویت، عیکریمەش کە ئەو هەڵوێستەی بینی شایەتومانی هێنا، ئینجا وتی تۆ چاکەکارترین کەسیت، راستگۆترین و بەوەفاترین کەسیت، لەکاتی ئەم قسانەیدا عیکریمە لە شەرمدا سەری دانەواندبوو، دواتر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبونم بۆ بکە بۆ هەر هەنگاوێکی دژایەتی ئیسلام و دەرخستنی شیرك گرتوومەتەبەر، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی (خوایە لە عیکریمە خۆش بە لە هەر دژایەتیەك کە گرتیەبەر بەرامبەرم یان هەر کاروانێك گرتیەبەر بۆ بەرگرتن بە پەیامەکەت)، عیکریمە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاکترین شتم پیێ بفەرموو تا فێری بم، ئەویش فەرمووی بڵێ : أشهد أن لا إله إلا الله ، وأن محمدا عبده ورسوله و لە پێناو خواشدا تێبکۆشە.[1]

عیکریمە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بێت بەخوا لە هەر هەڵوێستێکدا دژایەتی پەیامی خوام کردبێت هەمان ئەو هەوڵە بۆ خزمەتی پەیامی خوا دەگرمەبەر، چیم لە دژایەتی پەیامی خوادا خەرج کردبێت، بەڵێن بێت هێندە لە رێی خوادا خەرج بکەم.[2]

پاش موسڵمانبوونی خەڵکی بە بەرچاویەوە قسەیان بە باوکی دەوت، ئەویش پێی ناخۆش بوو و چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد،

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5015،

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 19127.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (قسە بە مردوو مەڵێن، چونکە قسەوتن بە مردوو ئازاری زیندوو دەدات).[1]

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بەرپرسیارێتی سپارد بە عیکریمەو کۆکردنەوەی زەکاتی هەوەزانیەکانی بەو سپارد.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەزدیەکان ئامادە نەبوون زەکات بدەن، بۆیە حوذەیفە نامەی نووسی بۆ خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری صدیق و هەواڵەکەی پێدا، ئەبووبەکریش عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهلی نارد بۆیان،[3] عیکرمەش ژمارەیەك لەوانەی بەدیل گرت و بە حوذەیفەدا ئەوانی نارد بۆ لای ئەبووبەکر.[4]

ئەبووبەکری صدیق عیکریمەی بە سوپایەکەوە نارد بۆ خەڵکی عومان[5] و پاش سەرکەوتنی ئەوی کرد بە بەرپرسی عومان، پاش ماوەیەك لەو پۆستەی لایبرد و بەرەو یەمەنی نارد.[6]

دواتر عیکریمە بۆ جیهاد چوو بەرەو شام، خەلیفە ئەبووبەکر خالیدی کوڕی سەعیدی کرد بە بەرپرسی بەشێك لە سوپای رۆژهەڵاتی شام،[7] خالیدیش بەرەو تیما

1 - أسد الغابة، ج4، ص 78.

2 - أسد الغابة، 4، ص 78.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 101.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 45.

5 - أسد الغابة، ج4، ص 79.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 572.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 238.

چوو و لەوێ کە نزیك بوویەوە لە هۆزە عەرەبیەکانی ناو رۆمەکان زۆرێك لە هۆزەکانی ئەوێ بڵاوەیان لێکرد و زۆرێکیان موسڵمان بوون، خالیدیش هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەکر کە چی روویداوە، ئەبووبەکریش فەرمانی پێکرد پێشڕەوی بکات و وەلیدی کوڕی عوتبەو عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل و دەستەیەکی زۆریشی نارد بۆ یارمەتیدانی، خالید پێشڕەوی کرد و سەرکردەی رۆمەکانی لە ئیلیا شکاند کە ناوی ماهان بوو، ماهان بەرەو دیمەشق رایکرد و خالیدیش کەوتە دوای، تا گەیشتنە مەرج صەفرا، لەوێ بارەکە بە پێچەوانە شکایەوەو خالیدی کوڕی وەلید و سوپاکەی رایانکرد، بەڵام عیکریمە خۆی راگرت و راینەکرد.[1]

عیکریمە لە ساڵی پانزەی کۆچیدا بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد و تیایدا شەهید بوو،[2] لە کاتی جەنگەکەدا لە ئەسپەکەی دابەزی و کەوتە جەنگ، دەیان جار بریندار کرا تا دواجار شەهید کرا.[3]

لەکاتی جەنگەکەدا موسڵمانان هاواریان لێ دەکرد لەخوا بترسەو رەحمێ بە خۆت بکە، ئەویش دەیوت من پێشتر بۆ لات و عوززا خۆم بەخت دەکرد، ئێستا لە رێی خوادام خۆم بپارێزم؟! بەخوا هەرگیز شتی وا ناکەم.[4]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 4.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 316.
3 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 19127.
4 - أسد الغابة، ج4، ص 80.

عیکریمەی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عیکریمەی کوڕی عامیر یان کوڕی عەمماری قوڕەیشیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککەو یەکێکە لە دڵراگیرکراوان.[1]

عیلبائی عەبەسی (رضي الله عنه)

ناوی عیلبائەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (خەڵکی کە روویانکردە دنیا زیان بە ئاخیرەتیان دەگەیەنن).[2]

عیلبائی کوڕی موڕرە(رضي الله عنه)

ناوی عیلبائی کوڕی موڕرەیەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای موئتەو تیایدا شەهید بوو.[3]

عیمرانی کوڕی حوصەین (رضي الله عنه)

ناوی عیمرانی کوڕی حوصەینی کوڕی عوبەیدە، کونیەکەی ئەبوونوجەیدە، لە ساڵی فەتحی خەیبەردا موسڵمان بوو، دواتر بەشداری چەند غەزایەکی کرد، لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد و ئاڵای خوزاعیەکانی بەدەستەوە بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 539.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 545.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 545.
4 - أسد الغابة، ج4، ص 299.

عیمران دەڵێت جارێك لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، بە شەو ڕێمان دەبڕی تا گەیشتە کۆتایی شەو کەمێك خەوتین، بەڵام خەوەکەمان زۆری خایاند تا ئەوەی تیشکی خۆرمان بەرکەوت و بەوە بێدار بووینەوە، ئێمە وا ڕاهاتبووین کەس پێغەمبەری خوای (ﷺ) بێدار نەدەکردەوە تا خۆی لەخەو هەستایە، چونکە نەماندەزانی لە خەوەکەیدا چی بۆ ڕوودەدات، عومەر کە هەستا و باری خەڵکەکەی بینی دەستی کرد بە الله اکبر کردن و بە دەنگی بەرزیش دەیوت تا پێغەمبەر (ﷺ) لە خەو ڕاچڵەکی، کە لە خەو هەستا خەڵکەکە باسی باری خۆیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خستەڕوو، ئەویش فەرمووی (کێشە نیە-بجوولێن)، ئەوەبوو جووڵاین و کەمێك چووین، دابەزی و داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی گرت و بانگ درا بۆ نوێژ و پێغەمبەر (ﷺ) بەرنوێژی کرد بۆ خەڵکەکە، کە لە نوێژەکەی تەواو بوو، پێغەمبەر (ﷺ) کابرایەکی بینی کەناری گرتبوو و لەگەڵ خەڵکەکە نوێژی نەدەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی فلانە کەس بۆچی لەگەڵ خەڵکەکە نوێژ ناکەیت؟ کابرا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تووشی لەشگرانی بووم و ئاویش نیە خۆم بشۆم، ئەویش فەرمووی (علیك بالصعید فانه یکفیك)، (خۆڵ بەکاربهێنە-بۆ تەیەممومم- ئەوەت بەسە)، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کەوتەڕێ و خەڵکێك سکاڵای تینوێتییان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) عەلی و کەسێکی تری بانگ کرد و فەرمووی (بڕۆن و بە دوای ئاودا بگەڕێن)، ئەوانیش چوون تا بە دوای ئاودا بگەڕێن...[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 340، صحيح مسلم، الرقم 1135.

عیمران دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (اطلعت في الجنة فرأيت أكثر أهلها الفقراء، واطلعت في النار فرأيت أكثر أهلها النساء)،[1] (تەماشای بەهەشتم کرد زۆربەی خەڵکەکەی هەژاران بوون، تەماشای دۆزەخیشم کرد زۆربەی خەڵکەکەی ئافرەتان بوون).

دواتر عیمران چوو بۆ بەصرەو لەوێ نیشتەجێ بوو و هەر لەوێیش وەفاتی کرد، مردنیشی لە ساڵی پەنجاو دوو یان پەنجاو سێی کۆچیدا بوو،[2] لە کاتی فیتنەی نێوان هاوەڵاندا عیمران کەناری گرت و بەشداری تێدا نەکرد.[3]

## عیمرانی کوڕی عوەیم (رضي الله عنه)

ناوی عیمرانی کوڕی عوەیم یان کوڕی عوەیمیرە، لەبەسەرهاتێکدا باسی هاتووە کە خوشکەکەی –یان بە گێڕانەوەیەکی تر کچەکەی– لەگەڵ هەوێکەی –ژنی تری مێردەکەی– جەنگی کردووەو کوشتوویەتی و عیمرانیش خوێن باییەکەی داوە.[4]

دوو ئافرەت پێکەوە جەنگان و یەکێکیان دای لەوی تریان و ژنەکەو کۆرپەکەی سکیشی کوشت، پێغەمبەر (ﷺ) حوکمی بەوەدا ژنەکە بکوژرێتەوەو لە

1 - صحيح البخاري، الرقم 3085، صحيح ابن حبان، الرقم 7562، سنن الترمذي، الرقم 2591، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8975، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19517.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 705.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 299.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 707.

بری کۆرپەکەش کۆیلە یان کەنیزەکێك بدرێت،[1] جا ئەو دوو ژنەی کە جەنگیان کرد هەردووکیان ژنی حەمەل خۆی بوون، یەکێکیان ناوی مولەیکە بوو و ئەوی تریش ناوی ئوممو عەفیف بوو،[2] ئوممو عەفیف بە دارێك دای لە مولەیکەو کوشتی،[3] حەمەل هات بۆ لای باوکی ژنە بکوژەکەو وتی خوێن بابی ژنەکەم و منداڵەکەمم دەوێت، باوکیشی وتی منداڵەکانی خوێن بابیەکەی ئەدەن، سکاڵا برایە لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (خوێن بابی لەسەر کەسوکارە و بۆ کۆرپەش کۆیلە یان کەنیزەکێك دەدرێت).[4]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6113، سنن الدارمي، الرقم 2339، سنن أبو داود، الرقم 3982، سنن ابن ماجة، الرقم 2637، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6728، سنن الدارقطني، الرقم 2806، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14886، مسند احمد بن حنبل، الرقم 3313، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 3891.

3 - فتح الباري، ج10، ص 218.

4 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15237.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| عەلی سەلەمی(رضي الله عنه) | 3 |
| عەلی کوڕی شەیبان(رضي الله عنه) | 3 |
| عەلی کوڕی عوبەیدوڵا (رضي الله عنه) | 4 |
| عەلی کوڕی ئەبووطالیب(رضي الله عنه) | 4 |
| عەلی کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه) | 102 |
| عەمرەی پووری سەعد(رضي الله عنها) | 102 |
| عەمرەی کچی حارث(رضي الله عنها) | 102 |
| عەمرەی کچی حارثە(رضي الله عنها) | 103 |
| عەمرەی کچی حەرام(رضي الله عنها) | 103 |
| عەمرەی کچی رەواحە(رضي الله عنها) | 104 |
| عەمرەی کچی مەرثەد(رضي الله عنها) | 105 |
| عەمرەی کچی مەسعوود(رضي الله عنها) | 105 |
| عەمرەی کچی مەسعوودی کوڕی قەیس(رضي الله عنها) | 106 |
| عەمرەی کچی مەسعوودی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 106 |
| عەمرەی کچی هوزال(رضي الله عنها) | 106 |
| عەمرەی کچی یەزید(رضي الله عنها) | 106 |

| | |
|---|---|
| عەمرەی کچی یەزیدی ئەشهەلی(رضي الله عنها) | 107 |
| عەمری باوکی زورعە (رضي الله عنه) | 107 |
| عەمری کورشی فەغوا ء(رضي الله عنه) | 107 |
| عەمری کوڕی بولەیل(رضي الله عنه) | 108 |
| عەمری کوڕی تەغلیب(رضي الله عنه) | 109 |
| عەمری کوڕی ثابت(رضي الله عنه) | 110 |
| عەمری کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 110 |
| عەمری کوڕی جەبەلە(رضي الله عنه) | 110 |
| عەمری کوڕی جەمووح(رضي الله عنه) | 110 |
| عەمری کوڕی جەهم(رضي الله عنه) | 112 |
| عەمری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 112 |
| عەمری کوڕی حارثی فەهری(رضي الله عنه) | 113 |
| عەمری کوڕی حارثی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 113 |
| عەمری کوڕی حەزم(رضي الله عنه) | 113 |
| عەمری کوڕی حەمیق(رضي الله عنه) | 114 |
| عەمری کوڕی حەننە(رضي الله عنه) | 115 |
| عەمری کوڕی حورەیث(رضي الله عنه) | 115 |
| عەمری کوڕی خاریجە(رضي الله عنه) | 116 |
| عەمری کوڕی خاریجەی ئەسەدی(رضي الله عنه) | 116 |

| | |
|---|---|
| عەمری کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه) | 116 |
| عەمری کوڕی سالیم(رضي الله عنه) | 116 |
| عەمری کوڕی سەعدی(رضي الله عنه) | 117 |
| عەمری کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 117 |
| عەمری کوڕی سەلامە(رضي الله عنه) | 118 |
| عەمری کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 118 |
| عەمری کوڕی سوبەیع(رضي الله عنه) | 118 |
| عەمری کوڕی سوراقە(رضي الله عنه) | 119 |
| عەمری کوڕی شەئس(رضي الله عنه) | 119 |
| عەمری کوڕی طەلق(رضي الله عنه) | 119 |
| عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) | 120 |
| عەمری کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 141 |
| عەمری کوڕی عەبەسە(رضي الله عنه) | 141 |
| عەمری کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه) | 143 |
| عەمری کوڕی عەقیل(رضي الله عنه) | 143 |
| عەمری کوڕی عەنەمە(رضي الله عنه) | 144 |
| عەمری کوڕی عەوف(رضي الله عنه) | 144 |
| عەمری کوڕی عەوفی کوڕی یەربووع(رضي الله عنه) | 145 |
| عەمری کوڕی عەوفی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 145 |

| | |
|---|---|
| عەمری کوڕی عوثمان (رضي الله عنه) | 146 |
| عەمری کوڕی فحیل (رضي الله عنه) | 146 |
| عەمری کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 146 |
| عەمری کوڕی قەیسی خەزرەجی (رضي الله عنه) | 146 |
| عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) | 147 |
| عەمری کوڕی قەیسی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 147 |
| عەمری کوڕی مەحجووب (رضي الله عنه) | 147 |
| عەمری کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه) | 147 |
| عەمری کوڕی موڕڕە (رضي الله عنه) | 148 |
| عەمری کوڕی موسەبیح (رضي الله عنه) | 148 |
| عەمری کوڕی موطەریف (رضي الله عنه) | 149 |
| عەمری کوڕی موعاذ (رضي الله عنه) | 149 |
| عەمری کوڕی موعاذی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 149 |
| عەمری کوڕی میحصەن (رضي الله عنه) | 150 |
| عەمری کوڕی ئەبی حەمزە (رضي الله عنه) | 150 |
| عەمری کوڕی ئەبی سەرح (رضي الله عنه) | 150 |
| عەمری کوڕی یەثریبی (رضي الله عنه) | 151 |
| عەمری کوڕی ئەحوەص (رضي الله عنه) | 151 |
| عەمری کوڕی ئەخطەب (رضي الله عنه) | 151 |

| | |
|---|---|
| عەمری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 152 |
| عەمری کوڕی ئەیفەع(رضي الله عنه) | 153 |
| عەمری کوڕی ئوەیس(رضي الله عنه) | 153 |
| عەمری کوڕی ئوم مەکتووم(رضي الله عنه) | 153 |
| عەمری کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) | 154 |
| عەمری کوڕی ئومەییەی ئەسەدی(رضي الله عنه) | 156 |
| عەمری کوڕی ئیاس(رضي الله عنه) | 156 |
| عەمری کوڕی ئیاسی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 156 |
| عەمماری کوڕی زیاد(رضي الله عنه) | 157 |
| عەمماری کوڕی غەیلان(رضي الله عنه) | 157 |
| عەمماری کوڕی یاسر(رضي الله عنه) | 158 |
| عەمیرەی کچی سەعد(رضي الله عنها) | 177 |
| عەمیرەی کچی ثابت(رضي الله عنها) | 177 |
| عەمیرەی کچی خوماشە(رضي الله عنها) | 177 |
| عەمیرەی کچی سوهەیل(رضي الله عنها) | 178 |
| عەمیرەی کچی ظوهەیر(رضي الله عنها) | 178 |
| عەمیرەی کچی عەبدسەعد(رضي الله عنها) | 178 |
| عەمیرەی کچی عوقبە(رضي الله عنها) | 178 |
| عەمیرەی کچی عومەیر(رضي الله عنها) | 179 |

| | |
|---|---|
| عەمیرەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 179 |
| عەمیرەی کچی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 179 |
| عەمیرەی کچی کلثوم(رضي الله عنها) | 179 |
| عەمیرەی کچی مەرثەد(رضي الله عنها) | 180 |
| عەمیرەی کچی میعوەذ(رضي الله عنها) | 180 |
| عەمیرەی کچی یەزید(رضي الله عنها) | 180 |
| عەمیرەی کوڕی عوبەید(رضي الله عنها) | 180 |
| عەنبەسەی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 181 |
| عەنبەسی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 181 |
| عەنتەرەی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 181 |
| عەوسەجەی کوڕی حەرمەلە(رضي الله عنه) | 181 |
| عەوفی سەلەمی(رضي الله عنه) | 182 |
| عەوفی کوڕی سوراقە(رضي الله عنه) | 182 |
| عەوفی کوڕی عەفرا ء(رضي الله عنه) | 182 |
| عەوفی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 183 |
| عەونی کوڕی جەعفەر(رضي الله عنه) | 187 |
| عەووامی کوڕی جوهەیل(رضي الله عنه) | 188 |
| عەیاژی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 189 |
| عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە(رضي الله عنه) | 189 |

| | |
|---|---|
| عوبادەی کچی ئەبی نائیلە(رضي الله عنها) | 192 |
| عوبادەی کوڕی خەشخاش(﵁) | 192 |
| عوبادەی کوڕی صامیت(﵁) | 192 |
| عوبادەی کوڕی عەمر(﵁) | 196 |
| عوبادەی کوڕی قورص(﵁) | 196 |
| عوبادەی کوڕی ئەشیەب(﵁) | 196 |
| عوبەیدەی کوڕی حارث(﵁) | 197 |
| عوبەیدەی کوڕی رەبیعە(﵁) | 198 |
| عوبەیدوڵای سولەمی(﵁) | 199 |
| عوبەیدوڵای کوڕی سوفیان(﵁) | 199 |
| عوبەیدوڵای کوڕی عەبباس(﵁) | 199 |
| عوبەیدوڵای کوڕی عوبەید(﵁) | 200 |
| عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمی(﵁) | 200 |
| عوبەیدی کوڕی خالیدی موحاریبی(﵁) | 200 |
| عوبەیدی کوڕی زەید(﵁) | 201 |
| عوبەیدی کوڕی زەیدی ئەنصاری(﵁) | 201 |
| عوبەیدی کوڕی عەمر(﵁) | 201 |
| عوبەیدی کوڕی موحەممەد(﵁) | 201 |
| عوبەیدی کوڕی موراویح(﵁) | 202 |

| | |
|---|---|
| عوبەیدی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 202 |
| عوبەیدی کوڕی ئەوسی ئەشهەلی(رضي الله عنه) | 202 |
| عوبەیدی کوڕی تیهان(رضي الله عنه) | 203 |
| عوبەیدی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 203 |
| عوبەیدی کوڕی حوذەیفە(رضي الله عنه) | 203 |
| عوبەیدی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه) | 204 |
| عوبەیدی کوڕی سولەیم(رضي الله عنه) | 204 |
| عوبەیدی کوڕی عازب(رضي الله عنه) | 206 |
| عوبەیدی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) | 207 |
| عوبەیدی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه) | 207 |
| عوبەیدی کوڕی یاسر(رضي الله عنه) | 208 |
| عوبەیدی کوڕی ئەبی عوبەید(رضي الله عنه) | 208 |
| عوەیفی کوڕی ئەضبە ط(رضي الله عنه) | 208 |
| عوەیمی کوڕی ساعیدە(رضي الله عنه) | 208 |
| عوەیمیرەی کچی عوەیم(رضي الله عنها) | 209 |
| عوەیمیری کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 209 |
| عوەیمیری عەجلانی(رضي الله عنه) | 210 |
| عوتبەی کوڕی سەلامە(رضي الله عنه) | 211 |
| عوتبەی کوڕی عەبدوڵا(رضي الله عنه) | 211 |

| | |
|---|---|
| عوتبەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 211 |
| عوتبەی کوڕی غەزوان(رضي الله عنه) | 212 |
| عوتبەی کوڕی فەرقەد(رضي الله عنه) | 214 |
| عوتبەی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) | 215 |
| عوتبەی کوڕی نوددەر(رضي الله عنه) | 216 |
| عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەب(رضي الله عنه) | 216 |
| عوتبەی کوڕی ئەسید(ئەبووبەصیر) (رضي الله عنه) | 216 |
| عوتبەی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه) | 219 |
| عوتبەی کوڕی سالیم(رضي الله عنه) | 219 |
| عوتەیبە(رضي الله عنه) | 220 |
| عوثمانی کوڕی حونەیف(رضي الله عنه) | 220 |
| عوثمانی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه) | 221 |
| عوثمانی کوڕی طەلحە(رضي الله عنه) | 222 |
| عوثمانی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 223 |
| عوثمانی کوڕی عەبدغەنەم(رضي الله عنه) | 224 |
| عوثمانی کوڕی عەففان(رضي الله عنه) | 224 |
| عوثمانی کوڕی عوثمان(رضي الله عنه) | 291 |
| عوثمانی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 291 |
| عوثمانی کوڕی مەظعوون(رضي الله عنه) | 292 |

| | |
|---|---|
| عوثمانی کوڕی وەهب(رضي الله عنه) | 299 |
| عوثمانی کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه) | 299 |
| عوجەیری کوڕی عەبدیەزید(رضي الله عنه) | 300 |
| عورسی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 300 |
| عورسی کوڕی عومەیرە(رضي الله عنه) | 301 |
| عورفوطەی کوڕی حوباب(رضي الله عنه) | 301 |
| عوروەی کوڕی جەعد(رضي الله عنه) | 301 |
| عوروەی کوڕی عەبدولعوززا(رضي الله عنه) | 302 |
| عوروەی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) | 302 |
| عوروەی کوڕی موڕڕەی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 304 |
| عوروەی کوڕی موضەرریس(رضي الله عنه) | 305 |
| عوروەی کوڕی ئەثاثە(رضي الله عنه) | 305 |
| عوروەی کوڕی ئەسما ء (رضي الله عنه) | 306 |
| عوقبەی زورقی(رضي الله عنه) | 306 |
| عوقبەی فارسی(رضي الله عنه) | 306 |
| عوقبەی کوڕی جەروە(رضي الله عنه) | 307 |
| عوقبەی کوڕی حولەیس(رضي الله عنه) | 307 |
| عوقبەی کوڕی رافیع(رضي الله عنه) | 307 |
| عوقبەی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه) | 307 |

| | |
|---|---|
| عوقبەی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 308 |
| عوقبەی کوڕی عامیری ئەنصاری(رضي الله عنه) | 311 |
| عوقبەی کوڕی عەبدوڵا(رضي الله عنه) | 311 |
| عوقبەی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه) | 311 |
| عوقبەی کوڕی عوثمان(رضي الله عنه) | 314 |
| عوقبەی کوڕی قەیظی(رضي الله عنه) | 314 |
| عوقبەی کوڕی کودەیم(رضي الله عنه) | 315 |
| عوقبەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 315 |
| عوقبەی کوڕی موڕ(رضي الله عنه) | 316 |
| عوقبەی کوڕی نیار(رضي الله عنه) | 316 |
| عوقبەی کوڕی وەهبی ئەسەدی(رضي الله عنه) | 316 |
| عوقبەی کوڕی وەهب(رضي الله عنه) | 316 |
| عوقەیبی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 318 |
| عوکاشەی کوڕی میحصەن(رضي الله عنه) | 318 |
| عولبەی کوری زەید(رضي الله عنه) | 319 |
| عومارەی کچی ئەبی ئەییووب(رضي الله عنها) | 320 |
| عومارەی کوڕی حەزم(رضي الله عنه) | 322 |
| عومارەی کوڕی روەیبە(رضي الله عنه) | 322 |
| عومارەی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه) | 324 |

| | |
|---|---|
| عومارەی کوڕی عوقبەی ئومەوی(رضي الله عنه) | 324 |
| عومارەی کوڕی مەخلەد (رضي الله عنه) | 325 |
| عومارەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 325 |
| عومەری کوڕی حەکەم(رضي الله عنه) | 325 |
| عومەری کوڕی خەططاب(رضي الله عنه) | 326 |
| عومەری کوڕی سوفیان(رضي الله عنه) | 398 |
| عومەری کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 398 |
| عومەری کوڕی عومەیر(رضي الله عنه) | 398 |
| عومەری کوڕی لاحیق(رضي الله عنه) | 399 |
| عومەری کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 399 |
| عومەری کوڕی موعاویە(رضي الله عنه) | 399 |
| عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە(رضي الله عنه) | 400 |
| عومەیری خزمەتکاری ئابی لەحم(رضي الله عنه) | 400 |
| عومەیری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 402 |
| عومەیری کوڕی حەبیب(رضي الله عنه) | 403 |
| عومەیری کوڕی حومام(رضي الله عنه) | 403 |
| عومەیری کوڕی ریئاب(رضي الله عنه) | 404 |
| عومەیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 404 |
| عومەیری کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 405 |

| | |
|---|---|
| عومەیری کوڕی عامیری خەزرەجی(رضي الله عنه) | 405 |
| عومەیری کوڕی عەبدعەمر(رضي الله عنه) | 405 |
| عومەیری کوڕی عەددی | 406 |
| عومەیری کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 406 |
| عومەیری کوڕی عەوف(رضي الله عنه) | 407 |
| عومەیری کوڕی عوقبە(رضي الله عنه) | 407 |
| عومەیری کوڕی عوقبەی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 407 |
| عومەیری کوڕی وەهب(رضي الله عنه) | 408 |
| عومەیری کوڕی ئەبی وەققاص(رضي الله عنه) | 411 |
| عومەیری کوڕی ئەخرەم(رضي الله عنه) | 412 |
| عومەیری کوڕی ئەخنەس(رضي الله عنه) | 412 |
| عومەیری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 412 |
| عویەینەی کوڕی حیصن | 413 |
| عویەینەی کوڕی عائیشە(رضي الله عنه) | 413 |
| عیاضی کوڕی زوهەیر(رضي الله عنه) | 413 |
| عیاضی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 413 |
| عیاضی کوڕی غەنەمی فەهری(رضي الله عنه) | 414 |
| عیاضی کیندی(رضي الله عنه) | 414 |
| عیتبانی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 414 |

| | |
|---|---|
| عیرباضی کوڕی ساریە(رضي الله عنه) | 416 |
| عیصامی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 416 |
| عیصامی موزەنی(رضي الله عنه) | 417 |
| عیصمەی کچی حیببان(رضي الله عنها) | 417 |
| عیصمەی کوڕی ریئاب(رضي الله عنه) | 417 |
| عیصمەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 418 |
| عیصمەی کوڕی مودریك(رضي الله عنه) | 418 |
| عیصمەی ئەسەدی(رضي الله عنه) | 418 |
| عیقالی کوڕی خوەیلید(رضي الله عنه) | 418 |
| عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل(رضي الله عنه) | 419 |
| عیکریمەی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 427 |
| عیلبائی عەبەسی(رضي الله عنه) | 427 |
| عیلبائی کوڕی موڕڕە(رضي الله عنه) | 427 |
| عیمرانی کوڕی حوصەین(رضي الله عنه) | 427 |
| عیمرانی کوڕی عوەیم(رضي الله عنه) | 429 |